هەرێمی کوردستان/عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی شوێنەوار

# مۆر و جێ مۆرە بڵاونەکراوەکانی سەردەمی ساسانی (٢٢٤-٦٣٧ز.)

# لە مۆزەخانەی سلێمانی

نامەیەکە خوێندکار

## بەهرە صالح عبدالرحمن

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی شوێنەوارلە پسپۆڕی شوێنەواری کۆن

**بە سەرپەرشتی**

**پ. ی. د. کۆزاد محمد احمد** **پ. ی. د. جیانفیلیپۆ تیریبیلی**

(زانکۆی ساپێنزا- ڕۆما)

**٢٧٢٢کوردی** **٢٠٢٢زاینی** **١٤٤٤کۆچی**

**ڕەزامەندی سەرپەرشتیار**

ئەم نامەی خوێندکار (بەهره صالح عبدالرحمن) بە ناونیشانی **(مۆر و جێ مۆرە بڵاونەکراوەکانی سەردەمی ساسانی (٢٢٤-٦٣٧ز.) لە مۆزەخانەی سلێمانی)**، بەچاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (شوێنەوار)، پێشناز دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

| | |
|---|---|
| واژۆ | واژۆ |
| سەرپەرشتیاری یەکەم د. کۆزاد محمد احمد | سەرپەرشتیاری دووەم د. جیان فیلیپۆتیرییبلی |
| پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر | پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر |
| ڕێکەوت: ١١/ ٩ /٢٠٢٢ | ڕێکەوت: ١١/ ٩ /٢٠٢٢ |

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: پ.ی. د. کۆزاد محمد احمد

سەرۆکی بەشی: شوێنەوار

ڕێکەوت: ١١/ ٩/ ٢٠٢٢

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار(**بەهرە صالح عبدالرحمن**)مان بە ناونیشانی (**مۆر و جێ مۆرە بڵاونەکراوەکانی سەردەمی ساسانی (٢٢٤-٦٣٧ز.) لە مۆزەخانەی سلێمانی**) خوێندەوە. گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کردووە، بڕیارماندا بە پلەی (            ) بڕوانامەی (**ماستەر**)ی لە زانستی (**شوێنەوار/ کۆن**) پێبدرێت.

واژۆ

ناو: د. کامەران محمد جلال

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: / /

واژۆ

ناو: د. نەرمین علی محمدأمین

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێکەوت: / /

واژۆ

ناو: د. کۆزاد محمد احمد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام و سەرپەرشتیاری یەکەم

واژۆ

ناو: د. دڵشاد عزیز مارف

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

واژۆ

ناو: د. جیان فیلیپۆتیرییبیلی

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر. زانکۆی ساپێنزا- ڕۆما.

ئەندام و سەرپەرشتیاری دووەم

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی- پەسەندکرا.

واژۆ

پرۆفیسۆر. د. ابتسام اسماعیل قادر

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

٢٠٢٢/١٢/٥

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

(أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْهُمْ وَأَشَدَّ قُوَّةً وَآثَارًا فِي الْأَرْضِ فَمَا أَغْنَىٰ عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَكْسِبُونَ).

**صدق الله العظيم**
**سورة غافر**/ آية 82

# پێشکەشە

**بە گیانی باوکی ئازیزم وەک بچوکترین وەفایەک بۆ دەستە ماندووەکانی،**

**بە گیانی ئەو کەسەی هەمیشە قەرزداربار ی نزا جوانەکانیم**

**ئەزیزترینـــم دایـکــــــــــــــــم**

**بە هەموو ئەو کەسانەی لە ژیانمدا وشەیەکیان فێرکردووم.**

## سوپاس و پێزانین

سوپاس و ستایشی بێ پایانم بۆ خوداوەندی بەرز و بەتوانا، کە تەمەن و دەرفەتی پێ بەخشیم بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە.

سوپاسی سەرپەرشتیارانی بەرێزم پ. ی. د. کۆزاد محمد احمد و پ. ی. د. جیانفیلیپۆ تێریبیلیی لە زانکۆی ساپێنزا- ڕۆما دەکەم، کە سەرپەرشتی کردنی ئەم توێژینەوەیەیان لە ئەستۆگرت، بەو پەڕی توانایانەوە هاوکارمبوون لە پێدانی سەرچاوەی گرنگ و تێبینی بەسود، سەرنجی بە پێزی بەڕێزیان توێژینەوەکەی دەوڵەمەندترکردووم، سوپاس بۆ ماندوو بوونیان بۆ ئەو کاتەی بە منیان بەخشی.

سوپاسی گشت ستافی بەشی شوێنەواری زانکۆی سلێمانی دەکەم، بەتایبەت ئەو دکتۆرە بەڕێزانەی لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا پێمانەوە ماندوو بوون، بەڕێزان پ. ی. د. کۆزاد محمد احمد وەک سەرۆک بەش و وەک مامۆستاشمان. پ. ی. د. دڵشاد عزیز زاموا، دکتۆرە ڕافیدە عبداللـە قەرەداغی و پ. ی. د. زریان سالار حەمەعارف سوپاس بۆ ماندووبونیان.

زۆر سوپاسی پ. ی. د. عرفان عمرموسا یارە لە بەشی جیۆلۆجی زانکۆی سلێمانی دەکەم، کە لە دیاریکردنی ماددەی مۆرەکان هاوکاری کردم.

سوپاسی بەڕێزان کارمەندانی کتێبخانەی مۆزەخانەی سلێمانی دەکەم بەتایبەت نەهلە خان و کاک نەوزاد و هانا خان لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا ماندووم کردووون.

سوپاسی هاوڕێ و هاوکارانم لە شوێنەوار و مۆزەخانەی سلێمانی دەکەم، هەموو ئەوانەی کەم تا زۆر هاوکاری و کار ئاسانیان بۆ کردووم. بە تایبەت بەڕێزان کاک حسین حەمەغریب بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانی و کاک هاشم حەمەعبدللـە لێپرسراوی مۆزەخانە و خاتوو نیان ناصر لێپرسراوی مۆزەخانە بە وەکالەت. سوپاسی بەڕێز کاک عادل حەمە ئەمین دەکەم، کە لە گرتنی وێنەکاندا هاوکارم بوو. سوپاسی هاوڕێیانی ئەزیز و هاوکارانم کوردە علی و هاوژین جلال و شۆخان مستەفا دەکەم، کە لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا زۆر لەگەڵمدا ماندووبوون. سوپاسی هاوڕێیانم نەسرین خواکەرەم و کوردستان ڕەحمان دەکەم بە پێدانی چەند سەرچاوەیەک هاوکارییان کردم. سوپاسی سەرجەم ئەو مامۆستایانەم دەکەم، کە لە قۆناغی سەرەتایمەوە تا ئەمڕۆ گەر وشەیەکیشیان فێرکردبم.

سوپاسی هەموو ئەو کەسوکارە ئازیزانەم دەکەم، کە لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا ماندووم کردوون بە تایبەت خوشکە ئازیزەکانم.

دوو بارە سوپاس بۆ ماندووبوونیان.

# لیستی کورتکراوەگشتییەکان

| | | | |
|---|---|---|---|
| Volume | Vol. | پێش زاین | پ. ز. |
| First publish | f. p. | زاینی | ز. |
| Plate | Pl. | ژمارە | ژ |
| Figure | Fg. | لاپەڕە | ل. |
| Page | p. | وەرگێڕان | و. |
| pages | pp. | ترجمة | تر. |
| Stamp Seal | SS | صفحة | ص. |
| Seal Impression | SI | جزء | ج |
| Slemani Museum | SM. | طبعة | ط |
| Editor | ed. | مجلة | مج |
| in the same reference | op. cit., | عدد | ع |
| in the same place | Ibid | مۆر | م. |
| | | جێ مۆر | ج. م |

# لیستی کورتکراوە زانستییەکان

| | |
|---|---|
| The Cambridge History of Iran. | CHI |
| Meddle Persian | M.P |
| Šāpur Ka′ba′yi Zardusht<br>شاپور کابەی زەردەشت | ŠKZ |

## پێرستی بابەتەکان


| لاپەرە | ناونیشانی بابەت |
|---|---|
| l | ناونیشان |
| ll | ئایەتی قورئانی پیرۆز |
| lll | پێشکەشکردن |
| lV | سوپاس و پێزانین |
| V | لیستی کورتکراوەکان |
| Vlll-Vl | پێرستی بابەتەکان |
| 2-1 | **پێشەکی** |
| 27-3 | **بەشی یەکەم سەرەتایەک دەربارەی مێژوو و جوگرافییای کارگێڕیی دەوڵەتی ساسانی** |
| 15-4 | ١ -سەرهەڵدانی دەوڵەتی ساسانی |
| 21-16 | ٢- دەوڵەتی ساسانی لە دوای سەردەمی چاکسازییەکان |
| 27-22 | ٣- جوگرافیای کارگێڕیی دەوڵەتی ساسانی |
| 50-28 | **بەشی دووەم: کورتەیەک لەسەر مێژووی مۆر و تایبەتمەندی و پێکهاتەی مۆرە ساسانییەکان** |
| 33-29 | ١ - ١-١کورتەیەک لەسەر مۆر و جۆرەکانی، سەرهەڵدان و بەکارهێنانەکانی.... |
| 35-34 | ١-٢-کۆمەڵەی مۆر و جێ مۆرەکانی مۆزەخانەی سلێمانی |
| 42-36 | ٢- تایبەتمەندیی و پێکهاتەی مۆرە ساسانییەکان |
| 50-43 | ٣- نەخش و دیمەنی سەر مۆرە ساسانییەکان |
| 88-51 | **بەشی سێیەم: مۆرەکان و لێکدانەوەی دیمەنەکانی سەریان** |
| 56-52 | ١- دیمەنی مرۆیی |
| 58-56 | ٢ - بابەتە ئەفسانەیی و داستانییەکان |

٣-دەستەواژەکان و هێماکان........................................................................ 62-58
٤-دیمەنی ئاژەڵی........................................................................................ 78-63
٥- باڵندە.................................................................................................. 81-78
٦- دیمەنی ڕووەکی...................................................................................... 86-82
٧-سەکۆی ئاگر............................................................................................ 87
٨-خاچ........................................................................................................ 88
**بەشی چوارەم: جێ مۆرە گڵینە کەسییەکان و دیمەنەکانی سەریان**............... 120-89
١-دیمەنە مرۆییەکان.................................................................................... 97-92
٢- هێما و دەستەواژەکان.............................................................................. 104-98
٣ -دیمەنی ئاژەڵی......................................................................................... 114-105
٤-باڵندە..................................................................................................... 117-115
٥-دیمەنی ڕووەکی......................................................................................... 120-117
**بەشی پێنجەم: جێ مۆرە فەرمییە نوسراوەکان** ....................................................... 150-121
١ --سپاهبێد .............................................................................................. 127-122
٢-ئەسپ-بێد............................................................................................... 130-128
٣- ئۆستاندار................................................................................................ 131-130
٤ئامارگەر.................................................................................................. 136-131
٥- جێ مۆری گەنجینەوان................................................................................ 138-137
٦-جێ مۆری پیاوانی ئایینی............................................................................ 150-139
**دەرئەنجام**................................................................................................ 153-151
**لیستی سەرچاوەکان**...................................................................................... 168-154
**پاشکۆ**....................................................................................................... 193-169
خشتەی ( ٣) چەند پۆست و پێگەیەکی سەردەمی ساسانی...................................... 170-169

خشتەی (٤) لیستی پاشایانی ساسانی............................................................... 171

خشتەی (٥) ناوی کۆمەڵێک شوێنی کارگێڕی ساسانییەکان..................................... 174-172

خشتەی (٦) مۆرەکانی توێژینەوەکە.............................................................. 176-175

خشتەی (٧) جێ مۆرەکانی توێژینەوەکە........................................................ 180-177

خشتەی (٨) پیتە پەهلەوییەکان..................................................................... 181

نەخشەی (١) ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی ساسانی............................................... 182

نەخشەی (٢) هەندێک لە یەکە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی ساسانی................................ 183

نەخشەی (٣) شاری ویناردە یەزدەگرد ئەبزود خوسرەو.......................................... 184

چەند نمونەیەک لە شێوە و ڕەنگی مۆرەکانی توێژینەوەکە...................................... 187-185

هێڵکاری دیمەنەکانی سەر مۆرەکانی توێژینەوەکە.............................................. 192-188

نووسراوی ڕەزامەندی بەڕێوە بەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری سلێمانی........................ 193

**پوختە**..................................................................................................... 194

**ملخص**.................................................................................................... 195

**Summary**................................................................................................ 196

# پێشەکی

سەردەمی ساسانییەکان یەکێکە لە سەردەمە گرنگە مێژووییەکان و کاریگەری بەرچاوی لەسەر مێژووی ناوچەکە هەیە. بەتایبەت سنوری جوگرافیایی کوردستان، چەندین پاشماوەیان تاکو ئێستاش ماونەتەوە و بوونەتە بەشێک لە مێژووی ناوچەکە. لە ڕێی لێکۆڵینەوە لەو بابەتانە دەتوانین مێژووی ئەو سەردەمە شەنوکەو بکەین. مۆرو جێ مۆرە ساسانییەکانیش یەکێکن لەو بابەتە گرنگانەی، کە دەتوانین لێیانەوە بۆ ڕایەڵە جۆراوجۆرەکانی سەردەمی ساسانیی شۆڕببینەوە. هەر لەو ڕوانگەیەوە، ئەم توێژینەوەیەمان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر مۆر و جێ مۆرە بڵاونەکراوەکانی سەردەمی ساسانی لە مۆزەخانەی سلێمانی تەرخان کردووە. لەم توێژینەوەیەدا چل و پێنج مۆر و پەنجا و پێنج جێ مۆری گڵینی سەردەمی ساسانیمان وەرگرتووە، کە سەرجەمیان بەشێکن لە پارچە تۆمارکراوەکانی مۆزەخانەی سلێمانی. بە شێوەیەکی ورد و زانستیانە لە سەرجەم پێکهاتەو شێواز و نەخش و دیمەنەکانی سەریان دواوین و چۆنییەتی بەکارهێنانیانمان ڕوونکردونەتەوە. سەرەڕای ئەوانەش لەبەر ئەوەی مۆر و جێ مۆرەکانی ساسانیی پەیوەندییەکی پتەویان بە کارگێڕی و مێژووی ساسانییەکانەوە هەیە، بۆیە ئاماژەمان بە مێژوو و شێوازی یەکە کارگێڕی و پلە و پۆستەکانی سەردەمی ساسانییەکان کردووە، هەروەها یەک مۆری سەردەمی بابلیشمان وەک بەراورد هەر لە پارچەکانی مۆزەخانەی سلێمانی بەکارهێناوە.

## گرنگی توێژینەوەکە

لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەک بە شێوەی ئەکادیمی لەسەر مۆری ڕووتەخت و جێ مۆرە گڵینەکانی ئەم سەردەمە لە کوردستان بە هیچ زمانێک نەکراوە، ئەم توێژینەوەیەی ئێمە دەبێتە دەستپێک و بەرچاو ڕوونیەک بۆ بواری توێژینەوەی شوێنەواری دەربارەی شارستانیی و هونەری ساسانییەکان. هەروەها لە بواری ئەکادیمیشدا کۆمەڵێک بابەتی بڵاونەکراوە دەخاتە بەر چاوی شارەزایان و ئارەزوومەندانی بواری شوێنەوار و مێژوو، کە بە هۆیانەوە لەگەڵ بابەتە بڵاوکراوەکانی تری مۆزەخانە جیهانییەکانی تر لێکۆڵینەوەکان لە هەمان بواردا فراوانتر دەکەن. و دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ لەو بوارەدا، بۆ یەکەم جارە بەزمانی کوردی توێژینەوە لەم بوارەدا بکرێت. ئەمەش گرینگییەکی بەرچاوی بۆ شارەزابوون لە هونەر و مێژووو شارستانی ساسانییەکان هەیە.

## کێشە و ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە

هەر کارێک کەم تازۆر قورسی و ئاستەنگی خۆی هەیە و ماندوو بوونی پێویستە، ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا لەگرفت و ئاستەنگی بەدەرنەبووین، یەکێک لەو ئاستەنگیانەی لە کاتی ئەم توێژینەوەیەدا ڕووبەڕوومان بووتەوە، سەرچاوەی پارچەکانی ناو ئەم توێژینەوەیەیە، کە جگە لە سێ جێ مۆری گڵینیان، ئەوانی ترهەموویان لە ڕێگەی کڕینەوە دەست مۆزەخانەی سلێمانی کەوتوون، بۆیە ناتواندرێت شوێنی دۆزینەوەیان دەست نیشان بکرێن، ئەگەر شوێنی دۆزینەوەکەیانمان بزانیایە دەمانتوانی زۆر زانیاری تر سەرباربکەین. یەکێکی ترلە ئاستەنگییەکانمان بەتایبەت لەسەرەتای دەست پێکردنمان بەکارەکە، کەمی سەرچاوەی تایبەت مەند بوو لە بوارەکە، چونکە خودی توێژینەوەکانی بوارەکە زۆرنین. لە پێش ئێمەشدا لە هیچ زانکۆیەکی کوردستان توێژینەوەی تایبەت دەربارەی مۆرەکان وجێ مۆرەکانی سەردەمی ساسانی ئەنجام نەدراوە، بۆیە دەستکەوتنی توێژینەوە ئاسان نەبوو.

## ڕێبازی توێژینەوەکە

توێژینەوەکەمان توێژینەوەیەکی مەیدانییە، بۆ شیکردنەوەی بابەتە هونەرییەکان و هێما و نووسینەکانی سەریان زیاتر پشتمان بە مۆر و جێ مۆرەکان بەستووە، هەروەها دیمەنەکانی سەریانمان بە بابەتە هونەرییەکانی تری ساسانییەکان بەراورد کردووە، و نەخشەکانی سەریانمان شیکردۆتەوە و نوسینەکانی سەریانمان خوێندۆتەوە و لێکدانەوە و وەرگێڕانمان بۆ کردوون. هەروەها چەندین سەرچاوەی گرنگ و توێژینەوەی نوێمان بەکارهێناوە.

## پەیکەری توێژینەوەکە

توێژینەوەکەمان دابەش بووە بەسەر پێنج بەشی سەرەکیدا، هەریەکەیان دابەشدەبن بەسەر چەند تەوەرە و لقێکدا. بەشی یەکەم پێکهاتووە لە سێ تەوەرە. تەوەرەی یەکەم قۆناغی سەرهەڵدانی ساسانییەکان، تەوەرەی دووەم، قۆناغی دوای چاکسازیەکانی پاشایانی ساسانی لەخۆ گرتووە. لە تەوەرەی سێیەمدا باسی جوگرافیای کارگێڕیی دەوڵەتی ساسانییمان کرتووە، کە لە پێگە و پۆست و یەکە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی ساسانی پێکهاتووە. بەشی دووەم تەوەرەی یەکەمی دوو لق لەخۆدەگرێت، یەکەمیان کورتەیەک لەسەر مۆر و جۆرەکانی، سەرهەڵدان و بەکارهێنانەکانی. لە لقی دووەمدا کۆمەڵەی مۆر و جێ مۆرەکانی مۆزەخانەی سلێمانیمان باسکردووە. تەوەرەی دووەمی بەشی دووەم باس لە تایبەتمەندیی و پێکهاتەی مۆرە ساسانییەکان دەکات. تەوەرەی سێیەمی باس لە نەخش و دیمەنی سەر مۆرە ساسانییەکان دەکات. بەشی سێیەم باس لە مۆرەکان و دیمەنەکانی سەر مۆرەکانی توێژینەوەکە دەکات، لە دیمەنی مرۆیی، بابەتە ئەفسانەیی و داستانییەکان، هێما و کورتکراوەکان، دیمەنی ئاژەڵی، دیمەنی باڵندە و دیمەنە ڕووەکییەکان پێکهاتوون. بەشی چوارەم باس لە جێ مۆرە گڵینە کەسییەکان و دیمەنەکانی سەریان دەکات، وەک دیمەنی مرۆیی، هێماکان، دیمەنی ئاژەڵی، دیمەنی باڵندە و ڕووەکەکان. بەشی پێنجەم تایبەتە بە جێ مۆرە فەرمییە نوسراوەکان، بابەتەکانی بریتین لە سپاهبێد(فەرماندەی سوپا)، ئەسپ-بێد، ئۆستاندار، ئامارگەر مۆری گەنجینەوان و مۆری پیاوانی ئایینی. لە پاشاندا دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان لەچەند خاڵێکدا خستۆتە بەرباس، دواتر لیستی سەرچاوەکانمان ئاماژە پێداوە کە چەندین سەرچاوەی بە پێزی ئەکادیمییمان بەکارهێناوە. لە دواتردا پاشکۆی توێژینەوەکەمان داناوە، کە چەند خشتە و نەخشەی گرنگی تایبەت بە توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، هەروەها کۆمەڵێک وێنەی مۆرەکانمان لە پاشکۆدا داناوە، بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی شێوە و ڕەنگی مۆرەکان، هەروەها هێڵکاری سەرجەم مۆرەکانی توێژینەوەکەمان بە ڕیزبەندی داناوە. بە کورتەیەکی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی وعەرەبی و ئینگلیزی کۆتاییمان بە توێژینەوەکەمان هێناوە. بەهیوای ئەوەی سودی هەبێت بۆ بواری شوێنەوار و مێژووی وڵاتەکەمان.

# بەشی یەکەم

## سەرەتایەک دەربارەی

## مێژوو و جوگرافییای کارگێڕیی دەوڵەتی ساسانی

# تەوەرەی یەکەم

## سەرهەڵدانی دەوڵەتی ساسانی

لە سەرەتای سەدەی سێیەمی زاینیدا دەسەڵاتی ئەشکانییەکان بەرەو پوکانەوە و لاوازبوون چووە، هەر شارێکی گرنگ و بەرچاو، لە لایەن یەکێک لە فەرمانڕەوا ناوچەییەکان بەڕێوە ئەبرا، شاری ئیستەخریش یەکێک لە شارە گرنگەکان بووە، لەو کاتەدا کەوتۆتە دەستی 'گووچێهر'ناوێك، کە یەکێک لە میرانی خانەدانانی 'بازڕەنگی *Bāzrangī*' بووە.[1] لەو کاتەدا ساسان گەورە و مووبەدی پەرستگەی خواوەند ئاناهیتا بووە، لە شاری ئیستەخری هەرێمی فارس لە باشوری ڕۆژئاوای ئێران، کە پەیوەندیی ژن و ژنخوازیی لەگەڵ بنەماڵەی بازڕەنگیدا هەبووە.[2] هەروەها داریوشی سێیەمی ئەخمینی بە یەکێک لە باوانی ساسان داندراوە.[3] گوایە باوکی ساسان لە نەوەی داریوشی ئەخمینییە، هەر چەندە هیچ بەڵگەیەک ئەو پەیوەندیە ڕەچەڵەکییەی داریوش و ساسانییەکان پشتڕاست ناکاتەوە تەنها لەو قسەو باسانە بووە، کە دەربارەی ڕەچەڵەکی ئەردەشیر و ساسانییەکان لە کاتی خۆیدا کراون.[4]

لە دوای ساسان 'پابەگ/پابەک *Pābak/Pābag*' ی کوڕی جێی گرتۆتەوە، پایەیەکی بەرزی بۆ یەکێک لە کوڕەکانی سەندووە،[5] هەرچەندە زۆربەی مێژوونوسان شوێن ڕای 'تەبەری'ی کەوتوون لە گێڕانەوەی ڕەچەڵەکی ساسانیدا لە دانانی پابەگ بە کوڕی ساسان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئەم ڕەچەڵەکە بۆچونی جیاواز هەیە.[6] هەروەها بەپێی نووسینەکەی 'کابەی زەردەشت *Ka'ba'yi Zardusht*'[7] کە بۆ شاپوری یەکەم دەگەڕێتەوە، لەو نووسینەدا ئەردەشێر بە کوڕی پابەگ دانراوە، و دایکی پابەگیش بە خاتوو'دێنەک *Dēnak*' ناوبراوە، هەر لەو نوسینەدا ساسان بە "سەروەریان گەورە"(*Lord*)ناوبراوە، هیچ پەیوەندیەکی بە پابەگەوە نەبووە، بەڵام لەکتێبی 'بوندەهیشن *Bundahishn*' کە کتێبێکی ئایینییە بە زمانی 'فارسی ناوەڕاست' واتە پەهلەویی ساسانیی *Middle Persian*، نووسراوە، لەم کتێبەدا ئاماژە بۆئەوە کراوە، کە دایکی ئەردەشێری کوڕی پابەگ کچی ساسان بووە، ساسان بە خەزوری پابەگ و باپیری ئەردەشێرداندراوە، هەر بۆیە ساسانییەکان نازناوی بنەماڵەکەیان لە ساسانەوە وەرگرتووە، یاخود ڕەنگە ساسان ناوی خۆی بەخشیبێت بە

---

[1]کریستێنسێن، ئارتوور، *ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان*، و. سەڵاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١١، ل. ١١٣.

[2]کالێج، ماڵکۆم، *ئەشکانییەکان (پارتەکان)*، و. سەڵاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١٠، ل. ٢٢٦.

[3]مشکور، محمد جواد، *کارنامە اردشیربابکان*، متن پهلوی، لغت نامە، ترجمه فارسی مقایه با شاهنامه و حواشی و تعلیقات، محمد جواد مشکور، تهران، ١٣٢٩، قسمت دوم، ص.١-٢

Ilkka, S. Maksymiuk, K., *The Military History of the Third Century Iran*, Siedlce University, 2018, p. 20.

[4]پیرنیا، حسن، *تاریخ ایران القدیم* من البدایة حتی نهایة العهد الساساني، تر. محمد نورالدین المنعم ، الصباعي محمد الصباعي، القاهرة، 2013، ص. 328.

[5]کریستنسن، ارثر، *ایران في عهد الساسانین*، تر. یحیي الخشاب، مراجعة، عبدالوهاب عزام، القاهرة، 1957، ص. 74.

[6]بڕوانە:

Ilkka, S. Maksymiuk, K., *op. cit.*, p. 20.
Frye, R. N., *The History of Ancient Iran*, München, 1984, p. 291.

[7]لە سەرچاوە زمانناسییەکاندا بە *ŠKZ* ئاماژەی بۆدەکرێت، کە کورتکراوەی ''شاپورکابەی زەردەشت"ە. بڕوانە: احمد، کۆزاد محمد،"پەیکوڵی، شوێنەوارێکی گرنگ....دەقێکی لەبیرکراو "*ژین*، (٢٠١١). ژ.٣. ل. ١٥.

بنەماڵەی فەرمانڕەوای تازە، کە ساسانییەکان بوون، و ڕەنگە ئەم نازناوە گێردرابێتەوە بۆ ئەشکانییەکان،[8] یاخود ئەخمینییەکان، بەڵام بە هەر حاڵ ئەردەشێر کوڕی ڕاستەقینەی پابەگ/بابەک،ە کە لەو کاتەدا فەرمانڕەوای ناوچەیی (ناوخۆیی) هەرێمی فارس بووە.[9] هەروەها پابەگ ئەردەشێری کردۆتە سەرکردەیەکی پلەبەرزی سەربازی و پایەی 'ئەرگبود/ئەرگبەد'[10] ی بۆ ستاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا پابەگ لە گووچێهر شای خزمی ڕاپەڕیوە و دەستی بەسەر بنکەی گوچێهر بەناوی 'قەڵای ئێگ' واتە "قەڵای سپی" دا گرتووە، و خۆی لە شوێنی پاشا دانیشتووە، هەروەها ئەردەشێریش چەند میرێکی ئەشکانی بەزاندووە، پێگە و دەسەڵاتیانی بۆ خۆی بەکارهێناوە، لەوە بەدوا خواستی ئەوەی هەبووە ببێتە پاشای هەموو هەرێمی فارس، بەڵام پابەگ لە خواست و پاوانخوازی ئەردەشێر ترساوە، بۆیە نامەیەکی بۆ ئەردەوانی چوارەمی[11] پاشای ئەشکانی ناردووە، تاکو تاجی گووچێهر لە سەری شاپوری کوڕە گەورەی بنێت، بەڵام پاشا لە وەڵامدا پابەک و ئەردەشێری بە یاخی لە قەڵەمداوە.[12]

دوای ماوەیەکی کەم پابەگ لە ژیاندا نەماوە و شاپوری کوڕە گەورەی جێی گرتۆتەوە، بەڵام دوای ماوەیەکی زۆرکەم بە شێوەیەکی تەمومژاوی شاپوریش دیارنەماوە، لە دەوروبەری ٢١٦ ز. ئەردەشێری برای جێی گرتۆتەوە، و دەستی بە فراوانکردنی ناوچەی دەسەڵاتی خۆی کردووە، بەرەو ناوچەکانی کرمان لە ڕۆژهەڵات و ئێلیمای لە ڕۆژئاوا، تا ڕووخانی دەسەڵاتی ئەشکانییەکان، کە پێدەچێت بە هاوپەیمانییەک بووبێت کە ئەردەشێر سەرۆکایەتی کردووە.[13]

---

[8]ناوی ساسان لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا وەکو ناوی خواوەندێکی لاوەکی بەکارهێنراوە، هەر بۆیە ڕەنگە نازناوی ساسانیان لەوخواوەندەی ئەشکانییەکانیش وەگیرابێت. بڕوانە:

Frye, *The History........*, p. 291.

[9]Frye, *Ibid*, p. 291.

[10]لە 'ئەرگەبیدس *'Argabidēs,* هاتووە، کە هەمان ئەرگبەدە، بە واتای "دژدار"یان فەرمانڕەوای قەڵا (قەڵاوان)- بەکارهاتووە، پاشان بووەتە پلەیەکی زۆر گرنگی سەربازی، ئەردەشێر خاوەنی ئەم نازناوە بوو، هەر کە بووە بە پاشا ئەم ناوەی تایبەت بە بنەماڵەی فەرمانڕەوا داوە، کە بە باڵاترین پلەی سەربازی دائەنرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : کریستێنسێن، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٣٧.

[11]لە پێشدا لە زۆرێک لە سەرچاوەکان بەهەڵە بە ئەردەوانی پێنجەم ئاماژەی پێکراوە، بەڵام ئێستا ئەوە ساخ بۆتەوە کە ئەردەوانی پێنجەمیش هەمان چوارەمە چونکە ئەردەوانی پێنجەم بوونی نیە.

[12]کریستنسن، *المصدر السابق*، ص. ٧٤.

[13]ئەو هاوپەیمانییەتیە کە ئەردەشێرسەرۆکایەتی کردووە، هەریەکە لە هەندێک لە میدییەکان و فەرمانڕەوای ئەدیابینە و دۆمیتیانی پادشای کەرخ سلۆخ (کەرکوک)، بەشێک لەو هاوپەیمانییەتییە بوون. بڕوانە: ئەم سەرچاوانە:

کالێج، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٢٢٦.

هەروەها پەراوێزی ژمارە ١٩٥،١، (کۆزاد محمد احمد) لە: زەکی، محەمەد ئەمین، *خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، لە مەبدەئی تاریخەوە تا ئەمڕۆ*، وەرگێران و پێداچوونەوە و پەراوێز نووسین، حووسامەدین نەقشبەندی و ئەوانی تر، (لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین و دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان)، تاران، ٢٠٢١، ل.٢١٠.

Frye, R. N., "The Political History of Iran under The Sasanias," *The Cambridge History of Iran (CHI)*, ed. Ehsan, Yarshater, Vol. 3, part 1, Cambridge, (First published:1983), 2000, p. 118.

ئەردەشێر لە فراوانکردنی ناوچەی دەسەڵاتی بەردەوام بووە، لە کەنداو ئەپەڕێتەوە، بەرەو وڵاتە عەرەبیەکانی دەوروبەری و دەستی بەسەریاندا گرتووە، لەو ماوەیەدا هەر لە هەرێمی فارس چەند شارێک بنیاتدەنێت، یەکێک لەوانە شارێکە بەناوی (ڕام ئەردەشێر)، ئەردەوان ترسی لێ دەنیشێت، نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی بە نێردراوێکدا بۆ دەنێرێت، ئەردەشێر خەڵکێکی زۆر کۆئەکاتەوە بۆ ئامادەبوون لە کاتی خوێندنەوەی نامەکەی ئەردەوان، ئەردەوان بۆی نووسیووە: «ئەی کوردی، لە دەواری کوردان گەورە بوو، کێ مۆڵەتی پێداوی بۆ ئەو تاجەی لەسەرت ناوە، ئەو مڵک و ماڵەی داگیرت کردووە و ئەو پشێوییەی ناوتەتەوە، ئەوشارەی لە بیاباندا دروستتکردووە، و ناوت ناوە ڕام ئەردەشێر.......» .[14]

ئەردەشێر لە وەڵامدا بۆی ئەنوسێ «خواوەند ئەو تاجەی پێ بەخشیوم کە موڵکی تۆ بوو، و یارمەتی داوم بۆ ڕزگاربوون لە دەستی ئەوانەی لە دەستیان دەمناڵاند، بۆ دروستکردنی شاری ڕام ئەردەشیر یارمەتی دام....».[15]

هەرچەندە ڕووداوی گەورەی ناوخۆیی و دەرەکی زۆر ڕویاندا تا ئەم بنەماڵەیە گەیشتوونەتە دەسەڵات، لە ڕۆژئاوا ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بە دەست شەڕی ناوخۆییەوە دەیناڵاند، ئەردەوانیش لە دوو لاوە لەشەڕدا بوو، لە لایەک لەگەڵ ڕۆمەکان و لەلایەکی ترەوە ڕووبەڕووی 'وەلەخشی شەشەم یان بەلاش/ڤۆلۆگاش *'Vologases VI /Balash* بووبووەوە، کە داوای تاجی ئەشکانی ئەکرد، لە پاشاندا ئەم هۆکارانەش یارمەتی دەربوون ساسانییەکان بە دەسەڵات بگەن.[16] بەو شێوەیە ئەردەشێر توانی لە ساڵی ٢٢٤ ز. لە دەشتی هورمزدەگان بەسەر 'ئەردەوانی چوارەم *Artabanus IV'* ی ئەشکانیدا سەربکەوێت، دواترنازناوی 'شاهان شا' واتە "پاشای پاشایان"ی لەخۆی نا.[17] بەم شێوەیە ئەردەشێر بە فەرمی تاجی پاشایەتی دەوڵەتی ساسانیی لەسەرنا، هەرچەندە ڕای جیاواز لەسەر ساڵ و شوێنی تاج لەسەرنانەکەی هەیە، بەڵام گونجاوترینیان پێدەچێت، لە پەرستگای 'ئاناهیتا لە شاری ئیستەخر لە هەرێمی فارس لە ساڵی ٢٢٤ ز. بەڕێوە چووبێت.[18] وێنەی تاج لەسەرنانی ئەردەشێر لەلایەن ئاهورامەزداوە لە دوو نەخشی هەڵکۆڵدراوی قەدپاڵی چیادا وێناکراوە، لە نمونەی نەقشی ڕەجەب و نەقشی ڕۆستەم، کە هەردوو نەقشەکە ئەوە پیشاندەدەن کە ئەردەشێر لەلایەن ئاهورامەزداوە بازنەی دەسەڵاتی پێ بەخشراوە، بە تایبەت نەقشی ڕۆستەم بە جۆرێک نەخشکراوە، ئەردەشێر و ئاهورامەزدا بە سوار ئەسپەکانیانەوە بەرامبەر یەک وەستاون، قاچی ئەسپەکەی ئاهورامەزدا لەسەر سەری ئەهریمەنی گیانی شەڕەنگێزییە، قاچی ئەسپەکەی ئەردەشێریش لەسەر سەری ئەردەوانی پاشای کوژراوی ئەشکانییە. (بڕوانە وێنەی ١ 'نەقشی ڕۆستەم تاج لەسەرنانی ئەردەشێر').

---

[14]الطبري، أبوجعفر محمد بن جرير، *تأريخ الامم والملوك*، ( تأريخ الطبري)، المحقق، ابو صهيب الكرمي، بيت الافكار الدولية، بدون مكان و سنة طبع، ص. 222.

[15]-الطبري، *نفس المصدر*، ص. 222.

[16]Daryaee, T., *Sasanian Persia, the Rise and Fall of an Empire*. New York, 2009, pp. 2-3.

[17]كريستنسن، *المصدر السابق*، ص. 75.

[18]Frye, *The History........*, P. 292.



وێنەی١ نەقشی ڕۆستەم تاج لەسەرنانی ئەردەشێر وێنەکە وەرگیراوە لە:

Miri, N., “Representation of Children in Sasanian Rock Reliefs” *Intl. J. Humanities Vol. 24 (3) (2017), (67-80 ),* p.75.

لەم نەخشەدا ئەردەشێرهێز و سەرکەوتنی خۆی پیشانداوە، کە دەسەڵاتی لە خواوەندی سەرەکییەوە وەرگرتووە. لەسەر ئەسپەکەی ئەردەشێر چەند دێرە نووسینێک بە زمانی یۆنانی و پەهلەویی ساسانیی هەڵکۆڵراوە، کە نووسراوە:



1. ptkly ZNH mzdysn bgy ʾrthštr

2.MLK-ʾ n MLKA ʾyrʾn MNW ctry

3. MN yzdʾn BRH bgy pʾpky MLKA

ie: *pahikar ēn mazdēsn bay Ardaxšīr šāhān šāh Ērān kē čihr az yazdān pus bay Pābag šāh*

«ئەم پەیکەرە (پەیکەر)ی مەزدیسن(مەزدەیەسن/مەزدا پەرست) (لەخوا ترس) ئەردەشێری شاهان شای ئێران و لە ڕەگەزی گوچیهر نەوەی یەزدان و کوڕی پابەگ/پابەک شایە».[19]

[19] اکبرزادە، داریوش، *کتیبەهای پهلوی*، سنگ نگارە، سکە، مهر، اثر مهر، ظرف نبشتە، چاپ دوم، تهران، پازینە، ١٣٨٥، ص، ٢١.

کریستنسن، *المصدر السابق*، ص. 80.

ئەردەشێر لە پاش کوژرانی ئەردەوان دەستی بەسەر موڵک و ماڵەکەیدا گرت و هاوسەرگیریشی لەگەڵ کچەکەیدا کرد.[20] هەموو قەڵەمڕەوییەکەی بە 'میدیا'شەوە خستە ژێر دەستی خۆی، هەرچەندە لە یەکەم هێرشیدا بۆ سەر میدیا شکستی هێناوە، بەڵام دواتر دەستی بە سەردا گرتووە، هەروەها ئەردەشێر دەستی بە لەشکرکێشی گەورە کردووە، بۆ شارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران[21] وەکو سیستان (ساکستان)،[22] گورگان(هیرکانیا)، مەرو، مارگیانا (بەلخ)، باکتریا و خوارزم.[23] لەگەڵ ئەوەی شاری تەیسەفونی،[24] کردە پایەتختی دەوڵەتی ساسانی و سنوری دەسەڵاتی خۆی فراوان کردووە، وەک پاشایەک سکەی لێداوە لە سەرەتادا بە ناوی شای فارس دواتر بە ناوی شای ئێران، بە شێوەیەک بە چوار جۆر تاجی جیاوازەوە لەسەر سکەکانی دەرکەوتووە.[25]

لەپاشاندا والاخش/بالاش *'Walakhsh/Balash* کە لە میسۆپۆتامیا نەیاری ئەردەوان بوو، ئەردەشێر لە ساڵی ٢٢٩ ز. بەسەریدا سەردەکەوێت، لەو کاتانەدا بەشێکی زۆری ناوچەکانی ئێران و ناوچە عەرەبییەکانی سنووری کەنداو بووبوونە بەشێک لە ئیمپراتۆرییە بەهێزەکەی، لە هێرشەکەیدا بۆ ئەرمینیا، سوریا و کەپەدۆکیا، و بۆ ململانێی ڕۆما و 'ئەسکەندەرسێڤێروس 'Alexander Severus (٢٢٢-٢٣٥ ز.) یش ڕۆیشتووە، بەڵام تا ئەسکەندەر لە ژیاندا بوو کەسیان بەسەر کەسیاندا سەرکەوتوو نەبوون، دوای مردنی ئەسکەندەر توانیان دەست بەسەر میسۆپۆتامیا و دورا، 'کارخای، *Carrhae*'[26]، نوسیبین(نوسیبیس)، لە کۆتایداهاترا)دا بگرن.[27]

---

[20]مشکور، *مصدر قبلی*، ص. ١٧-١٨.

[21]بۆ چۆنییەتی هێرشەکانی ئەردشێر بۆ سەرمیدیا بڕوانە:

Grenet, F., 'La geste d 'Ardashir fils de Pâbag -, Kārnāmag ī Ardaxšēr ī Pābagān, I' Ếvéché, 2003, pp. 78-83

زەکی، *سەرچاوەی پێشوو*، ل.٢١١.

[22]ناوچەی سیستان *(Sistan)* لە سەرچاوەکانی .M.P بە *'Sīstān'* کە لە هەردوو وشەی 'ساکا- ستان، *'Saka-stan* پێکهاتووە، واتە شوێنی ساکاییەکان *('Sakas)*. *بڕوانە:*

Rezakhani, K., *Re- Orienting the Sasanians, East Iran in Late Antiquity*, Edinburgh University Press Ltd, 2017, p . 27.

[23]بۆ زانینی شوێنی جوگرافیای سەرجەم شارەکانی هێرشە سەربازییەکان بڕوانە نەخشەی ژمارە (١) .

[24]'تەیسەفوون 'Ctesiphon کەوتوتە دەشتەکانی ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا لە خۆرهەڵاتی دیجلە، پایەتختی سەرەکی کارگێڕیی دەوڵەتی ساسانییەکان بووە، بە تایبەت لە زستاناندا، بەڵام لە هاویناندا بۆ شوێنە فێنک و کوێستانەکانی ئێران گواستوویانەتەوە، تەیسەفوون کۆمەڵێک شار و شارۆچکە بوون، بەزمانی عەرەبی 'مدائن' بە سریانی 'تل الماحوز'ی پێوتراوە. بڕوانە:

Frye, *CHI*, ......., p. 120.

[25]گیرشمن، ر. یانگ، ک. و [دیگران]. *ایران باستان پیشا تاریخ عیلامیان هخامنشینیان سلوکیان پارتیان ساسانیان*، ترجمە و تدوین یعقوب اژند، تهران، ١٣٨٥، ص. ٩٢-٩٣.

[26]'کارخای، *'Carrhae* هە مان شاری 'حەڕران *'Harrān* ی ئێستایە، کەوتۆتە دووری(٣٨کم) لە باشوری ڕۆژئاوای شاری ئورفە. بڕوانە:

*Tikkanen*, Amy, *Harran ancient city, Turkey* https://www.britannica.com/place/Harran Accessed on 12-8-2022, 6:26 PM.

[27]Daryaee, *Sasanian Persia* ......, p. 4.

هەروەها ئەردەشێر شاپوری کوڕی لە بەڕێوەبردن و کاروباری دەوڵەتدا بەشداری پێکردووە، بە شێوەی هاوبەڕێوەبەری بە تایبەت لە ساڵانی کۆتایی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا، بە جۆرێک لەسەر سکەکانی لەپاڵ وێنەی خۆی وێنەی شاپوریش دەردەکەوێت.[28] هەروەها لەسەر نەخشە هەڵکۆڵراوەکانیش هەندێک جار پێکەوەن، بۆ نمونە لە نەخشی سەڵماسدا ئەردەشیر و شاپور وەک دوو ئەسپسوار پێکەوە دەرکەوتوون، سەبارەت بە ئیمپراتۆریەتی ساسانیی دوو خاڵ بەلایەنی کاریگەر لە سەرکەوتنیان بە هەند وەردەگیرێت، یەکەمیان یەک دەسەڵاتی/چەقگەرایی، دووەمیان دانانی ئایینی فەرمیی دەوڵەتە، لە یەکەمیاندا گەڕانەوە سەرشێوازی ئەخمینییەکان، بەڵام دووەمیان زادەی دەستی ساسانییەکان خۆیان بوو.[29] هەروەها ئەردەشێر بە دامەزرێنەری بناغەی بەڕێوەبردن و ئابوری و چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکان دادەندرێت، و بناغەی کارگێڕیی و بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ساسانی داناوە، لەوانە لە سەردەمی ئەودا چەندین کتێبی ئەدەبی و فەلسەفی بۆ سەر زمانی پەهلەوی وەرگێڕدراون، وە دروستکردنی چەندین شاری وەک رام ئەردەشیر و ئەردەشیرخوڕە، کە زۆربەیان پاشگری وشەی ئەردەشیریان پێوە لکێندراوە، هەر دامەزراوەکانی ئەویش بوونەتە بناغە بۆ پاشاکانی دواتری ساسانی.[30]

شاپور(٢٤١-٢٧٢ ز.) ی یەکەمی کوڕی ئەردەشێر: ئەم پاشایە جێی باوکی گرتەوە، بە هەمان شێوەی باوکی لە فراوانکردنی سنوری ئیمپراتۆرییەتی ساسانی بەردەوام بوو، سەرکردایەتی چەندین شەڕی دژی ڕۆمەکان کردووە،[31] گرنگترینیان لە ساڵی ٢٦٠ ز، کە تیایدا گەمارۆی ئەنتاکیای داو ڤالیریان (٢٥٣-٢٦٠ ز.)ی ئیمپراتۆر و ژن و مناڵەکانی بەدیل گرتن.[32] ڤالیریان و سیناتۆرەکانی کە لەگەڵی بەدیل گیرابوون، ناردووە بۆ هەرێمی فارس، لە بیشاپور شوێنێک هەیە تائێستاش بەناوی زیندانی ڤالیریان ناسراوە.[33] هەروەها حەوت لە نەخشە چیاییە هەڵکۆڵدراوەکان بۆ سەردەمی شاپوری یەکەم ئەگەڕێنەوە، ئەو نەخشە هەڵکۆڵدراوانە هەموویان کەوتوونەتە هەرێمی فارسەوە، وەک نەخشەکانی: ڕەجەب،١،٣ نەقشی ڕۆستەم-٦، بیشاپور-١بۆ٣، دارابگیرد، کە تیایاندا سەرکەوتنەکانی بەسەر ڕۆمەکاندا وێناکراوە، یاخود ئاماژەیان پێکراوە.[34] بۆ نمونە نەقشی ڕۆستەم کە تیایدا ڤالیریان لە بەردەم ئەسپەکەی شاپوردا بەچۆکدا هاتووە.[35]

---

[28]أمینی، أمین، *سکەهای ساسانی*، ١٣٥٩، تهران- پازینە، ١٣٨٩، ص. ١٠٦-١٠٧.

[29]بۆئەمانە بڕوانە: کریستنسن، *المصدر السابق*، ص. 80.

Grenet, F., *op. cit.*, pp. 76, 110-111

Shavarebi, E., " A Reinterpretation of the Sasanian Relief at Salmās", *Iran and the Caucasus* 18, (2014), pp. 115-133.

[30]مشكور، *مصدرقبلی*، ص. ١٧.

Frye, *The History*........, p. 295.

[31]حميد، انور، *الفكرالعسكري الساساني (226-651)* دراسة تاريخية، اطروحة دكتوراه مقدمه الي مجلس كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة البصرة (2013)، ص. 34.

[32]رستوفتزف، م، *تاريخ الامبراطورية الرومانية، الاجتماعي و الاقتصادي*، تر. زكي علی و محمد سليم سالم، ج. 1، بدون مكان وتأريخ الطبع، ص. 524 .

[33]Daryaee, *Sasanian Persia* ......, p. 8.

[34]Overlaet, B., " Šāpur I: Rock Reliefs", *Encyclopedia Iranica*, (2017). http://www.iranicaonline.org/articles/shapur-I-rock-reliefs Accessed on 19-8-2022, 6:28 PM.

[35]بڕوانە: حميد، انور، *المصدر السابق*. ص34.

بەڵام سەبارەت بە دیلە ڕۆمانییەکان جۆرە سەربەستییەکی وەکو قسەکردن بە زمانی خۆیان و پەیڕەوی کردنی ئایینی خۆیانیانی پێ بەخشی بوون، لە بەرامبەردا سوودیان لە شارەزاییەکانیان وەرگرتووە، وەکو توانا پزیشکی و هونەریەکانیان، بۆ نمونە چەندین پرد و کۆشک و ئاوەدانییان پێ دروستکردون، لە نمونەی 'گوندێ شاپور' کە لە بواری پزیشکیدا بەناوبانگ بووە.[36] شاپور وتووێژی لەگەڵ ' مەسریانوس، *Macrianus*'ی ڕۆمانی کرد، سوپای ڕۆمەکان لە 'سامۆساتا *Samosata*' بۆ'ئیمێسا *Emesa*'[37] کشانەوە، ئەمەش بووە هۆی کرانەوی ڕێگای سوپای شاپور بەرەو ئاسیای بچوک، ئەوە بوو شاپور هێرشی کردە سەر 'کلیکیا *Cilicia*' و پاشان بۆ 'تەرسوس[38] *Tarsus*'.[39]

شاپور بۆ زیندوو هێشتنەوەی سەرکەوتنەکانی نووسینێکی درێژی لەسەر بەرد بە هەر سێ زمانی فارسی ناوەڕاست(پەهلەویی ساسانی)، ئەشکانی و یۆنانی لە کابەی زەردەشت لە نزیک نەقشی ڕۆستەم لە ناوچەی شیراز هەڵکۆڵیوە، بەناوی 'کابەی زەردەشت، *Ka'ba'yi Zardusht*'. لەبەر ئەوەی شاپور دەستی بەسەر زۆر ناوچەدا گرتووە، و خستوونیەتیە سەر ئیمپراتۆرییەتیەکەی، کە لە دەرەوەی سنوری ئێران بوون بۆیە نازناوی شای 'ئێران *Ērān*' و 'نائێران'بە پەهلەویی '*Anērān*' ی پی دەوترێت، لە خۆی ناوە.[40] لەبەر ئەوەی بەشێک لە پاشماوەی ئەشکانییەکان کە لە ئەرمینیا مابوون، و ئەرمینیا هەمیشە چەقی ململانێی نێوان ساسانییەکان و ڕۆمەکان بووە، بۆیە شاپور ئەیوست دەست بە سەر ئەرمینیاشدا بگرێ، بۆ ئەوەی نەبنە هەرەشە بۆ سەر دەوڵەتەکەی، لە سەردەمی شاپوردا لایەنی ئایینی بابەتێکی گرنگ بووە.[41] هەرچەندە ئەم گرینگی پێدانە لە سەردەمی ئەردەشێریشەوە هەبووە، کە فەرمانی بە هیربەد هیربەدان 'تەنسەر' کردووە، کە دەقە پەرش و بڵاوەکانی ئاڤێستای سەردەمی ئەشکانی کۆبکاتەوە و بیاننووسێتەوە و بیانکەنە کتێب، هەروەها لە سەردەمی شاپوریشدا بەرهەمەکانی وەک بابەتە زانستییەکان و پزیشکییەکان و بابەتە ئەدەبی و داناییەکانی هیندی و یۆنانی لە زمانەکانی تر وەرگێردراونەتە سەر زمانی پەهلەوی وکراون بە کتێب.[42]

هەروەها لە سەرەتاکانی سەردەمی شاپوردا 'کەردێر'گەورە مووبەدی ئایینی زەردەشتی دەرکەوتووە.[43] شاپور هەوڵیداوە بناغەی یاسایی بەهێزبکات و هەوڵی دروستکردنی هاوبەشیی لە نێوان ئاین و دەسەڵاتدا ئەدا، هەر لە سەردەمی ئەمدا 'مانی' دەرکەوتووە، بە بانگەشەی باوەڕێکەوە، کە هەندێک بەئایین وهەندێک بە ئایینزا لە قەڵەمی دەدەن، کە بە ئایینی مانی ناسراوە، شاپور ڕێزی لێگرت و ڕێگەیدا کە ئایینەکەی بڵاو بکاتەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا قەبارەی دادگا و کارگێری فراوان بوو، دەسەڵاتی دەوڵەت شێوەی چەقگەرایی وەرگرت.[44] پاشا لەسەرەوەی هەرەمی دەسەڵتدا بوو، لەخوار دەساڵاتی پاشاوە 'شەهریان *šahryān*' کە فەرمانڕەوایی پارێزگاکان و دادگاو سوپای شارەکانیان کردووە، لە دوای ئەو

Canepa, M, P., *After Lives of Ancient Rock-cut Monuments in the Near East, Carvings in and out of Time*, ed. Jonathan Ben-Dov and Felipe Rojas, Leiden/Boston, 2021, p. 228.

[36] صالح، مهدية فيصل، *العلاقات السياسية الساسانية – البيزنطية (226-628)*، بغداد، 2017، ص. 79.

[37] ئیمیسا: ئێستا شاری (حمص) ی پێ دەوترێت. وە 'سامۆستا *Samosata*' سەمساتی پێ دەوترێت.

[38] شاری 'تەرسوس' شارێکە لە دەشتی 'کلیکیا'.

[39] Maksymiuk, K., *Geography of Roman-Iranian Wars*, Military perations of Rome and Sasanian Iran, Siedlce, 2015, p. 40.

[40] Shahbazi, A. S., "Sassanian Dynasty", in: *Encyclopedia Iranica*. https://iranicaonline.org/articles/sasanian-dynasty Accessed on 19-8-2022, 8:8PM

[41] Daryaee, *Sasanian Persia* ......, p. 9.

[42] كريستنسن، *المصدر السابق*، ص. ١٣٠.

[43] Frye, *The History*........, p. 296.

[44] Daryaee, *Sasanian Persia* ......, p. 9.

’واسپورەگان ‘*wāspuhrāgān* کە میرە خانەدانەکان بوون. لە گرنگترین ’خانەدانەکانیش بریتی بوون لە (قەراز، کارین، سورێن، میهران، ئوندیگان، نەهاوەند)[45].

خشتەی (١)کۆمەڵێک ناونیشانی کارو پلە و پێگە، کە لە سەردەمی شاپوردا کاریان پێکراوە:

| وشەی پەهلەوی | خوێندنەوەی | واتاکەی | وشەی پەهلەوی | خوێندنەوەی | واتاکەی |
|---|---|---|---|---|---|
| ***šahrab*** | شەهراب | پارێزگار | *dādwar* | دادوەر | دادوەر |
| ***bidaxš*** | بیدەخش | جێگر | *wāzārbed* | وازاربێد | سەرپەرشتیاری بازاڕ |
| ***framādar*** | فرەمادەر | فەرماندە | *šahrdārān* | شەهرەداران | میری خۆجێی/ پارێزگار |
| ***Hazārbad/ Hazārbēd*** | هەزاربەد/ هەزاربێد | فەرماندەی هەزار(فەرماندەی سوپا بووە) | *Wāspuhrāgān* | واسپورگان | میرانی ڕەچەڵەکی شاهانە |
| ***dibīr*** | دبیر | نووسەر | *wuzurgān* | وزورگان | خانەدانان |
| ***ganzwar*** | گەنزوەر | گەنجینەوان | *āzādān* | ئازادان | (کەسانی) ئازاد |

هورمز/هورمزد(٢٧٢-٢٧٣.ز) کوڕی شاپوری یەکەم فەرمانڕەوای خوراسان بوو، کوڕی بچوکی شاپور بووە، بەهۆی ئازایەتیی و دڵسۆزیی بۆ باوکی وەکو جێنشین دیاری کراوە،[46] بەڵام تەنها ساڵێک فەرمانڕەوایی کردووە.[47] هەرچەندە زۆر نازانین دەربارەی، تەنها ئەوە نەبێ کە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا ’شاری ڕام هورمز‘ی دروستکردووە، وە شەڕی لەگەڵ هیپتاڵیەکان کردووە.[48] لە دوای هورمز ’بەهرام ‘*Bahram*[49] (٢٧٣-٢٧٦ ز.)ی یەکەمی کوڕی شاپور هاتۆتە سەرتەخت، کە بە پاشای ’گیلان

[45]Shahbazi, *op. cit.*, p. 4.

[46]Daryaee, *Sasanian Persia* ......, p. 10.

[47]الطبري، *المصدر السابق*، ص. 226.

[48]Frye, The History........, p. 303

[49]’ڤەهرام ‘*Varahrām* (بەهرام، بارام، وەهرام، ڤەهرام) ناوی هەسارەی (مەریخ) بووە، هەروەها ناوی خواوەندێک لە خواوەندە گرنگەکانی ئێران و کوردستانی دێرینیش بووە، کە خواوەندی سەرکەوتن و جەنگ بووە، وەکو یاوەری و شان و شکۆ بۆ پاشایان داندراوە، هەروەها لە ئاڤێستادا بە ’ڤرەثرەگنە‘ هاتووە بە واتای ’شمشێری ڤرترا‘ و ڤرتراش یەکێک لە دێوەکانی میثۆلۆجیای هیندۆ- ئێرانی بووە. بڕوانە: وهبي، توفيق، *الاثار الكاملة*، اعداد، رفيق صالح، ط، 2، السليمانية، مؤسسة ژين، 2011، ص. 243.
احمد، کۆزاد، *سەرچاوەی پێشوو*، ل.٢٥.

‘*Gilān*’ ناسراوه.[50] یەکەم جار کەردێر پشتیوانی کردووه، بەڵام دواتر دەستی لە پاشایەتیەکەی وەرداوه، لە دوای بەهرامی یەکەم، بەهرامی دووەم (٢٧٦-٢٩٣ ز.) دوای ئەویش بەهرامی سێیەمیش بە پشتیوانی ’کەردێر‘ بە دوای یەکدا بەسەر ’نارسە/نەرسە‘دا دەسەڵاتیان گرتۆتەدەست، کە گوایە کوڕی گەورەی شاپوری یەکەم بووه، بەهرامی سێیەم تەنها چەند مانگێک لەسەر تەخت بووه.[51]

لەو کاتانەدا نارسە هەر بە پاشای ئەرمەنستان مابۆوە، ساسانییەکان شکستی گەورەیان لەسەر دەستی ڕۆمەکان خواردبوو، تەنانەت مەترسی لەسەر تەیسەفونیش دروستبووبوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی گەورە پیاوان و کار بەدەستان پشتگیری نارسە بکەن، بۆ ئەوەی بیکەن بە پاشا، لە جێی بەهرام، بەو جۆرە نارسە لە ساڵی (٢٩٣-٣٠٣ ز.) بووە پاشا (شاهانشا)ی ساسانی.[52] هەروەها نارسە هەموو ڕووداوەکانی چۆنییەتی گرتنە دەستی دەسەڵاتی خۆی لە تەلاری یادگاری (مۆنۆمێنتێک) دا تۆمارکردووه، کە پێی دەوترێ مۆنۆمێنتی پەیکوڵی.[53] کە لەو مۆنۆمێنتەدا ڕەچەڵەکی خۆی ئەباتەوە سەر ئەردەشێر و شاپورو بە شانازییەوە بەم شێوەیە باسی ڕەچەڵەکی خۆی ئەکات:

1 ’nyr’n [MNW | ctry MN yzd’n npy ORHYA
1 | [’n’ry’n MNW šyhr MN y’ztn BRYLBRY ALHA........[54]

«[من، شکۆی مەزدایی، ’نارسە‘ م]، شا[ی شاهان] ی ئێران[و] نائێران، کە بنەچەی لە خواوەندانەوە(یە)، کوڕی] شکۆی [مەزدایی]، ’شاپور، ‘ شا[ی شاهان]ی ئێران و نا ئێران،[کە بنەچەی لە خواوەندانەوە (یە)، کوڕەزای شکۆ، ’ئەردەشێر‘]، شای شاهان......»[55]

---

[50]Frye, *CHI*, ......, p. 127
[51]Frye, *CHI*, ......,  pp. 128-129.

[52]احمد، کۆزاد، *سەرچاوەی پێشوو*، ل.١٥-١٦

[53]تەلاری یان مۆنۆمێنتی پەیکوڵی، ئەم مۆنۆمێنتە بۆ سەرکەوتنی پاشا نارسە (٢٩٣-٣٠٢/٣ ز.) بەسەر بەهرامی سێیەمی برازایدا، لەو شوێنە دروستکراوە، کە نارسە چاوی بە خانەدانان و پیاوماقوڵانی ساسانی کەوتووە، کە هاتبوون بۆ سنوری ’ئازۆریستان/ئاسۆریستان *Asōrestān*‘ بۆ پێشوازی نارسە، بۆ ئەوەی ڕەزامەندی و پشگیری خۆیانی بۆ دەربڕن، شوێنەوارەکە کەوتۆتە سەر گردێکی بچوک لە گوندی بەرکەل لە شارۆچکەی دەربەندیخان، سەر بە پاریزگای سلێمانی، بە گشتی نووسینەکە دوو بابەت لە خۆ ئەگرێت، باسێکی وردی ڕووداوەکانی شەڕی نێوان نارسە و بەهرامی سێیەم، هەروەها لیستێکی دورودرێژ لە ناوی خانەدانان و پیاو ماقوڵان کە هاوشانی نارسە بوون، و بە یەکێک لە درێژترین سێ دەقی نوسراوی سەر بەردی سەردەمی ساسانی دادەنرێت، کە بە هەر دووزمانی پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانی نوسراوە، بۆ تۆمارکردنی ڕوداوە گرنگەکانی ئەوسای دەوڵەتی ساسانیی و بەتایبەت چۆنیەتی بونە پاشایی نارسەی تیا تۆمارکراوە، و هەروەها ئەم دەقە گرنگیەکی زۆری بۆ مێژوو و جوگرافیای کوردستانیش هەیە، چونکە بەشێکی زۆری خەڵکی ئەوسای کوردستان پشگیریان لە نارسە کردووە، لەگەل ئەوەشدا ناوی کۆمەڵێک ناوچەی مێژوویی کوردستانی تیایدا تۆمارکراوە، بۆ نمونە کۆنترین ئاماژە بەناوی ’شارە زوور‘ لەم دەقەدا بە شێوەی (سیارزور) هاتووە، هەروەها ناوی شاری لاشوم کە شاری’لاسیمە‘ (داقوق)ی ئێستا وەک لایەنگری نارسە تۆمارکراوە، سەرەڕای ناوی میر و کاربەدەستانی ئەوسای ناوچەکە. بۆ زانیاری تەواو لە سەرمۆنۆمێنتەکە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:
احمد، کۆزاد، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١١-١٢.
Cereti, C., and Terribili, G., “The Middle Persian and Parthian Inscription on the Paikuli Tower New Blocks and Preliminary Studies”, *Iranica Antiqua*, vol. XL IX, 2014, p. 347.
هەروەها بۆ زانیاری لەسەر بەدە نوسراوەکان بڕوانە:
Humbach, H, and  P. O. Skjærvø., *The Sassanian Inscription of Paikuli*, part, 2 Synoptic Tables. Pt 1 verl Richert-verl, Wiesbaden, 1980, pp. 8-10.
لە ئێستادا کۆمەڵێکی زۆر لە بەردە نووسراوەکانی ئەو مۆنۆمێنتە لەگەڵ پێنج پەیکەری پاشا نارسە، لە دوو هۆڵی نمایشدا لە مۆزەخانەی سلێمانی بەناوی ’گەلەری نارسە‘ نمایشکراون.
[54]Humbach, H, and P.O Skjærvø, *The Sassanian Inscription of Paikuli*, Part 3.1, Restored text and translation , Skjærvø and Wiesbaden/ Munich, 1983, p. 5.

[55]احمد، کۆزاد، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٢٥.

بەڵام لە نێوان نارسە و ڕۆمانەکاندا شەڕ هەڵگیرسا، لە سەرەتادا نارسە سەرکەوتووبوو، میسۆپۆتامیای لە ڕۆمەکان سەندەوە، بەڵام دواتر پێچەوانە بووەوە، بەرامبەر ڕۆمەکان سوپای ساسانیی تووشی شکست بوو، ژن و منداڵەکانی بەدیل گیران، بۆیە بە ناچاری ڕێکەوتن نامەی 'نوسەیبین' ی لەگەڵدا بەستن، بەپێی ئەو ڕێکەوتنە بەشێکی زۆری میسۆپۆتامیا و هەندێ ناوچەی تریشیدا بە ڕۆمەکان لە بەرامبەردا ژن و منداڵەکەی وەرگرتەوە، بەو هۆیەوە نارسە ئیتر نەیتوانی فەرمانڕەوایی بکا و پاش ماوەیەک بەو خەفەتەوە مرد.[56]

**هورمزی دووەم (٣٠٢-٣٠٩ ز)**، لە دوای نارسە هورمزی دووەمی کوڕی نارسە، بوو بە پاشا، گوایە لە شەڕێکدا دژی هۆزێکی عەرەبی لە ڕۆژئاوای فارس کوژراوە، لە دوای ئەو 'ئادورنارسە'ی کوڕی جێی ئەگرێتەوە، بەڵام لەلایەن پیاوانی ئایینی و خانەدانەکانەوە لابراوە، شاپوری دووەم(٣٠٩-٣٧٩ ز.) بە"شاپورذوالأکتاف"[57] ناسراوە، گوایە هێشتا لە سکی دایکیدا بووە کە لە لایەن خانەدان و پیاوانی ئایینی یەوە تاجی لەسەرنراوە.[58] پیاوانی ئایینی ئامانجیان لە دانانی منداڵێک بە پاشا ئەوە بووە، کە خۆیان دەست بەسەر کاروباری دەوڵەتدا بگرن، ئەم بارودۆخە ڕێی بۆ عەرەبەکان خۆشکردووە، هێرش بکەنە سەر پارێزگاکانی ڕۆژئاوای دەوڵەتی ساسانی.[59] هەروەها ڕۆمەکان دەستیان بەسەر زۆرێک لە ناوچەکانی دەوڵەتی ساسانیدا گرت، بەڵام کاتێک شاپور گەورەبوو هەوڵیدا هەموو ئەو ناوچانە بۆ ژێر دەستی خۆی بگێڕێتەوە، سەرەتا بە عەرەبەکان دەستی پێکرد، بە شێوەیەکی توند تۆڵەی لێکردنەوە، هەر بۆیە نازناوی (ذوالأکتاف)، یان لێناوە.[60]

لەو کاتانەدا ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی بەسەر بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دابەش بووبوون،[61] بەشی ڕۆژهەڵاتی لە ساسانییەکان نزیکتربوون و ئایینی زەردەشتییان قبوڵ کرد، ئەرمینیاش بۆ دورکەوتنەوە لە ئایینی ساسانییەکان چوونە سەر ئایینی مەسیحی، لەو کاتەدا شاری بیزەنتا کە دواتر بووە قوستەنتەنییە ئایینی مەسیحیەتی لە ژێردەستی ڕۆمەکان قبووڵ کردبوو، بەهۆی نزیکی و کاریگەری ئایینی، کە هەردووکیان ئایینیان مەسیحی بوو، بۆیە ئەرمینیا لەگەڵ ڕۆمەکان ڕێکەوتبوون، هەر بۆیە شاپور هێرشێکی سەرکەوتوانەی کردە سەرئەرمینیا، و چەندین شەڕ لەگەڵ ڕۆمەکان لە سەردەمی شاپوردا ڕوویانداوە.[62] خاکی میسۆپۆتامیا بوو بووە شوێنی ململانێی سەختی ڕۆمانەکان و سوپای شاپور، ڕۆمانەکان دەستیان بەسەر چەند ناوچەیەکی میسۆپۆتامیادا گرتبوو، هەروەها شاپور لەساڵی ٣٤٨ز. هەوڵیدا شاری 'سنجار/سنگارا'(شەنگال) لە ژێر دەستی ڕۆمەکان دەربهێنێت و قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە کە لەسەر دەستی ڕۆمەکان لە گەمارۆی 'نوسەیبین'دا تووشی بووبوون، لە نزیک گردەکانی شەنگال ڕووبەڕووی ڕۆمەکان بوونەوەو توانیان لەم شەڕەدا بەسەریاندا سەربکەون.[63] لە ڕۆژهەڵاتیش شاپوری دووەم بە تەواوی بەسەر نەیارەکانیدا سەرکەوت، و دەسەڵاتی ساسانی بەسەر کوشانییەکاندا سەپاند، ئەمە لە دوو دەق بەزمانی فارسی ناوەڕاستدا ئاماژەی پێکراوە، کە سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی ساسانی بریتی بوون لە: سند، سیستان و توران، هەروەها

---

[56]احمد، کۆزاد، *هەمان سەرچاوە*، ل.٢٤-٢٥.

[57]طبري ئەڵێ، بۆیە ناوی (ذوالأکتاف) یان لێناوە، چونکە بە شێوەیەکی ئازار بەخش عەرەباکانی کوشتووە و شانیانی لە لاشەیان جیا کردۆتەوە. بڕوانە: الطبري، *المصدر السابق*، ص. 229.

[58]الجنابي، قیس حاتم هاني، "الأوضاع السیاسیة في الإمبراطوریة الساسانیة (226-459 م.) "، *مجلة العلوم الانسانیة*. مج 1، ع. 8 (2011)، ص. 302.

[59]Daryaee, *Sasanian Persia* ......, p.16.

[60]الطبري، *المصدر السابق*، ص. 229.

[61]لەوەبەدوا بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ڕۆمانی لەیەک جیابوونەوە و بەشی ڕۆژهەڵاتی بیزەنتییەکان بوون. بۆیە لێرە بە دواوە لە توێژینەوەکەماندا لە جیاتی ڕۆمانییەکان ناوەکە ئەگۆڕێت بۆ بیزەنتییەکان.

[62]Frye, *CHI*, …., p. 137 .

[63] Farrokh, K, Maksymiuk, K, and Gracia, J, *The Siege of Amida (359 CE)*, Siedlce, 2018, pp. 27-28

احمد، بریار، *بررسی و تحلیل باستان شناختی معماری ساسانی منطقه بین رودخانەهای زاب کوچک و سیروان*، پایان نامه برای دریافت درجه کارشناسی ارشدگروه باستانشناسی، دانشگاه تهران، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، ١٣٩٤، ص.٤٠.

’ئەمیانوس مارسیلینۆس‘ *Ammianus Marcellinus*[64] پارێزگاکانی ژێردەستی ساسانیی ئەو سەردەمەی لە لیستێکدا ناوبردووە، بە ئاشور، سوسە، میدیا، ئەرمینیا، پارس، هیرکانیا، مارگیانا، باکتریا، سۆگدیانا، ساکای، لە بناری چیای هیمالایاش، سیرکا، ئاریا، ’پارۆپانیسادا *Paropanisadae*‘، ’درەنگیانا *Drangiana*‘ ’ئاراخۆسیا *Arachosia*‘، و ’گێدروسیا *Gedrosia*‘.[65]

لەدوای شاپوری دووەم، هەرسێ پاشایان ئەردەشێری دووەم (٣٧٩-٣٨٣ ز.) و شاپوری سێیەم (٣٨٣-٣٨٨ ز.) و بەهرامی چوارەم (٣٨٨-٣٩٩ ز.) بەدوای یەکتردا فەرمانڕەواییان کردووە، هەرسێکیان بە پلانی خانەدانەکان کوژراون.[66] پاشان یەزدەگردی یەکەم (٣٩٩-٤٢١ ز.) بووە بە پاشا، کە سیاسەتێکی نەرم ونیانی پەیڕەو کردووە، لەگەڵ ڕۆمەکان پەیوندی دۆستانەی هەبووە، سەبارەت بە لایەنی ئایینیش دەروازەیەکی نوێ لە نێوان مەسیحییەکان و زەردەشتییەکان کراوەتەوە و لەگەڵ سەرجەم کەمایەتییە ئایینیەکان نەرم ونیان بووە.[67] هەرچەندە لە سەرەتای دەسەڵاتیدا لەبەر ئەوەی سێ لە پاشایانی پێش خۆی بەدەستی خانەدانەکان کوژرابوون، بۆیە کاتێک دەسەڵاتی گرتەدەست، لەتوڵەیاندا کۆمەڵێک لە خانەدانەکانی کوشتەوە، ئەم کردارەی بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز لە نیوان دەسەڵاتی پاشایەتی و دەسەڵاتی خانەدانان و پیاوانی ئایینیدا بووە، هەر بەو هۆیەشەوە لە لایەن پیاوانی ئایینی زەردەشتییەوە بە "یەزدەگردی گوناهبار"ناوبراوە.[68]

لەدوای یەزدەگردی یەکەم، کوڕە گەورەکەی کە ناوی شاپورە لە ئەرمینیاوە دێت، بۆ ئەوەی جێی باوکی بگرێتەوە، بەڵام پیاوانی ئایینی ڕێی لێ ئەگرن و ئەیکوژن، میرێکی نزیک یەزدەگرد کە ناوی خەسرەوە لە شوێنی دائەنێن، بەڵام لەو کاتەدا (بەهرامی پینجەم/بەهرامی گوڕ،[69](٤٢١-٤٣٨ ز.) ی کوڕی یەزدەگردی یەکەم کە باوکی ناردبوویە لای هۆزی لەخمییەکان لە حیرە، لەوکاتەدا بە پشتیوانی لەخمییەکان هێز کۆئەکاتەوە، وە هێرش ئەکاتە سەر تەیسەفوون، وا ئەکات کە دان بە پاشایەتییەکەیدابنێن، بەهرامی پێنجەم حەزی لە ڕاووشکاربووە.[70] و پاشایەکی خۆش مەشرەب بووە،[71]میهرنەرسێ ’*Mihr Narseh*‘ ی وەزیر ڕێنمایی ئەکات، کە لەسەرحسابی ئایینی مەسیحی پارسەنگ بداتەوە بە ئایینی زەردەشتی و چەندین ئاتەشگای

---

[64]’ئەمیانوس مارسیلینۆس‘ فەرماندەیەکی ناو سوپای ڕۆمانی بووە، بە بنەچە یۆنانییە، ئەفسەرێکی بوێر و خوێندەوار بووە، زۆربەی ئەو جەنگانەی بینیویەتی تۆماری کردوون، دەکرێت بڵێین مێژوو نوسێکی سەردەمی خۆی بووە. بڕوانە: کریستنسن، *المصدر السابق*، ص. ٢٢٩.

[65]Daryaee, *Sasanian Persia* ......, pp. 17-18.

[66]Frye, *The History*........, p. 318.

[67]کریستنسن، *المصدر السابق*، ص. ٢٥٥.

[68]Daryaee, *Sasanian Persia* ......, p. 22.

[69]دەربارەی ناوی گوڕ، ئەوترێ بەهۆی ئەوەوە پێیان وتووە ( گوڕ)، چونکە ڕاوچییەکی زۆر بەتوانا بووە، بە گوێرەی چیرۆکەکانی ’شاهنامە‘ پاشای ڕاوکردن بووە و ڕاوی ’کەرە کێوی‘ کردووە. بڕوانە:

Frye, *The History*........, p. 319.

هەروەها گوایە ئەم پاشایە زۆر حەزی بەم ئاژەڵە (کەرەکێوی) کردووە و تەنانات بەخێویشی کردووە، و ناوەکەی بە مانای (گوڕ) دێت. بڕوانە:

مکاریس، شاهین، *تأریخ ایران*، القاهرة، 2003، ص. 74.

هەروەها تۆفیق وەهبیش ئەڵێت وشەکە (گور) بە مانای چاڵایی دێت، مەبەست لەو چاڵەیە، کە لە کاتی ڕاوکردندا تێی کەوتووە و دەرنەهاتۆتەوە، سەبارەت بە مردنەکەی گوایا ڕۆژێک لە کاتی ڕاوکردنا کەوتۆتە خەمخۆرک(چاڵێکی لیتاوی) و مردووە تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە. بڕوانە:

وهبی، توفیق، *ابعاد معني اليحمورعن اسم بهرام گور*، بغداد، 1957، ص. 22-23.هەروەها بڕوانە: وهبي، *الاثارالكاملة*، *المصدر السابق*، ص. 328-329.

Daryaee, *Sasanian Persia* ......, p. 23.

[70]Frye, *The History*........, p. 319.

[71] بۆ زانیاری زیاتربڕوانە: الجاحظ، عمربن بحر، *التاج في اخلاق الملوك*، تحقيق، احمد زكي ، القاهيرة، 1914، ص. 9.

زەردەشتی دروست ئەکات، بۆیە ئەمانەش هۆکاربوون بۆ کۆچکردنی مەسیحیەکان بۆ ناوچەکانی ژێردەستی بیزەنتیەکان.[72]

لە دوای ئەو یەزدەگردی دووەم (٤٣٩-٤٥٧ ز.) ی کوڕی بەهرامی پێنجەم دەسەڵات دەگرێتە دەست، لە ڕۆژئاوا شەڕ لەگەڵ ڕۆمە بیزەنتیەکان دەکات، لە ڕۆژهەڵاتیش بەرەنگاری هێپتاڵیەکان دەبێتەوە، چەند ساڵێک لە ڕۆژهەڵات ماوەتەوە شەڕی لەگەڵ هۆزە کۆچەرییەکان کردووە، لە ئەرمینیاش هەوڵی چەسپاندنی ئایینی زەردەشتی داوە، بەیارمەتی گەورە وەزیر میهر نەرسێ کە لە سەردەمی باوکی و باپیریشیدا هەر 'گەورەوەزیر' بووە، توانیویەتی سوپا یەکبخاتەوە، و نێردەیەکی ناردووە بۆ ئەرمینیا بۆ ئەوەی ئایینی زەردەشتی بەسەر مەسیحییە ئەرمەنییەکاندا بسەپێنێت، بەتایبەت بەسەر خانەدانانی 'ناخارا *'Naxara*'دا، هەرچەندە ئەمە لەلایەن مەسیحییەکانەوە بەربەرەکانێکراوە.[73]

لە دوای یەزدەگردی دووەم هەردوو کوڕەکانی، هورمزدی سێیەم (٤٥٧-٤٥٩ ز.) و 'پێرۆز *Peroz*' (٤٥٩-٤٨٤ ز.)، بە دوای یەکدا هاتوون، ململانێ لە نێوانیاندا لەسەردەسەڵات ڕوویداوە، پێرۆز هورمزدی لاداوە و خۆی شوێنی گرتوتەوە، لە ماوەی ئەو ئاڵۆزییە ناوخۆییەدا هەرێمی جۆرجیا سەربەخۆیی بەدەست هێنا، سنوری ڕۆژهەڵاتی ساسانییەکان لە بەردەم هێپتاڵییەکان بە کراوەیی مایەو، پێرۆز هەرێمەکانی ئەلبانیا و قەوقاسی ئارام کردەوە، و لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی ڕۆژهەڵات ڕێکەوتنێکی ئەنجامدا بۆ هاوکاریکردنی بەرگریکردن لە سنوری قەوقاس، بەڵام لە لایەن هێپتاڵییەکانەوە کوژرا و سوپاکەی تێکشکێندرا.[74]

هێپتاڵییەکان دەستیان بەسەر چەند ئۆستانێکی شارەکانی مەرو و هیراتدا گرت و باجێکی زۆریان بەسەر ساسانییەکاندا سەپاند، لەو کاتەداکە پێرۆز کوژرابوو، دوو لە سەرکردە سەربازییەکان یەکێکیان زەرمیهر/زێرین میهر کە سەر بە بنەماڵەی کارێن بوو، ئەویتریش ناوی شاپور بوو لە بنەماڵەی میهران بوو، بەرەو تەیسەفون بەرێکەوتن و 'بەلاش / وەلەخش *'Walakhsh*[75] (٤٨٤-٤٨٨ ز)ی برای پێرۆزیان لەسەر تەخت دانا، بەڵام فەرمانڕەوای ڕاستەقینە لە سەردەمی ئەمدا زەرمیهر بوو، زەرمیهر لەگەڵ 'ڤەهەن مەمیکۆن'ی سەرۆکی یاخییە ئەرمەنییەکان ڕێککەوت و داوایانکرد کە ئایینی سەپاوی زەردەشتی سەر ئەرمینیا هەڵبوەشێتەوە، لە سەردەمی ئەم پاشایەدا برسێتی و قات و قڕی وڵاتی گرتەوە، ناڕەزایی هەموو لایەک و خانەدانانیشی گرتەوە، بە پشتیوانی زەرمیهر لە لایەن 'قوباد (کەواد)ی یەکەم *Kawad I*' ی کوڕی پێرۆزەوە وەلەخش لابرا.[76]

[72]Pourshariati, P., *Decline and Fall of the Sasanian Empire*, The Sassanian-Parthian Confederacy and the Arab Conquest of Iran, New York, 2008, p. 62.

[73]Daryaee, T., *Yazdegerd ll*, 2012, https://iranicaonline.org/articles/yazdgerd-ii Accesed on 19-8-2022, 10:25PM

[74]Daryaee, T., and Rezakhani, K., "The Sasanian Empire" King of The Seven Climes, ed. Touraj Daryaee, *Ancient Iran Series*. | Vol. 4. Jordon Center for Persian Studies, (2017), p. 159.

[75]بە 'بەلاش *'Balash*' یاخود 'ڤەلەگش *'Valgash*'وە بە 'ڤۆلۆگیسیس *'Vologegeses*' یش ناو براوە. برانە:
Frye, *The History*........, p. 322.

[76]کریستنسن، *المصدر السابق*، ص. ٢٨٢.

## تەوەرەی دووەم

## دەوڵەتی ساسانی لە دوای سەردەمی چاکسازییەکان

قوباد 'کەواد *Kawad I*' (٤٨٨-٥٣١ ز.)ی یەکەم: بە دوو قۆناغ فەرمانڕەوایی کردووە، لەبەر ئەوەی لە سەدەی پێنجەمدا دەوڵەتی ساسانی لاواز بووبوو، پیاوانی ئایینی بە تەواوی دەستیان بەسەر هەمووکایەکانی دەوڵەتدا گرتبوو، تەنانەت بە ئارەزووی خۆیان پاشایان دادەنا و لاشیان دەبرد، پێگەیان لەسەر سکە و مۆرەکان ڕەنگی دابۆوە، هەروەها قوبادی یەکەم بە هۆی باجی هێپتاڵیەکان و وشکەساڵی ڕووبەڕووی کێشەی سیاسی و ئابوری بووبووەوە، و لە ڕۆژئاواش هیچ باج و دەسکەوتێکیان دەست نە ئەکەوت، لەو کاتەدا مەزدەک توانی سەرنجی قوباد ڕابکێشێت.[77] بیری مەزدەکایەتی کە بانگەشەی یەکسانیی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی سامانی بە شێوەی یەکسانی ئەکرد، هاواری بۆ چینە باڵاکان ئەکرد، ئەو بەرووبوومەی کە لەسەر زەوییە بەخششی خوای گەورەیە و پێویستە بە یەکسانی دابەش بکرێت.[78]

گوایە کۆمەڵێک یاسای هاوبەشی پێکردنی ژنانی لە نیوان پیاواندا داناوە، بەڵام ئەمە لە سەرچاوەکانی سەردەمی قوباد دا باس نەکراوە، و کۆمەڵێک یاسای بۆ پێدانی پیتاک و هاوکاری لەلایەن دەوڵەمەندانەوە بۆ هەژاران داناوە، کۆمەڵێک کۆتوبەندی ژیانی هاوسەرێتی لابردووە، کە پێشتر بەهۆی جیاوازیی کۆمەڵایەتی و ئاستی چینایەتییەوە داندرابوون.[79] ئەم چاکسازیيانە لە لایەن پیاوانی ئایینییەوە پەسەندکراو نەبوون، بۆیە قوبادیان گرت و بەندیان کرد.[80] 'زاماسپ *Zamasp*'ی برایان کردە پاشا لە ساڵی (٤٩٦ ز.)، بەڵام قوباد کۆتایی نەهات.[81] بەڵکو بە یارمەتی خوشکەکەی لە زیندان هەڵات و بە یارمەتی هێپتاڵیەکان گەڕایەوە سەرتەخت، زاماسپ بەبێ شەڕ دەست بەرداری دەسەڵات بوو، دواتر قوباد ئایینی مەزدەکی بەسەر تەواوی ناوچەکانی ژێر دەستی ساسانییدا سەپاند، هەروەها قوباد لە بەرامبەر یارمەتی هێپتاڵیەکان بەڵێنی پێدانی باجی دابونێ، بۆ ئەم مەبەستە داوای هاوکاری لە بیزەنتییەکان کرد، بەڵام یارمەتیدانی قوبادیان ڕەتکردەوە، بۆیە قوباد هێرشی کردە سەریان، لەم هێرشەدا دەستی بەسەر کۆمەڵێک شوێندا گرت، هەروەها لە شەڕی ئەرمینیاشدا سەرکەوتوو بوو، دوایی بەرەو میسۆپۆتامیا ڕۆیشت و کۆمەڵێک ناوچەی گرت، یەکێک لەوانە شاری ئامیدا[82] بووە، هەروەها هێرشەکانی بەرەو ڕۆژئاوا زیادیان کرد.[83] سەبارەت بە مەزدەک هیچ بەڵگەیەک لە بەردەست نییە کە لە کۆتایی فەرمانڕەوایەتییەکەشیدا بەهەمان شێوەی سەرەتا پشتگیری کردبێت، لەم قۆناغەدا قوباد بەرەو ئاوەدانی ووڵات ئاوڕی دابووەوە، هەروەها کۆمەڵێک چاکسازی دەستپێکرد کە دواتر لە سەردەمی خەسرەوی کوڕیدا تەواوکران.[84]

---

[77]Daryaee, *Sasanian Persia* ......, p. 26.

[78]الكعبي، نصير، *جدلية الدولة والدين في الفكر الشرقي القديم، ايران العصر الساسني أنموذجاً*، منشورات الجمل، بغداد/ بيروت، 2010، ص. 328-329.

[79]کریستێنسێن، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٤٢٨-٤٢٩.

Frye, *The History*, p.322.

[80]General, M., *History of Persia*, Most early period to the present Time, Religion, Government, usages, And Character, London(?), p. 105.

[81]Frye, *The History*........, p. 322.

[82]شاری دیاربەکری باکوری کوردستانە. بڕوانە: ئەحمەد، جمال ڕەشید، ڕەشید، فەوزی، *مێژووی کۆنی کورد*، و. ملکۆ کەلاری، سلێمانی، ٢٠١٩، ل. ٢٠٨.

[83]Daryaee, *Sasanian Persia* ......, pp. 27-28.

[84]Pourshariati, *op. cit.*, p. 82.

لەوانە توانی سەرچاوەی دارایی پێویست بهێنێتە خەزێنەی دەوڵەتەوە، بەو هۆیەوە توانی سوپا بەشێوەیەکی تۆکمە ڕێکبخاتەوە، هەروەها ناوەندێکی بۆ خزمەتی هەژاران و نەداران دامەزراند، بە ناوی 'دەریۆشان جادەگاو ئود دادوەران *Darīyōšān jādaggōw ud dādwar*' واتە " داکۆکیکار و دادوەری هەژاران"، هەروەها مەسیحییە نەستوریەکانیشی سەربەست کرد.[85] و پێداچوونەوەی بە سیستەمی باج و دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاران وخەڵکی گشتیدا کرد، سەرەڕای ئەوانەش بە جۆرێک دەسەڵاتی خانەدانەکان و پیاوانی ئایینی هێنایە خوار هەرگیز دەسەڵاتی پێشویان بە خۆیانەوە نەبینییەوە.[86]

**خەسرەوی یەکەم 'ئەنەو شیرڤان*Nowshūrvān*'**[87] **(٥٣١-٥٧٩ ز.)** لە دوای قوبادی یەکەمی باوکییەوە دەبێتە پاشا، سەردەمی ئەم پاشایە بەوە جیا ئەکرێتەوە کە بە کارە باشەکانی دەستی بەسەر بیری خەڵکدا گرتووە، لەگەڵ دەست بەکاربوونی، مەزدەک و زۆربەی ئەوانەشی لەناوبرد کە سەر بە مەزدەک بوون، بەشێک لە سامان و ماڵی مەزدەکییەکانی بۆ خاوەنەکانیان گێڕایەوە و ئەوەی تریشی بەسەر خەڵکدا دابەشکرد.[88] هەروەها بە چاکسازیەکانی قۆناغێکی پڕشنگداری لە مێژووی ساسانییەکاندا تۆمارکرد، شێوازی دەسەڵاتی چەقگەرایی و کۆ دەسەڵاتی و شکۆی سیاسی بۆ هەمان سەردەمی ئەردەشێری یەکەم و شاپوری یەکەم گێڕایەوە، سنوری دەسەڵاتی دەوڵەتی ساسانی فراوانکرد،[89] و ئازادی ئایینیشی فەراهەمکرد.[90] ئەو سەرژمێرییەی لە سەردەمی قوبادی یەکەمدا دەستی پێکرابوو، لە سەردەمی خەسرەودا تەواوکرا، کە تیایدا سەرژمێری دانیشتوان و زەوی و زاری کشتوکاڵیی و باخ و باخات کران، بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی سیستەمی باج و دەرامەت، بە شێوەیەک باج بە پێی بڕی بەرهەم و ڕێژەی بەرهەم دیاری ئەکرا.[91] هەروەها وەرزی کۆکردنەوەی باجی بۆ وەرزی هەڵگرتنەوە و چنینەوەی بەروبووم گۆڕی، دەسەڵاتی خانەدانەکانی نەگێڕایەوە، بەڵکو دەسەڵاتی دێهقانە باجکۆکەرەوەکانی هێشتەوە، چونکە بڕبڕەی ئابوری ووڵات بوون.[92] هەروەها ئەوانەی باجیان لەسەر داندرا بەسەر چەند چینێکدا دابەشکران، لە دەوڵەمەندانەوە دەستی پێ ئەکرد، زۆرترین ڕێژە بۆ دەوڵەمەندەکان بوو، هەتا هەژارتر بوونایە باجی کەمتریان لەسەر بوو، سەرانەشیان بە سێ قۆناغ کۆئەکردەوە.[93] هەروەها لە بواری سەربازیشدا کۆمەڵێک چاکسازیی کرد، ئیمپراتۆریەتیەکەی بەسەر چوار 'کوست' (Kust)دا دابەشکرد و چوار 'سپاهبێد *spāhbād*'ی بۆ هەر چوارلای ووڵاتیش دانا، مۆرو جێ مۆرەکان ئەمەمان بۆ پشت ڕاست ئەکەنەوە، چونکە ناوەکانیان لەسەر مۆرەکانیان نوسراوە.[94]

---

[85]Daryaee, *Sasanian Persia* ......, pp. 27-28.

[86]Pourshariati, *op. cit.*, p. 82.

[87]'ئەنوشیرەڤان Nowshīırvān ' بە واتای ڕۆحی نەمر، هەمیشە زیندوو. بڕوانە: کریستنسن، *المصدرالسابق*، ص. 338. هەروەها لەلای پاشا عەرەبەکان تەنها بە (کیسرا) ناسرابوو. بڕوانە: الطبري، *المصدرالسابق*، ص. 432.
Frye, *The History*........, p. 325.

[88]الطبري، *المصدرالسابق*، ص. 432.

[89]Pourshariati, *op. cit.*, p. 83.

[90]مكاريس *المصدر السابق*، ص. 83.

[91] بۆ چۆنییەتی کۆکردنەوەی بڕی باج و دەرامەت بڕوانە: ابن خرداذبە، أبي القاسم عبیدالله بن عبدالله، *المسالك والممالك*، نبذ من كتاب الخراج وصنعة الكتابة الابي الفرج قدامة بن جعفر الكاتب البغدادي، ليدن، 1889م، ص. 38.

[92]Frye, *CHI*, ........, p. 153.

[93]کریستنسن، *المصدر السابق*، ص. 351.

[94]Bonner, M. and Richard J., *Three Neglected Sources of Sasanian History in the Reign of Khusraw Anushirvan*, Paris, 2011, p. 83.

سەرەڕای مەشقی نوێ و بەکارهێنانی چەکی نوێ، خەسرەو تۆماری خزمەتی سەربازیی دانا، و بۆ پاراستنی سنوری ئیمپراتۆرییەتەکەی ژمارەیەک شورای بەرگریی دروستکرد، ئەم چاکسازییانەی لە سەرکەوتنەکانی سوپاکەیدا ڕەنگی دایەوە، وەکو سەرکەوتنەکانی لە ڕۆژهەڵات بە بەزاندنی هیپتاڵییەکان، هەروەها بەرەو قەڵەمڕەویی بیزەنتییەکان و ڕۆژهەڵاتی ناوەند کشا و زۆر سەرکەوتنی تری بەدەستهێنا.[95]

هەروەها یەکێکی تر لەو ڕووداوە گرنگانەی سەردەمی ئەم پاشایە، ڕێکەوتننامەی نێوان جوستنیانی بیزەنتیی و خەسرەو بوو لە ساڵی ٥٣٢ ز. کە بە ڕێکەوتننامەی هەتا هەتایی ناسراوە، دواتر ساسانییەکان قەوقاسیان تێپەڕاند و کۆنترۆڵی زۆربەی ناوچەی ئەرمینیا و ئایبیریایان کرد، لەڕووی هزریشەوە کرانەوەیەکی لەگەڵ دنیای دەرەوە بەتایبەت لەگەڵ بیزەنتی و هیند بۆ ئیمراتۆریەتەکەی دەستەبەرکرد، هەروەها زانستی پزیشکی و ئەستیرە ناسی هێنرایە ناوەوە، وە چیرۆکی وەک کەلیلەودیمنە و نامیلکەکان یاریی وەک شەترەنج لە هندستانەوە هێنران و کاری وەرگێڕانیان بۆکرا، هەروەها چەند فەیلەسوفێکی یۆنانی بۆ دادگاکانی دەوڵەتەکەی هێنا، لە سەردەمی ئەم پاشایەدا ئیمپراتۆریەتی ساسانی لە گەشاوەترین قۆناغی دەسەڵاتیدا بووە.[96]

**هورمزدی چوارەم (٥٧٩-٥٩٠ ز.)**ی کوری خەسرەوی یەکەم، ئەم پاشایە وەکو باوکی نەی ئەتوانی پارسەنگی هێزی خۆی ڕابگرێت، دژایەتی پیاوانی ئایینی ئەکرد، زۆری لێ کوشتن و کارەکانی لە دژیان وایکردبوو کە خۆشیان نەوێت و ڕقەبەرایەتی بکەن،[97] بەڵام لە پشتیوانی بۆ دێهقانە باج کۆکەرەوەکان بەردەوام بوو، یەکێک لە سەرکردەکانی سوپا بەناوی 'بەهرام چوبین'[98] بەسەرکەوتنی بەسەر گەلانی ڕۆژهەڵاتدا ناوبانگی دەرکردبوو، بەڵام پاشا بە ناپاکی تۆمەتباری کرد.[99]ئەمە بووە هۆی یاخی بوونی بەهرام چوبین، بەرەو تەیسەفون ڕۆیشت بە هاوکاری 'ویندوێهـ(بندەویە)' و 'ویستەهام(بستام)'[100] و خانەدانەکان پاشایان لابرد و خەسرەوی دووەمی کوڕیان لە شوێنی دانا.[101]

## خەسرەوی دووەم (٥٩٠-٦٢٨ ز.)، (کیسرای پەروێز)[102]

هەر پاش دەسەڵات گرتنە دەست لە ساڵی (٥٩٠-٥٩١ ز.)، لە دەستی بەهرام هەستی بە ئاسایش نەئەکرد، هەر زوو لەگەڵ بەهرام کەوتنە کێشەوە و پەنای بۆ بیزەنتییەکان برد، لەو ساڵەدا بەهرام خۆی بە پاشای ڕەوا دادەنا.[103] کە بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی ساسانییدا کەسێک لە دەرەوی بنەماڵەکەیان ببێتە پاشا و

---

[95]بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سەرکەوتنەکانی خەسرەوی یەکەم بڕوانە :
Frye, *The History*........, pp. 326-330
[96]Daryaee, *Sasanian Persia* ......, pp. 30-31.
کریستنسن، *المصدر السابق*، ص. 413-416.
[97]Daryae, T., ‘‘ The Sasanian Empire (224-651)” *Iranian History*, The Oxford Handbook, ed. Touraj Daryaee, Oxford, 2011, p. 189.
[98]بەهرام ناسراو بە چووبین، لەگەڵ وشەی دەیلەمی ژۆپین، زۆپین بەواتای زووبین (نێزەی قوڵە) بەراورد دەکرێت، خەڵکی شاری 'ڕەی' یە کوڕی 'بەهرام گوشنەسەپ'ە لە بنەماڵەی میهرانە لە رەچەڵەکی ئەشکانییەکانە. بڕوانە:
Maristo, J., *Bahrām Čūbīn in Early Arabic and Persian Historiography, Why so many stories?* Doctoral for the Faculty of Arts of the University of Helsinki , 2020, pp. 8-9

[99] المسعودي، ابی الحسن علي بن حسين بن علي، *مروج الذهب و معادن الجوهر*، المحقيق، محمد محي الدين عبد الحميد، ج، 1، ط، 5، بیروت، 1973، ص. 271-272.
[100]''ویندوێهـ(بندەویە)' Windo ' و 'ویستەهام'/ ' (بستام) 'Wistaham هەردوکیان برا بوون، و خاڵی خەسرەوی دووەم بوون. لە خانەدانانی مەزنی (ئەسپەهبودان) بوون، بڕوانە: کریستنسن، *المصدر السابق*، ص. 429.
[101]Daryaee, *Sasanian Persia* ......, p. 189.
[102]خەسرەوی پەروێز (ئەپەروێز) واتە سەرکەوتوو، یان (زاڵ) بڕوانە: کریستنسن، *المصدر السابق*، ص. 428.
[103]Sárközy, M., “Notes on the Parthian Background of Bahrām Čūbīn” *Pietas non sola Romana*, Studia memoriae Stephani Borzsák dedicate,ed. Anita Czeglédy, László Horváth, and others., Budapest, 2010, p. 503-504

بەناوی خۆیەوە سکە لێبدات.[104] پاشان 'ماوریس *Maurice*'(٥٨٢- ٦٠٢ ز.) ی ئیمپراتۆری بیزەنتی بەتەواوی هێزەکانی ئەرمینیای بۆ پشتیوانی خەسرەوی دووەم تەرخان کرد، ئەوە بوو شکستیان بە بەهرام هێنا، پاشان خەسرەویان بۆ دەسەڵات گێڕایەوە، خەسرەو لە دوای گەڕانەوەی تۆڵەی لەو کەسانە کردەوە، کە دەستیان لە کوشتنی باوکیدا هەبوو، هەرچەندە گومان ئەکرێت خۆشی دەستی تیا هەبووبێت.[105] هەروەها خەسرەو توانی دەست بگرێتەوە بەسەر هەموو سنورەکانی دەوڵەتی ساسانیدا، و لە ساڵی ٦٠٢ز، چووە ناو کێشە ناوخۆییەکانی بیزەنتییەکانەوە، کاتێک 'فۆکاس *Phocas*'(٦٠٢-٦١٠ز.) یاخیبوونی بەرپاکرد، مۆریس کوژرا، لە پاشان'ثیۆدۆسیۆس Theodosios'ی کوڕی مۆریس جێی ئەگرێتەوە، باڵام یاخیبونیان دژی بەرپاکرد، بۆیە پەنای بۆلای خەسرەو بردووە، خەسرەو ڕێزێکی زۆری لێنا و فەرمانی بە مەسیحییەکانی ناو قەڵەمڕەویی ساسانییەکان کرد، کە بیبەن بۆ کڵێسا و بە نەریتی ئایینیی خۆیان تاجی پاشای لەسەر بنێن، خەسرەو ئەمەی کردە بیانو بۆ هێرشکردنە سەر بیزەنتییەکان، بەو شێوەیە لەگەڵیان کەوتنە شەڕێکی دوور و درێژەوە، لە ماوەی جەنگەکەدا،[106] خەسرەو پشتی بە بەشێکی زۆری مەسیحییەکانی 'ئاسۆریستان' بەستبوو، هەروەها بە هاوکاری شیرینی دۆستی[107] و بنەماڵەکەیشی کە مەسیحی بوون، و توانی دەست بەسەر سوریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەند و ئەنادۆڵدا بگرێت تا دەگاتە بن شوراکانی قوستەنتینە، و فەلەستین و میسری گرت، و هەتا لیبیاش گەیشت.[108]

هەروەها لە ساڵی ٦١٤ ز. توانی دەست بەسەر ئورشەلیمدا بگرێت و خاچی پیرۆز بەرێت، ئەم ڕووداوە بۆ بیزەنتییەکان زۆر قورس بوو، بەو هۆیەوە 'هرقل *Heraclius*' یان کردە ئیمپراتۆری بیزەنتی، هرقل ویستی بەرەو باکوری ئەفریقا بڕوات، بەڵام بە هاندانی پیاوانی کڵێسا هێرشەکەی پێچەوانە کردەوە، بەشێوەیەک لە دەریای ڕەشەوە بەرەو ئەرمینیا و لەوێوە بەرەو ناو جەرگەی ئێران هاتە پێش، لەساڵی ٦٢٤ ز. دا پەرستگای 'ئادورفرۆبای *Ādur Froobay*'ی گرت، وەک تۆڵە کردنەوەیەک لە بردنی خاچی پیرۆز، کە لە لایەن خەسرەوەوە برابوو، لە 'ئورشەلیم' یەکەم جەنگی ڕاستەقینە لە نێوان جیهانی مەسیحیی و ڕۆژهەڵاتدا بەو شێوەیە ڕوویدا، تەنانەت پێش دەستپێکردنی فتوحاتی ئیسلامیش، هەروەها لە ساڵی ٦٢٧ز. شەڕێکی ترلە نیوان هرقل و خەسرەودا لە نزیک نەینەوادا ڕوویدا، کە سوپای هرقل سەرکەوتوو بوو، دەستی بەسەر بەشێکی زۆری ناوچەکانی ژێر دەستی ساسانییەکاندا گرت، هەتا ناوچەی دەشتی شارەزووریش هاتووە.[109] لەپاشاندا بەو بیانوەی کە خەسرەو نەیتوانی پارێزگاری لە پەرستگا پیرۆزەکان بکات، پیاوانی ئایینی لە ساڵی ٦٢٨ز. خەسرەویان لەسەر دەسەڵات لابرد و هەموو ناوچە داگیر کراوەکانیان بۆ بیزەنتییەکان گێڕایەوە.[110]

---

[104]Maristo, *op. cit.*, pp. 9-10

[105]Daryaee, and Rezakhani, *op. cit.*, p. 160.

[106]Shaked, S., "Administrative Function of Prists in the Sasanian Period" *Proceedings of the First Europen conference of Iranian Studes*, Held in Turin, September 7th -11th,1987, by he Scietas Iranlogica Europaea, ed. Gherardo Gnoi and Antonio Panaino, Rome, 1990, p. 271.

[107]گێڕانەوەکان سەبارەت بە شیرین جۆراوجۆرن، چیرۆکەکانی شاهنامە بە فارس لە قەڵەمی دەدەن و بە مریەم ناو دەبرێت، هەندێک لە مێژوونووسانیش بە کچی پاشای ئەرمینی ناوی دەبەن، هەندیکی تریش بەکچی قەیسەری ڕۆم ناوی دەبەن، بەهەر حاڵ چیرۆکی خۆشەویستی شیرین وخەسرەو و شیرین و فەرهادیش لەناو هونەر و ئەدەبیاتی ئێراندا زۆر بەناوبانگن. بڕوانە:
الفردوسي، ابو القاسم، *الشاهنامه*، تر. الفتح بن البنداری، قارنها بالاصل الفارسي و اكمل ترجمتها في مواضع وعلق عليها، عبدالوهاب عزام، تهران، 1970، ص. 236.

[108]Rezakhani, K., "The End of Sasanian Rule, the Center and Periphery of Ērānšahr in the Seventh Century" *Studi sulla Persia sasanide e i suoi rapporti con le civiltà attigue. Studies on Sasanian Persia and its Relations with Neighboring Civilizations*. ed. Touraj Daryaee, Mattio Compareti, Bologna, (2019), pp. 235-236.

[109]زەکی، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٢٢٩.

[110]Daryaee, *Sasanian Persia* ......, p. 33.

**’شیرووەیە‘یان ’قوباد/کەڤادی دووەم Kavad ll‘ (٦٢٩ ز.)** لە دوای شکستی خەسرەوی باوکی پیاوانی ئایینی قوبادیان کرد بە پاشا و خەسرەویان بەندکرد.[111] بەردەوام هانی قوبادیان ئەدا، بۆ کوشتنی باوکی، بە جۆرێک پێیان ئەوت نابێت دوو پاشا لەیەک کاتدا هەبن، یان بیکوژە یاخود دەسەڵاتی خۆتی ڕادەست بکەرەوە.[112] قوبادی دووەم لەساڵی ٦٢٩ز. ڕێکەوتننامەی لەگەڵ هرقل بەست، کە تیایدا هەموو ئەو زەوییانەی کە هی بیزەنتییەکان بوون بۆی گێرانەوە، هەروەها دیلەکانی ئاڵوگۆڕ پێکردن و دەسکەوت و تاڵانییەکانیشی بۆ گێرانەوە.[113] کاتێک قوباد هاتە سەر تەخت، هەموو نێرینەیەکی بنەماڵەی ساسانی کوشت، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە خەسرەوی باوکی کوڕێکی لەو بچوکتری وەک شازادەی جێنشین دەسنیشان کردبوو، هەروەها هیچ شانازی بە کردەوەکانی باوکییەوە نەدەکرد، بەڵکو هاوشێوەی خەسرەوی یەکەم سکەی لێدا.[114] قوباد پاش شەش مانگ لە فەرمانڕەوای کۆچی دوایی کرد، هەندێک پێیان وایە دەرمان خواردوو کراوە، هەندێکیش گومانی ئەوە ئەکەن بە پەتا مردبێت، لە دوای ئەو کوڕێکی کەم تەمەنی بە ناوی ئەردەشێری سێیەم کرایە پاشا، هەروەها خوانسالاری پاشا بەناوی ’ماە ئادورگوشنەسپ *Māh ādur gushnasp*‘ کرایە جێنشینی، کە دووەم کەسی دەرەوەی بنەماڵەی ساسانییەکان بوو کە فەرمانڕەوایی بکات، بەڵام ’فەڕروخان شەهروەراز‘ سەرکردەی بەناوبانگی سەردەمی خەسرەو، نەیدەویست بچێتە ژێر فەرمانی هاوشانێکی خۆی، بۆیە لەگەڵ هرقل ڕێکەوت و بەرەو تەیسەفوون بەڕێکەوت، پاشای لاوی کوشت وخۆی لە شوێنی دانیشت.[115] ئەمە بۆ سێیەم جارە لە مێژووی ساسانییەکاندا کەسێک لە دەرەوەی بنەماڵەکەیان دەسەڵات بگرێتە دەست، هەر کە دەسەڵاتی گرتە دەست، وەک وەفایەک بۆ خەسرەوی دووەم سزای هەموو ئەوانەی دا کە دەستیان لە کوشتنی خەسرەوی دووەمدا هەبوو، بەڵام زۆر بەربەرەکانی کرا و پاش چەند مانگێک کوژرا، لە ساڵی ٦٣٠ز. یەکێک لە کچەکانی خەسرەوی دووەم بەناوی ’بۆران *Bōrān*‘[116] بووە پاشا، چونکە لەگەڵ خوشکەکەیدا تەنها میراتگری تەخت و تاجی باوکی بوون، لە ماوەی دەسەڵاتیدا کاری بۆ ڕێکخستنەوەی دەسەڵات و بنیاتنانەوەی ئیمپراتۆریەتی ساسانی دەکرد، هەروەها هەوڵی کەمکردنەوەی ئەو بارە قورسەیدا، کە بە هۆی زۆری باجەوە لەسەر خەڵک بوو، سەرەڕای ئەوانەش ڕێزی لە نەریت وبیرۆکەکانی باوکی ئەگرت، و شێوازی لێدانی سکەکانی ئەوی دووبارە کردەوە، هەروەها سکەی زێڕی لێئەدا، لە ڕووی سیاسیەوە پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ بیزەنتییەکاندا هەبوو، بۆیە ئەو دەرفەتەی هەبوو دووبارە ئیمپراتۆریەتی ساسانی یەکبخاتەوە.[117]

هەروەها ئەو خاچەی کە باوکی لە ئورشەلیم هێنابووی بۆ بیزەنتییەکانی گێرایەوە، لە پاش ئەو کەسێک بەناوی پیرۆزی دووەم بۆ ماوەیەکی کورتخایەن بووە پاشا، لە دوای ئەو ’ئازەرمیدوخت‘ی خوشکی بۆران بووە پاشا، تەنها ماوەیەکی زۆرکەم فەرمانڕەوایی کرد، یەکێک لە فەرمانڕەواکان کە ناوی ’فەڕروخ هورمز‘ە گوایە شاژنی خواستووە و بانگەشەی فەرمانڕەوایی کردووە، کوڕێکی ئەو بەناوی ڕۆستەم چۆتە تەیسەفونی پایتەخت و ئازەر میدوختی لابردووە، لەو ماوەیەدا ناوی چەند پاشایەکی وەک هورمزی پێنجەم و خەسرەوی چوارەم هاتوون کە تەنها ناویان هەیە، پێ دەچێت پاشای هەرێمەکان بووبن، لە ماوەی چوار ساڵدا نزیکەی دە پاشا هاتوون و ڕۆیشتوون.[118] (بڕوانە لیستی پاشایانی ساسانی لە پاشکۆ).

---

[111]الفردوسي، ابي القاسم، *الشاهنامة ملحمة فرس الكبرى*، تر. سميرمالطي، ط، 2، بيروت، 1979، ص. 228.
[112]الطبري، *المصدرالسابق*، ص. 282.
[113]Frye, *The History*........, p. 337.
[114]Daryaee, *Sasanian Persia* ......, p. 35.
[115]كريستنسن، *المصدر السابق*، ص. 479.
[116]بەم شێوانەش ئەخویندریتەوە،( Bōrān , Pōrān,Pūrān) پێ ئەچێت بۆران ڕاستر بێت. بڕوانە:
Chaumont, M, L.,” *BŌRĀN”* https://www.iranicaonline.org/articles/boran-pers Accessed on 20-8-2022, 8:22PM.
بەڵام لەسەر سکەکانی بەم شێوەیە’*būl’n*‘ "*būran*" نووسراوە. بڕوانە: اکبرزادە، *همان*، ص، ٧١.
[117]Daryaee, *Sasanian Persia* ........, p. 36.
[118]كريستنسن، *المصدر السابق*، ص. 480.

لە پاشاندا یەکێک لە نەوەکانی خەسرەوی پەروێز، یەزدەگردی سێیەم، کوڕی شازادە ’شەهریار‘ کە لە هەرێمی ئیستەخر بە ئاوارەیی ئەژیا، گەورە پیاوان کردیانە پاشا و تاجیان لەسەرنا، و لە مەدائین پێشوازیان لێکرد.[119] تاجلەسەرنانی یەزدەگرد لە ساڵی ٦٣٢ز. لە ئیستەخر، کە ناوەندی سەرەکی هێزی ساسانییەکان بوو، ڕەنگە کارێکی ڕەمزیش بووبێت، یەزدەگرد لە ناوخۆ هەستی بە پارێزراوی نەدەکرد، لە هەمان کاتدا هاوکاتیش بوو لەگەڵ هاتنی موسڵمانەکان (فتوحاتی ئیسلامی) بەرەو قەڵەمڕەوی ساسانیی و بیزەنتی، لەساڵی ٦٣٣ ز. موسوڵمانەکان توانیان بێنە ناو خاکی میسۆپۆتامیاوە، لە دوای شەڕی (الجسر)ەوە،[120] ڕۆستەم کە بە جێنشینی ڕاستەقینەی پاشا دائەنرا، سەرکردەیەکی ئازاو بە تەگبیر بوو، هەستی بە مەترسییەکان دەکرد، بۆیە سوپایەکی گەورەی لە دەوری پایتەخت کۆکردەوە، سوپای عەرەبە موسڵمانەکانیش بە سەرکردایەتی ’سعد بن ابی وقاص‘ لە قادسیە نزیک ’حیرە‘ ڕووبەڕووی یەکبوونەوە.[121] لەم شەڕەدا ڕۆستەم سەرکردەی دیاری ساسانییەکان کوژرا،[122] لە ساڵی٦٣٧ ز. تەیسەفونی پایتەختی ساسانییەکان گیرا.[123] لە دوای ئەم شەڕەوە دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی ساسانییەکان وەک ئیمپراتوریەت لە میسۆپۆتامیا و کوردستان کۆتایی هاتووە، ئەوەی لەوە و دوا ماوەتەوە تەنها دەسەڵاتێکی لاوازی پرکێشە بووە، شکستی ساسانییەکان بەردەوام بوو، لە ساڵی (642 ز.) خوزستان و میدیاش گیران.[124]

لە پاشاندا یەزدەگردی سێیەم پەنای بۆ ئیستەخر برد، بەڵام ئیستەخریش خۆی ڕادەستی موسڵمانەکان کرد، لەم کاتەدا یەزدەگرد تەنها بەناو پاشا بوو، سوپاسالاری تەبەرستان داوای لێکرد بچێت لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام سیستان وخوراسانی بە چاکترزانی، یەزدەگرد لە ساڵی ٦٣٨ز. داوای یارمەتی لە خاقانی چین کردووە، لە پاشان لە نەیشاپور بەرەو توس ڕۆیشتووە، بەڵام میری توس پێی خۆش نەبووە بچێتە ئەوێ، بە ناچاری ڕووی کردۆتە ’مەرو‘، سنورروانی مەرو ’ماهوی‘ ئەیویست لە دەستی ڕزگاری بێت، بۆیە پەیمانێکی لەگەڵ ’نەیزەک تەرخان‘دا بەست.[125] نەیزەک کۆمەڵە سوارێکی دەنگدا بۆ گرتنی یەزدەگرد، بە ناچاری یەزدەگرد بە جلی ڕەنگاو ڕەنگەوە بەتاریکی شەو هەڵدێت، لە ماندوێتیا لای ئاشەوانێک ئەیەوێ پشوبدات.[126] گوایە سەربازەکانی ماهوی یەزدەگرد لەلای ئاشەوانەکە ئەیدۆزنەوە و ئەیکوژن، ئەیخەنە ڕووباری مەرو، لاشەکەی بە چڵەدارێکەوە بە چرپی وچاڵی ڕووباڕی مەرو ئەگیرسێتەوە، کاهینێکی نەستوری مەسیحیی تەرمەکەی ئەدۆزێتەوە لە عەبایەکیەوەی دەپێچێت و دەینێژێت، گوایە ئەمە ساڵی ٦٥١ ز. بووە، ئەمەش کۆتایی دواپاشای ئیمپراتوریەتی ساسانییەکانە.[127]

---

[119] الطبري، *المصدر السابق*، ص. 288 .

[120] Daryaee, *Sasanian Persia* ......, p. 37.

[121] كريستنسن، *المصدر السابق*، ص. 483.

[122] الدينوري، ابي حنيفة احمد بن داود، *الاخبار الطوال*، تصحيح، فلاديمر جرجاس، ط، 1، مطبعة، بريل، ليدن، 1888، ص.129.

[123] Frye, *The History*........, p. 338.

[124] Daryaee, *Sasanian Persia* ......, p. 37.

[125] نەیزەک تەرخان، (سەرکردەی پێنج هەزارکەس) یەکێک لە فەرماندارانی (بەبغووی تۆخارستان) بوو، بڕوانە: كريستنسن، *المصدر السابق*، ص. 488.

[126] الدينوري، *المصدر السابق*، ص. 148؛ كريستنسن، *المصدر السابق*، ص. 487-488.

[127] Daryaee, T.,"Yazdagerd lll 's last year: Coinage and History of Sīstān at the End of Late Antiquity" *Iranistik, Deutschsprachige Zeitschrift für Iranistiche Studien,* Festchrift für Erich Ketten hofen. 5. Jahrgang, Heft 1 & 2, 2006-2007, p. 21.

## تەوەرەی سێیەم

## جوگرافیای کارگێڕیی دەوڵەتی ساسانی

### یەکەم: پێگە و پۆستە کارگێڕییەکان

هەر لەو کاتەوە ئەردەشێر جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، ووڵاتی ئێران بۆ یەکەم جار بووە خاوەنی هەستێکی نەتەوەیی بەهێز، سیستەمی چەقگەراییان پەیڕەوکرد، زۆربەی شێوازی ڕێکخستنەکانی دەوڵەتی ساسانی و شێوازی فەرمانڕەوایی بۆ ئەردەشێری دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی دەگەڕێتەوە.[128] هەرچەندە هەندێک گۆڕانکاری لە سەردەمی پاشاکانی دواتردا کراوە، بەڵام ئەردەشێر بە بنیادنەری پایەو ڕیزبەندییەکانی دەسەڵات و دەوڵەتداریی ئیمپراتۆرییەتی ساسانی دادەندرێت، لە گرنگترینی ئەو گۆڕانکاری و ڕێکخستنانە، بەکارهێنانی نازناوی 'شاهانشا' واتە "پاشای پاشاکان" ئەم نازناوە لە سەردەمی ئەخمینییەکانیشدا بەکارهێنرابوو،[129] بەکارهێنانەوەی ئەم نازناوە بووە هۆی هێمای یەکێتی سیاسی دەوڵەت، هەروەها ئەردەشێر هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی پاشایی بۆ خۆی و پاشاکانی دوای خۆشی دیاریکرد.[130]

تەنانەت ئەم هەستە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هەستی مەعنەوی خەڵکیشدا ڕەنگی دایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دوو هۆکاری سەرەکی بوونە هۆی دروستبوونی پایەی بەهێزی دەوڵەتی ساسانی ئەوانیش، یەکەمیان سیستەمی چەقگەرایی و دووەمیان دانانی ئایینی فەرمیی وڵات بوو.[131] سیستەمی چەقگەراییەکە لەوەدا خۆی بینیوەتەوە کە پاشا (شاهانشا)ی ساسانی لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتی دەوڵەتدا بووە، ئایینی فەرمیش لە سەردەمی زۆربەی پاشاکاندا ئایینی مەزداپەرستی 'مەزدەیەسنی *māzdaiiasni*'[132] بووە، پیاوانی ئایینی ڕۆڵی کاریگەریان بینیوە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا،[133] یەکێک لە گرنگییەکانی شاهانشا ئەوە بووە دەسەڵاتێکی بەهێزی بەسەر دامودەزگا کارگێڕییەکانی دەوڵەتدا هەبووە، بەهۆی ئەو ڕایەڵە بەهێزەی لە نێوان شاهانشا و میر و پاشایانی ناوچەکانی ژێردەستیدا هەبووە، بەشێوەیەک لە کاتی هەر فەرمان و ئەرکێکی شاهانەدا بەشێوەی ناوەندی بەسەر سەرجەم ناوچەکان و یەکە کارگێڕییەکانی دەوڵەتدا جێبەجێدەکرا.[134]

---

[128]مشکور، *مصدر قبلی*، ص. ١٧-١٨.

[129]الكعبي، نصير عبدالحسين، *الدولة الساسانية*، دارو مؤسسة رسلان، سوريا- دمشق، 2008، ص. 72-73.
Potts, D. T., "Foundation Houses, Fire Altars and the Frataraka, Interpreting the Iconography of some post Achamened Persian Coins" *Iranica Antiqua, vol. XLII,* 2007, pp. 273, 276

[130]الكعبي، *الدولة الساسانية...*، ص. 72-73؛ المسعودي، *المصدر السابق*، ص. 244-246.

[131]كريستنسن، *المصدر السابق*، ص. ٨٤.

[132]بۆ زانیاری زیاتردەربارەی ئایینی زەردەشتی و مەزدا پەرستی (مەزدەیەسنی)بڕوانە:
Hintze, A., "Zarathustra's Time and Homeland Linguistic Perspectives" *The Wiley Blackwell Companion to Zoroastrianism, ed.* Michael Stausberg, Yuhan Sohrab-Dinshaw Vevaina, with the assistance of Anna Tessmann, Oxford/ London, 2015, p. 32-33.

[133] Daryaee, *Sasanian Persia* ......, p. 14.

[134]الكعبي، نصير، *جدلية الدولة والدين......*، ص. 130.

سەبارەت بە ناوی یەکە و پۆستە کارگێڕییەکان و ناوی کاربەدەستانی ساسانی بەتەوای ڕوون نین، ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەو بابەتە لەگەڵ یەکتر ناکۆکن، لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان بە هۆی چاکسازییەکان کە قوباد و خەسرەوی یەکەم کردوویانە، کە بوونەتە هۆی گۆڕانکاری لەگەڵ شێوازی سەرەتاکانی ساسانی، دووەمیان بەهۆی سەرچاوەکانەوەیە کە ئەو زانیاریانەیان لێوە وەردەگیرێ، بۆ نمونە زۆربەی زانیارییەکان لە سەرچاوە ئیسلامییەکانەوە وەرگیراون، بەتایبەت ئەوانەی سەردەمی عەباسی، لەم بابەتەدا ئەبێت ئاگاداری ئەوە بین، کە ئەو دابەشکارییە کارگێڕییە لە کۆتایی ساسانییەکان نزیکترە، سەبارەت بە سەرچاوەکانی فارسیی ناوەڕاست لەم بوارەدا یەکێک لە دەقە گرنگەکان، کە بە "'شەهرستانهای-ئێران شەهر *Shahrestānhā-ī Ērānshahr*' ناسراوە، کە هی سەردەمی خەلیفە ئەلمەنصور (٧٥٤-٧٧٥ ز.)ن، ڕەنگە نوسەرەکەی پشتی بە سەرچاوە ساسانییە ڕەسەنەکان بەستبێت، هەروەها زۆرێک لە زانیاریە کارگێڕییەکان لە کتێبی'مادیان ی-هەزاردادیستان *'Madīyān ī Hazār Dādestān*' هاتوون، کە سەردەمی خەسرەوی دووەم نوسراوە.[135] هەروەها لە سەرچاوە ساسانییەکانی تری وەک نووسینەکان و مۆرەکان، جێ مۆرەکان و سکەکان زانیاری زۆر بەردەست خراوە، هەرچەندە ئەم بابەتە کۆتایی پێ نەهاتووە، و بەردەوامە لەگەڵ دۆزینەوە و لێکۆڵینەوەی نوێ لەو بابەتانەدا.[136] هەروەها کۆمەڵێک زانیاری لەسەر پلە و چینە کۆمەڵایەتییەکانی ساسانی لەسەر بەردەنووسی 'حاجی ئاباد' نووسراوە، کە تیایدا شاپوری یەکەم باسی تیرهاوێژەکان لە چینەکانی شەهرەداران، واسپورهان، و وزورگان و ئازادان دەکات.[137] ڕیزبەندییە چینایەتییەکان چەق بەستوونەبوون، بەڵکو هەندێک جار گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە.[138] هەروەها ئەبێت ئەوەش لە بەرچاو بگرین، کە دابەشبوونی چینەکانی کۆمەڵگا ڕەگ و ڕیشەی لە ئەشکانیەکانەوە بۆ ساسانییەکان ماوەتەوە.[139] بەپێی نامەکەی تەنسەر، ئەردەشێر پێکهاتەی کۆمەڵگای بەسەر چوار چینی سەرەکیدا دابەشکردووە، کە ئەوانیش:

١- پیاوانی ئایینی 'ئاسرۆنیهـ *āsrōnīh*'، ئەمانیش بەسەر چەند دەستەیەکی وەک موغەکان، دادوەران، پارێزەرانی پەرستگا و مامۆستایاندا دابەش دەبوون، هەروەها چینی زاهیدانیش سەر بەم چینە بوون.

٢- لەشکریان یان پیاوانی سوپا 'ئەرتەشتاریهـ *artēštārīh*' بەسەر(سوارە و پیادە)دا دابەش دەبوون.

٣- نووسەران 'دبیر*Dibīr*' ئەمانیش بەسەر چەند گروپێکدا دابەش دەبوون، کە نووسەرانی ژمێریاری، نووسەرانی حوکمی دادگاکان، پەیوەندییە فەرمییەکان، تۆمارکەری بڕیار و پەیماننامەکان، مێژوونووسان، ئەستێرەناسان و شاعیرانی دەگرتەوە.[140]

---

[135]Daryaee, *Sasanian Persia* ......, p. 123.
[136]Daryaee, *Ibid,* p. 123.
[137]اکبرزادە، *مصدر قبلی*، ص، ٢٥-٢٧.
[138]Boycy, M., *The Letter of Tansar,* Roma, 1968, p. 38.
[139]کریستنسن، *المصدر السابق*، ص. 90.
[140]بۆئەم خاڵانە ڕوانە: کریستنسن، نفس *المصدر* ، ص. 90.
Boycy, *op. cit.*, p. 38

٤-پیشەوەران یان سەنعاتکاران ’هوتوخشیهک *hutuxšīhk*‘ ئەمانیش لە پزیشکان، چینی گشتی خەڵک، و خاوەن پیشەکانی وەک بازرگانان، جوتیاران، سەوداکەران و کرێکاران پێکهاتبوون.[141] هەروەها هەر یەک لەو چینانە سەرۆکێک یان سەردەستەیەکیان هەبووە، ئەم ڕیزبەندییانە ئاڵوگۆڕیان تیادا نەئەکرا، تەنها ئەگەر توانایەکی شایستەو دەگمەن بدۆزرایەتەوە، ئەوسا دۆسیەیەکی تایبەتی بۆ ئەکرایەوە و ئەخرایە بەردەمی پاشا بۆ بڕیاردان.[142] ناوی ئەو پۆست و بەڕێوەبەرێتییە کارگێڕییانەی لە سەرچاوەکانی فارسی ناوەڕاستدا ئاماژەیان پێکراوە، ژمارەیەکیان بناغەیان بۆ سەردەمی ئەخمینیەکان دەگەڕێتەوە، و لە سەردەمی ئەشکانییەکانەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان پەڕیونەتەوە، بەڵام لە سەردەمی ساسانیدا بەردەوامییان پێدراوە، بۆ نمونە پۆستی شەهراب بە درێژایی سەردەمی ساسانی بەردەوام بووە، هەروەها ’ئەندەرزبێد/هەندەرزبەد *Handarzbed/Andarzbad*‘. بەڵام پۆستی ’ویسمەگان *Wismagān*‘ بەڵگەکان وا پیشاندەدەن تەنها تا سەدەی چوارەمی زاینی بەردەوام بووبێت، و ’ئامارگەر *āmārgar*‘ و ’مەرزەبان *marzabān*‘ بە درێژای سەردەمی ساسانی بەردەوام بوون، هەرچەندە هەندێک لە بەڵگەکان تەنها سەردەمەکانی کۆتایی ئەسەلمێنن، بەڵام ئێران سپاهبێد بەشێوەی دابەشکاری بەسەر چوار قۆڵدا تا سەدەی شەشەمی زاینی دەرنەکەوتووە.[143]

خەسرەوی یەکەم (ئەنەوشیروان) پلەی ’ئێران-سپاهبێد‘ی لابرد و چوار سپاهبێدی بۆ هەر چوار لای دەوڵەت دانا، سپاهبێدی ڕۆژهەڵات کوستی ’خوراسان *Kustī Xwarāsān*‘ هێزەکانی خوراسان، ساکستان و کیرمانی لە ژێردەست بوو، هەرچەندە کیرمان لە کوستی نیمرۆزیشدا تۆمارکرابوو، سپاهبێدی باشور’کوستی نیمرۆز *Kustī Nēmrōz*‘ بۆ هێزەکانی پارس و خوزستان، سپاهبێدی ڕۆژئاوا ’کوستی خواراران Kustī Xwarārān‘ هێزەکانی ئاسۆریستان ومیسۆپۆتامیا تا سەر سنوری لەبەردەستدا بوو، سپاهبێدی باکور’کوستی ئادوربادەگان *Kustī Ādurbādagān*‘ بۆ هێزەکانی مادی گەورە و ئازەربایجان (ئادورپادەگان) [144]

**دووەم: چەند پۆستێکی گرنگی کارگێڕیی دەوڵەتی ساسانی**

١-شاهەنشا: پاشای هەموو وڵات و دەسەڵاتی ناوەندیی هەموو ئیمپراتۆریەتیەکەی لە دەستدابووە. فەرمانی لە ڕێگەی فەرمانڕوایانی ناوچەییەوە بەسەر گشت هەرێمەکاندا داوە.

٢-پاشا ناوچەییەکان: ڕاستەوخۆ دەسەڵاتیان بە شاهنشاوە بەسترابوو، لە ڕووی دەسەڵاتەوە ڕایەڵەی پەیوەندیی نێوان ناوەند و ناوچەکانی خۆیان بوون.[145]

٣- ئەندەرزبەد/ هەندەرزبێد *handarzbēd/Andarzbad* : (ڕاوێژکار) ئەم پۆستە ڕاستەوخۆ دوای پاشای هەرێم دێت، کاری سەرەکی پێشکەشکردنی ڕاوێژ بۆ پاشا بووە، بۆیە ئەم پۆستە شارەزایی و لێهاتوویی زۆری

---

[141] مینوی، مجتبی، *نامۀ تنسر به گشنسپ*، گردآورنده تعلیقات، مجتبی مینوی ـ محمد اسماعیل رضوانی، انتشارات خوارزمی، تهران، ١٣٥٤ هـ.ش/١٩٧٦م، ص. ٥٧.

Ilkka, S. Maksymiuk, K., *op. cit.*, p. 53.

[142] Boycy, *op. cit.*, p. 38.

[143] Gyselen, R., *La géographie administrative de l'empire Sassanide,* Paris, 2019, p. 252.

[144] Tafazzoli, A., *Sasanian Society*: Warriors, Scribes, Dehqāns, New York, 2000, pp. 8-9.

Miri, N., "Sasanian Administration and Sealing Practices" *The Oxford Handbook of Ancient Iran, Archaeology, Historical Archaeology,* ed. Daniel T. Potts, Oxford, 2013, p. 911.

[145] الكعبي، نصير، *جدلية الدولة والدين*......، ص. 133.

لەبواری بەڕێوە بردنی دەوڵەتدا پێویست بووە، و ئەم پێگەیە لە نێوان هەرێمەکاندا هاوبەش بووە، پێگەیەکی سەرەکی بۆ سەرۆکی ڕاوێژکاران لە دەرباری پاشادا لە تەنیشتی پاشاوە داندرابوو.[146]

٤-شەهراب *šahrab*: لە سەرچاوە یۆنانیەکان بە ’ساتراب‘ ناوی ئەبەن، ئەم پۆستە کارگێڕییە بۆ سەردەمی ئەخمینیەکان دەگەڕێتەوە، بە واتای فەرمانڕەوا یان پارێزگار هاتووە، ئەرکیان بەڕێوەبردنی ناوچە سەرەکیەکانی دەوڵەت بووە.[147]

٥- موبێد *Mowbēd*- موغەکان تیرە و توێژێکی نەتەوەی ماد بوون، کە پلەی ڕێبەرایەتیی ئایینی بە ئەوان تایبەتکرابوو، نزمترینیان موغان بوون، پاش ئەوان موبەدان و هێربەدان و موبەدی موبەدان، هەروەها لە ناویاندا چینێک هەبوون پێیان وتوون مامۆستایان، کە بەم چینەیان وتووە ’موغانی ئەندەرزبێد‘ هەر یەک لەمانە لەو کاتەوەی ئاینی زەردەشتی باڵی بەسەر ڕۆژئاوا و باشوری ئێران، بەتایبەت هەرێمی فارس و ماددا کێشابوو، خاوەن کار و ئەرکی تایبەت بوون، لە کتێبی ئاڤێستادا پێیان ووتون ’ئەسرۆنی *āsrōnīh/Athravan*/‘[148] بەڵام لە سەردەمی ئەشکانی وساسانیدا زیاتر موغ یان موغاننیان پێ ووتون.[149] سەرۆکی قەشەکان، ئەم نازناوە لە سەدەی سێیەمی زاییینییەوە دەرکەوتووە، بەتایبەت لە سەردەمی هورمزی یەکەمەوە، کاتێک ’کەردێر‘ سەرۆکی پیاوانی ئایینی زەردەشتی پێی ووتراوە: ’موبێدی هورمزد *Ohrmazd mowbed*‘، بەڵام دواتر لە سەردەمی بەهرامی یەکەمدا ناونیشانی بە « *Kerdir ī boxt-ruwan-wahrām ī ohrmazd mowbed*» گۆڕاوە، واتە” کەردێری موبێدی پارێزەری ڕاستی بەهرام و هورمزد"، لە سەردەمەکانی دواتریشدا دەسەڵاتی زیادی کردووە و کۆمەڵێ پۆستی تر کەوتوونەتە ژێر فەرمانی (موبێد) ەوە، لەوانەش ’هەمشەهر موبێد -ئود- دادوەر *ʽhamshahr mowbed ud dādwar* واتە ”سەرۆکی موبێد و دادوەری هەموو ئیمپراتۆریەت" وە ’ئیوان بێد *éwānbed*ʽ "سەرۆکی دیوان" کە بەرپرسی بۆنەکان بووە، لە سەدەی چوارەمدا نووسینگەی موبێد گرنگ بووە، و لە لیستی فەرمانگەکانی خواروی ’هەزاربێد *ʽhazārbed* و لە سەرووی ’شەهر-ئەمار- دەبیر *Shahr-āmār dibīr*‘ بە واتای "نووسەری ئاماری دەوڵەت" دانراوە.[150]

٦- ’دیبیر *Dibīr*‘ "نووسەر" ئەم پێگەیە بە یەکێک لە پۆستە گرنگەکانی بەڕێوەبەرییەتی دەوڵەت داندراوە، بەپێی ریزبەندیی ’تەنسەر‘ کەوتوونەتە چینی سێیەمەوە،[151] بەڵام لە سەردەمەکانی دواتردا زۆرجار لە ڕیزبەندیی چوارەمدا هاتوون، ئەوەی جێی سەرنجە ئەم پۆستە لە ناوەندەوە دابەزیوە، کاریگەریی بەهێزی لەسەر گرێدانی هەرێمەکان بە ناوەندەوە هەبووە، لە سەردەمی ئەردەشێرەوە بە ناوی ’دبیربود‘ەوە بەکارهاتووە.[152] هەروەها ئیشوکار و پلەی دبیرانیش جیاواز بووە، بۆنمونە، ’داد دیبیر *ʽdad-dibīr* نووسەری دادگا تایبەت بووە بە کاری دادگاکان، وە ’شەهر-ئامار-دیبیر*šāhr-āmār-dibīr*ʽ نووسەری ئاماری دەوڵەت بووە، ’ئاتەش(ئان)-ئامار-دیبیر ʽ*ataš(an) (h)- āmār- dibīr*ʽ کە تایبەت بووە بە ئاماری پەرستگاکان، و چەند جۆری تر.[153]

---

[146]*نفس المصدر*، ص. 133-134.

[147]*نفس المصدر*، ص. 133-134.

[148]Ilkka, S. and Maksymiuk, K., *op. cit.*, p. 53

[149]-کریستنسن، *المصدر السابق*، ص. 85.

[150] Daryaee, *Sasanian Persia* ......, p.128

[151]مینوی، *همان*، ص. ٥٧.

Tafazzoli, *op. cit.*, p. 19.

[152]الكعبي، نصير، *جدلية الدولة والدين*.......، ص. 135-136.

[153]Tafazzoli., *op. cit.*, p. 27-29.

هەروەها ئەم پیشەیە لەڕووی پاشخانی کەسییەوە شارەزاییەکی زۆری پێویست بووە، بەتایبەت نووسەرانی دەرباری پاشا پێویست بووە لە ڕووی هەڵسوکەوت و توانای دەربڕین و زمان پاراوییەوە لێهاتووبن، وە ئاکاری سیاسیش شارەزابن، چونکە ئەمان لە ڕێگەی نامە فەرمیی و نووسینەکانیانەوە لەگەڵ ڕووداوە سیاسیەکانیش مامەڵەیان دەکرد، ئەو نووسەرانەی کە دوو زمان یان زیاتریان زانیوە وەک وەرگێڕیش کاریان کردووە، بە تایبەت نووسەرانی دەرباری پاشا، هەروەها دبیرەکان هەر لە منداڵییەوە لە 'دبیرستان *dibīristān*' ڕاهێنانیان پێدەکرا و لەسەر ئاکاری نووسەری ڕادەهێندران، ژمێریارەکانیش کە سەر بەم چینە بوون ئەرکی گرینگیان پێدەسپێردرا، وەکو سەرپەرشتیکردنی داهاتی گەنجینەکان کە پێیان دەوترا 'گەنج ئامار دبیر *ganj-(h) āmār-dibīr*' هەروەها سەرپەرشتی سەرژمێریکردنی کۆکردنەوەی باج و دەرامەتی دەوڵەتیشیان دەکرد.[154]

**سێیەم: جوگرافیای کارگێڕی**

دابەشکارییە کارگێڕییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر کراون، بەتایبەت ساڵانی پێش١٩٨٩ توێژەرانی ئەوسا کەمتر پشتیان بە مۆر و جێ مۆرەکان بەستبوو، بەڵام لە دوای دەرکەوتنی بەڵگەی سەر مۆرەکان، ڕیزبەندییە کارگێڕییەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، زۆرترین ئەو مۆرانەی پشتیان پێدەبەسترێت بۆ دوای ماوەی فەرمانڕەوایی قوبادی یەکەم دەگەڕێنەوە، مۆرەکانی سەرەتای ساسانی بە تایبەت سەدەی سێیەم و چوارەم بە مۆری پێش مۆرە کارگێڕییەکان داندراون.[155] بەپێی زانیارییەکانی پاشماوەی بەڵگە کارگێڕیی و داراییەکانی وەک مۆرەکان و نووسینەکان شێوازی بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ژێردەستی ساسانییەکان بەسەر چەند یەکەیەکی کارگێڕییدا دابەشکرابوون، یەکێک لەوانە 'شەهرستان*Šahrestan*'ی پێدەوترا.[156] لە شێوازی بەڕێوەبردندا شارە سەرەکییە ساسانیەکان لەلایەن 'شەهراب'ەو بەڕێوە دەبران، کە ئەم شەهرابانە لەلایەن پاشاوە دادەندران.[157] لەوان بچوکتر لە نووسینەکانی فارسی ناوەڕاستدا بە 'شتری *štry*' نووسراون بەواتای شار لەلایە 'شەهردار *Šahrdar*'انەوە بەڕێوەدەبران، هەروەها سکەکانیش شان بەشانی مۆرەکان ڕۆڵی بەرچاویان لە شارەزابوون لە شێوازی یەکە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی ساسانیدا هەیە، چونکە زۆرجار ناوی یەکە کارگێڕییەکان لەسەر سکەکان دەبیندرێن، کە شوێنی لێدانی سکەکانە.[158] هەروەها 'ئامارگەر *āmārgar*' سەرپەرشتیاری دارایی قەزایەک یان چەند قەزایەکی دەکرد، (بڕوانە خشتەی ٢).

هەرچەندە ئەم دابەشکاریانە بەتەواوی ڕوون نەبوونەتەوە، و ڕای جیاوازیان لەسەرە، هەندێکیش بەم شێوەیە دابەشی دەکەن، دەسەلاتی کارگێڕی دەوڵەت بەسەر چوارلادا دابەشکراون کە پێیان وتراوە 'کوست *kust*' وشەی کوست دەتواندرێت بە واتای لا یان ئاراستە یان بەش لێکبدرێتەوە، لەلایەن سپاهبێدێکەوە بەڕێوەبراون، ئەم لایانە دابەشدەبوون بەسەر پارێزگا یان شاردا، هەر پارێزگایەک لە ژێر فەرمانی 'شەهراب *šahrab*' ێکدا بوو، وشەی 'شەهر *šahr*' بۆ شاری گەورە بەکار دەهات، زاراوەی '*šahrestān*' بۆ ئاماژەکردن بە ناوەند یان پایتەختی پارێزگایەک بەکارهاتووە، هەروەها وشەی'خورەهـ/خوەڕەهـ *Xwarrah*'زاراوەیەک بوو، کە بەکارهاتووە بۆ ئەو ناوچانەی دەوری شارێکیانداوە، هەروەها یەکەکانی 'تاسوک/تاسوگ *tasūg / tasūk*' ڕەنگە چەند قەزایەک بووبێت، قەزاکان بەسەر چەند 'ڕۆستەگ *rōstāg*'ێکدا دابەشکرابوون، بەڵام تاسوگێک لەوانەیە ناوچەیەک بووبێت کە نزیکەی یەک چارەک (لایەک)بووبێت، ئاماژە بەوەکراوە کە

[154] Tafazzoli., *op. cit.*, p. 27-29.
[155]Gyselen, *La géographie administrative de* ..........., p. 4.
[156]Daryaee, *Sasanian Persia* ......, p.125.
[157]Litvinsky, B. A, Guang-da, Z, and Samghabadi, Sh., *History of Civilizations of Central Asia, v. 3: The Crossroads of Civilizations, A. D. 250 to 750,* Paris, 1996, p. 40.
[158]Gyselen, *La géographie administrative de* .........., p. 2-4.

زاراوەی ڕۆستەگ زیاتر لە ئێران و تاسوگ لە عێراق (میسۆپۆتامیا)دا بەکارهاتووە.[159] هەرچەندە 'ابن خرداذبە' لە باسی ڕۆستەگدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەر ڕۆستەگێک ٣٦٥ دێی لەخۆ گرتووە.[160] بچوکترین یەکەی کارگێڕیش بریتیبووە لە 'دێهـ *deh*' [161] کە لە لایەن 'دێهقان *dehgān*'کانەوە بەڕێوە ئەبران.[162]

دێهقانەکان، ئەو قوڵە ئاغایانە بوون، کە سەرپەرشتی زەوییە کشتوکاڵییەکانیان دەکرد، بەڵگەکان وای دەردەخەن، کە لە سەرەتای ساسانییەکاندا نەبوون، بەڵکو لە دوای چاکسازییەکانی خەسرەوی یەکەمەوە دامەزراون، بۆ هەر دێیەک دێهقانێک داندرابوو، زۆر جار خەڵکی دێکانیان دەچەوساندەوە و لە خزمەتی خۆیاندا بەکاریان دەهێنان، بە پێی پێگەی خۆیان بەسەر پێنج چیندا دابەشکرابوون، کە بە شێوەی جل و بەرگیان لەیەکترجیاکرابوونەوە، ئەرکی سەرەکییان کۆکردنەوەی باج بوو، بەڵام لە کۆتایی سەردەمی ساسانیدا بەجۆرێک دەسەڵاتیان زیادی کردبوو، وەکو میرێکی ناوخۆیی ڕەفتاریان دەکرد.[163]

بە تێڕوانینی ئێمە ئەم دابەشکاریانە، لە هەموو هەرێمەکانی دەوڵەتی ساسانییدا وەک یەک نەبوون، زۆربەی هەرێم و ناوچە کارگێڕییەکان، شێوازی تایبەت بە خۆیانیان هەبووە، لە سەردەمی هەندێک لە پاشاکانیشدا پۆستی نوێ دانراوە، هەندێک جارئاڵوگۆڕ بە ئاستی پۆستە کارگێڕییەکانیش کراوە، بەشێوەیەکی گشتی و بە نزیکەیی دەتوانین بڵێین هەندێک کات بەم شێوەیە دابەشکراون:

**خشتەی(٢) دابەش بوونی یەکە کارگێڕییەکان بە نزیکی**

| یەکەی کارگێڕی | بەراورد بە ئێستا بە نزیکی | بەڕێوەبردن |
|---|---|---|
| کوست Kust | ناوچە(لا) | سپاهبێد-Spāhbed |
| شارستان،*Šahrestan* | هەرێم | شەهراب *šahrab* "پارێزگار" |
| شتری *štry* | شار | شەهرەدار- *Šahrdar* |
| ئۆستان-*ōstān* | مەڵبەند | ئۆستاندار-*ōstāndār* |
| تاسوگ *tasug* | چەند قەزایەک | ئامارگەر-*āmārgar* |
| ڕۆستەگ *rustag* | ناحیە (بنکەی کۆمەڵە دێیەک) | ئامارگەر-*āmārgar* |
| دێهـ- *deh* | گوند | دێهقان *dehgān* |

[159]Miri, Negin, *op. cit.*, p. 913.

[160]ابن خرداذبە، *المصدر السابق*، ص. 20.

[161]'دێهـ *deh*' – هەمان ناوی (گوند، لادێ، دێ) یە وشەیەکی میدییە، کە تا ئێستاش لە زمانی کوردیا بەکاردێ.

[162]Daryaee, *Sasanian Persia* ......, pp. 124-126.

[163]Tafazzoli, ., *op. cit.*, pp. 41-45.

# بەشی دووەم

# کورتەیەک لەسەر مێژووی مۆر و

# تایبەتمەندی و پێکهاتەی مۆرە ساسانییەکان

## تەوەرەی یەکەم

## ١-کورتەیەک لەسەر مۆر و جۆرەکانی، سەرهەڵدان و بەکارهێنانەکانی

مرۆڤ لە دێر زەمانەوە ئاشنایەتیی لەگەڵ بەکارهێنانی هێما و نیشانەکان هەبووە، بۆ ئەوەی بیانکاتە بەڵگەیەک بۆ پیشاندان و ناسینەوەی شوێن دەستی خۆی لە شوێنەکە، یان بۆ ئەوەی پیشانی بدات کە ئەو لە کاتێکدا لەو شوێنە بووە، هەروەها بۆ ئەوەی وەک نیشانەی خاوەندارییەتی و سەلماندنی بوونی خۆی، هەر لە جێهێشتنی شوێن دەستی خۆی لەسەر ڕووی ئەشکەوتەکان تاکو نووسینی هێماو ناوی خۆی لەسەر دار و قەدپاڵی چیا و هەڕەمە مێژووییەکان، تاکو گەیشتووەتە ئەوەی بتوانێت نامە فەرمیی و کەرەستە کەسییەکان مۆر بکات، و کەسەکان مۆری تایبەت بە کار و پێگەی تایبەتی خۆیانیان هەبێت.[164]

مۆر ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیان و ئابوریی کۆمەڵگەکاندا گێڕاوە، بە گشتی هۆکاری داهێنان و بەکارهێنانی مۆر پێویستیی ئابوری بووە، و بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە لە سەردەمی چاخی بەردینی نوێدا، کۆمەڵگەکان تاڕادەیەک بەرەو جێگیربوون چوون، دوای ئەوەی مرۆڤ بە قۆناغی ماڵیکردنی ئاژەڵ و بەرهەم هێنانی کشتووکاڵ گەیشتووە، لەم قۆناغەدا مرۆڤ بەرهەمەکانی خۆی لە پێویستیی خۆی زیاتر بووە، بە هەمان شێوەش پێویستی بە جۆری جیاوازی بەرهەمی کەسانی تریش هەبووە، بۆ ئەم مەبەستە فێری ئاڵوگۆڕ پێکردنی شمەک بە شمەک بووە، بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی خۆی پڕبکاتەوە، کە ئەمەش بە سەرەتای سەرهەڵدانی بازرگانیی و بنەمای دروستبوونی ئابووری دادەندرێت، لەگەڵ ئەم گەشەکردنەدا پیویستی بە سەلماندنی خاوەندارییەتی کەلوپەلەکانی هەبووە، بۆ ئەوەی لە ناو کۆمەڵگاو لە دەوروبەری شمەکەکانی بناسرێنەوە، بۆ ئەم مەبەستە مۆریان داهێنا، لە پاشان کلتورە کۆمەڵایەتییەکان و یاساکان وەک بەڵگەی سەلماندنی ناسنامەی خاوەندارییەتی کەلوپەلەکان دانیان پێدانا، بە سەرەتای ناسنامەی خاوەندارییەتی لە مێژووی مرۆڤایەتییدا دادەندرێت.[165]

**مۆر**: بریتییە لە پارچەیەک لە ماددەیەک (بەرد بە جۆرە جیاوازەکانییەوە، گڵین، ئێسک، کانزا، تەختە، فریت[166]، عاج،)ی ئامادەکراوە، و نەخشی جۆربەجۆری لەسەر هەڵکۆڵراوە.[167]نەخشەکان تایبەت بوون بە خاوەن مۆرەکە، وەکو پیشەی خاوەن مۆرەکە یان لایەنی پەیوەست بە بیر و باوەڕی ئایینیی خاوەن مۆرەکە، یاخود دیمەنی دڵخواز و هەڵبژێردراو و کاریگەر لەسەر خاوەنەکەی، بە زمانی سۆمەری بە مۆر وتراوە 'کیشب *Kišib*' بە ئەکەدی پیی وتراوە 'کونوکو *Kunukku*'،[168] و بە دروستکەری مۆر بە سۆمەری 'بور-گول *Bur-Gul*'، بەزمانی ئەکەدی 'پا-ئورکولو *pa-urkulu*'ی پێ وتراوە،[169] لە زمانی فارسی کۆن *(Old Persian)*دا بە زمانی میدی ئەوانەی کاری بڕین و هەڵکۆڵینی سەر بەردیان کردووە، وەک هەر پیشەوەرێکی

---

[164]Collon, D., *First Impressions Cylinder Seals in the Ancient Near East*, London, (f. P. 1987), 2005, p. 5.

[165]الحاج یونس، ریا محسن، *فجر الحضارة السومرية في ضوء اختام عصري الوركاء و جمدة نصر*، نینوی، دار نون للطباعة والنشر، 2018، ص. 81.

[166]فریت، بریتییە لە گیراوەی لمی هاڕدراو، کە هەویری شوشەی لێ دروستدەکرێت، بەڵام بە ڕادەی کەمتر لە دروستکردنی شوشە، لە فڕندا دەهێڵدرێتەوە، بەر لەوەی بگاتە قۆناغی دروستکردنی شوشە دەرهێنراوە و بۆ دروستکردنی مۆر بەکاریان هێناوە.بڕوانە: الحاج یونس، ریا، *فجر الحضارة السومري......*، ص.96.

[167]الحاج یونس، ریا محسن، *الكتابة على اختام اسطوانية غير منشورة في المتحف العراقي*، رسالة ماجستير، مقدمة الي جامعة بغداد، قسم الاثار، 1987، ص. 11.

[168]مارف، دلشاد عزیز، *أختام اسطوانية غير منشورة في المتحف السليمانية*، دراسة تحليلية، رسالة ماجستيرغير منشور، مقدمة الي جامعة صلاح الدين، اربيل، كلية الاداب، قسم الاثارالقديمة، 2006، ص. 6.

[169]الحاج یونس، ریا، *الكتابة على اختام اسطوانية......*، ص. 21.

تری سەر بەرد پێیان ووتوون 'ئاکوناڤەنتە *ākunavanta*' [170] ڕەنگە ئەوانەی کاریان لەسەر مۆریش کردبێت هەمان ناویان هەبووبێت، ئەم کەسانە، کەسانی بەهرەمەند و بە توانا بوون هەم پیشەوەر بوون هەمیش هونەرمەند (نحات)یش بوون، شارەزایی وردیان لە بەکارهێنانی ئامێرەکان و چۆنییەتی هەڵکۆڵینی بابەتە هونەرییەکان هەبووە، هەروەها سەبارەت بەو ئامێرانەی بەکارهاتوون، بە پێی سەردەمەکان جیاوازبوون، لە سەردەمەکانی سەرەتادا، بەردی نوک تیژ و بڕەری بەردین و بەردە ڕەقە کریستاڵییەکان بەکارهاتوون، کە توانای بڕین و پێ هەڵکۆڵینیان لەسەر بەرد هەبووە، بەڵام لە دوای دۆزینەوەی کانزا جۆربەجۆرەکان ئامێری کانزایی نوک تیژ و تۆکمە و وردیان بۆ مۆر هەڵکەندن بەکارهیناوە.[171]

بە شێوەیەکی گشتی مۆر بەسەر جۆرەکانی مۆری ڕووتەخت، مۆری لولەیی و جۆری سێیەم مۆری ڕووتەختی لولەییدا دابەشکراون.

### مۆری ڕووتەخت

بریتییە لە پارچەیەکی بچوک لە ماددەیەک، شێوەی ئەندازەیی جۆراوجۆر (بازنەیی، لاکێشەیی، چوارگۆشەیی، قوچەکی، شێوە ناڕێک و شێوە ئاژەڵی و هی تر) یان هەیە، یەکێک لە ڕووەکانی تەختە، لەسەر ڕووە تەختەکەی نەخشی جۆراوجۆر هەڵکۆڵراوە، بۆ مۆرکردن بەکار هاتووە، بۆ ئەو مەبەستە لەسەر قوڕێکی تەڕ بە فشار خستنە سەری مۆری پێکراوە.[172] زۆریان لە شێوەی قۆپچە (دوگمە)ی ئێستا ئەچن، لە لایەکیانەوە کونکراون بە مەبەستی هەڵواسین یاخود لەملکردن، بۆ پاراستن لە ونبوون و ئاسان بەکارهێنانیان، کۆنترین مۆری ڕووتەخت تا ئێستا لە کنەوپشکنینەکاندا دۆزرابێتەوە، مۆرەکانی گوندی 'حەسونە'ن[173] کە مێژووەکەیان بۆ هەزارەی شەشەمی پێش زاین ئەگەڕێتەوە، هەرچەندە کۆنتر لەمانەش ئاماژە بە مۆرێکی گڵینی شێوە قوچەکی ئەکرێت، کە لە شوێنەواری گوندی چەرمۆ دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی بۆ کۆتایی سەردەمی چەرمۆ و سەرەتای سەردەمی حەسونە دەگەڕێتەوە.[174]

هەروەها لە زۆر شوێنی تری وەک 'تەپە گەورە' و 'ئەرپەچیە' مۆری ڕووتەخت دۆزراوەتەوە، بەکارهینانی مۆری ڕووتەخت لە سەردەمەکانی دواتردا تا سەردەمی 'ئوروک' و 'جەمدەت نەسر' بەردەوام بووە، هەروەها بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی مۆری ڕووتەخت لە ناوچەکانی باکوری میسۆپۆتامییای کۆن بەربڵاوتر بووە تاکو ناوچەکانی باشوری ، لەگەڵ ئەوەشدا دواتر بەکارهێنانی بۆ ناوچەکانی دەورووپشتی و ناوچە دوورەکانیش گوازراوەتەوە، لەو کاتەدا لە وڵاتی ئیلام(عیلام) یش بەکارهێنراوە، و لە سوریا و پاشان گەیشتۆتە میسر و ئەنادۆڵ،[175] بەڵام لە سەردەمی جەمدەت نەسر ئیتر بەکارهێنانی مۆری ڕووتەخت کەمبۆتەوە، بە هۆی ئەوەی مۆری لولەیی شوێنی گرتۆتەوە، تا سەردەمی ئاشوری نوێ، ئەوسا بەکارهێنانی

---

[170] Herzfeld, E., *Iran in the Ancient East*, London, 1941, p. 237.

[171] ابراهيم، هالة كريم، *المواضيع الدينية في الأَختام الأُسطوانية من عصر الوركاء إلى نهاية العصر السومري الحديث*، رسالة ماجستير، مقدمة الي جامعة بغداد، كلية الاداب، قسم الاثار القديمة، 2014، ص. 33، 38.

[172] صاحب، زهير، *تأريخ الفن في بلاد الرافدين*، دراسة في فنون عصور قبل الكتابة والفنون السومرية، ج، 1، بيروت، 2019، ص. 158.

[173] حەسونە: ناوچەیەکی شوێنەوارییە کەوتۆتە باشوری ڕۆژئاوای موسل، دوو جار کنە و پشکنینی تێداکراوە، لە کنە و پشکنینی ساڵی 1969-1970 کۆمەڵێک پارچەی شوێنەواری دۆزراونەتەوە، لەناویشیاندا کۆمەڵێک مۆری ڕووتەخت، دۆزراونەتەوە، بڕوانە:

Lloyd, Seton, *The Archaeology of Mesopotamia*, London, 1978, p. 70.

[174] الحاج يونس، رياء *فجر الحضارة السومرية .....، ص*. 81.

[175] الحاج يونس، *رياء الكتابة على اختام اسطوانية .....*، ص. 13- 15.

مۆری ڕووتەخت جارێکی تر سەری هەڵداوەتەوە، بە هۆی داهێنانی جۆرێکی تری نووسین کە نووسینی ئارامی بووە، شان بەشانی نووسینی مێخی بەکارهاتووە، چونکە ئەم نووسینە لەسەر چەرم دەنووسرا، لەبەر ئەوەی مەرەکەب و چەرم بۆ نووسین بەکارئەهات، بۆیە مۆری ڕووتەخت لەم قۆناغەدا پێویست بوو، بە بەکارهێنانی ماددەیەکی شلی مۆمی (لەجیاتی مەرەکەب) بۆ مۆرکردن لەسەر بەڵگەنامە نووسراوەکان بەکارئەهات.[176] هەروەها لەسەر قوڕیش مۆریان پێکراوە، بە شێوەیەک بەڵگەنامەکان پێچراونەتەوە و تۆپەڵە قوڕێکیان خستۆتە سەر شوێنی گرێکەی و سەرمۆریان کردووە.[177]

### مۆری لولەیی

دووەم جۆری مۆر بریتییە لە مۆری لولەیی، هەروەک لە ناوەکەیەوە دیارە شێوەیەکی لولەیی هەیە، زۆربەی جار لە بەرد دروستکراوە، نەخشی جۆر بە جۆریان بە شێوەی پێچەوانە لەسەر هەڵکۆڵدراوە، کاتێک بە شێوەی پشتێنێک بەسەر قوڕێکی تەڕدا دەهێندرێت، نەخشەکەی بە شێوەی ڕاست دەردەچێتەوە، و بۆ مۆرکردن و پیشاندانی خاوەندارییەتی و گەواهی دان بەکارهێنراون.[178] ئەم جۆرە مۆرانە لە ناوەڕاستییانەوە بە شێوەی درێژکۆلەیی کونکراون، کە ڕەنگە بۆ ئەوە بوبێت تا پەتێکیان تێبکرێت بەمەبەستی لەملکردن یان هەڵواسینیان، بۆ ئاسان بەکارهێنانیان و تا لە ونبوون بپارێزرێن، بەگشتی درێژی ئەم مۆرانە لەنێوان (١٠-بۆ٨٠)ملم دان، تیرەشیان لە نێوان ٧ملم بۆ چەند سەنتیم مەترێکە.[179] کۆنترینیان کە تا ئێستا دۆزراونەتەوە بۆ سەردەمی 'ئوروک' (وەرکا) (3500-3100 پ.ز)، بۆ هەزارەی چوارەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە، شوێنەوارناسان لە هەندێک شوێنی تری وەک 'سوسە' مۆری لولەییان دۆزیوەتەوە و کە نەخشەکانیان لەوانەی ئوروکەوە نزیکن.[180] هەندێک لە مۆرەکان بە ماددەی کانزایی جۆراوجۆری وەک زێڕ و زیو و مس ڕووپۆش کراون، یاخود هەندێک جار لە کانزا پارچەیەکیان لە شێوەی دەسک پێوە لکاندووە.[181]

هەروەها بەرەوپێشچوونی شێوازی ژیان و شارستانییەتی مرۆڤ لە میسۆپۆتامیادا هۆکارێکی تری داهێنانی مۆری لولەیی بووە.[182] لەپاڵ ئەوەشدا بە هۆی ئەوەی لە کاتی بەکارهێنانی مۆری ڕووتەختدا پێویست بوو چەند جارێک مۆرەکە بەکاربهێندرێت تاوەکو کەلوپەلەکەی پێ سەرمۆربکرێت، بەتایبەت بۆ سەرمۆرکردنی کەلوپەل و گۆزە قوقز یان خڕەکان، یان تۆپە خڕە گڵینەکان و 'تۆکنەکان *Tokens*'[183] کە بە ئاسانی جێ مۆری مۆرە تەختەکە لەسەریان دەرنەدەکەوت، پێویست بوو چەند جارێک مۆری بکەن، بەڵام

---

[176]مارف، دلشاد، *المصدر السابق*، ص. 7.

[177]بڕوانە بەشی چوارەمی ئەم توێژینەوەیە.

[178]Strommenger, E., *The Art of Mesopotamia*, Thames, Hudson and London, 1964, pp. 21-22.

[179]مارف، دلشاد، *المصدر السابق*، ص. 7.

[180]بصمه جي، فرج، *الاختام الاسطوانية في متحف العراقي*، اوروك وجمدة نصر، منشورات نابو(بدون مكان الطبع)،1994، ص. 43.

[181]ابراهيم، هالة، *المصدر السابق* ،ص. 26.

[182]بصمه جي، *المصدر السابق*، ص. 45.

[183]'تۆکن Tokens': بریتییە لە پارچەیەک گڵینی سورەوەکراو، بە شێوەی جۆراو جۆر (قوچەکی، خڕ، شێوە لاکێشەیی، شیوە چوار گۆشەیی، شیوە پانکەڵەیی،.....) نزیکەی شانزە شێوەی جیاوازیان هەیە، هەروەها قەبارەشیان جیاوازە لە نێوان(١-٣سم، یان ٣-٥سم)دان. بۆ ژماردن بەکارهێنراون، بە ژمارەی دیاریکراوی لە شمەکی دیاریکراو، هێمای بچوکی گڵین، لەسەر شێوەی بابەتی دیاریکراو ئەیان خستە ناو تۆپە ناو بۆشەکە (تۆکن) ەکەوە، پاشان هێمای تایبەتیان لەسەر دا ئەنا، ئەو هێمایانەش بۆ خاوەنەکانیان مانای تایبەتی هەبوو، بۆ نمونە کەسێک دە سەر مەڕی بفرۆشتایە، دە ژمارە تۆپی گڵینی لەسەر شێوەی مەڕ ئەخستە ناو تۆکنەکەوە، ئەمەش بەسەرەتای بەکارهێنانی یەکەم شێوازی ڕێکخستن و تایبەتمەندکردن و جیاکردنەوەی خاوەندارییەتی دائەندرێت، بۆ یەکەم جار لە شوێنەواری 'تەل- اسود' لە چینی دووەم دۆزراونەتەوە کە بۆ هەزارەی حەوتەمی پێش زاین ئەگەڕێتەوە بڕوانە:
Schmandt, B.D., *How Writing Came About*, -1st abridged ed, P.cm, university of Texas press, (F.P.1992, 1996), 2006, p. 15.

مۆری لولەیی بەکارهێنانی ئاسانتر بوو، لە کاتێکی کەمتردا دەتواندرا پانتاییەکی فراوانتری پێ مۆربکرێت.[184] لەگەڵ ئەمانەشدا داهێنانی نووسینیش هۆکارێکی تر بووە، چونکە داهێنانی هەردووکیان لە هەمان سەردەمدا بووە، و کاتێک نووسینیان لەسەر تاتە قوڕین (تابلێت)ەکان دەنووسی مۆری لولەییان بۆ مۆرکردنی بەکاردەهێنا، زۆر جار ناوی خۆیان لەسەر مۆرەکە هەڵدەکۆڵی، وەکو مۆری کەسی و تایبەت بۆ مۆرکردن بەکاریان دەهێنا.[185]

شێواز و تایبەتمەندیی و جۆری بەردەکان و نەخشەکان و دیمەنەکانی سەر ئەم مۆرانە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی ترجیاوازن، ئەم جیاوازیەش بۆ دیاریکردنی سەردەمە مێژووییەکانیان یارمەتیدەرە.[186] داهێنانی مۆری لولەیی تەریب لەگەڵ داهێنانی نووسینی مێخی بە دوو داهینانی گرنگی میسۆپۆتامیا دادەندرێن، کە سۆمەرییەکان پێشەنگیان بوون، هەروەها مۆری لولەیی سەرەڕای گرنگییەکانی تری بە داهێنانێکی بێ وێنە لە ناو هونەری ڕۆژهەڵاتی ناوەندا دادەندرێت، ئەمەش لە دیمەنەکانی سەریاندا ڕەنگ دەداتەوە، لەبەر ئەوەی لە ڕێی دیمەنەکانی سەر مۆرەکانیان توانیویانە بە ڕایەڵە جۆر بە جۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگادا شۆڕببنەوە، وەک لایەنی ئایینی و بیروباوەڕ و پێشکەشکردنی قوربانی بۆ خواوەندەکانیان، دیمەنی ڕاوکردن و گێڕانەوەی داستانەکانی ناو کۆمەڵگا، هەروەها پیشاندانی پیشەو هێماو نیشانەگەلێکی گرنگ، لە بواری هونەردا و توانیویانە زۆر بە وردی لە ڕێی دیمەن و هەڵکۆڵینە هونەرییەکانەوە وێنای هونەرێکی ووردی سەردەمی خۆیان بکەن.[187]

### مۆری لولەیی ڕووتەخت (Stamp-Cylinder Seals)

جۆرێکی ترە لە مۆر لە یەکگرتنی هەردووو جۆری مۆری ڕووتەخت و لولەیی پێکدێت، لە لایەن هەندێک لە توێژەرانەوە بە مۆری لولەیی تەخت ناو دەبرێن، ئەم مۆرە بە شێوەیەک دروستکراوە، کە بریتییە لە مۆرێکی لولەیی، کە نەخشێکی لەسەرە، لەسەر بنکەکەی نەخشێک یان هێمایەکی تری جیاوازی لەسەر هەڵکۆڵراوە، لەهەمان کاتدا هەر دوو جۆرە مۆرەکە بەکارهاتوون، ئەم مۆرانە لە سەردەمی ئاشوری نوێ (911-612 پ.ز.) بەکار هیندراون، چونکە لەو سەردەمەدا هەر دوو نووسینی مێخی وئارامی بەکارهێنراون، هەروەها لەلایەن ئورارتییەکانیشەوە لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین ئەم جۆرە مۆرانە بەکارهێنراون.[188]

### بەکارهێنانەکانی مۆر و گرنگییەکەی

مۆرەکان لە سەرەتای داهێنانیانەوە تاکو رۆژگاری ئەمڕۆ بەردەوام لە لایەن مرۆڤەوە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکارهێندراون، بەڵام لە هەموویان گرنگتر بۆ دیاریکردنی خاوەندارییەتی بووە، ئەم بەکارهێنانە بە درێژایی مێژوو ماوەتەوە لە هەموو سەردەمەکاندا، مرۆڤ بۆ ناسینەوەی شمەکەکانی و دەستنیشانکردنی پێناسی خۆی لەسەریان مۆری پێکردون، هەروەها لە سەردەمەکانی دواتردا بەتایبەت لە دوای چاخی سەرهەڵدانی بنەماڵەی دووەمی سۆمەرییەوە بۆ مەبەستەکانی بەڕێوەبردن و کارگێریش بەکاریانهێناوە، لەو کاتە بە دواوە ناوی خاوەن مۆر زۆرجار لەسەر مۆرەکان هەڵکۆڵدراوە، لەگەڵ ئەوانەشدا بۆ مۆرکردنی تابلێتە

---

[184]الحاج یونس، ریا، *فجر الحضارة السومرية.....*،ص. 53. هەروەها بڕوانە:
Collon, *First Impressions* ....., p. 113.
[185]Collon, *First Impressions* ....., p. 5.
[186]Collon, *First Impressions* ....., p. 6.
[187]عكاشة، ثروت، *تاريخ الفن، الفن العراقي سومر وبابل وآشور*، القاهرة، 1976، ص. 122-123.
[188]Van Loon, M. N., *Urartian Art*, Leiden, 1966, p. 144.
مارف، دلشاد، *المصدر السابق*، ص. 9.

نوسراوەکان و بابەتە سیاسی و کارگێرییەکانی فەرمانڕەواکان بەکارهاتوون، و بۆ مۆرکردنی هەموو ئەو گۆزە و کەلوپەلە پڕ لە شتانەی کە بازرگانییان پێوە ئەکرا، یاخود لە گەنجینەکاندا هەڵدەگیران.[189] بە شێوەیەک گۆزە پڕ لە شتەکانی وەک ڕۆن، دانەوێڵە، ماددەی خۆراکیی تر، بە پارچە قوماشێک یان پارچە چەرمێک سەرییان ئەگرت و بە بەنێک یان پەتێک ئەیان پێچا، لە پاشان پارچەیەک قوڕیان لە گرێی پەتەکەوە دەئالاند و بە مۆرێک (مۆری خاوەنەکەی) سەرمۆریاندەکرد، بەشێوەیەک نە دەتواندرا ئەوگرێیە بکرێتەوە تا شوێنی مۆرەکە یاخود قوڕەکە نەشکێندرایە.[190] هەروەها بۆ مۆرکردنی کلۆمی دەرگای گەنجینەی پەرستگاکان و ماڵەکان بەکاریان هێناون، بە شێوەیەک کلۆمی دەرگاکانیان بە قوڕ سواخکردووە و مۆریان کردووە، سەرەڕای ئەوانەش وەکو نوشتە و جادوو بەکاریان هێناوە.[191]

هەروەها بەڵگەنامە و گرێبەستە بازرگانییەکان و بەڵگەنامە یاساییەکانی دادگاکان، ڕێکەوتننامە سیاسیەکان و نامە کەسیی و تایبەتییەکانیشیان پێ مۆرکردون، لە ڕووی ئایینیشەوە مۆری تایبەت بە پەرستگا هەبووە، بە دیمەنە ئاینییەکانیان ئەناسرێنەوە، کە ناو و ناونیشان و پێگەی پیاوانی ئایینی زۆرجار لەسەر مۆرەکان هەڵکۆڵراوە.[192] هەندێک جار وێنەی خواوەندەکان لەسەر مۆرەکان هەڵکۆڵراون، لە بەردەمی پەرستگاکەیاندا پێشوازی لەوانە ئەکەن کە دیاری و نەزرەکانیان بە پەرستگاکان ئەبەخشن.[193]

سەرەڕای ئەوانە مۆر گرنگییەکی زۆری لە بواری زانستی شوێنەواردا هەیە، لەکاتی کنەوپشکنینەکاندا یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی مێژووی چینە شوێنەوارییەکان، هەروەها لە ڕێی لێکۆڵینەوە لە بابەت و دیمەنەکانی سەریانەوە لە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی و بیروباوەڕی ئایینی سەردەمەکان شارەزادەبین، هەر لە ڕێی لێکۆڵینەوە لە مادده و جۆری بەردەکانیان، لە ئاستی بازرگانیی و شێوازی پێشکەوتنی کارکردن و بواری هونەری ئەوسا شارەزا دەبین، سەرەڕای ئەوانەش ئەو نووسینانەی لەسەریانە کۆمەڵێک زانیاری زۆرمان لەسەر ناوی شوێن و فەرمانڕەواکانی ناوچەکان پێ ئەبەخشن، لەگەڵ ئەوانەشدا بە بەراوردکردنی دیمەن و تەرزی هونەری مۆرەکان شێوازی پەیوەندی و کارلێکی هونەرە جیاوازەکانی ناوچەکە و چواردەوریش شارەزا دەبین.[194]

[189]Collon, *First Impressions* ....., p. 113.

[190]ابراهيم، هالة، *المصدر السابق*، ص. 27.

[191] مارف، دلشاد ،*المصدر السابق*، ص. 10.

[192]الحاج يونس، ريا، *الكتابة على اختام اسطوانية*......، ص. 22.

[193]الحاج يونس، *ريا، فجر الحضارة السومرية*......، ص. 289-290.

[194]ابراهيم، هالة، *المصدر السابق*، ص. 31-32.

## ٢-کۆمەڵەی مۆر و جێ مۆرەکانی مۆزەخانەی سلێمانی

**یەکەم- مۆرەکان**

مۆزەخانەی سلێمانی مۆزەخانەیەکی شارستانییە، وەک مۆزەخانەیەکی فەرمیی لە ساڵی١٩٦١ەوە دامەزراوە، بە شێوەیەکی گشتی ئەرکی کۆکردنەوە و پاراستن و لێکۆڵینەوە و نمایشکردنی سەرجەم ئەو کەلوپەلە شوێنەوارییانەیە، کە لەلایەن مرۆڤەوە لەسەر ئەم خاکە بەکارهێنراون، و بوونەتە پاشماوەی شوێنەواری و مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی و ژینگەکەی، مۆزەخانەکە بواری بۆ خویندکارانی سەرجەم ئاستەکان و خوێندکارانی بواری شوێنەوار، بەتایبەت قۆناغی ماستەر و دکتۆرا ڕەخساندووە، بۆ توێژینەوە لەسەر ئەو پارچانەی کە مۆزەخانەکە لە خۆیگرتوون. تاکو بە هۆیانەوە مێژوو و شوێنەواری ناوچەکە و مرۆڤایەتی دەوڵەمەنتربێت، هەروەها تاکو هەریەک لەم توێژینەوانە مەڵۆیەک بۆ سەر خەرمانی زانست و زانیاری شوێنەوار سەرباربکەن. خۆشبەختانە مۆزەخانەی سلێمانی خاوەنی کۆمەڵێک پارچەی شوێنەوارییە، کە ژمارەیان نزیکەی شەست هەزار پارچەیە، بەپێی زانیارییە تۆمارکراوەکانی مۆزەخانەکە، ئەو پارچانە لە ڕووی سەردەمی مێژووییەوە لە چاخی بەردینی کۆن (٥٠٠٠٠-١٥٠٠٠پ.ز.) تاکو سەردەمی عوسمانی (١٥٣٥-١٩١٧ز.) لە خۆدەگرن.

سەبارەت بە تۆمارکردنیان هەرکۆمەڵە پارچەیەکی تایبەت لە مۆزەخانەکە بۆ گرووپی تایبەتمەند بە خۆیان پۆلێنکراون. هەر گرووپەو خاوەنی ژمارەیەکی تایبەت بە خۆییەتی، بە پێی ناوی ماددەکە، بە زمانی ئینگلیزی کۆدێکی تایبەتیان بۆ داندراوە، بۆ نمونە 'مۆری ڕووتەخت *stamp seal*' هەردوو پیتی (SS)ی لەسەر نوسراوە. کۆمەڵەی 'جێ مۆر*Seal Imprison*'ی هەردووپیتی (SI) لەسەر نوسراوە.

مۆزەخانەی سلێمانی تاکو ئێستا خاوەنی نزیکەی ٥٥٠ مۆری ڕووتەختە، ئەم ژمارەیە لە مۆری سەرجەم سەردەمە مێژووییە جیاوازەکانی شارستانییەتی میسۆپۆتامییا و ئەوگەلانەی فەرمانڕەواییان تیاداکردووە و تیاییدا ژیاون پێکهاتوون. لە سەردەمەکانی سەرەتای داهێنانی مۆری ڕووتەختەوە تاکو سەردەمی ئیسلام. سەرچاوەی دەستکەوتنی ئەم مۆرانە دەتوانین بڵێین زیاتر لە ٩٥% لە ڕێگەی کڕینەوە بووە، کە بوجەی ئەم کڕینە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابینکراوە، بەشێکی تریان لە کاتی دامەزراندنی مۆزەخانەی سلێمانی لەلایەن مۆزەخانەی عێراقییەوە بۆ مۆزەخانەی سلێمانی نێردراون. هەروەها ژمارەیەکی کەمیان لە کنە و پشکنینەکانی شوێنەواری سلێمانییدا دۆزراونەتەوە، چەند مۆرێکیشیان دیاری هاوڵاتین، چەند مۆرێکی تریشیان لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەستیان بەسەرداگیراوە و بۆ مۆزەخانە نێردراون. لە ناو سەرجەم مۆرە تەختەکاندا نزیکەی ٧٠-٨٠ مۆریان بۆ سەردەمی ساسانیی دەگەڕێنەوە.[195]

لەو ژمارەیە لەم توێژینەوەیەدا ٤٥ مۆری ساسانیمان وەرگرتووە. بە پێی گونجاوی مۆرەکە و دیمەنەکەی سەری بە تایبەت ئەوانەی لە سەردەمەکەیان دڵنیا بووین، و لە هەمان کاتدا دیمەنەکانی سەریان تا ڕادەیەکی باش دەتواندرێت بناسرێنەوە، چونکە هەندێکیان بەهۆی سواوی و تێکچوونەوە دیمەنەکانی سەریان بە تەواوی ناناسرێنەوە. سەبارەت بە ماددەی مۆرەکان، زۆرترینیان 'عەقیق' بە سەرجەم ڕەنگە جۆراوجۆرەکانییەوە، و جۆرە جیاوازەکانی بەردیشیان تێدایە. بەڵام یەک مۆریان کانزاییە. هەروەها یەک

---

[195] زانیاری ئەم بەشە لە ئاماری تۆمارکراوی داتا بەیسی مۆزەخانەی سلێمانییەوە وەرگیراوە، هەروەها زانیاری توێژەرن، توێژەر خۆی کارمەندی مۆزەخانەی سلێمانییە لە ساڵی ٢٠٠٨ لە گروپەکانی تۆماری پارچەکانی مۆزەخانە کاردەکات، بەتایبەت کاری تۆماری مۆر و جێ مۆرەکان.

مۆری سەردەمی بابلیشمان بە مەبەستی بەراوردکاری وەرگرتووە. سەرچاوەی دەستکەوتنی ئەم مۆرانە سەرجەمیان لە ساڵەکانی، ٢٠٠٥، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩، ٢٠١٠ کڕدراون (بڕوانە خشتەی ٦).

**ب-جێ مۆرە گڵینەکان:**

سەبارەت بە جێ مۆرەکان تاکو ئێستا نزیکەی ١٥٠٠ جێ مۆری گڵین لە ناو گروپی شوێن مۆرە گڵینەکانی مۆزەخانەی سلێمانی تۆمارکراون. وەک باسکرا ئەمانیش زۆربەیان لە ڕێی کڕینەوە دەست مۆزەخانەی سلێمانی کەوتوون. ژمارەیەکیان دیاری هاوڵاتیانن، هەروەها چەند دانەیەکیشیان لە کنەوپشکنینەکاندا دۆزراونەتەوە، لەم ژمارەیە دەتوانین بڵێین لەسەدا ٩٠% یان بۆ سەردەمی ساسانیی ئەگەڕێنەوە، ئەوانەی تریان سەردەمە جیاوزەکانی شارستانییەتی میسۆپۆتامیان، هەندێکیان جێ مۆری لولەیین. لەم توێژینەوەیەماندا ٥٥ جێ مۆری سەردەمی ساسانیمان هەڵبژاردووە، کە سەرجەم وردەکارییەکانیانمان ئاماژە پێکردووە، (بڕوانە خشتەی ٧) .

بەداخەوە بەهۆی ئەوەی بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە لەڕێی کڕینەوە دەست مۆزەخانەی سلێمانی کەوتوون، بۆیە شوێنی دۆزینەوەیان نەزانراوە، نازانین هی چ شوێنێکی شوێنەوارین. بۆ زانینی سەردەمەکانیان پشتمان بە دیمەنەکان و نوسینەکانی سەریان بەستووە. هەرچەندە بابەتی جیاکردنەوەی ڕەسەنایەتی و ساختەکراو لە لێکۆڵینەوەی مۆر و جێ مۆرەکاندا کارێکی زۆر قورسە، بەهۆی ئەو ساختەکاریانەی لە بواری پارچە شوێنەواریەکاندا ئەکرێن، هەروەها زۆر جار ساختەکارییەکە ڕەنگە لە ئێستادا نەکرابێت، بەڵکو لە سەردەمی خۆیدا کرابێت. بۆ نمونە هەندێک بەڵگە ئەوە پشت ڕاستدەکەنەوە هەندێک ناو یان پیشە لەسەر هەندێک مۆر هەن کە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی و کەلوپەلی مۆرکراو ئەو مۆرانە پشتڕاست ناکەنەوە، هەندێک بۆ چوون پێیان وایە کە ڕەنگە بەردەستی پیشەوەرەکانی مۆر هەندێکجار ساختەکاریان لەسەر مۆرەکان ئەنجامدابێت.[196] بۆیە دەتوانین بە دڵنیاییەوە ئەوە بڵێین کاری ساختەکاری لە سەر مۆرەکان لە ڕابردو و ئێستاشدا ئەنجام دراوە.

---

[196] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ساختەکاری لەسەر مۆرەکان بڕوانە:
Gyselen, R., *Sasanian Seals and Sealings in the A. Saeedi Collection*, Encyclopédie Permanente Des Études Iraniennes, Lovanii, 2007, pp. 30-31.

## تەوەرەی دووەم

## تایبەتمەندیی و پێکهاتەی مۆرە ساسانییەکان

مۆرە ساسانییەکان بریتین لە پارچەیەکی ڕووتەخت، نەخش و دیمەنی جۆر بەجۆر، یاخود نووسین یان نەخش و نووسینیان پێکەوە لەسەر هەڵکۆڵدراوە، بۆ مۆرکردن و نیشاندانی خاوەندارییەتی کەلوپەلەکان و بەفەرمیکردنی بەڵگەنامە کارگێڕیی و تاکە کەسییەکان بەکارهێنراون، یاخود وەکو نوشتە و جادوو و لایەنی بیروباوەڕی ئایینی بەکارهیندراون.[197]

سەرباری ئەمانەش سەرچاوەی سەرەکین بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەنە جیاوازەکانی شارستانییەت و هونەری دەوڵەتی ساسانی، مۆر و جێ مۆرەکان تاکە ماددەن لەلایەن سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگا و یەکە کارگێڕییەکانەوە لە چوار چێوەیەکی فراواندا بەکارهێندراون.[198] بێگومان مۆرە ساسانییەکان تەنها بۆ پاشا و خانەدانەکان و کاربەدەستان دروست نەکراون، بەڵکو بۆ کەسی تایبەت، خەڵکی گشتی، پارێزگارەکان و ناوەندە ناوخۆییەکانیش دروستکراون.[199] لە مۆرکردنی شاهانەوە بۆ مۆرکردنی بابەت و بەڵگە کارگێڕییە بەڕێوەبەرێتییەکان، بابەتە مامەڵە پێوەکراوەکان، و مۆرکردنی سندوقی خۆراکی تەنانەت بۆ بابەتە کەسییەکانی ناو کۆمەڵگەش بەکارهێنراون، سەرەڕای ئەوەش، مۆر هەبووە بۆ مۆرکردن بەکارنەهاتووە، بەڵکو وەکو نوشتەو جادوو و بیر و باوەڕی ئایینی لە ملکراون، و بە مۆری جادوویی ناو دەبرێن،[200] کە لە کۆمەڵگای ساسانییدا بەربڵاو بوون، ئەم مۆرە جادوویانە بۆ دەرکردنی گیانە شەڕەنگێزەکان یاخود وەک جادووی ڕەش یاخود تەنها خاوەنەکانیان بۆ پاراستنیان لە بەدبەختی بەکاریان هێناوە، زۆرجار دیمەنی ئەم مۆرە جادووییانە لە ئەفسانە ئاینییەکانەوە وەرگیراون، وەک ئایینی میترای، مەسیحی، یەهودی و زەردەشتی و ئایینەکانی تر، هەندێک جاریش بابەتەکانیان ڕوون نین لە چییەوە وەرگیراون، هەندێک جاریش لە بابەتە کلتورییەکانەوە وەرگیراون.[201]

لەبەر ئەوەی مۆرە ساسانییەکان لەلایەن هەموو چینەکانی کۆمەڵگاوە بەکارهێنراون، بۆیە شێوە و قەبارەی جیاواز و دیمەن و مەبەستی جۆراوجۆریشیان تیا بەرچاو دەکەوێت، هەروەها لە ڕووی جیاوازی ئەو کەرەستانەی کە مۆرەکانی لەسەر هەڵکۆڵراوە، بۆ نمونە زۆر جار کەسانی بەناوبانگ و دەسەڵاتدار بەردی گرانبەهایان بۆ دروستکردنی مۆرەکانیان بەکارهێناوە، لەگەڵ ئەوەی بابەتە هەڵکۆڵراوەکان ووردی و سەلیقەی زۆریان پێوەدیارە، بەڵام جیاوازیش لە دیمەنەکانیاندا لە ڕووی جوان نەخشاندنیانەوە ئەبینرێت.[202] هەروەها مۆرە ساسانییەکان بە بەراورد بە سکەکانیان ئازادییەکی مەودا فراوانتریان تیا بەدیدەکرێت، دیمەنی سەر سکەکان زیاتر پڕوپاگەندە و نمایشی خودی پاشاکانە، بەڵام دیمەن و نەخشی سەر مۆرەکان زۆرترینیان بابەت و هەڵبژاردەی کەسین.[203]

---

[197] پێناسەی توێژەر بۆ مۆرە ساسانییەکان.

[198] Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings.......*, p. 8.

[199] Bivar, A. D. H. B., *Catalogue of the Western Asiatic Seals in the British Museum, Stamp Seals*, II: *The Sassanian Dynasty*, London, 1969, p. 9.

[200] Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings.......*, p. 8.

[201] Gyselen, R., *Sceaux Magiques en Iran Sassanide*, Paris, 1995, p. 17.

[202] Gyselen, R., *Catalogue des Sceaux, Camées et Bulles Sassanids* Bibliothèque Nationale, Paris, 1993, p. 25.

[203] Brunner, C. J., *Sasanian Stamp Seals, in the Metropolitan Museum of Art*, New york, 1978, p. 9.

هەرچەندە بە تەواوی ڕوون نییە ئایە سەرجەم نەخش و شێوەی مۆرەکان لە لایەن خاوەن مۆرەوە دیاریکراون یان نا، و نازاندرێت ئایە ئەو کەسانەی مۆریان کڕیوە نمونەی نەخشێکی دیاریکراویان داوە بە مۆرهەڵکەنەکان، بەڵام ڕەنگە مۆر هەڵکەنەکان نمونە و شێوازی بەردی ڕێککراو و نیمچە نەخشێندراویان هەبووبێت، خاوەن مۆر تەنها نمونەی بە خواستی خۆی هەڵبژاردبێت، یاخود داوای چەند شتێکی کردووە بۆ مۆرە هەڵبژێردراوەکەی زیادبکەن، ئەمەش ڕەنگە بۆ هەموو مۆرەکان نەبووبێت، بۆ نمونە ئەو مۆرانەی وێنەی کەسەکانیان لەسەرهەڵکۆڵراوە، ڕەنگە بەتەواوی لەسەر خواستی خاوەن مۆرەکە بووبن، سەرەڕای ئەوانە زۆر بابەتمان هەیە، ڕێکخستنێکی تەواو لە شێوەی بەردەکە یان ماددە بەکارهاتووەکە و نەخشەکەی سەری بەتەواوی کراوە، ئەمەش بە جۆرە بەڵگەیەک ئەکرێت لێکبدرێتەوە، لەو بابەتانەدا، هەڵبژاردنی کەرەستە و نەخشەکە دەکرێت هەر دووکیان لە لایەن مۆرهەڵکەنەکەوە کرابێت.[204]

هەروها سەبارەت بە مۆر هەڵکەنەکان نازانین ئایە پیشەوەری سەربەخۆ بوون یان لە ژێر چاودێری فەرمیی دەوڵەتتدابوون و سەر بە دامودەزگای فەرمیی بوون، بەڵام لێکچوونی شێوازی مۆرە فەرمیی و کارگێڕییەکان ئەوە دەردەخەن، ڕەنگە ئەو مۆرانەی تایبەت بوون بە کەسە ناودارەکان و کاربەدەستان لە لایەن پیشەوەرانێکەوە دروستکرابن، کە لە ژێر چاودێریی میریدا بووبن، هەر سەبارەت بە لێکچونی مۆرەکان ئەگەرێکی تریش هەیە، ڕەنگە بەردەستی پیشەوەرەکان ئەو مۆرانەیان درووستکردبێتەوە، ڕەنگە لە سەردەمی ساسانییەکانیشدا وەک هەر سەردەمێکی تر مۆری ساختەیان درووستکردبێتەوە، هەروەک چۆن لە سەدەکانی ڕابردوودا بە ئامانجی پاراستنی پارچە نایابەکان کۆمەڵێک مۆر دروستکرانەوە (لەبەریانگیرایەوە)،[205] بەڵام لە دواتردا بووە هۆی ئەوەی کە بە ئاسانی پارچە ڕەسەنەکە لەگەڵ دروستکراوەکە نەتواندرێت لێکجیابکرێتەوە.[206]

هەروەها یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی مۆرە ساسانییەکان، زۆربەی جار سەرەڕای نەخشی سەر مۆرەکە، ناوی خاوەن مۆرەکە یاخود کورتکراوەی ناوەکەی لەسەر مۆرەکە بە نووسینی پەهلەوی هەڵکۆڵراوە، ئەمە بە پێچەوانەی مۆرە یۆنانی و ڕۆمانییەکانەوە کە ناوی پیشەوەرەکەی بە نووسینی ڕۆمانی لەسەر هەڵکۆڵراوە، ئەمەش وەک خاڵێکی بەهێزی جیاکەرەوەی مۆرە ساسانییەکان دادەندرێت.[207] هەروەها دڵنیاش نین کە نەخشی سەر مۆرەکە و نووسینەکە هەردووکیان لەلایەن هەمان کەسەوە کرابن،[208] چونکە مەرج نەبووە ئەو کەسانەی پیشەیان مۆرهەڵکەندن بووە، خوێندەوارێکی باشیش بووبن، بەڵکو زۆر جار تەنها جوان نووسێک و هونەرمەندێکی دەستڕەنگین بوون، وێڕای ئەمانەش خواستی خاوەن مۆرەکان کاریگەری زۆری لەسەر دیمەن و نەخشی سەر مۆرەکان هەبووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لە جیاوازی و وردەکاری نەخشی سەر مۆرەکان هەیە، هەر بۆیە ئاسان نییە لە ژێر یەک گروپدا نەخشە لێکچووەکان پۆلێن بکەین.[209]

---

[204]Gyselen, *Catalogue des*......., pp. 25-26.

[205]بەداخەوە کاری ساختەکاری تەنها لە سەدەکانی ڕابردوودا نەبووە، بەڵکو لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا یەکێکە لە بەربەستەکانی کاری شوێنەوارناسان، زۆرجار بە بەرنامە کاری ساختەکاریەکە ئەکرێت. ئەو بابەتە نەک تەنها بۆ مۆر، بەڵکو بۆ سەرجەم پارچە جۆراوجۆرەکانی شوێنەوار ڕاستییەکی تاڵە و بۆتە شێواندنی زانستی کۆنینەناسی و تێکەڵکردن و شێواندنی شارستانییەتەکان وبابەتە هونەرییەکان.

[206]Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings*......., p. 30.

[207]Bivar, *op. cit.*, p. 11.

[208]Gyselen, *Catalogue Des*........., p. 25.

[209]Bivar, *op. cit.*, p. 11.

**پێکهاتەی مۆرە ساسانییەکان**

سەبارەت بە جۆری کەرەستە بەکارهاتووەکان، هەڵبژاردنی کەرەستە بۆ دروستکردنی مۆرەکان لە هەر سەردەمێکدا بە پێی توانا و کارامەیی و ئامێری پیشەوەرەکانی سەر مۆر هەڵبژێردراون[210] ئەو مۆرە باوانەی لە میسۆپۆتامیا لە نێوان هەزارەی چوارەم بۆ هەزارەی یەکەمی پێش زاین بەکارهێنراون، مۆرە لولەییەکان بوون، بەڵام لە سەردەمی ئاشوری نوێ (911-612 پ.ز)، وەک لە پێشتریش ئاماژەمان پێدا، دووبارە مۆری ڕووتەخت بەکارهاتۆتەوە، و بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی خێرا زیادی کردووە، بەتایبەت شێوە هەڕەمی، گومەزی، قوچەکی و لانکەییەکان، هەروەها بەکارهێنانی بەردی کوارتز بەخێرایی گەشەی سەند لە دروستکردنی مۆرە تەختەکاندا، لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی ئەخمینیەکان لەلایەن 'ئەسکەندەر'ەوە لە ساڵی 331 پ. ز لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا، گۆڕانکارییە تەکنیکییەکانیش شان بەشانی دەڕۆیشتن، دروستکردن و بەکارهێنانی هەر دوو جۆری مۆری لولەیی و تەخت بە شێوەیەکی کتوپڕ پچڕا، مۆرەکانی سەردەمی هلنستی نزیکەی بەتەواوی لەسەر شێوەی ئەنگوستیلە بوون، و هەندێک مۆری ئەنگوستیلەیی لە ناوچە شوێنەوارییەکانی ئێران دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە مۆری شێوە ئەنگوستیلەیی لەسەردەمی ئەشکانیدا بەردەوام بووە، هەر چۆنێک بێت لە سەردەمی ساسانییەکاندا مۆری شێوە ئەنگوستیلەی کەمبووەتەوە، گۆڕانکاری بنچینەیی لە شێواز و دەسکی مۆرەکاندا ڕوویانداوە، ساسانییەکان دوای نزیکەی پێنج سەد ساڵ لە پچڕان دووبارە مۆری ڕووتەختیان بەکارهێنایەوە.[211]

یەکێــک لە تایبەتمەنــدییەکانی پێکهــاتەی مــۆرە ساســانییەکان ئەوەیە زۆربەیــان لە بەردی بەنــرخ دروسـتکراون، هەروەهـا جـگە لە نەخشـی دیـاریکراوی سـەر مـۆرەکە زۆربەی بەردی مـۆرە ساسـانییەکان خۆشیان نەخشـێندراون ونەخشیان لەسـەر هەڵکۆڵراوە.[212] دەرکەوتەی ڕووکـاری دەرەوەی بەردی مـۆرەکە بە لای خاوەنەکەیەوە زۆر جار لە دیمەنی سەر مۆرەکە گرنگتر بووە،[213] (بۆ نمونە بڕوانە مۆری:SS.00027 ).

بەگشـتی جـۆری ئەو کەرەسـتانەی مـۆرە ساسـانییەکانی لـێ دروسـتکراوە، بە پێـی ئەو تـوێژینەوانەی لەسەریان کراوە، هەروەها مۆرە ساسانییەکانی ناو ئەم توێژینەوەیەش لەم جۆرانەدا خۆیان دەبیننەوە:

کوارتز Quartz: بەپێی توێژینەوەکان (80%)ی پێکهاتەی کەرەستەی مۆرە ساسانییەکان لە جۆری 'کوارتزی چالسیدۆنیک (کوارتزی عەقیقی) *Chalcedonic quartz*'ن. پێکهاتەی ئەم جۆرە ماددەیە بە شێوەیەکە، کە دابەشبوونی پێکهاتە ناوەکیەکەی فراوانە، بە ئاسانی ماددە و پێکهاتەکانی سروشت هەڵدەمژێت، ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک ڕەنگی جیاواز لەم جۆرە ماددەیەدا دەربکەوێت.[214] هەربۆیە بەردی گۆڕاویشی پێدەوترێت، جۆرە بەردێکی پتەوە، پتەوییەکەی لەبەردی مەڕمەڕ *(Alabaster)* زیاترە، ڕەنگەکانی بریتین لە سپی و خۆڵەمێشی و سور، گۆڕانی ڕەنگەکانی بە پێی ئەو پێکهاتەیەیی هەڵی دەمژێت دەبیندرێت، هەر ئەمەش وایکردووە، کۆمەڵێک ناوی جیاوازی هەبێت، دەکرێت ئەم جۆرانەش هەمان پێکهاتەیان هەبێت،

---

[210]Collon, D., *7000 Years of Seals,* London, 1997, p. 19.

[211]Ritter, N. C., "On the Development of Sassanian Seals and Sealing Practice, A Mesopotamian Approach," *Seals and Sealing Practices in the Near East,* Developments in Administration and Magic from Prehistory to the Islamic Period, Proceedings of an International Workshop at the Netherlands-Flemish Institute in Cairo on December (2-3, 2009), ed. Ilona Regulski, Kim Duistermaat and Peter Verkinderen, Leuven/Paris/Walpol/Ma, 2012, p. 101.

[212]Bivar, *op. cit.,* p. 11.

[213]Ritter, *op. cit.,* p. 103.

[214]Bivar, *op. cit.,* p. 35.

به گشتی جۆرەکانی عەقیق دەگرێتەوە، کە ڕێژەیەکی زۆری مۆرە ساسانییەکان لە عەقیق دروستکراون، بەڵام چەند جۆرێکی جیاوازیان هەیە.

’عەقیقی سور (*Carnelian*): هەندێک جار قاوەییەکی سورباوی ڕەونەقداری ڕوونە، هەندێک جاریش چینی ڕەنگاوڕەنگی زەردباو و سورباوی هەیە، بە هۆی بونی ئۆکسیدی ئاسن تیایدا (بڕوانە مۆرەکانی: SS.00145, SS.00012).

’عقیقی سپی ڕوون (*Chalcedony*): ڕەنگەکانی، سپی ڕوون، خۆڵەمێشی و خۆڵەمێشیی قاوەیی باوی ڕوونە. بەهۆی بوونی ئۆکسیدی سلیکۆن تیایدا (بڕوانە مۆرەکانی: ( SS.00045 ,SS.00115, SS.00196 ,SS.00030)

عەقیق (*Agate*): چینە یەک لە دوای یەکەکانی ڕەنگ و پلەی ڕوونییان جیاوازە، لە کاتی بڕینیدا چینەکانی لە شێوەی ئەڵقە ئەڵقەی هاوچەقدا دەردەکەون و ڕووناکیان پیادا تێپەڕدەبێت، هەروەها ’بەردی ئۆنیکس؟Onyx‘ چینی هاوتەریبی بڕدراوی کاڵ و تۆخی تیادادەبیندرێت، بەردی ’یەشم ڕەنگی سەوز یان سوری هەیە، بە هۆی تێکەڵ بوونی کوارتز بە ئۆکسیدەکانی ئاسن.[215]

لازوەرد/لاجوەر *Laps Lazuli*: ئەم جۆرە بەردە کانزای لازوەردی تێدایە کە سەرچاوەی ڕەنگە شینەکەیەتی، وە یەکێکە لە جۆری بەردە بەنرخەکان، بەدەر لە مۆر بۆ دروستکردنی خشڵ و بابەتە جوانکارییەکانیش بەکارهاتووە، سەرچاوەی ئەم بەردە لە ’بەدەخشان‘ لە چیاکانی ئەفغانستانە، هەروەها ’گرانێتی ئەلمەنداین *Almandine Garnet*[216]‘ بە گرانێتی سور ناسراوە، لە خێزانی بەردە کانزاییەکانە، بۆ دروستکردنی خشڵ و بابەتی جوانکاریش بەکار هاتووە، ماددەی هەندێک لە مۆرە ساسانییەکانیشە.[217]

سەبارەت بە جۆری بەردەکان وەکو بەردی بەنرخ، یاخود بەردی پیرۆز و کانزاکان کە لە دروستکردنی مۆرەکاندا بەکارهاتوون، زۆربەیان بە کلتور و نەریت وبیرو باوەڕی ئایینییەوە پەیوەستکراونەتەوە، زۆرێک لە سەرچاوە کلاسیکییەکان دەیبەستنەوە بە ئایینی زەردەشتییەوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەک ئەوە پشتڕاست ناکاتەوە، بەڵکو زیاتر بەرەو ئەوەن ئەو نەریت و بیرو باوەڕانە لە میسۆپۆتامیاوە گوازراونەتەوە بۆ ساسانییەکان، یاخود لە ڕێگای بازرگانی و کانزاکارییەوە لە هیندستانەوە هاتوون، هەردوو وڵات پەیوەندییەکی پتەوی بازرگانی و کلتووری لە نێوانیاندا هەبووە، و کاریگەرییان لەسەر یەکترهەبووە، لە دەقەکانی سانسکریتی ئاماژە بە

---

[215]بۆ وردەکاری لە جۆری مادەکان بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

الحاج یونس، ریا، *المصدر السابق*، ص. 92-93.، هەروەها:

Ritter, *op. cit.*, p. 101.

Bivar, *op. cit.*, p. 35.

Gyselen, *Catalogue Des.......*, pp. 32-33.

[216] Almandine: لە وشەی ’ئەلەباندا Alabanda‘ی تورکییەوە هاتووە، لە ناوی شارۆچکەیەکەوە کە کەوتۆتە خۆرئاوای تورکیاوە داتاشراوە، بەڵام ئەم جۆرە بەردە سەرچاوەی تریشی هەیە، لە ناو ناوچەکانی سنوری ئیمپراتۆریەتی ساسانییدا، بە لایەنی کەمەوە هەنێک لە مۆرە ساسانییەکان لەم جۆرەیان دروستکراون کە سەرچاوەکەیان نیشتمانی ساسانییەکانە و لە دەرەوە هاوردەیان نەکردووە. بڕوانە:

Bivar, *op. cit.*, p. 36.

[217]Bivar, *ibid.* p. 36.

بازرگانی بەردی بەنرخ لەگەڵ کەنداوی فارس و لەگەڵ پارێزگای 'ئاسۆرێستان' یان بابل دەکەن، هەروەها لەگەڵ ڕۆژهەڵات و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیش.[218] سەبارەت بە ماددەکانی تری وەک کانزا، کەمە، ئەوانەی لە کانزا دروستکراون زۆربەیان لە شێوەی ئەڵقەی کانزاییدان[219] هەروەها شوشەش زۆر دەگمەنە، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک گێڕدراوەتەوە، بەڕای هەندێک تاکو کۆتای سەردەمی ساسانی لە ئێران پیشەسازی شوشە زۆر باونەبووە، هەروەها یەکێکی تر لە هۆکارەکانی کەمی مۆری شوشەیی تێچوون و کارکردن لەسەری زۆرتری تێ چووە بە بەراورد بە بەردە بەنرخەکان و پێویستی بە وردەکاری زیاترهەبووە و زووتریش گەڕبووە و ڕووشاوە.[220]

### شێوەی مۆرە ساسانییەکان

مۆرهەڵکەنە ساسانییەکان بەتەواوی شارەزای شێوازی مۆرەکانی سەردەمەکانی پێش خۆیان بوون، بە تایبەت سەردەمی هەزارەی یەکەمی پێش زاین، زۆر جار مۆرەکانیان هاوشێوەی قەبارە و شێوەی مۆرە ڕووتەختە بابلی و ئاشوورییەکان دروستکردۆتەوە، بەڵام خۆیان لەوە پاراستووە دەقاودەق لاسایی (کۆپی) ئەوان بکەنەوە،[221] بڕوانە وێنەی ٢و٣:



وێنەی ٢



وێنەی ٣

مۆری وێنەی ٢، SS 00145 مۆرێکی عەقیقی سوری ساسانییە، بەڵام مۆری وێنەی ٣، SS 00153 مۆرێکی عەقیقی خۆڵەمێشی سەردەمی بابلییە، شێوەی هەردووکیان تاڕادەیەک نزیکن لەیەکەوە.

هەروەها شێوەی جۆراوجۆر لە مۆرە ساسانییەکاندا هەن هەندێکیان ئەکرێت وەک شێوەی تایبەت بە ساسانییەکان لەقەڵەم بدرێن، لە شێوە باوەکان شێوەی 'هێلکەیی و شێوە گومەزیی یان شێوەی سەرەپەنجەیی، شێوە گومەزییەکان زیاتر لە عەقیق بەتایبەت عەقیقی سپی دروستکراون، هەروەها شێوە گومەزیی کونکراو، بە جۆرێکە کە فراوانی تیرەی کونەکەی لە نیوەی بەرزییەکەی کەمترە، هەروەها جۆرێکی تری دەگمەن هەیە شێوە نیوە بازنەیی یان شێوە هێلکەیی، پانییەکەیان لە نیوەی بەرزییەکەیان کەمترە، جۆرێکی تر'دوو لێوار

[218]Brunner, *op. cit.*, p. 45.
[219]Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings.......*, p. 19.
[220]Koji, K., “ Field Notes 1, on Sasanian Seals” *Journal of Asian and African Studies*, No, 12,(1976), p. 194.
[221]Ritter, *op. cit.*, p. 103.

double bezel‘یان هەیە، ئەم شێوەیە کەمێک چاڵی لە ڕووەکەیاندا هەیە.[222] زۆربەی مۆرە ساسانییەکان کونێکیان تێدایە، پەتیان تێکردوون و لە ملیان کردوون،[223] وەک مەدالیاش بەکارهێنراون.[224]

بەڵام لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییانەش کە باسکران، یەکێک لەو دژوارییانەی دێتە ڕێی لێکۆڵینەوەکانی مۆری ساسانیی دیاریکردنی سەردەمەکانیانە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لێکۆڵینەوە و ناساندنی مۆرە ساسانیەکان زۆر نییە دەستی پێکردووە، هێشتا دەتوانین بڵێین لە قۆناغەکانی سەرەتای توێژینەوەی مۆرە ساسانییەکانین و بۆیە سروشتی یە کە لە نێو توێژەرانی ئەم بوارە ڕا و بۆچونی جیاواز بەرچاو بکەوێت، ئەم جیاوازیانە زیاتر لە دیاریکردنی تەواوەتی مێژووەکەیاندایە،[225] بەتایبەت ئەوانەی نووسینیان لەسەر نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون کۆمەڵێک لە شێوەکان یارمەتیدەرن لە دیاریکردنی سەردەمەکانیان.[226] هەرچەندە کۆمەڵێک بڕین لە شێوەی مۆرەکان هەیە، کە ناسراون لە شێوە ڕۆمانییەکانیشدا، بە تایبەت سەدەی سێیەم وچوارەم، ئەویش بەهۆی تێکەڵاوی زۆری ڕۆمانییەکان لەگەڵ کۆمەڵگای ساسانی بە تایبەت لە سەردەمی شاپوری یەکەم کاتێک دیلە ڕۆمانییەکانی هێناوە، هەروەها لە سەردەمی خەسرەوی یەکەمیشدا، بەڵام تاڕادەیەک مۆرهەڵکەنە ساسانییەکان توانیویانە تایبەتمەندی ساسانییەکانی تیا بپارێزن بە تایبەت لە ڕووی دیمەن وجلوبەرگی کەسایەتییەکانی سەر مۆرەکان.[227]

سەبارەت بە لێکچونیش لەگەڵ مۆرە ئەشکانییەکان هەندێک جار قورسە لێکجیاکردنەوەیان، چونکە ئەشکانییەکان دەسەڵاتی پێش ساسانییەکانن، و کاریگەری زۆریان لەسەر مۆرە ساسانییەکان بەجێهێشتووە، بۆ نمونە کۆمەڵێک بڕینی شێوە ئەشکانی لە مۆرە ساسانییەکاندا بەدیدەکرێت ئەمەش ڕەنگە بە هۆی ئەوەوە بوبێت، کە کۆمەڵێک مۆر یاخود بەردی بڕدراوی ئامادەکراوی سەردەمی ئەشکانی لای پیشەوەرەکان مابنەوە، و لە سەردەمی ساسانیشدا بەکارهاتبنەوە، یاخود بە شێوەی دەستاودەستکردن بۆ سەردەمی ساسانیی گوازرابنەوە، [228] (بڕوانە سێ مۆری سەرەتای بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە (مۆری ١، مۆری ٢، مۆری٣).

هەروەها سەبارەت بە پێکهاتەی ڕەنگی مۆرە ساسانیەکان، ئەگەر بەراوردیان بکەین لەگەڵ مۆرەکانی هەزارەی یەکەمی پێش زاین تێبینی گۆڕینی پێکهاتەی ڕەنگی بەردی مۆرەکان ئەکرێت، بۆ نمونە مۆرەکانی بابلی و ئەخمینی[229] زیاتر ڕەنگەکانیان بریتین لە سپی شیری و شین، هەروەها ’عەقیقی پەمەیی‘ *(Rosy chalcedony)*، بەڵام مۆرە ساسانییەکان زیاتر ڕەنگەکانی سور و قاوەیی تۆخ، خۆڵەمێشی، بەردی کانزای

---

[222]Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings*......., p. 18.

[223]حسنی، میرزا محمد، "معرفی مهر امارگر ومهر مدافع دریشان ایالت کومش در دوره ساسانی"، *فصلنامه فرهنگ قومس، شماره ۵۷*، (١٣٩٤)، ص. ١٨٥.

[224]Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings*......., p. 19.

[225]ده پهلوان، مصطفی و هندیجانی، محمد قنواتی ، "تأملی در برخی نقش مایه های نمادین حیوانی بر مُهرها و گِلمهرهای ساسانی، نمونه‌های مورد پژوهش، مُهرها و گِلمهرهای ساسانی موزۀ مقدم " *مطالعات باستان شناسی*، دورۀ 7 ، شمارۀ، 2، دانشگاه تهران، پاییز و زمستان (1394 )، ص.٤٩.

[226]Brunner, *op. cit.*, p. 18.

[227]Bivar, *op. cit.*, pp. 21-22.

[228]Bivar, *op. cit.*, pp. 13-14.

[229]مۆرە ڕووتەختە ئەخمینیەکان بە تەواوی جیاوازن لە مۆرە ساسانییەکان لە ڕووی پێکهاتە و نەخشەوە، لە کاتی بەراوردکردندا بە ئاسانی لێکجیادەکرێنەوە، لە ڕووی نەخش و دیمەنەوە جلوبەرگی کەسەکانی سەر مۆرە ئەخمینییەکان بە تەواوی شێوازی ئەخمینین و لە ساسانییەکان جیاوازن. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر مۆرە ئەخمینیەکان بڕوانە:
Collon, D., and Curtis, J., " Some Bronze Stamp Seals of Achaemenid Date", *At the Dawn of History, Ancient Near Eastern Studies,* in Honour of J. N. Postgate, ed. Yağmur Heffron, Adam Stone, and Martin Worthington., *vol. 2,* Winona Lake, Indiana : Eisenbrauns, 2017, pp. 765-779.

هیماتایت، هەروەها کوارتزی ڕەنگ تاریکیان تێدابەربڵاوبووە.[230] لەگەڵ ئەوانەشدا شێوازی مۆرە کارگێڕییەکان لە شێوەی مۆرەکانی گشتی خەڵک جیاوازن.[231] مۆرە کارگێڕییەکان تاڕادەیەک قەبارەیان گەورەترە لە مۆرە کەسییەکان، و بە تایبەت زۆربەی مۆری یەکە کارگێڕییەکان شێوە و قەبارەیان لەیەکەوە نزیکە، وە زۆر جار وەک نقێمی موستیلە جێگیرکراون، لە کاتی مۆرکردنەکانیاندا شوێنی گیرەی مستیلەکە لە سەرلێواری مۆرەکە لەسەر جێ مۆرە گڵینەکان دەرچووە.[232] ئەگەر بێینە سەر پۆڵێنکردنی سەردەمی مۆرە ساسانییەکان تاڕادەیەک ئەم بابەتە ئاسان نییە، بەتایبەت ئەو مۆرانەی کە نووسینییان لەسەر نییە، بەڵام بە پێی ئەولێکۆڵینەوانەی کراون لەسەر نەخش و شێوازی مۆرەکان، تارادەیەک دەتواندرێت بەم شێوەیە پۆڵێن بکرێن:

١-شێوە لێوار ئەڵقەییەکان (Ring bezels) سەدەی سێ - چواری زاینی.

٢-شێوەهێلکەییەکان (Ellipsoids) سەدەی چوار –پێنج

٣-بەردە ئەڵقییەکان (Stone rings) سەدەی چوار-پێنج

٤-شێوە گومەزییەکان (Domes) سەدەی پێنج- شەش.[233]

هەروەها شێوازی جۆراو جۆری تریش بەدیدەکرێت وەک لێوار چوار گۆشە، سێگۆشە ، تەخت، و شێوە ڕووچاڵ، لاکێشەی شێوە لەبزینەیی.[234] شێوە ناڕێکیش هەیە کە یاسایان نییە بۆ پۆڵێنکردنیان، سەبارەت بە شێوە نقێمییەکان لە سەردەمی ساسانییەکاندا ئەڵقەکان لە کانزا یاخود زێڕ دروستدەکران، چاڵاییەک لە سەری ئەڵقەکە هەبوو، بەم جۆرە مۆرانە پردەکرانەوە، هەم وەک جوانکاری و وەکو مۆریش بەکاردەهاتن، ئەم شێوازانە لەلایەن ئەشکانیەکان و ڕۆمانییەکانیش بەکارهاتوون، هەروەها ئەم شێوە نقێمیانەش دابەش دەکرێن بەسەرچەند جۆرێکدا، جۆرێکیان بنکەیەکی بازنەیی ڕێکیان هەیە، ڕووی مۆرەکە تەختە و بۆ پێشەوە چەماوەتەوە.[235] هەروەها شێوە لاکێشە، چوار گۆشەو شێوە ئەندازەیی جیاوازیان تیا ئەبیندرێت، هەشە شێوەیەکی هێلکەیی یان لەبزینەی هەیە، ئەم شێوە جۆراوجۆرانە زیاتر لەسەر جێ مۆرە گڵینەکان بەتەواوی دەبیندرێن، سەبارەت بە شێوە هێلکەییەکان هەیانە خودی بەردەکەی نەخشێندراوە، هەشیانە سادەیە.[236] هەروەها هەندێک لە توێژەران مۆرە ساسانییەکان بە پێی لێکچوون و نزیکیان و بە پێی کاریگەرییە سیاسییەکان بەسەر سێ قۆناغدا دابەشیان کردوون:

١-سەرەتای سەردەمی ساسانی- لە ئەردەشێری یەکەم بۆ شاپوری دووەم (٢٢٦-٣٧٩ ز.).

٢-ناوەڕاستی سەردەمی ساسانی- ئەردەشێری دووم بۆ قوبادی یەکەم (٢٧٩-٥٣١ ز.).

٣-کۆتای سەردەمی ساسانی –خەسرەوی یەکەم بۆ یەزدەگردی سێیەم (٥٣١-٦٥١ ز.).[237]

---

[230]Ritter, *op. cit.*, p. 102.
[231]Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings.......*, p. 73.
[232]بڕوانە بەشی پێنجەمی ئەم توێژینەوەیە.
[233]Brunner, *op. cit.*, p. 8.
[234]Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings.......*, p. 73.
[235]Bivar, *op. cit.*, p. 21.
[236]بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شێوەی مۆرە ساسانییەکان بڕوانە :
Bivar, *op. cit.*, pp. 22-23.
[237]Brunner, *op. cit.*, p. 9.

## تەوەرەی سێیەم

## نەخش و دیمەنی سەر مۆرە ساسانییەکان

بەکارهێنـــانی مـــۆر و جـــێ مۆرەکـــان لەلایەن تـــاکە کەســـەوە یـــاخود لەلایەن دامودەزگـــا و بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە وەکو ئیمزای کەسەکە وابووە، و مانای مۆرەکان بۆ خاوەنەکانیـان وەک نووسینی نـاوی خۆیـان وابـووە، هێمـا و نەخـش و دیمەنـی سـەر مۆرەکـان جـا هەر جۆرێـک بـووبن، واتـایەکی تایبەتیـان بـۆ خاوەنەکانیـان هەبـووە.[238] هەروەهـا ئەو هێمـاو دیمەنـانەی سـەریان هەڵقـوڵاوی بـابەتە بـاو و کلتورییەکـانی ساسانییەکان خۆیـان بـوون، بە گشـتی دیمەن و نەخشـەکان لە پێکهـاتەی هونەری ساسـانی وەرگیـراون، یـاخود شـێوەی گشـتی هـونەری ساسـانیین.[239] هەروەهـا زۆرێـک لەو دیمەنـانە لەسـەر نەخشـی بـابەتە هـونەرییە ساسـانییەکانی تری وەکو نەخشـی سـەر گەچ و بـابەتە کانزاییەکـان و بەردە هەڵکۆڵراوەکـانی نەخشـی قەدپاڵی چیاکانیش بەدی دەکرێن.[240]

هەروەها لە پاڵ چینی گشتی خەڵکدا پاشایان و خانەدانانیش ئەو هێما و نیشانانەیان بەکارهێناوە، کە مانا و بەهـای کلتـوری و نەریتییـان هەبـووە و ناسـراون، هەنـدێکیان وەک پڕوپاگەنـدە بەکـار هێنـراون،[241] یـاخود هەندێک جار پەیوەندیان بە لایەنی بیروباوەڕیانەوە هەبووە، یاخود ئەو شتانە بوون کە بەلایانەوە گرنگ بوون، هەنـدێک دیـمەن ڕەنـگە خاوەنەکانیـان تەنهـا وەک نمایشـێک یـاخود پیشـاندانێک بە خەڵکـی هەڵیانبژاردبێـت، هەنـدێکی تریشـیان ڕەنـگە لێکدانەوەیەکی قوڵتریـان هەبووبێـت، یـان کەمتـر کـارگێڕیی و فەرمیـی بـووبن.[242] هەندێکیشیان وەک سەرکەوتن و نیشانەی مژدە بەخشی بەکارهێنراون، هەندێکیشیان لە تێکستە کۆنەکانی وەک 'بوندەهیشـــن *Bundahišin/Bundahishn*' و 'دێنکـــارد *Dénkard*' و هەندێکیشـــیان لە دەقەکـــانی ئاڤێســـتا وەرگیـراون.[243] زۆرجـار ئەشـێت نەخشـی سـەر مۆرەکـان هاوشـێوەی یەک بـن لە چەنـد نمونەیەکـدا لە توێژینەوەکاندا دەرکەوتووە، تەنانەت ناوی سەر مۆرەکانیش هاوشێوەن، دیمەنی سەر مۆرەکان زۆرجار هێندە زانیـاری لە خـۆدەگرن وەک ئەوەی گـوێ لە داسـتانە ئەدەبییە کۆنەکـان بگـرین.[244] تیایانـدایە لە سـەرچاوە ئەدەبییەکانیش پشتڕاستکراونەتەوە، بەڵام هەندێک جار مۆر و جێ مۆرەکان سەرچاوەی کۆمەڵێک زانیارین کە بە ئاسان لە سەرچاوەی ترەوە دەستناکەون.[245]

سەرەڕای ئەوەی کە بابەتی سەر مۆرەکان بە گشتی هەڵقوڵاوی هونەر و کلتوری ساسانی بوون، بەڵام جارو بار کاریگەرییە دەرەکیەکان لەسەر مۆرە ساسانییەکان دەبیندرێن، هەرچەندە ڕێژەیەکی کەم لە ئەم کاریگەریانە لەسەر دیمەنەکانی سەر مۆرەکان دەرکەوتوون، ئەمە ڕوون نییە، ئایە ساسانییەکان خۆیان ئەم نەخش و هێمایانەیان وەرگرتووە(؟) یاخود بە تێپەڕبوونی کات تیکەڵاوی هونەری ساسانیی بوون، سەرەڕای ئەوەش، ڕوون نیە ئایە ساسانییەکان خۆیان وایان کردووە ئەو جیاوازییە ببیندرێت، یاخود تێکەڵی ناو هونەری ساسانیی بوون و بۆیان جیانەکراونەتەوە، بە هەرحاڵ هەندێک شێوەمان هەیە کە بە تەواوی ساسانیی نین،

---

[238]Frye, R. N., *Sasanian Remains From Qasr-i Abu Nasr, Seals, Sealing, and Coins,* Cambridge, 1973, p. 53.

[239]Brunner, *op. cit.,* p. 10.

[240]Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings.......,* p. 8.

[241]Brunner, *op. cit.,* pp. 9-10.

[242]Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings.......,* p. 8.

[243]Brunner, *op. cit.,* p. 10.

[244]Bivar, *op. cit.,* p. 12.

[245]Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings.......,* p. 8.

یەکێک لە هۆکاری ئەو تێکەڵبوونەش ئەوە بووە ساسانییەکان جگە لە زمانی پەهلەوی ساسانیی کە زمانی فەرمیی دەوڵەتی ساسانیی بووە، زمانی تری وەکو ئەشکانی *Parthian*' و 'عیبری *Hebrew*' 'ئارامی Aramic' و 'سریانی Syriac'یشیان بەکارهێناوە، سەرەڕای هەموو تایبەتمەندیی نەخشە ساسانییەکان، لێکچونیش هەیە لەگەڵ هونەری ناوچەکانی تر، بۆ نمونە دیمەن و هێماکان لێکچونیان هەیە لەگەڵ هێماکانی نووسینی وێنەیی هیرۆگلیفی.[246] هەروەها پێویستە بابەتەکانی سەر مۆرە ئەخمینی و سلوقییەکانیش لە لێکۆڵینەوەی مۆرە ساسانییەکاندا بەهەند وەربگیرێن، بەڵام بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون، لەسەر مۆرە ئەخمینی و سلوقییەکان، بە پێچەوانەی سکەکانیانەوە هیچ مۆنۆگرامێکی یەک پیتی یان هاوشێوەی ئەوەی ساسانییەکانیان تیا نابیندرێت، بەڵکو زیاتر وێنەی کەسیی یان ئاژەڵیین، لەگەڵ ئەوەی سکە سلوقییەکان وێنەی یەک پیتیان لەسەرە، بەڵام لەسەرهیچ کام لە مۆر و جێ مۆرەکانیان نابیندرێن، هەروەها ئەوە دەرکەوتووە، ئەشکانییەکان لە مۆرەکانیاندا لاسایی مۆرە ئەخمینییەکانیان کردۆتەوە.[247]

بە شێوەیەکی گشتی مۆرە ساسانییەکان دابەشدەبن بەسەر دوو کۆمەڵەدا

١-**مۆرە کەسییەکان** ئەم جۆرەیان وەک ئیمزا و مۆری تاکە کەس بەکار هاتوون، بەوە دەناسرێنەوە زۆر سادەترن، بە گشتی بابەتەکانی سەریان لە نەخشی تاکە ئاژەڵێک، یاخود ڕووەکێک، باڵندەیەک یاخود کورتکراوەی ناوی کەسیی پێکدێن، زۆر جار لە ناو ئەم مۆرانەشدا جیاوازی لە ڕووی چۆنیەتییەوە بەدیدەکرێت ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئاستی بژێوی و پلەی کۆمەلایەتی کەسەکان، لە ناو ئەم جۆرەدا ڕێژەیەکی زۆر مۆری پیاوانی ئاینی بەدی دەکرێن.

٢-**مۆرە فەرمییەکان** بریتین لە مۆری فەرمانگە یان یان مۆری کەسیی فەرمانبەر و خاوەن پێگەی فەرمی لە دامودەزگا فەرمییە میرییەکاندا، وەک مۆری پاشا، کوڕی پاشا، دادوەر، سەرجەم دەسەڵاتدار و خاوەن پێگەکانی دامودەزگاکانی تری دەوڵەت و مۆری فەرماندە سەربازییەکان، ئەمانیش بەوە جیا ئەکرێنەوە ناوی فەرمانگە و ئیشەکەیان و ناوی خۆیان زۆربەی جار لەسەر مۆرەکانیان نوسراوە، یاخود هێما *(monogram)* یکی تایبەت لەسەر مۆرەکانیان هەڵکۆڵراوە.[248] ئەم جۆرەیان لە ڕووی قەبارەوە بە زۆری لە جۆری یەکەم (مۆری تایبەت) گەورەترن.[249] هەروەها ناوی شوێنی خاوەن مۆرەکە (یەکەی کارگێڕی) ناوچەکەی لەسەر نووسراوە، دەتوانین بڵێین ئەم جۆرەیان زۆربەیان تەنها نووسینیان لەسەرە و خاڵین لە وێنە، و زۆر گرنگن بۆ زانیاری لەسەر بەڕێوە بردن وجوگرافیای کارگێڕی ناوچەکان.[250] هەندێک لە کاربەدەستان خاوەنی مۆرێک زیاتر بوون، مەسعودی ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە، کە خەسرەوی یەکەم خاوەنی چوار مۆری جیاواز بووە، بۆ مەبەستی جۆراوجۆر، هەروەها خەسرەوی دووەم بۆ ئیشوکاری جیاواز خاوەنی نۆ مۆر بووە، هەروەها دەڵێت نەخش و دیمەنی سەر هەر مۆرێکیان جیاواز بوون بابەتی تایبەتیان لەسەر هەڵکۆڵراوە.[251] ئەگەر بەچاوێکی فراوان سەیری ئەو بابەتە بکەین بەتایبەت بۆ خودی خەسرەوی یەکەم و خەسرەوی دووەم، چونکە لە سەردەمی ئەم دوو پاشایەدا دەسەڵاتی دەوڵەتی ساسانیی گەیشتۆتە لوتکە و سنورەکانیان زۆر فراوانکراون، بەتایبەت خەسرەوی دووەم کە دەستی بەسەر سنوری زۆر وولاتدا گرتووە،

---

[246]Brunner, *op. cit.*, p. 10.
[247]Frye, *Sasanian Remains.......*, p. 55.
[248]Frye, *Sasanian Remains.......*, pp. 47, 49.
[249]Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings.......*, p. 25.
[250]دە پهلوان، و هندیجانی، همان، ص.٥٠
[251]المسعودي، *المصدر السابق*، ص. 267، 279 .
Bivar, *op. cit.*, pp. 31-32.
Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings.......*, p. 28.

بۆیە ئاساییە ئەگەرخاوەنی مۆری جیاوازبووبێت، بۆ کارە جیاوازەکانی ڕەنگە بۆ ئیشوکاری فەرمی ئەو ناوچانەی لە دەرەوەی سنوری ئیران بوون، مۆری تایبەتی بەکارهێنابێت.

هەروەها بەڵگەش هەیە کە هەندێک لە سپاهبێدەکان دوو مۆریان هەبووبێت، بۆ نمونە سپاهبێد 'وەهرام / ئادورماهەن Wahrām / Adurmāhan'و' ویستەهام(ویستەخام) Wīstaxām' خاوەنی دوو مۆر بوون.[252] لەم توێژینەوەیەدا ئەوەمان پشتڕاستکردۆتەوە کە هەندێک لە کاربەدەستەکان لەیەک کاتدا خاوەنی دوو مۆری جیاواز بوون، بۆ نمونە 'وەهرام ئادورماهەن' خاوەنی مۆرێکی کەسی بووە، کە ناوی هیچ پێگەو پۆستێکی لەسەر نەبووە (بڕوانە بەشی چوارەم، وێنەی جێ مۆری15)، هەروەها خاوەنی مۆرێکی فەرمیش بووە، کە پۆستی سپاهبید بووە، ئەم پۆستەی لە سەردەمی دوو پاشای جیاوازدا هەبووە (بڕوانە بەشی پێنجەم، وێنەی جێ مۆری32، جێ مۆری33).

کۆمەڵێکی زۆر نەخش و دیمەنی جۆراو جۆر لەسەر مۆرە ساسانییەکان دەردەکەون، هەریەکەیان چەندین لێکدانەوەی کەسی و ئایینی و ئەفسانەی بۆ دەکرێت، بە گشتی پێکهاتوون لە وێنەی کەسی، نەخشی ئاژەڵی، نەخشی ڕووەکی، نووسین و پیتە کورتکراوەکان، دیمەنی ڕووەکی گوڵ و جۆرەکانیان، وێنەی باڵندەی جۆراو جۆر، هەروەها بابەتە ئەفسانەیی وداستانییەکانی ناو ئایین و کۆمەڵگای ساسانی.

### ١-دیمەنە مرۆییەکان

دەرکەوتنی وێنە مرۆییەکان لەسەر مۆرەکان دابەش دەکرێت بەسەر وێنەی پیاو و ئافرەتدا، هەندێک جار وێنەی ئافرەت و پیاو پێکەوە، یان دیمەنە مرۆییەکان و دیمەنە ئایینی و نەریتییەکان پێکەوە دەرکەوتوون.[253] دەرکەوتنی ئەم جۆرە وێنە کەسییانە لە سەردەمی ساسانییەکاندا بۆ سەردەمی ئەردەشێری یەکەم دامەزرێنەری ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی دەگەڕێتەوە، کە وێنەی خۆی لەسەر سکەکانی دانا، هەرچەندە ئەم نەریتەیان لە ئەشکانییەکانەوە وەرگرتووە، بەڵام گۆڕانکارییان تێداکردووە، بە جۆرێک لای ئەشکانییەکان وێنەی پاشاکان ڕووە و لای چەپ بوون، بەڵام لە سکە ساسانییەکاندا ڕووەو لای ڕاست گۆڕییان.[254]

بەهەمان شێوە ئەم جۆرە وێنەکردنەی لە ناوقەد بۆ سەرەوە یان تەنها بەشی سەرەوەی شان و ملی کەسەکە لەسەر مۆرەکانیش بەکارهاتووە، بە گشتی بەکارهێنانی وێنەی نیوەی جەستەی مرۆڤ لەسەر مۆرە شێوە مستیلەییەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەندا تەنها لە دوای دەستپێکردنی سەردەمی سلوقی بە دواوە باوی پەیداکرد، و لە سەردەمی ساسانییشدا بەردەوام بوون، بەڵام بە کۆمەڵێک جیاکاری و تایبەتمەندیەوە، لەو تایبەتمەندییانە شێوە و قەبارەیان گەورەتر کراوە، بۆیە تواندراوە وردەکاری زیاتر لەسەریان بنەخشێندرێت، لە شێوەی ڕیش و تاج یان کڵاو و بابەتە جوانکارییەکانیان، و لەسەر سکەکانیشیان بەهەمان شێوە.[255] لەگەڵ ئەوانەشدا وێناکردنی وێنە کەسییەکان لەسەر مۆرەکان پێناسەیەکی تەواو کەسیی بووە، هەرچەندە بە نەریت و کۆتوبەندە چینایەتییەکانەوە پەیوەستیش بووبن، بەڵام وێنەی کەسەکە دووپاتکردنەوەی ناسنامەی خاوەن مۆرەکە بووە.[256] هەروەها زۆرجار ناوی کەسەکە و نازناو و پلە و پێگەی خاوەنەکەی لەسەر مۆرەکەی نوسراوە.[257]

---

[252]Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings.......*, p. 29.
[253]Brunner, *op. cit.*, p. 49.
[254]Soudavar, Abolala,"The Vocabulary and Syntax of Iconography in Sasanian Iran" Article *in Iranica Antiqua*, vol. 44, (2009), p. 418.
[255]Frye, *Sasanian Remains.......*, p. 66.
[256]Brunner, *op. cit.*, p. 9.
[257] Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings .......*, p. 8.

## ٢-بابەتە ئەفسانەیی و داستانییەکان

نیشانە و ئایکۆنۆگرافی ئایینیی و خواوەندەکان بەتایبەت ئاهورامەزدا و خواوەندەکانی ئایینی زەردەشتی وئاینی میترایی و ئاینەکانی تریش بەشێکی زۆری هونەری ساسانییەکان پێکدەهێنن، هەروەک لە نەخشە چیاییەکانی نەقشی ڕەجەب و ڕۆستەم و تاقوستان (تاق-بوستان) و زۆرێک لە نەخشەکانی تری سەردەمی ساسانیدا بەڕوونی دەردەکەون.[258] ئەم گرینگی پێدانە زۆر جار لە ڕێی پەیڕەوی ڕێوڕەسمە ئاینییەکان و ڕەنگدانەوەی نیشانە گەردوونییەکان و بونەوەرە ئەفسانەییەکان و ململانێی خێر و شەڕ وێناکراون.[259] ئەم دیمەنە ئەفسانەییانە بەشی هەرەزۆری دیمەنی مۆر و جێ مۆرە ساسانییەکانی ناو ئەم توێژینەوەیە دەگرێتەوە وەک بابەتی ئاژەڵە ئەفسانەییەکانی وەک شێر، گای باڵدار، هەروەها ئاژەڵە ئەفسانەییە لێکدراوەکانی (مرۆڤ و ئاژەڵ)، بابەتی ئەفسانە ئاینییەکان وەک ئەفسانەی (گایۆمەرد)، هەروەها بابەتی کۆمەڵی گوڵ و درەخت و باڵندەی جۆراو جۆر زۆریان بەستراونەتەوە بە بیرو باوەڕی ئایینی و نەریتی کۆمەڵایەتیەوە.[260]

## ٣-دەستەواژەکان و هێماکان

دەستەواژەکان بەشێوەیەکی ئاسایی دوو یان سێ یان کۆمەڵێک پیتی پەهلەوین، کە ئاماژەن بۆ دەربڕینی ناوێک یا چەند ناوێک، هەندێک جار لێکدانەوەیان قورسە.[261] ئەم دەستەواژانە زیاتر لەسەر مۆری کەسی بەکارهێنراون، ئەمانەش کۆمەڵێک نمونەن، کە زۆربەیان مانا و هیوای خواستنی باشە ئەبەخشن، 'یوم شپری *'YWM ŠPRY* بەواتای "ڕۆژێکی خۆش"، ئەم دەستە واژەیە زۆر بەربڵاوە بە تایبەت لەگەڵ ناوی تاکە کەس، زۆر دووبارە ئەبێتەوە، وەکو دەستەواژەیەکی سڵاوکردن باو بووە، هەروها وشەی 'لاست/ڕاست *'L'ST, rāst* بە واتای "ڕاست" دێت، بەڵام وشەی 'لەستی/ ڕاستی *'l'sxyty, rāstīh* بەواتای "ڕاستی/ دادپەروەری" هاتووە.[262] وشەی 'ئەبزون *abzōn*' بە واتا "زیادکردن، گەورەبوون، کۆی گشتی داهات". هەروەها هاو واتای ئەم وشەیە وشەی 'ئەبدود *abdūd*' بەمانای "زۆر بوون" و هەندێک جاریش وشەی 'ڕۆزیک *rōzīg*' بەواتای "بەشی ڕۆژانە یان ڕۆزی" هاتووە.[263] هەروەها کۆمەڵێک وشەی تری وەک 'درۆد *'drōd* بە واتای "ئاشتی"، وشەی 'وێهـ-ڕۆژ *weh rōz*' بەواتای "ڕۆژی خۆش یان ڕۆژی باش"، هەروەها وشەی 'یووان وێن *yuwān*

---

[258]Compareti, M., "Iconographical notes on Some Recent Studies on Sasanian Religious Art " With an additional note on an Ilkhanid monument, by Rudy Favaro, *annali di ca' foscari, xlv,* 3, (2006), p. 170.

[259]Brunner, *op. cit.*, p. 10.

[260]بۆزانیاری زیاتر لەسەر دیمەنی مۆرە ساسانییەکان بڕوانە ئەم سەرچاوانە:
Gignoux, Ph, & Gyselen, R., *Bulles et Sceaux Sassanides de Diverse Collections, Association pour L'avancement des Études Iraniennes*, paris, 1987, pp. 242,250.
Gyselen, *Catalogue Des*......., pp. 36-40.
Brunner, *op. cit.*, p. 51-61
Frye, *Sasanian Remains*......., p. 85.

[261]Frye, *Sasanian Remains*......., pp. 53-54.

[262]Bivar, *op. cit.*, pp. 19-20.

[263]Macuch, M., *Sasanian Persia and the Tabarstan Archive,* Pubiépar le Groupe pour l'Étude de la Civilisation du Moy-Orient, *Res Orientales*, vol. xxxvll, (2019), p. 120.

واته "متمانه به خوا (پشت *wén*ʾ واته "بڕوانه بۆ ڕۆح"، وه ʼئەبێستان ئۆ- یەزدان*abestān ō yazdan*ʿ بەخوا)" [264]( بڕوانه بەشی سێیەم (مۆری.٧) مۆری ژماره SS.00333) ئەم دەستەواژەیەی لەسەر نوسراوه.

### ٤-هێماکان (مۆنۆگرامەکان)

له وشه یان ناوەکان یان کورتکراوەکانیان له شێوەی نەخشێک یان له شێوەیەکدا به پیته پەهلەوییەکان نەخشێندراون، هەندێک جار له نەخشێکەوه بۆ نەخشێکی تر دەگۆڕێن، و تێک ئاڵاون و پێکداچوون له شێوازو ڕێکخستنیاندا هەیه، هەندێک جار هێنده گرینگی به ڕازاندنەوەیان دراوه، پیتەکانی فارسی ناوەڕاست به سەختی ئەناسرێنەوه.[265] بەڵام هەندێکیان به ئاسانی ئەخوێندرێنەوه. هێماکان له پێش سەردەمی ساسانییەکانیشەوه وەک سەردەمی ئەخمینی و ئەشکانییەکان بەکارهێنراون، و پیته یۆنانییەکانیش لەسەر سکه سلوقی و یۆنانییەکان[266] بەکارهاتوون، بەڵام لەسەر مۆرەکانیان بەکارنەهێنراون.[267] سەرەڕای ئەوەش کورتکراوەی ناوەکان جگه له ناوی کەسەکان بۆ کورتکردنەوەی ناوی شوێنەکانیش بەتایبەت لەسەر سکه ساسانییەکان بەکارهاتوون، بەزۆری ناوی ئەو شارەی که سکەکەی تیا لێدراوه.[268] کۆمەڵێک هێماو دیمەن لەسەر نەخشه چیاییەکانی ساسانی دەرکەوتوون که واڵێکدراونەتەوه که نیشانەی سەربازیی بووبن بۆ جیاکردنەوەی پله سەربازییەکان له یەکتر بەکارهێنرابن.[269] ئەو هێمانەیان بەخشیوه به سەربازەکانیان و فەرماندەکانیان وەکو پله بەرزکردنەوه و ڕێزلێنان، هەروەها مێژووی ئەم نیشانه سەربازییانه درێژه پێدەری سەردەمی ئەخمینین زۆربەی ئەم هێمایانه لەسەر مۆرو جێ مۆرەکان بەڕوونی دەردەکەون، زۆربەی ئەو هێمایانه له سەرەتای ساسانییەکاندا به هێمای بنەماڵەیی لێکدراونەتەوه، بۆ نمونه کۆمەڵێک لەو هێمایانه لەسەر نەخشی قەدپاڵی چیاکان لەسەر کڵاوەکانیان یان لەسەر ئەسپەکانیان دەرکەوتوون، هەرچەنده ئەو گریمانەیه زیاتر زاڵه که زۆرێکیان نیشانەی بنەماڵەی بن تاکو هێماو نیشانەی تاکەکەسی.[270] به پێی نەخشەکان بەم شێوەیه ئاماژه بۆ هەندێک لەو نیشانانه کراوه:

ئەمانه کۆمەڵێک لەو هێمایانەن[271]

[264]Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings.......,* p. 79.

[265]بڕوانه بەشی چوارەمی ئەم توێژینەوەیه.

[266]بۆ زانیاری لەسەر پیتەکانی سەرسکه یۆنانییەکان بڕوانه:
Plant, R., .*Greek Coin Types and Their Identification*, London, 1979, p. 12.

[267]Frye, *Sasanian Remains.......,* pp. 53-54.

[268]أمینی، أمینی، *همان*، ص.٨٠.

[269]کریستێنسێن، *سەرچاوەی پێشوو*، ل.٢٧٤.

[270]Frye, *Sasanian Remains.......,* p. 55.

[271]حمید، انور، *المصدر السابق*، ص. 252.



وێنەی ٤ بەشێک لە هێما ساسانییەکان وەرگیراوە لە

Farrokh، K and ,etial., “ An Examination of Parthian and Sasanian military Helmets............p. 163.

(١) هێمای بنەماڵەیی ئەردەشێرە، لە فەیروز ئاباد دەرکەوتووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بەشی پێنجەمی ئەم توێژینەوەیە ئەم هێمایە لە جێ مۆری ژمارە (SI.01291) بەدی دەکرێت، کەوەک هێمای خواند ئەپام نەپات لێکدراوەتەوە،(بڕوانە بەشی پێنجەم جێ مۆری٤٦).

(٢) نیشانەی بنەماڵەیەکی نە ناسراو یان یەکەیەکی سەربازی، بڕوانە جێ مۆری ژمارە (SI.01291). دوو مۆری لەسەرکراوە کەهەردوو هێمای ژمارە (١،٢)ی ئەنوێنن.

(٣) نیشانەیەکی ساسانیی نەناسراو، (٤،٥) نیشانەیەکی بنەماڵەی نەناسراو یان یەکەیەکی سەربازییە (بڕوانە جێ مۆرەی ژمارە (SI.00287). (٦) ئەردەوان لە فەیروز ئاباد دەرکەوتووە. (٧) شاپوری یەکەم ،(٨) بازنەی خۆر لەسەر ئاڵا و شمشێرەکان دەرکەوتووە، (٩)هێمای خانەدانێک و بەهرامی دووەم لە نەقشی ڕۆستەم، (١٠) نیشانەیەکی بنەماڵەیەکی نەناسراو یان یەکەیەکی سەربازی، (١١)هورمزدی دووەم، (١٢)هێمایەکی زەردەشتییە ڕەنگە لە بنچینەدا میترایی بێت. (١٣) شاپوری یەکەم.[272] هێمای مانگ و ئەستێرە هەندێک جار وەکو نەخش و ڕازاندنەوە بەکار هاتوون، زۆرجاریش لەسەر کڵاوەکان دەرکەوتوون.[273]

**٥- توخمە ڕووەکییەکان**

بەگشتی توخمە ڕووەکییەکان لە پێکهاتەکانی هونەرە جۆراو جۆرەکانی تری ساسانییدا، وەک هونەری سەر بەرد، هونەری سەر گەچ وهونەری سەر زیو ماددەکانی تریشدا ڕەنگدانەوەی بەرچاویان هەبووە، هەروەها ئەم توخمە بە شێوەیەکی بەرچاو لەسەر مۆرەکانیش ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نمونە گوڵەکان بە ئامرازی سەرەکی ڕازاندنەوە دادەندرێن، زۆر جۆر گوڵی جۆراوجۆر بەدی دەکرێن، بەڵام گوڵە هەنار وگوڵە زەنبەق و

[272]Farrokh، K , et.al., “ An Examination of Parthian and Sasanian military Helmets (2nd century BC-7th century CE)” *Crowns, hats, turbans and helmets, The headgear in Iranian history*, volume I: Pre-Islamic Period ,ed. Katarzyna Maksymiuk and Gholamreza Karamian, Siedlce/Tehran, 2017, p. 163.
[273]Frye, *Sasanian Remains.......*, p. 55.

لۆتس (نیلۆفەر) بە شێوەیەکی سەرەکی دەردەکەون، گوڵ و درەختەکان گرنگییەکی بەرچاویان بۆ مرۆڤایەتی هەبووە، بۆ نمونە بە سەرچاوەی خۆراک و دەرمان بۆ مرۆڤ دادەندرێن.[274] هەروەها لقی درەختی 'بارسۆم Barsom ' لەسەر دیمەنەکان دەردەکەویت، دەرختی بارسۆم کە لە ئاڤیستادا بە 'بارسۆمان *Barsoman* ' ناسراوە، لقی درەختێکی پیرۆزە، یاخود بە درەختی 'هاۆما *haoma*[275] ' یاخود لقی هەنار ئەناسێندرێت، ئەم درەختە بەشێوەی یەک لق یاخود بە شێوەی چەپک لە بۆنە ئایینییەکاندا و لە پێش ژەمەکاندا بە دەستییەوە دەگرن، وەک پیشاندانی سوپاسگوزاری بۆ خواوەند لەسەر دروستکردنی هەموو سەوزایی و ڕووەکەکان، کە سروشتی هێشتنەوەی مرۆڤ و ئاژەڵەکانن.[276] هەروەها لە ئایینی زەردەشتییدا ڕووەکەکان لە دروستکراوەکانی ئاهورامەزدا بۆ درووستبوونی مرۆڤایەتی بەشێکی زیندووبوون، لە هەندێک ئەفسانەکاندا سەرچاوەی دروستبووونی بنەچەی مرۆڤ بۆ گوڵ و ڕووەکەکان ئەگێرنەوە، هەروەها لە ململانێی خێرو شەڕ، لە هێمای بەرەنگاربوونەوەی وشکەساڵی ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە.[277] بەشێکیان ڕەنگ دانەویان لەسەر بیروباوەڕی کۆمەڵگەی ساسانی داناوە، بۆ نمونە هەنار بە سەرچاوەی خێر و بە پیتی داندراوە.[278] لە بەشەکانی دواتردا بەپێی جۆرەکانیان لەسەر مۆر و جێ مۆرەکان هەڵویستەی زیاتریان لەسەر دەکەین.

### ٦-دیمەنە ئاژەڵییەکان

دیمەن یاخود وێنە ئاژەڵییەکان بەگشتی لە هونەری ساسانیی و بەتایبەت لەسەر مۆرەکانیان زۆر بەربڵابوون، بە هۆی کاریگەری ئایینە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای ساسانیی و بوونی شوێنکەوتوانی ئایینە جیاوازەکان لە میترایی ، بودایی، جولەکە ، پت پەرستی ، مەسیحی و زەردەشتیی، هەروەها بەهۆی کاریگەریی ژینگە و کشتوکاڵ لەسەر کۆمەڵگای ساسانیی.[279] سەرەڕای ئەمانەش بە هۆی ئەوەی هونەری ساسانیی کاریگەری هونەری خۆرهەڵاتی کۆنی لەسەربووە، خودی هونەری ساسانیش وەکو پەلکەزێرینەیەکی هونەری ئێرانییە و دەروازەکانی بە ڕووی هونەری دەرەوەدا کراونەتەوە، بەشێکی زۆریشیان لە هونەری دەرەوەی سنوری خۆیان وەرگرتووە، بە گوێرەی نەریتی خۆیان گۆڕانکاریان بەسەردا هێناون و گونجاندویانن.[280]

هەروەها هونەری جوان ناسیش لای ساسانییەکان ڕەنگدانەوەی لەسەر دیمەنی سەر مۆرەکان هەبووە، پێدەچێت هەندێک لە ئاژەڵەکان و باڵندەکان گرینگی دەرکەوتنەکانیان تەنها لایەنی جوانکاری بێت، وەک تاوس، کۆتر، قەلەڕەش و لەقلەق، هەندێکیشیان تەنها بەهۆی کاریگەری سروشتی چواردەوریان بووبێت.[281]

[274]Brunner, *op. cit.*, p. 115.

[275]*ئڤستا، الکتاب المقدس للديانة الزرادشتية*، اعداد، خليل عبدالرحمن، تعليق، ابراهم محمود، تر، عبدالرحمن نعمان واخرون، ط، 2، دیمش، 2008، هوم یاشت، هایتی، 9، ل. 130.

[276]. بڕوانە:

Kanga, M. F. “BARSOM” https://www.iranicaonline.org/articles/barsom-av Accessed on10-8-2022, 11:37AM.

[277]Brunner, *op. cit.*, p. 115.

[278]سيرنج، فيليب، *الرموز في الفن- الاديان- الحياة*، تر. عبدالهادي عباس، دمشق، ط، 2، 2009، ص. 318.

[279]شریفیان، فریبا با فکری پور، کتایون با حیدر پور، آزاده، "بررسی نقش مایه ها و کتیبه های تعدادی از مهرهای ساسانی موزه بوعلی سینا همدان" *مطالعات باستان شناسی*، دورۀ ١٢ ، شمارۀ، ١، بهار(١٣٩٩)، ص. ١٦٥.

[280]-گیرشمەن، ڕۆمەن، *مێژووی ئیران لە سەرەتاوە هەتا هاتنی ئیسلام*، و. سەلاحەدین ئاشتی، تاران،٢٠١٣، ل. ٤٩٣.

[281]Brunner, C. J., “Sasanian Seals in the Moore Collection: Motive and Meaning in Some Popular Subjects” *Metropolitan Museum Journal*, Vol. 14 (1979), p. 34.

ئەو هۆکارانەی باسمانکردن لەسەر دەرکەوتنی کۆمەڵێکی زۆر لە ئاژەڵی جۆراوجۆر لەسەر مۆرە ساسانییەکان ڕەنگدانەوەیان هەیە، لەو ئاژەڵانەی لەسەر مۆر و جێ مۆرەکان دەرکەوتوون، شێر بە شێوەی جۆراو جۆر، بەران، گا، گای گۆپارەدار، کەڵەکێوی، ئاسک، هەندێک جار حوشتر، بەراز، سەری بەراز بەتەنها، هەندێک جار گورگ، ورچ، ئەسپ، ڕێوی و چەقەڵ، هی تر، ئەمانە وەکو تەنیا ئاژەڵ هەندێک جاریش وەک دیمەن هەن، بۆ نمونە شیرپێدانی بێچوو لەلایە ئاژەڵە دایکانەکانەوە، هەندێک جاریش دیمەنی ڕاوی ئاژەڵ یان ململانێی ئاژەڵ دەبیندرێن.[282] هەروەها گیانەوەری خشۆکی وەک مار و دوپشکەش دەردەکەون، زۆربەی ئەم دیمەنانە لێکدانەوەی ئەفسانەیی وکلتوریان لە پشتەوەیە، لە بەشەکانی دواتردا لەم توێژینەوەیەدان دیمەنەکان زیاتر شیدەکەینەوە.

[282]Frye, *Sasanian Remains.......*, p. 72.

# بەشی سێیەم

## مۆرەکان و لێکدانەوەی دیمەنەکانی سەریان

لەم بەشەدا چل و پێنج مۆری سەردەمی ساسانییمان خستوتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، و باسی شێوە و ڕەنگی مۆرەکانمان کردووە. هەروەها باسی پێکهاتەی دیمەنەکانیانمان کردووە، و بە پێی بابەتە کلتوری و ئەفسانەیی و ئاینییەکان لێکدانەوەمان بۆ کردوون، بە هونەرە لێکچووەکانیان و بابەتە هونەرییەکانی تری ساسانی بەراوردمان کردوون. سەبارەت بە چۆنییەتی باسکردنی دیمەنەکان لەسەر جێ مۆرەکە (چاپی مۆرەکە) لێکدانەوەمان بۆ کردووە، بۆ نمونە کاتێک دەڵێین ڕووەو لای ڕاست مەبەستمان لە دیمەنەکەیە لە سەر جێ مۆرەکە نەوەک لەسەر خودی مۆرەکە، هەروەها هێڵکاری سەرجەم مۆرەکانمان کێشاوە لە بەشی پاشکۆی توێژینەوەکەدا دامانناون، بابەتەکانیش بەم شێوانەی لای خوارەوە دابەشبوون.

### ١- دیمەنی مرۆیی: مۆری ١

وێنەی مۆری ١،

مۆری ژمارە :SS.00115 ، SM.056215،

کڕین-2008-11-24،

بەرزی: 2.3 سم.

تیرە: 3.2 سم.

مادده: عەقیقی خۆڵە مێشیی تێکەڵ بە قاوەیی و سپی.

سەدەی سێیەم- سەرەتای ساسانی(؟)






مۆرێکی شێوە بازنەی ڕووتەخت، مۆرەکە کەمێک قرنجاوە و کەلێنی تیا دروستبووە، کونێکی درێژکۆلەی تێکراوە، بە مەبەستی ئەوەی پەتێکی تێبکرێت بۆ لەملکردن یاخود هەڵواسینی، لەسەر ڕووەکەی وێنەی نیوەی جەستە (لە شانییەوە بەرەو سەر)ی پیاوێکی لەسەر نەخشێندراوە، بە شێوەی لەسەر لا، ڕووەو لای چەپە، وێنەکە وادەنوێنێت کەسێکی کامڵە، سەرپێچێکی لەسەردایە، شێوەی دوو خەتی بازنەیی لە ناوەڕاستیدا بە ڕیزێک دەنکۆڵەی دەرپەڕیوی خڕخرلە شێوەی دەنکۆڵەی مرواری ڕازێندراوەتەوە.[283] لەسەر ناوچەوانی بۆ دواوە توونددکراوە، لچکەکانی (لاکانی) بەسەر قژیا بۆ دواوە شۆڕ بوونەوە. قژی لە ژێر سەرپێچەکەیەوە هاتۆتە دەرەوە، درێژی تا نزیک سەر شانییەتی. سمێڵ و ڕیشێکی درێژی هەیە، بە شێوەیەک لەگەڵ یەک تێکەڵ بوونەتەوە، نەخشی قژی و ڕیشی بەشێوەیەکی لێکچوو، لەسەر شێوەی دەنکۆڵەی چین لەسەرچین هەر یەکەیان بە چوار ڕیز نەخشێندراون، بەشی گەردن و شان و ملی بەهۆی قرنجاوی مۆرەکەوە، ڕوون نیە ئایە هیچ جۆرە خشڵ و ملوانکەیەکی لەملدایە، هەروەها بەرامبەر ناوچەوانی وێنەی ئەستێرەیەکی شەش لا کێشراوە.

---

[283] بۆ هاوشێوەی ئەم جۆرە کەسە بڕوانە :

Bivar, *op. cit.*, p. 44. AA 2, 4

## لێکدانەوەو بەراوردکاریی دیمەنەکە

ئەم مۆرە هیچ نووسینێکی لەسەر نیە، بۆیە دڵنیا نین، هی کێ یەو چ سەدەیەکە، باڵام بە بەراوردکاری قەبارەی مۆرەکە و جۆری نەخش وڕازاندنەوەکەی ئەگەر بەراوردێکی بکەین بەو هاو شێوانەی لە 'قەسری ئەبو نەسر'[284] دۆزراونەتەوە، ڕەنگە مۆری کەسێکی کاربەدەست یاخود مۆری پیاوێکی ئاینی بووبێت.[285] هەروەها تاڕادەیەک مۆرکی مۆرە ئەشکانییەکانی پێوەیە، ئەمەش ڕەنگە بەهۆی ئەو کاریگەرییانەوە بێت کە لە بەشی دووەمدا باسمان کردوون، یاخود ڕەنگە هی کەسێکی ئەشکانیی ناو قەڵەمڕەوی ساسانی بێت،( بڕوانە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە).

### مۆری ٢






وێنەی مۆری ٢،

ژمارە: SS.00031، SM.056131

کڕین : 21-6-2005،

درێژی: 2.2 سم،

پانی: 1.8 سم،

بەرزی: 0.8 سم.

مادده: عەقیقی قاوەیی ڕوون

سەرەتای ساسانی

مۆرێکی ڕووتەختی شێوە بادەمییە و کەمێک سواوە. نەخشی پیاوێکی لەسەرە، ڕووە و لای چەپە، لەشی بە شێوەی ڕووبەڕووە، بەڵام سەری بە لای ڕاستی خۆیدا ئاوڕیداوەتەوە. خودەیەکی خڕی خەتخەتی لەسەردایە، خەتێکی شێوە بازنەیی بەسەر قوتکەی کڵاوەکەوەیەتی، کۆمەڵێک خەتی شێوە ئاسۆیی بۆ سەر قەراغی خوارەوەی کڵاوەکەی لێوە شۆڕبونەتەوە. بە هاوشێوەی ئەو جۆرە خودەیە ئەوترێت 'لامیللەر *lamellar*' خودەی لامیللەر، ئەم جۆرە خودەیە دولا (گوێچکە/کەپ)ی لە چەرم دروستکراوی لە ئاستی هەردوو گوێیدا



نمونەی خودەی لامیللەری ساسانی وەرگیراوە لە :

Kubik, A.," Sasanian Lamellar , p... 201

---

[284]قەسری ئەبونەسر: یەکێکە لە شوێنە شوێنەوارییە گرنگەکانی ئێران، کەوتۆتە نزیک شاری شیراز بە دووری ١٠کم، چەند وەرزێک کنەو پشکنینی تێدا کراوە، پاشماوەی چەند سەردەمێکی جیاوازی تێدادۆزراوەتەوە، یەکێک لەوانە پاشماوەی سەردەمی ساسانییە، نزیکەی٥٠٥جێ مۆری گڵینی سەردەمی ساسانی تێدا دۆزراوەتەوە. بڕوانە:
Frye, *Sasanian Remains*.........., pp. 1, 42.

[285]Frye, *Sasanian Remains*.........., p. 68.

پێوە قایمکراوە، و لە پشتەوەی چەند تاڵێکی تێکهەڵکێشی چەرمی تا سەر پشتەملی لێوە شۆڕبۆتەوە. ئەم جۆرە خودەیە بە جۆرێک لە خودەی تایبەتی ساسانییەکان ناسراوە.[286]

هەروەها جلەکەی بەری تا ڕادەیەک هاوشێوەی ڕۆمانییەکانە،[287] کە لە شێوەی ڕۆبێکی کراوەدایە. ڕەنگە بەهۆی کاریگەریی ڕۆمانییەکان بووبێت لەسەر ساسانییەکان وەک لە بەشی دووەمدا ئاماژەمان بە کاریگەرییەکان کرد.

**مۆری ٣**




وێنەی مۆری ٣،

مۆری ژمارە: SS.00113، SM.056213،

کڕین: 24-11-2008،

درێژی: 1.7 سم،

پانی: 1.4سم،

بەرزی: 1.3 سم.

مادده: گرانیتی سەوز

سەدەی سێیەم - چوارەمی زاینی.

مۆرێکی ڕووتەختی لێوار بازنەیی لەسەر شێوەی نقێمی سەری مستیلەدایە، وێنەی سەری مرۆڤێکی لەسەر نەخشێندراوە، ڕووەو لای چەپ. تەنها لای چەپی دەموچاوی دیارە. سەری بە سەرپێچێکی پانبەستووە، ڕیشێکی درێژی هەیە، ئەم جۆرە هەڵکۆڵینی نەخشە پێی ئەوترێت 'ڕووشاندن'، ڕەنگە بۆ سەدەی سێیەم بۆ چوارمی زاینی بگەڕێتەوە.[288] بەهەمان شێوە وەک هەر دوو مۆری پێشوو کاریگەری بەسەرەوەیە، وە ڕەنگە لە کۆتایی ئەشکانی و سەرەتای ساسانیی بەکارهاتبێت.

---

[286]Kubik, A. "Sasanian Lamellar Helmets" *Crowns, hats, turbans and helmets, The headgear in Iranian history*, volume I: Pre-Islamic Period ,ed. Katarzyna Maksymiuk and Gholamreza Karamian, Siedlce/Tehran, 2017, pp. 195-197.

[287]Bivar, *op. cit.*, p. 49.

[288]بۆ هاوشێوەی ئەم جۆرە مۆرە بڕوانە:

Bivar, *op. cit.*, p. 53. Plate, 4, AG.

## مۆری ٤




وێنەی مۆری ٤،

ژمارە: SS.00400، SM.056500

کڕین:22-11-2010،

پانی: 1 سم،

بەرزی: 1.8 سم

مادده: عەقیقی سوری مەیلەو قاوەیی.

مۆرێکی ڕووتەختی شێوە گومەزی، کونێکی تێدایە تیرەی کونەکەی بەقەد نیوەی بەرزی مۆرەکەیە. وێنەی ئافرەتێکی لەسەرە، کڵاوێکی خڕی لەسەردایە، پرچێکی درێژی هەیە، بۆ دواوە شۆڕبۆتەوە بە شێوەیەک تا سەر سمتی هاتووە. وادەردەکەوێت، کە دەستی ڕاستی بۆ خوارەوە بەردابێتەوە. بە دەستی چەپی شتێکی هەڵگرتووە، زۆر ڕوون نیە چیە، بەڵام پێ دەچێت گوڵ یاخود بارسۆم بێت. جلێکی ڕوونی تەنکی ئاودامانی لەبەردایە، لە کەمەریا بە پشتێنێک بەستراوە. چەند خەتێک لەسەر جلەکەی لە سەر ڕانی ئەبیندرێت.[289]( بڕوانە هێڵکاری (م.٤) لە پاشکۆ).

### لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە



وێنەی ئافرەتێک لەسەرمۆرێک گوڵێکی بەدەستەوەیە وەرگیراوە لە

محمدی فر، یعقوب و امینی، فرهاد، مصدر قبلی. ص. ٣٢١

وێنەی ژن لە هونەری ساسانییدا بە گشتی بە شێوەیەکی جوان و تایبەت وێناکراون، بە جۆرێک خاوەنی پرچێکی درێژ و ڕوومەتێکی خڕ و دوو چاوی گەورە و دەست و پەنجەیەکی باریک و قەدێکی ڕێکی باریکیان هەیە، بەگشتی شێوە ئافرەتییەکان شێوەی خاتوونە خواند ئاناهیتا تیایاندا ڕەنگی داوەتەوە، یاخود دەکرێت بڵێین لەسەر شێوەی ئەو خواوەندە وێناکراون.[290] ئەم مۆرە هیچ نووسینێکی لەسەر نییە تا بزاندرێت مۆری چ کەسێکە، بەڵام بە نەخشەکەی سەریا ئەزانین کە مۆری تایبەتیی و کەسییە، لەم جۆرە دیمەنە لە چەند لێکدانەوەیەکی جیاوازدا ئاماژەی بۆ کراوە،

---

[289] بۆ ئەم شێوە دیمەنە بڕوانە:

Gyselen, *Catalogue Des.......*, p. 37.

محمدی فر، یعقوب و امینی، فرهاد، *باستانشناسی و هنر ساسانی*، تهران، ١٣٩٤، ص. ٣٢١.

[290] Maksymiuk, K., “The Position of Womenen the Court of the First Sasanians” *Género Y Mujeres en El Meditrráneo Antiguo, Iconogfías Y Literaturas*, ed. Pedro David, Conesa Navarro, and others, Universidad de Murcia, Aňo, 2019, pp. 23-27.

بۆ نمونە ئەم جۆرە کەسە بە گریمانەی ژنی ئازاد یاخود ژنی خانەدان ئاماژەی پێکراوە، کە ژنان سوپاسگوزاری بۆ باری هاوسەرێتیی خۆیان نیشان دەدەن و وەک جۆرە ڕێوڕەسمێکی ئایینی نزا بۆ بەپیتیی دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کەسایەتیی خاتوونە خواوەند 'ئاناهیتا'ش بۆ ئەم جۆرە دیمەنە پێشنیار کراوە.[291] بە هۆکاری شێوازی پرچە درێژەکەی و کڵاوەکەی سەری زیاتر ئەگەری ئەوەی هەیە خواوەند ئاناهیتا بێت.[292] بە بەراورد بە شێوەی وەستان و جل و بەرگی ئەو خواوەندە لە نەخشی بەهرامی دووەم لە سەرابی قەندیل، و دیمەنی جلوبەرگەکەی خواوەند ئاناهیتا لە 'نەقشی ڕۆستەم' لە ڕێ و ڕەسمی تاج لەسەرنانی 'نارسە'دا[293] هەروەها مۆرێکی هاوشێوەی ئەم دیمەنە کە گوڵێکی بچوکی بە دەستەوەیە لە 'مۆزەخانەی بەریتانی'یە، کە بە خاتوونە خواوەند ئاناهیتا پێناسکراوە.[294]

### ٢-بابەتە ئەفسانەیی و داستانییەکان گایۆمەرد *(Gayōmard)*

### مۆری ٥




وێنەی مۆری ٥،

ژمارە: SS.00397، SM.056497

کڕین: 2010-11-22،
بەرزی: 1.9 سم،

تیرە: 2.7 سم،

سەدەی چوارەم- پێنجەمی زاینی

مۆرێکی ڕووتەختی شێوە بازنەیی لە عەقیقی قاوەیی درووستکراوە. بە شێوەیەکی گشتی مۆرەکە لەسەر ڕووە تەختەکەی قرنجاوی زۆری پێوەیە، لە هەندێک شوێندا دیمەنەکەی سەری تێکداوە. مۆرەکە ئەڵقەیەکی کانزایی پێوە چەسپێندراوە، کە ڕەنگە بۆ مەبەستی هەڵواسین و لەملکردن بووبێت. دیمەنەکە لە کەسێکی ڕاوەستاو پێکدێت، بە شێوەیەک قاچەکانی بەتەواوی بڵاوکردۆتەوە، هەردوو دەستی بە دوو ستوونەوە گرتووە. لە کۆتایی هەر یەکێکیان چوار لق جیائەبێتەوە بە شێوەی ڕاست و چەپ لە شێوەی ئەستێرەدا خۆیان ئەنوێنن. لەسەر سەری کەسەکە شێوەیەک دەبیندرێت، وەک کڵاوێکی لێواردار لەملاولایەوە لە شێوەی دوو گوێ بەرەو سەرەوە بەرزبونەتەوە. دەموچاوی بە کۆمەڵێک خەتی نیمچە لار لە شێوەی ڕیشێکی درێژ ڕازێندراوەتەوە. وا دێتە پێش

---

[291] Kaim, B., “ Women, Dance and the Hunt, Splendor and Pleasures of Court Life in Arsacid and Early Sasanian Art” *The Parthian and Early Sasanian Empires Adaptation and Expansion,* Proceedings of a Conference held in Vienna, 14–16 June 2012, ed. Vesta Sarkhosh, Curtis Elizabeth, J, and others., Oxbow Books, Oxford and Philadelphia, 2016, p. 96.

[292] Brunner, *op. cit.,* p. 61

[293] بڕوانە:

Ghirshman, R., *Iran , Parthians and Sassanians, The Arts of Mankind,* tr. Stuart Gilbert and James Emmons, Thames/Hudson, 1962, p. 176. fg. 218.

[294] Soudavar, A., *Discrediting Ahura Mazdā’s Rival, The Original Iranian Creator God “Apam Napāt” (Apam Naphāt*), Houston, 2015, p. 56.

چاو کە جۆرێک جل و بەرگی لەبەردابێت، لەسەر شێوەی شەڕواڵێکی تا ڕادەیەک کورتی دەلینگ باریک. لە نێوانی لاقەکانیدا ئاژەڵێک لە شێوەی سەگ دەبیندرێت، کە ڕووەو لای چەپە.

**لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە**

بەپێی زۆربەی لێکدانەوەکان ئەم کەسە بە 'گایۆمەرد *Gayōmard*" لێکدراوەتەوە.[295] ئەم دیمەنە لەسەر مۆرەکان تاڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی مرۆڤ هەڵکۆڵراوە، کاتێک لە دیمەنەکە دەروانرێت، وێنای ململانێیەک یان زۆرانبازییەک دێتە پێش چاو، ئەم کەسە هەندێک جار بە شێوەی هونەرێکی داڕوتێندراو(نحت تجریدی) وێناکراوە، بەڵام هەندێک جار شێوەیەکی پڕتری هەیە، و تا ڕادەیەک زیاتر هاوشێوەی مرۆڤە، زۆرجار ئاژەڵێک لە خوار قاچییەوە دەردەکەوێت بە زۆری لەسەر شێوەی سەگە، ئەم وێنە ئەفسانەییە هەر چەندە زۆر دڵنیا نین، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان بە پێی پێکهاتەکەی ئەیگێڕنەوە بۆ ئەفسانەی گایۆمەرد،[296] کە لە پێشتردا بە 'گەیە مەریتەن *Gaya Maretan*'[297] بەواتای "ژیانی هەمیشەی" ناسراوە، و دواتر بووە بە'گایۆمەرد *Gayōmard*" ئەم ئەفسانەیە ڕای جیاوازی لەسەرە و بەشێوەی جۆراوجۆردەگێڕدرێتەوە.[298] بەپێی ئەم ئەفسانەیە گایۆمەرد نمونەی تورمەی ئادەمیزاد بووە، بەپێی گێڕانەوەکان، کاتێک ئاهورامەزدا دنیای ئەفراندوە، گایەک و مرۆڤێکی گەورەی دروستکردووە، ئەهریمەن بەمەی زانیوە، شاڵاوی بردووە و گایۆمەرد و گایەکەشی کوشتووە، دوای چل ساڵ لە ناخی زەوی لە تۆوی گایۆمەرد گیایەک ڕوواوە، یەکەمین تۆوی ئادەمیزاد سەریان لێدەرهێناوە.[299] بۆیە باوەڕ وایە ئاهورامەزدا گایۆمەردی بۆ خۆشگوزەرانی بونەوەران دروستکردووە، ئەم ئەفسانەیە کارەساتێکی گەورە بووە و هەڕەشەی لە وێرانکردنی زەوی کردووە، بەڵام دوا جار باشە بەسەر خراپەدا سەر دەکەوێ و بەمەش دەوترێت نوێکردنەوەی زەوی.[300]

هەروەها لە ئایینی زەردەشتییدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، کە نوێکردنەوەی جیهان بەهۆی گایۆمەردەوە کراوە، ئەم شێوە وێکچووە لە مرۆڤێکی ڕاوەستاو، دەستی بە دوو ستوونی پەلاوییەوە گرتووە، پەلەکان هەندێک جار چوارن هەندێک جاریش حەوتن، هەر یەک لەم پەلانە ئاماژەن بۆ سەردەمە جیاوازەکانی ئایینی زەردەشتیی، سەبارەت بە چوار لقەکە، یەکەم دانەیان لقی ئاڵتوونییە، کە ئاماژەیە بۆ سەردەمی زێڕینی ئیمان، لە سەردەمی پاشا 'گوشنەسپ *Gushnasp*' هەروەها دوو لقی دواتر زیو و پۆڵا هەر یەکەیان ئاماژەن بۆ دە ساڵ، بەڵام کۆتا لقی لە ئاسنەوە ئاماژەیە بۆدەسەڵی کۆتای ئیمپراتوریەتەکە، ئەم بابەتە وەک بابەتیکی ئایینی لەسەر مۆرەکان ڕەنگی داوەتەوە، هەرچەندە ئەم دیمەنە ڕەنگە جادوویی بێت.[301] بە بۆچوونی ئێمە گریمانەی مۆری جادوویی گریمانەیەکی بەهێزە، چونکە ئەفسانەکە بابەتێکی ئایینییە، زۆرجاریش لە زۆربەی ئایینەکاندا بابەتی ئایینی بۆ نوشتە و جادوو بەکارهێنراون، لەبەر ئەوەی لەو ڕێگەیەوە گاریگەریی زیاتری لەسەر بیروباوەڕی خەڵکی هەبووە، هەروەها هۆکارێکی تریش دەتواندرێت بەهەندوەربگیرێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەم جۆرە دیمەنە لە

[295]Bivar, *op. cit.*, pp. 58-59.
[296] Brunner, *op. cit.*, p. 69.
[297]*ڤستا، المصدر السابق*، ، گاتا، 26، ل. 164.
[298]Shaked, S.,"First Man, First King, Notes on Semitic-Iranian Syncretism and Iranian Mythological Transformations" *Gil Gul Essays on Transformation, Revolution and Permanence in the History of Religions,* ed. S, Shaked, D, Shulman and G, G, Stroumas, Leiden/ New york/ Kobenhavn/Kòln, 1987, pp. 238-239.
[299]کرستنسن، *المصدر السابق*، ص. 136.
[300]Dhalla, M, N., *History of Zoroastrianism*, ed. Joseph H. Peterson, (f, p, London and Toronto, 1938), New York/ Oxford, 2021, p. 391.
[301]Gyselen, *Sceaux Magiques en Iran Sassanide,......* , pp. 30-31

مۆرکردنی جێ مۆرە گڵینەکاندا کەم بەرچاو دەکەوێت، بە ڕووانین لەو سەرچاوە و توێژینەوانەی لەبەردەستدان بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ژمارەیەکی بەرچاو لەم مۆرانە دۆزراونەتەوە، ئەمەش ئەکرێت بەهۆی ئەوەوە بووبێت لەلایەن بە شێکی زۆری خەڵکەوە ئەم دیمەنە بۆ مۆری جادوویی بەکارهاتبێت، بە گشتی مۆرە جادووییەکان شێوازی هەڵکۆڵینی نەخشەکانی سەریان جیاوازە لەگەڵ ئەو مۆرانەی بۆ مۆرکردن بەکارهاتوون، نەخشی مۆرەکانی مۆرکردن جوانتر و قوڵتر هەڵکۆڵراون، بەڵام نەخشی مۆرە جادووییەکان کەمتر قوڵن و زیاتر بە شێوەی ڕوشاندن نەخشێندراون.[302] و زۆرجار لەگەڵ نەخشی گایۆمەردا وێنەی سەگ یاخود مار و دووپشک وەک بەشێک لە جادوو وێنەی کێشراوە.[303] هەروەها وێنەی سەگ لەسەر مۆرە ساسانییەکان یەکێکە لە دیمەنە دیارەکان، بە پێی دەقەکانی ئاڤێستا بە ئاژەڵێکی پارێزگاریکەر ناسراوە و وەکو دەرکەری گیانە شەڕەنگێزەکانیش داندراوە، بۆیە زۆرجار لەسەر مۆرە جادووییەکان لەگەڵ بابەتی تر دەبیندرێت، وەک ئەم مۆرە جادوویانەی گایۆمەرد.[304]

**مۆری ٦**

وێنەی مۆری ٦

ژمارە: SS.00054، SM.056154

کڕین :4 -6-2008،

بەرزی: 1.8 سم،

تیرە: 2.3 سم،

ماددە:عەقیقی قاوەیی پرشنگدار.

سەدەی چوارەم- پێنجەمی زاینی.






مۆرێکی شێوە بازنەییە، ئەم مۆرە هەمان دیمەنی گایۆمەردە، بەڵام شێوازی هەڵکۆڵینەکەی کەمێک جیاوازترە، بە شێوازی ڕووشاندنێکی تەنک نەخشێندراوە، هەروەها ئاژەڵ (سەگ)ەکەی نێوان قاچی لەم مۆرەدا ڕووەو لای ڕاستە، بەڵام قەبارەو شێوازی بەردەکەیان زۆر لێک نزیکە (بڕوانە مۆری پێشتر).

**بەراورد:** ئەوەی جێی باسە هاوشێوەی ئەم دیمەنە لەسەر کۆمەڵێک جێ مۆری گڵین لە کنەوپشکنینەکانی ’گردی قلرخ‘ لەناوچەی شارەزوور دۆزراونەتەوە.[305] بەڵام تا ڕادەیەک دیمەنەکە جیاوازە لەوەی سەر ئەم مۆرانە، هەندێکیان سواون، دانەیەکیان دیمەنەکەی ڕوونە، بەڵام دیمەنەکەی داڕووتێندراو(تجریدی)نییە، هەروەها

[302]Gyselen, *Sceaux Magiques en Iran Sassanide,......* , p. 24.
[303]Gyselen, *Sceaux Magiques en Iran Sassanide,......* , p. 33.
[304]Brunner, *op. cit.*, pp. 102-103.
[305]Haddad, L. and Tamm, A., “Sassanian Trade Network and Silk Road- a Case Study on Girdi-i Qilirkh in the Sharezur Valley” *Proceeding of 3rd International Scientific Conference Archaeology and Heritage of Kurdistan, April 29th & 30th , 2019 Erbil*, ed. Zidan Bradosty, and others, Salahaddin University- Erbil, 2019, pp. 176-179.

ستونەکەی دەستی تەنها دارێکی ڕێکە و پرژە یان لق وپۆی لێوە دەرنەچووە و جلێکی ئاسایی تاسەر ئەژنۆی داپۆشیوە.

هەروەها ئەم جۆرە وەستانە و ئەم  جۆرە لینگ بڵاوکردنەوەیە، لە هەندێک دیمەنی سەر مۆرە لولەییەکانی نوزیش دەبیندرێن، کە دیمەنی سەماکردنیان لەسەرە، شێوازی وەستانەکانیان لەیەکەوە نزیکە.[306]

### ٣ـدەستەواژە و هێماکان

### مۆری ٧

وێنەی مۆری ٧

ژمارە: SS.00333، SM.056433

کڕین: 15-4-2009،

درێژی: 1.4سم،

پانی: 0.9 سم،

بەرزی: 1.6 سم، تیرە: 1.9 سم.

مادده: عەقیقی سوری مەیلەو قاوەیی .






سەدەی پێنجەم- شەشەمی زاینی

مۆرێکی شێوە گومەزیی کونکراو، ڕووکاری دەرەوەی مۆرەکە بە نەخشی بازنەیی نەخشێندراوە. مۆرەکە دیمەنێکی لەسەرە، لە هێمایەک لە هێما (مۆنۆگرام)ە باوەکانی سەردەمی ساسانیی پێکهاتووە. ئەم مۆنۆگرامانە، زۆرترینیان لە لێکدان و تێکەڵکردنی پیتە پەهلەوییەکان پێکهاتوون،[307] نیومانگێک لەسەر ستوونێکە، لە ناوەڕاستیدا دوو شێوە کەوانەی پێچەوانەی یەکتری ڕووەو دەرەوە لێ دەرچووە، زیاتر لە شێوەی دووسەری باڵندە یاخود دووسەرە مارئەچن، کە بریتین لە پیتی(ی,y، و,w)ی پەهلەوی هەر دووکیان بە دوو هێڵ بەیەکتر گەیەندراون. کۆتاییەکەشی دوو لقی شێوە قاچی لە هەمان شێوەی نەخشەکانی ناوەندی هەیە. ئەم هێمایە بە دێڕێک نووسینی پەهلەوی دەورە دراوە،[308]

---

[306] رضا، هاژە عبد الجبار، *الازیاء والملابس في اثار کوردستان خلال الالفین الثالث والثاني ق. م*. رسالة ماجستیرغیر منشورة مقدمة الی مجلس کلیة العلوم الانسانیة في جامعة السلیمانیة، قسم اثار القدیمة، 2016، ص.225. شکل، 126، 127.

[307] Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings*......., p. 376. V1/29

[308] بۆ ئەم جۆرە نەخش و نوسینە بڕوانە:

Gignoux,& Gyselen., *op. cit.*, p. 265.
Bivar, *op. cit.*, p. 115. NH 6.

**نووسینەکە:**

نوسینەکە یەکێک لە دەستەواژە باوەکانە، کە لە لایەن ساسانییەکانەوە بەکارهاتوون، بریتییە لە دەستەواژەیەکی ئایینی (بڕوانە خشتەکەی خوارەوە).

| نووسینە پەهلەوییەکە | خوێندنەوەی | خوێندنەوەی بە کوردی | واتا |
|---|---|---|---|
| ʾpstʾn O L yzdʾn?[309] | *abestān ō yazdān* | ئەبستان ئۆ یەزدان | متمانە بەخواوەند/ پشت بەخواوەند |

**مۆری ٨**

وێنەی مۆری ٨

ژمارە: SS.00036، SM.056136

کڕین : 21 -6-2005،

درێژی: 1.6 سم، پانی: 1.3سم،

بەرزی: 1.3 سم،

مادده: کانزای مەگناتایت.

سەدەی: چوارەم – پێنجەمی زاینی.




مۆرێکی ڕووتەختی شێوە گومەزیی نەخشێک (مۆنۆگرام)ێکی لەسەرە هاوشێوەی هەمان نەخشی مۆری پێشوو (مۆری. ٧).

**لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە**

ئەم جۆرە نەخشە یەکێکە لە نەخشە زۆر باوەکانی سەردەمی ساسانی.[310] وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە، هەر لە سەردەمی پاشا سەرەتاییەکانی ساسانییەوە بەکارهێندراون، هەروەها وەکو هێما شاهانەییەکان و

---

[309] نوسینەکە لەلایەن Gianfiippo Terribgrili یەوە خوێندراوەتەوە.

[310] بۆ ئەم جۆرە مۆرانە بڕوانە:

Bivar, *op. cit.*, p. 116.
Gignoux,& Gyselen., *op. cit.*, p. 265.

بنەماڵەییەکانیش ناسراون، زۆرجار لەسەر نەخشە یادگارییەکان و لەسەرکڵاوەکانیان وێناکراون،[311] (بڕوانە بەشی چوارەم ودووەمی ئەم توێژینەوەیە).

### مۆری ٩

وێنەی مۆری ٩

ژمارە: SS.00035، SM.056135

کڕین : 21 -6-2005، :

بەرزی: 0.8 سم،

تیرە: 1.4 سم

مادده: بەردی 'بازلت(بەزەڵت)' یان 'ئەندیساید'(؟)

سەدەی: چوارەم – پێنجەمی زاینی




مۆرێکی تەخت، لە هێمایەکی لەسەرە، لە دوو نیو مانگی پێچەوانەی یەکتر پێکدێن، کە بریتین لە پیتی (ی،y و،w)ی پەهلەویی هەردووکیان بە دوو هێڵ بە یەکترگەیەندراون. لەسەر ڕاگرێک لە ناوەڕاستەوە خەتێکی ئاسۆیی لێوە دەرچووە. لە خوارییەوە بە هەمان دوو پیتی سەرەوە کۆتای هاتووە.

### مۆری ١٠

وێنەی مۆری ١٠

ژمارە: SS.00334، SM.056434

کڕین :15 -4-2009، :درێژی: 1.7 سم،

پانی : 1سم،

بەرزی:1.7 سم،

تیرە: 2 س

مادده: بەردی نیشتووی گۆڕاو

سەدەی پێنجەم- شەشەمی زاینی




مۆرێکی ڕووتەختی شێوە ئەڵقەیی، لە هێما (مۆنۆگرام) ێکی پیتە پەهلەوییەکانی لەسەرە، لە شێوەی درەختێک، کە قەدەکەی لەسەر ڕاگرێک (بنکە)یەک وەستاوە، دوو لقی بەم لاولایدا شۆڕبونەتەوە، هاوشێوەی پیتی

[311]Frye, *Sasanian Remains*......., p. 55.

(هی،h)ی پەهلەوین. بە دەوری هێماکەدا دێڕێک نووسینی پەهلەویی هەڵکۆڵدراوە. بەهۆی جۆری بەردەکەوە، کە سواوە، نوسینەکە تەنها چەند پیتێکی لێ ئەخوێندرێتەوە، کە ناوی کەسێکە.

**نووسینەکە**

ʾnwš-z(ʾ)d, “anōš-zād”, / anōš -‘zʾt’[312]. "ئەنۆشزاد"

Anōš- [’nwš]  “immortal”، “[313]"نەمر، هەمیشە زیندوو"

پاشگری ’زاد‘ بە زۆر ناوی کەسیی کوردیشەوە هەیە، کەهەمان ئەو ’زاد‘ەیە بۆ نمونە وەک شێرزاد، ئازاد، نەوزاد، بەهزاد، کۆزاد و هی تر.

**مۆری ١١**

وێنەی مۆری ١١

ژمارە: SS.00432، SM.056532

کڕین : -2005 ،

درێژی :1 سم،

پانی:1 سم،

بەرزی:1.3 سم، تیرە:1.5 سم.






ماددە: عەقیقی سپی ڕوون

مۆرێکی ڕووتەختی شێوە گومەزی، مۆرەکە کۆمەڵێک ڕووشاوی تێکەوتووە، وە پەڵەپەڵەی لێ کەل بووە، بەڵام دیمەنی سەر مۆرەکە زیانی بەر نەکەوتووە. دیمەنی سەر مۆرەکە بریتییە لە ئەستێرەیەکی هەشت لا.

**لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە**

ئەستێرەی هەشت لا لە هونەری کۆنی میسۆپۆتامیادا زۆر ناسراوە و بەکارهاتووە. بۆ نمونە خواوەند ’عشتار/ئینەننا‘ وابەستەکراوە بە ئەستیرەی ’زوهرە‘ ئەستێرەی بەرەبەیان و ئێواران، ئەو ئەستێرەیە ئەستێرەیەکی هەشت لای گەشاوەیە، وەکو هێما بۆ ئەو خواوەندە داندراوە.[314] خواوەند عەشتارتەنها لای گەلانی سومەری و ئەکەدییەکان نەبووە، بەڵکو لای زۆرێک لە گەلانی تر بەناوی جۆراوجۆر پەرستراوە، بۆ نمونە لە کلتوری گریکی بە خواوەند ’سیلین‘، وە لای بابلیەکان بە عشتار هەروەها لای خوری ومیتانییەکان بە شاوشکا، لای کەنعانییەکان بە’عشتارەت‘ وەلای یۆنانییەکان بە ’ئەفرۆدیت‘ وە بە’ڤینۆس‘یش ناوبراوە، پەیوەستکراوە بە

[312]نووسینەکە لەلایەن: Gianfiippo Terribili یەوەخویندراوەتەوە.
[313]Mackenzie, D. N., *A concise Pahlavi Dictionary*, London, Oxford University press/ New york/Toronto, 1971, P.10
[314]Collon, D., *The Queen of the Night*, (f.  p. 2005), London, 2013, P. 41.

ئەستێرەی ڤینۆس.[315] و گەلانی ئێرانی بە 'ئەناهید'یان 'ناهید' ناسراوە.[316] هەر بۆیە ڕەنگە ئەم جۆرە مۆرانە مۆری پیاوانی ئایینی بووبن.

## ٤-دیمەنی ئاژەڵی

### شێر مۆری ١٢



وێنەی مۆری ١٢

ژمارە: SS.00038، SM.056138

کڕین : 29-3-2009،

درێژی : 2.7سم،

پانی: 1.5 سم،

بەرزی: 2.2 سم، تیرە: 2.7سم.

ماددە: عەقیقی قاوەیی کاڵ

سەدەی چوارەم- پێنجەمی زاینی

مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی، وێنەی شێرێکی ڕووەو لای ڕاستی لەسەرە.[317] شێرەکە دەمی کردۆتەوە، و دەستەکانی تاڕادەیەک نوشتاندۆتەوە وادەردکەوێت لە کاتی غاردان‌دا بێت، کلکی تاسەر پشتی بە چەماوەیی بەرزکردۆتەوە. ئەمەش وای دەردەخات وەک لە باری پەلاماردان وکاتی سەرکەوتنابێت، هەروەها یاڵی سەری شێرەکە زۆر بە ڕوونی و بە پڕی نەخشکراوە، وەک شێرێکی نێرە. ئەم جۆرە دیزاین و هەڵکۆڵین و شێوازە زیاتر بۆ سەدەی چوارەمی زاینی ئەگەڕێتەوە.[318]

---

[315]بۆ زانیاری زیاتر لەسەر خواوەند عشتار بڕوانە:

Snell, C, D, *Religions of the Ancient Near East*. Cambridge University, 2011, pp. 23-24

[316]وهبي، *الاثار الكاملة، المصدر السابق*، ص.٣١-٣٢.

Zhelyazkov, Y., Anahita – The Persian Goddess of Fertility and War,[https://symbolsage.com/anahita-persian-goddess. Accessed on 6-8-2022, 10:26 AM.](https://symbolsage.com/anahita-persian-goddess)

[317]بۆ بینی هاوشێوەی ئەم جۆرە دیمەنە بڕوانە:

Frye, *Sasanian Remains*......., p. 99. D. 157.

[318]Bivar, *op. cit.*, p. 72, DD, 3.

### لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە

شێر لە ئایینی زەردەشتیدا لەگەڵ گورگ، بە گیانی شەڕی ئەهریمەن داندراون، هەربۆیە زۆرێک لە هەڵکۆڵراوەکانی پاشایانی ساسانی دیمەنی شێر کوشتنە، یاخود پیشاندانی هێزی خۆیانە بەسەر هێزی شێردا، بۆ نمونە نەخشێکی بەهرامی دووەم لە 'سەر مەشهەد' کە تیایدا وەک شێرکوژێک دەرئەکەوێت و هەوڵی پاراستنی کەسە نزیکەکانی خۆی ئەدا لە شێرەکە، سەرەڕای ئەوەش شێر وەکو پاڵەوان نیشاندراوە،[319] بەڵام بەگشتی شێر هێمایە بۆ دەوڵەمەندی، هێز، مانەوە، بوێری، و هێمای پارێزگاریکردن ئەنوێنیت، هەوەها مێژووی بەکارهێنانی شێر لە هونەردا زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ میسۆپۆتامیا، کە شێر وەکو هیمای خواوەند بەکار هاتووە، بۆ نمونە خواوەن عەشتار، زۆرجار پەیکەریان لەسەرشێرێک بۆ درووستکردووە.[320]هەروەها لەسەر مۆر و جێ مۆرە ساسانییەکانیش بە شێوەی جۆراو جۆر دەردەکەوێت، بۆ نمونە شێری تەواو وەک ئەم نمونەیە یاخود شێری باڵدار، یان بەشێوەی پاڵکەوتوو، یاخود نووسینی بە دەوردایە، کە ئەم جۆرەیان پیاوانی ئایینی زۆرتر بەکاریانهێناوە، خەڵکی ئاسایی زیاتر بە شێوەی سادە و بێ نووسین لەسەر مۆرەکانیان وێنەیان کردووە.[321]

### مۆری ١٣

وێنەی مۆری ١٣

ژمارە: SS.00060، SM.056160

کڕین : 4-6-2008

درێژی: 1.8سم،

پانی: 1.2سم،

بەرزی: 1.2 سم،

مادده: عەقیقی قاوەیی

تیرە: 1.2 سم. سەدەی چوارەمی زاینی






مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی، لە عەقیقی قاوەیی سورباوی پڕشنگداردرووستکراوە، و پەڵەی ڕەش تێکەڵاو ڕەنگە سورەکەی بووە. وێنەی شێرێکی لە سەر هەڵکۆڵراوە ڕووەو لای ڕاست لە کاتی ڕۆیشتندایە و کلکی بەرزکردۆتەوە.[322] بە شێوازی هەڵکەندنی تەنک هەڵکۆڵراوە. وەکو شێوازی مۆری پێشووتر بە جوانی هەڵنەکۆڵراوە، بەڵکو جۆرە پچڕپچڕییەکی پێوە دیارە، بە شێوەی هەڵکۆڵینی چاڵ چاڵی بڕدراوە نەخشێندراوە.

---

[319]Brunner, *op. cit.*, p. 95.

[320]سیرنج، فیلیب، *المصدر السابق*، ص.86-87.

[321]Frye, *Sasanian Remains..........*, p. 75.

[322]بۆئەم جۆرە مۆرە بڕوانە:

Brunner, *op. cit.*, p. 96; Bivar, *op. cit.*, p. 72, DD, 6.

## مۆری ١٤




وێنەی مۆری ١٤

ژمارە: SS.00251، SM.056351

کڕین : 15-4-2009،

درێژی : 1.9 سم،

پانی: 1.7 سم،

بەرزی: 0.9 سم.

مادده: بەردێکی قاوەیی تیری مەیلەو ڕەش

سەدەی پێنجی زاینی

مۆرێکی ڕووتەختی شێوە بازنەیی، مۆرەکە سواوە و پەڵە پەڵەی لێ هەڵوەریوە. کونێکی بچوکی لە باری درێژی تێدایە. مۆرەکە وێنەی شێرێکی بە پێوە وەستاوی لەسەرە، کە بەلای چەپدا لە باری ڕۆیشتندایە، دەمی کردۆتەوە و کلکی بە چەماوەیی بۆ سەر پشتی بەرزکردۆتەوە. جیاوازی ئەم شێرە لەگەڵ شێرەکانی سەر دوو مۆرەکەی پێشتر لە دووخاڵدا خۆی ئەبینێتەوە، ئەوان بەرەو ڕاست وێنەکراون، لەگەڵ ئەوەشدا دوانی پێشووتر لە ڕووی دەرکەوتەی جەستەیان قەبارەیان گەورەتر و بەخۆوە ترن، و فەروویەکی پڕ و درێژ لای ملی داپۆشیوون. زیاتر پێکهاتەی جەستەیان لە شێری نێرە دەچێت، بەڵام ئەم شێرە لە شێری مێینە دەچێت.[323]

[323] https://sciencing.com/difference-between-male-female-lions- Accessed on 6-8-2022, 10:58 AM.

## مۆرری ١٥

وێنەی مۆری ١٥
ژمارە: SS.00196،
SM.056296

کڕین : 8-8-2008، :
درێژی: 1.5 سم،

پانی: 1.2 سم،

بەرزی:1.2 سم،

تیرە: 1.5 سم.

مادده: عەقیقی تێکەڵ

سەدەی پێنجەمی زاینی






مۆرێکی ڕووتەختی شێوە گومەزیی، مۆرەکە سواوە و قرنجاوە، وێنەی گایەکی ڕاوەستاوی لەسەرە، کە ڕووی لە پێشییەوەیەتی و دوو شاخی ئەستوری چەماوەی هەیە، لەسەر ملی بەرزاییەک هەیە، لەسەر شێوەی کۆپانێک[324] گاکە؛ بە شریتێکی شێوە بازنەیی دەورە دراوە، ڕەنگە ئەم جۆرە مۆرانە بۆ سەدەی پێنجی زاینی بگەڕێنەوە.[325]

### لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە

سەبارەت بە دەرکەوتن و دووبارە بوونەوەی دیمەنی گا لەسەر مۆرە ساسانییەکان، گرنگی ئاژەڵداریی لە ئابوریی و بیرو باوەڕی ئایینی و ئەفسانەیی ساسانیدا دەردەخات، بۆ نمونە ئاژەڵی گا هاوبەشی مرۆڤ بووە، لە بەرهەم هێنانی کشتوکاڵدا، هەروەها لە ڕووی ئایینیشەوە بە پێی ئەفسانەکانی ئاڤێستا یەکەم ئاژەڵی ماڵی دروستکراو گا بووە،[326] هەروەها لە نەریتە ئایینییەکانی وەک قوربانی کردنیشدا بەکارهاتووە، و گا لێکدانەوەیەکی گەردوونیشی هەیەو پەیوەستە بە لێکدانەوەی بورجە فەلەکییەکانەوە، بۆ نمونە وەکو هێمای فەلەکی خواوەند 'تیشتەر، Tištar'،[327] و خواوەند 'بەهرام'یش داندراوە.[328]

---

[324]لەزمانی ئیگلیزیدا بە 'Humped Bull'ناو ئەبرێن، لە زمانی کوردیدا بە گای گۆپارە ( گێپەڕ/کۆپان) دار ناو ئەبرێن، بۆ ئەو شێوازە مۆرە بڕوانە:

Frye, Sasanian Remains......., p. 96. D, 29.

[325] بڕوانە:

Bivar, *op. cit.*, p. 84, EM, 7.

[326]*ڤستا، المصدر السابق*، ڤاهوشتارا، گاتا، ١٤، ل. 94.

[327]ناوی یەکێک لە ئەستێرە گەشاوە و گرنگەکانە، کە سروودی هەشتەم (Tištar Yašt)ی ئاڤێستای بۆ تەرخانکرابوو، و یەکێک لە خواوەندەکانی ناو ئەفسانەکانی ئێرانی کۆن و ئایینی زەردەشتییە، کە بەخواوەندی باران و وشکەساڵی ناسراوە. چەندین ئەفسانە دەربارەی هەیە، یەکێک لەوانە بە خواوەندی ڕزگارکردنی ئاوەکان دادەندرێت. بڕوانە:

Brunner, *op. cit.*, pp. 77-78; https://www.iranicaonline.org/articles/tistrya-2. Accessed on 6-8-2022, 9:45 PM.

## مۆری ١٦

وێنەی مۆری ١٦

ژمارە: SS.00014، SM.056114

کڕین : 21-6-2005:
بەرزی: 1.1 سم،

تیرە: 1.3 سم.

ماددە: لە عەقیقی

سەدەی پێنجەمی زاینی.




مۆرێکی ڕووتەختی شێوە گومەزیی ڕەنگێکی سوری ئاڵی پڕشنگداری هەیە، مۆرەکە سواوە و قرنجاوە، وێنەی گایەکی ڕووەولای ڕاست ڕاوەستاوی لەسەرە، دوو شاخی ئەستوری چەماوەی هەیە، کەمێک بەلای ڕاستیدا ئاوڕیداوەتەوە. لەسەر ملی بەرزاییەک هەیە لەسەر شێوەی گۆپارەیەک، گاکە؛ بە شریتێکی شێوە بازنەیی پچڕ پچڕ دەورە دراوە، ڕەنگە ئەم جۆرە مۆرانە بۆ سەدەی پێنجەمی زاینی بگەڕێنەوە.[329] ئەم مۆرە دیمەنەکەی هاوشێوەی مۆری پێشترە بۆ لێکدانەوەی دیمەنەکە (بڕوانە مۆری پێشتر).

[328]Brunner, *op. cit.*, pp. 77-78.

[329]بۆ هاوشێوەی ئەم دیمەنە بڕوانە:

Bivar, *op. cit.*, p. 84, EM, 7; Frye, Sasanian Remains......., pp. 96. D, 29.

## مۆری١٧

وێنەی مۆری ١٧

ژمارە: SS.00018، SM.056118

کڕین : 2005-6-21

درێژی: 1.9 سم،

پانی: 0.9 سم،

بەرزی: 1.3 سم،

تیرە: 1.3 سم.

مادده: عەقیقی قاوەیی سورباو

سەدەی پێنجەمی زاینی(؟)






مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی، مۆرەکە قرنجاوی و سواوی پێوەیە، لە ناوەندا کونێکی تێدایە، کە تیرەکەی بەقەد نیوەی بەرزی مۆرەکەیە، کە یەکێکە لە تایبەت مەندییەکانی مۆرە شێوە هێلکەییەکان، بەهۆی پێکهاتەی بەردەکەوە کە کارلێکی لەگەڵ پێکهاتەکانی سروشتدا کردووە،[330] پەڵە پەڵەی ڕەشی تیا درووستبووە. مۆرەکە وێنەی گایەکی گۆپارەداری ڕووە و لای ڕاستی لەسەرە. دوو شاخی ئەستوری چەماوەی بەرەو سەرەوەی هەیە، تاڕادەیەک ئاوڕیداوەتەوە بە لای راستی خۆیدا، واتە بەتەواوی ڕووی لە پێشەوەی نییە، بەهۆی شکاوی مۆرەکەوە دیمەنەکە زیانی بەرکەوتووە.[331]

---

[330] بڕوانە بەشی دووەم پێکهاتەی مۆرە ساسانییەکان.

[331] بۆ ئەم شێوە دیمەنە بڕوانە :

Bivar, *op. cit.*, pp. 85-86, EN, 3, 4, 15,

## مۆری ١٨






وێنەی مۆری ١٨

ژمارە: SS.00252، SM.056352

کڕین : 2009-4-15،

بەرزی: 1.6 سم،

تیرە:2.5 سم.

مادده: عەقیقی خۆڵەمێشیی تێکەڵ بە قاوەیی،

سەدەی سێیەم- چوارەمی زایینی.

مۆرێکی ڕووتەختی شێوە بازنەیی، دیمەنێکی لەسەرە، لە سەری ئاژەڵێک پێکهاتووە، ڕووەولای چەپ، بە جۆرێک سەری هەڵبڕیوە و دەمی کردۆتەوە و دانەکانی بە دیارەوەن، هاوشێوەی ئەسپ لەکاتی حیلانندا. هەروەها لەبەر دەمیا وێنەی ئەستێرەیەک کراوە. ئەم ئاژەڵە زۆرتر لە شێوەی ئاژەڵێکی لێکدراو دەچێت، دەموچاوی و گوێچکەکانی هاوشێوەی ئەسپە، بەڵام ئەو یاڵییەی بەلای ملیا بە شێوەی شەپۆل شەپۆل هاتوتە خوارەوە لە یاڵی شێر دەچێت. ئەگەر بەراوردی بکەین بەو سەرە ئەسپەی 'لە کرمان' دۆزراوەتەوەو لە ئێستادا لە مۆزەخانەی 'لوڤەرە' بەتەوای دەرئەکەوێت گوێچکە و چاو و لمۆزی وەک ئەسپە. هەروەها زۆرجار ئەسپ هاوشێوەی شێر لەسەر مۆرەکان وێنەکراوە.[332]



وێنەی ئەو سەرە ئەسپەی لە کرمان دۆزراوەتەوە بۆ سەدەی چواری زایینی دەگەڕێتەوە.

لە ئێستادا لە 'مۆزەخانەی لوڤەرە'ئەم وێنەیە لەم وێبسایتەوە وەرگیراوە:

https://www.reddit.com/r/ArtefactPorn/comments/45lb85/horse_head_gilded_silver_4th_century_sasanian_art. / Accessed on 6-8-2022, 12:42 PM.

### لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە:

وێنەی ئەسپ لە هونەری ساسانییدا زۆر بەدیدەکرێت، هەر وەکو گا لە ئاییینی زەردەشتیدا لە گرووپی ئاژەڵە سود بەخشەکان داندراوە، هەوەها لە دیمەنە شاهانەییە هەڵکۆڵراوەکانی سەر قەدپاڵی چیاکان و سەر دەفر و بابەتە هونەرییەکانی تر، هەمیشە ئەسپ بە دیمەن و وێنایەکی جوان و ناوازە نمایشکراوە، هەروەها لە بابەتە

[332]Brunner, *op. cit.*, p. 81.

ئەدەبییەکانی وەک ’شەهنامە‘دا ئەسپ بە نازناوی جۆراو جۆر لە داستانەکاندا هاتووە وەک’ڕەخش‘[333] و ’شەبدێز‘ و’شەبڕەنگ‘ و ’بیهزاد‘ و ’گوڵگۆن‘.[334]

### کەڵە کێوی:(stag)

### مۆری ١٩





وێنەی مۆری ١٩
ژمارە: SS.00030، SM.056130

کڕین : 21-6-2005، : درێژی: 2 سم،

پانی: 1.2 سم،
بەرزی: 1.6 سم،
تیرە: 2 سم.

ماددە: عەقیقی سپیی شیری.

سەدەی چوارەم-پێنجەمی زایینی

مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی، مۆرەکە شکاوە و کەل بووە، کونێکی تێدایە تیرەکەی بەقەد نیوەی بەرزیی مۆرەکەیە، ڕوشاوی و قرنجاوی زۆری پێوەیە، دیمەنی کەڵەکێوییەکی لەسەرە، کە دوو شاخی درێژی پەل پەلی هەیە، بە شێوەیەک تا ئاستی پاشووی درێژ بوونەتەوە بەشی خوارەوەی ئاسکەکە بە هۆی شکاوی و سواوی مۆرەکەوە بە تەواویی ڕوون نییە، لە بەردەمیا لقێک درەختی بچوک هەیە چەند پەلکێکی پێوەیە، دیمەنەکە وادەردەکەوێت، کە ئاسکەکە چۆکی دادابێت بۆ خواردنی گەڵای درەختەکە.[335]

#### لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە

ڕۆڵی ئاسکە کێوی/سورە ئاسک، لە هونەری ئێرانی پێش ئیسلامدا بۆ ڕازاندنەوەی دەفرەکان و دیمەنە ڕاوە شاهانەییەکان بەردوام تا سەردەمی ئیسلام بەکارهاتوون، بە هەمان شێوە و هەمان ڕۆڵ لە هونەری ساسانیدا ئاسکی سوور وەک ئاژەڵێکی شاهانە بەکارهێنراوە، هەروەها وەک توخمێک لە ڕازاندنەوە لەسەر کڵاوەکانی پاشاکانی ئەشکانیش ئەبیندرێت، ئاسکی سووری هونەری ساسانیی بە زۆری بە شێوەیەکە کە قاچێکی

---

[333] الفردوسي، *الشاهنامة ملحمة فرس الكبرى*...... ص. 55.

[334] Brunner, *op. cit.*, p. 80.

[335] بۆ هاوشێوەی ئەم دیمەنە بڕوانە:

Bivar, *op. cit.*, p. 91. FB.
Frye, *Sasanian Remains*......., p. 101. D, 294,290

بەرزکردۆتەوە و سەری وەرگێڕاوە، وە یان لەکاتی ئاو خواردنەوەدایە، یان دەمی بردووە بۆ چڵە گیایەک یان درەختێک.[336]

**ئاسک :مۆری ٢٠**

وێنەی مۆری. ٢٠
ژمارە: SS.00149، SM.056249

کڕین:2008-3-12

درێژی: 1.5 سم،
پانی: 0.8 سم،
بەرزی: 1.2 سم،
تیرە: 1.5 سم.

مادده: عەقیقی قاوەیی شەپۆلدار

سەدەی چوارەم-پێنجەمی زاینی




مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی، مۆرەکە سواوی و قرنجاوی پێوەیە، وێنەی ئاسکێکی لەسەرە، کە قاچەکانی بە تەواوی نوشتاندۆتەوە، و ڕووی لە پێشییەوەیەتی، ملی بەرزکردۆتەوە. دوو شاخی درێژی تیژی ڕێکی هەیە، کە بۆ دواوە درێژ بوونەتەوە، ئەگەر بە وردی لە هونەری وێناکردنی ئەم ئاژەڵە ڕابمێنین، دەکرێت بڵێین هونەرمەند بە جۆرێک ویستوویەتی لە شێوازی هەڵکۆلینەکەیدا وریایی و زیتەڵەیی ئەم ئاژەڵە دەربخات، کە بە جۆرێکە ملێکی قیت و سەرێکی بەرزی هەیە.[337] هاوشێوەی ئەم جۆرە ئاسکانە لەسەر نەخشی سەر گڵینەکانی سەردەمی ساسانیش دەبیندرێن، هەروەها کۆمەڵێک گڵینی سەردەمی ساسانی لە کنە و پشکنینەکانی 'نوزی' دۆزراونەتەوە کە جێ مۆریان لەسەرە، دیمەنی هاوشێوەی ئەم ئاسکە و کەڵەکێوییە شاخ پەل پەلاوییەکەی مۆری پێشوو (مۆری.١٩)یان لەسەرە. وەک ئەم دوو نمونەیە. وەرگیراون لە:



Starr, R. F. S., *Nuzi Report on the Excavation at Yorgan Tepa near Kirkuk, Iraq,* conducted by Harvard University in conjunction with the American Schools of Oriental research and the University Museum of Philadelphia 1927-1931, VOL.II, Cambridge/Massachusetts/Harvard University,1937, pl.136-137.

---

[336] دە پهلوان و هندیجانی، *مصدر قبلی*، ص.٤٠.

[337] بۆ ئەم جۆرە دیمەنە بڕوانە:

Bivar, *op. cit.*, p. 94. FH.7,9

## مۆری ٢١

ژمارە: SS.00140، SM.056240

کڕین: 12-3-2008،

درێژی: 2 سم،

پانی: 1.1 سم،

بەرزی: 1.8 سم،

تیرە: 2 سم.

سەدەی پێنجەمی زاینی






مۆرێکی ڕووتەختی شێوە گومەزیی لە عەقیقی سور دروستکراوە، کە پەڵە پەڵەی بچوکی کاڵ وتۆخی تێدا دروستبووە، بەهۆی پێکهاتەی بەردەکەوە. شوێنی مۆرەکەی تارادەیەک لاکێشەییە، مۆرەکە چەند پارچەیەکی لێ کەلبووە و سواوە. دیمەنی ئاسکێکی لەسەرە، بە پێوە وەستاوە و ئاوڕی بۆ دواوەی خۆی داوەتەوە، ئەستێرەیەک لە دواوەی ئەبیندرێت.

## مۆری ٢٢

وێنەی مۆری ٢٢

ژمارە: SS.00017، SM.056117

کڕین : 21-6-2005،

بەرزی: 1.7 سم،

تیرە:1.6 سم.

مادده: بەردی بەزەڵت(بازلت).




مۆرێکی تەخت، بەردەکەی تا ڕادەیەک شێوەیەکی قەد لولەیی سەر گومەزیی هەیە، لەلای سەرەوەی دووکونی تێدایە، کە بە تەواوی کونەکەی ناوبۆش نییە، تەنها پاشماوەی شوێنی جێگیرکردنی دەسکی مۆرەکەیە، کە پێ دەچێت ئەڵقەیەکی کانزای پێوە قایم کرابێت، مۆرەکە سواوە و قرنجاوە لە چەند شوێنێکەوە کەلی تێبووە. دیمەنی سەرە بزنێک یان ئاسکێکی شاخ درێژی لەسەرە ڕووەولای چەپە، لە بەردەمیا وێنەی ئەستێرەیەک

نەخشێندراوە. دیمەنی بزن و بزنە کێویی لەپاڵ ئاژەڵەکانی تر لە هونەری ساسانییدا لەسەر مۆرەکانیان بەدی دەکرێن، و لە ڕازاندنەوەی دەفرە کانزاییەکان و دیمەنی ڕاوشکاری پاشاکاندا بەکارهاتوون.[338]

### شاخی بەران: مۆری ٢٣

وێنەی مۆری ٢٣

ژمارە: SS.0027، SM.056127

کڕین : 21-6-2005،

درێژی :2 سم،

پانی: 1سم،

بەرزی:1.7 سم،

تیرە:2 سم.

مادده: لە عەقیقی سوری شەپۆلدار

سەدەی چوارەم- پێنجەمی زاینی




مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی کونێکی تێدایە. بەهۆی پێکهاتەی بەردەکە و کارلێکی سروشت لەسەری پەڵەی ڕەش و قاوەیی تۆخی تیا درووستبووە. دیمەنی سەرە بەرانێکی لەسەرە، کە لەسەر بنکەیەکی شێوە باڵ/شێوە گەڵای ڕووە و سەرەوە وەستاوە، (هەرچەندە ئەم شێوەیە تا ڕادەیەک لە پەلکی درەختیش دەچێت، دیمەنەکە بە شێوەی گوڵیش دێتە بەرچاو، چونکە لە ڕووی هونەرییەوە بەو شێوەیە وێناکراوە). سەری بەرانەکە کەوتۆتە ناوەندی ئەو دووشێوە باڵەوە، شاخەکانی بۆ خوارەوە چەماونەتەوە بە شێوەی دوو نیوە مانگی ڕووەو خوارەوە، بەرانەکە ڕووە و لای ڕاستە.[339] بۆ لێکدانەوەی دیمەنی بەران و شاخی بەران لە هونەری ساسانییدا (بڕوانە بەشی چوارەم جێ مۆری ١٩).

---

[338]Brunner, *op. cit.*, p. 100.

[339]بۆ هاوشێوەی ئەم جۆرە دیمەنە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

Frye, *Sasanian Remains*......., p. 99. D, 151
Brunner, *op. cit.*, p. 94-95.
Bivar, *op. cit.*, p. 93. FG. 7.
Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings*......., p. 118. 40 CA.

## مۆری ٢٤






وێنەی مۆری. ٢٤ ژمارە: SS.00233، SM.056333

کڕین : 10-1-2009 : درێژی: 2.9 سم،

پانی: 1.7 سم،

بەرزی: 2.3 سم،

تیرە: 2 سم.

ماددە: کوارتزی سپیی شیری

سەدەی چوارەم- پێنجەمی زاینی

مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی، کونێکی تیدایە. دیمەنی دوو ئاژەڵی لە تەنیشتی یەکەوەی لەسەرە. یەکێکیان لە پێش ئەوی تریانەوەیە، سەریان بەرزکردۆتەوە بەوەو پێشی خۆیان ئەڕوانن. لەم ئاژەڵە لەسەر ئەو مۆرانەی لە 'قەسری ئەبو نەسر' دۆزراونەتەوە، 'فرەی' بە (antelop?) بزنە کێوی ناوی بردووە.[340] بەڵام لەسەر چەند مۆرێکی تر تەنها بە ئاژەڵی چوار پێ ناو براون.[341] ئەم ئاژەڵە زیاتر لە جۆرە بزنە کیوییەک دەچێت پێی ئەوترێت (addax antelope).





هاوشێوەی ئەو ئاژەڵە 'addax antelope' ئەم وێنەیە لەم وێبسایتەوە وەرگیراوە:

https://www.google.com/search?q=addax +antelope&tbm=isch&ved=2ahUKEwjttqXJ-

Accessed on 6-8-2022, 1:20 PM.

[340]Frye, *Sasanian Remains*......., p. 98. D, 120.
[341]Frye, *op. cit.*, p.101.D.288.

## مۆری ٢٥

وێنەی مۆری٢٥

ژمـــــــــــــارە: SS.00259، SM.056359

کڕین: 15-4-2009

درێژی: 2 سم،

پانی: 1.5 سم،

تیرە: 1.5 سم،

مـاددە: عەقیقـی کـاهیی (بێجـی) ڕوونی پرشنگدار ،







مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی، وێنەی ئاژەڵێکی پاڵکەوتووی لەسەرە. دەستێکی نوشتاندۆتەوە بۆ ژێر خۆی و دەستێکیشی بۆ بەردەمی خۆی درێژکردووە، دوو شاخی درێژی هەیە هاوشێوەی هەمان 'ئەنتیلۆپ addax antelope'ی مۆری پێشووە.

## مۆری ٢٦ -دووپشک

وێنەی مۆری ٢٦

ژمارە: SS.00297، SM.056397

کڕین: 15-4-2009

درێژی: 1.7سم، پانی: 0.8 سم،

بەرزی: سم ، تیرە: 2.5 سم.

ماددە: عەقیقی سوری

سەدەی چوارەم- پێنجەمی زاینی







مۆرێکی ڕووتەختی شێوە ئەڵقەیی، لە عەقیقی سوری مەیلەو قاوەیی دروستکراوە. مۆرەکە شکاوە و چاککراوەتەوە، وێنەی دووپشکێکی لەسەر هەڵکۆڵراوە.

### لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە

دووپشک بە پێی ئەفسانەکانی ئایینی زەردەشتیی وەک خشۆکێکی زیانبەخش ئاماژەی پێ کراوە.[342] هەندێک لە توێژەران پێیان وایە، لەبەر ئەوەی دووپشک هێمای ’ئەهریمەن‘ە بۆیە ناکرێت ئەم جۆرە مۆرانە هی کەسانی زەردەشتیی بن، چونکە گونجاو نییە وێنەی دووژمنی خۆیان لەسەر مۆرەکانیان هەڵبکۆڵن، لەبەر ئەوە ڕەنگە ئەم مۆرانە مۆری کەسانیی ئایینەکانی تری ناو قەڵەمڕەوی ساسانییەکان بن،[343] بەڵام زۆرجار لەسەر بابەتە جادووییەکان بۆ نمونە لەسەر مۆرەکانی کە نەخشی گایۆمەردیان لەسەرە، بەهەمان شێوەی سەگ و مار، دووپشکیش لەسەر دیمەنەکان هەڵکۆڵراوە.[344] بۆیە ڕەنگە ئەم دیمەنانە تایبەت بن بە مۆری جادوویش، لەگەڵ ئەمانەشدا دووپشک بە یەکێک لە هێماکانی خواوەند ’ئەپام نەپات *Apām Napāt*‘ش دادەندرێت، چونکە دووپشک زیاتر لە شەودا دەردەکەوێت، و ئەم خواوەندەش بە گەورەی شەو (Lord of the Night)ناسراوە.[345]

مۆری ٢٧

وێنەی مۆری ٢٧

ژمارە: SS.00187، SM.056287

کرین: 2008-8-8 ،

درێژی: 2 سم،

پانی: 1.4 سم،

بەرزی: 1.5 سم ، تیرە: 1.5 سم.

ماددە: عەقیقی سوری مەیلەو قاوەیی

سەدەی چوارەم- پێنجەمی زاینی




مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی، لە دروستکراوە. وێنەی دووپشکێکی لەسەر هەڵکۆڵراوە، کلکی بەرزکردۆتەوە و لەکاتی ڕۆیشتندایە.[346]

---

342 Brunner, *op. cit.*, p. 113.

343 Shaked, S., "Jewish and Christian Seals of the Sasanian Period" *Studies in Memory of Gaston Wiet,* ed. Myriam Rosen-Ayalon, Jerusalem, 1977, p. 22.

344 Brunner, *op. cit.*, p. 113.

345 بڕوانە بەشی چوارەم (جێ مۆری 1). هەروەها بڕوانە:

Soudavar, A., *Discrediting Ahura Mazdā's Rival.....*, p.15.

346 بڕوانە:

Bivar, *op. cit.*, p. 105. KA. 7.

## مۆری ٢٨

وێنەی مۆری. ٢٨

ژمارە: SS.00199، SM.056299

کڕین: 8-8-2008،

درێژی: 2 سم،

پانی:1.2 سم،

بەرزی: 1.8سم

تیرە: 2 سم.

ماددە: چێرت.




مۆرێکی ڕووتەختی شێوە گومەزیی، کەمێک سواوە. وێنەی دووپشکێکی لەسەر هەڵکۆڵراوە، کە کلکی بەرزکردۆتەوە و لە کاتی ڕۆیشتندایە. بۆ سەدەی پێنجەمی زاینی دەگەڕێتەوە.[347]

## ماسی مۆری ٢٩

وێنەی مۆری. ٢٩

ژمارە: SS.00435، SM.056535

کڕین: 2005

درێژی: 1.1 سم،

پانی: 0.9 سم،

بەرزی: 1.6 سم ،تیرە: 1.7سم،

ماددە: عەقیقی سوری

سەدەی چوارەم- پێنجەمی زاینی




مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی، کونێکی تێدایە، لە عەقیقی سوری کاڵی شەپۆلدار دروستکراوە، بەهۆی پێکهاتەی بەردەکە و کارلێکی سروشتیی پەڵەی ڕەشی تیا درووستبووە، مۆرەکە وێنەی ماسییەکی لەسەر هەڵکۆڵراوە.

---

[347] Bivar, *Ibid*, p. 105. KA.6.

**لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە**

ماسی لە زیندەوەرزانیی ئایینی زەردەشتییدا بە کۆی گشتی هەر وەک ڕەگەزەکانی خاک و ئاو لە پارێزگاریکردنی ژینگەدا بە زینەدەوەرێکی مێینە هەژمار کراوە، هەروەها وەکو زیندەوەرێکی بە سود لە هونەری ساسانییدا دەردەکەوێت، بۆ نمونە لە نەقشی 'تاق-بوستان'دا، هەروەها لەسەر چەند مۆرێکی تریش دەرکەوتووە، لەوانە لە مۆزەخانەی بەریتانی و مۆزەخانەی لوڤەر و[348] مۆزەخانەی 'ئەشمولیان' لە 'ئۆکسفۆرد' لەم جۆرە مۆرە هەیە.[349] ئەم جۆرە مۆرە ڕەنگە بۆ سەدەی چوارەم- پێنجەمی زاینی بگەڕێتەوە.[350]

٥- باڵندە مۆری ٣٠

وێنەی مۆری ٣٠

ژمارە: SS.00012، SM.056112

کڕین: 21-6-2005

درێژی: 1.9سم،

پانی:1.2 سم،

بەرزی: 1.6 سم ، تیرە: 1.8 سم

مادده: لە عەقیقی قاوەی




مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی، کونێکی تێدایە، دیمەنی باڵندەیەکی لەسەرە لە کاتی ڕۆیشتندایە، بە دەنوکی شتێکی هەڵگرتووە. باڵندەکە ڕەنگە قەڵەڕەش بێت[351]، ئەوەی بە دەنوک هەڵیگرتووە، ڕەنگە پەلکێک(گەڵا) بێت.[352]

**لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە:** باڵندەکان لە ئایینی زەردەشتیدا دووەم کۆمەڵەی ئاژەڵەکان پێکدەهێنن، بە پێی لێکدانەوەکانی بوندەهیشن بە بونەوەرێکی زیرەک و وریا لێکدراونەتەوە، هەروەها لە هونەری ساسانییدا بە یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی ڕازاندنەوەکان داندراون.[353] زۆرجار دیمەنی باڵندە جۆر بە جۆرەکان بۆ ڕازاندنەوەی بابەتە هونەرییەکانی تر بەکارهاتووە، بۆ نمونە لەسەر دەفرێکی شێوە بەلەمی کە بۆ سەدەی (٦-٧)ی زاینی دەگەڕێتەوە، دیمەنێکی لەسەرە کە تەختێکە پادشا لەسەری دانیشتووە، قاچی تەختە شاهانەییەکە لەسەرسەری دوو باڵندە وەستاوە.[354]

---

[348]Brunner, *op. cit.*, pp.112- 113

[349]بڕوانە:

Gignoux,& Gyselen., *op. cit*, Planche x, 30.97

[350]Bivar, *op. cit.*, p. 105. JA. 1.

[351]Brunner, *op. cit.*, p. 112.

[352] Bivar, *op. cit.*, p. 104. HI, 13, p.100, HE, 2.

[353]Brunner, *op. cit.*, p. 104.

[354]Ghirshman , *op. cit.*, p.203 ph.242.

## مۆری ٣١

وێنەی مۆری ٣١

ژمارە: SS.00045، SM.056145

کڕین : 2005 ،

بەرزی: 1.5 سم ،

تیرە: 1.8 سم.

ماددە: عەقیق

سەدەی پێنجەم- شەشەمی زاینی






مۆرێکی ڕووتەختی شێوە گومەزیی ڕەنگێکی قاوەیی کاڵی شەپۆلداری کاڵ و تۆخی پڕشنگداری هەیە، دیمەنی باڵندەیەکی لەسەرە، لەبەر ئەوەی ڕەنگی باڵندەکان دیار نییە بۆیە ئاسان نییە بیان ناسینەوە کە چ جۆرێکن، ئەم باڵندەیە بە شێوەی قاچەکانیا زۆرتر لە شێوەی مراوی دەچێت،[355] ڕەنگە بۆ سەدەی پێنجەم بۆ شەشەمی زاینی بگەڕێتەوە.[356]

## مۆری٣٢

وێنەی مۆری ٣٢

ژمارە: SS.00023، SM.056123

کڕین :21-6-2005

بەرزی: 0.6 سم،

تیرە: 1.5 سم.

ماددە: چیسم (Gypsum)

سەدەی پێنجی زاینی






مۆرێکی ڕووتەختی شێوە بازنەی، مۆرەکە ڕووشاویی و قرینجاویی زۆری پێوەیە، دیمەنی باڵندەیەکی ڕووەو لای ڕاستی لەسەرە، ڕەنگە کەو یان بێچووە مراوی بێت(؟) [357] باڵندەکە بە چوارچێوەیەکی خەتخەتکراو دەورە دراوە.

---

[355]Brunner, *op. cit.*, p. 110.
[356] Bivar, *op. cit.*, p. 102, HF, 10, 17
[357]Frye, *Sasanian Remains.......*, p. 102. D366.

## مۆری٣٣






وێنەی مۆری ٣٣

ژمارە: SS.00299،
SM.056399

کڕین : 2009-4-15

بەرزی: 1.3سم ،

تیرە: 2.6 سم.

مادده: لە عەقیقی خۆڵەمێشیی تێکەڵ بە قاوەی

سەدەی سێیەم- چوارەمی زاینی

مۆرێکی ڕووتەختی شێوە بازنەیی، مۆرەکە قرنجاوی پێوەیە چەند پەڵەیەکی لێ هەڵبووە. دیمەنی باڵندەیەکی لەسەرە، کە بریتی یە لە کۆترێکی ڕووەو لای چەپ، لەسەر یەکێک لە قاچەکانی وەستاوە، قاچەکەی تری بەرزکردۆتەوە و ئاوڕی بۆدواوە داوەتەوە. کلکی قنج کردۆتەوە و باڵی تا ڕادەیەک شۆڕکردۆتەوە، ملی و گەردنی و سەر شانی باڵەکانی بە هێڵی ورد ورد نەخشێندراون.

## مۆری ٣٤






وێنەی مۆری ٣٤

ژمارە: SS.00142، SM.056242

کڕین :12-3-2008 ،

درێژی: 1.6 سم،

پانی:1.4 سم.

بەرزی: 1 سم.

مادده: عەقیقی قاوەیی سورباو.

مۆرێکی ڕووتەختی شێوە چوارگۆشە، دیمەنی باڵندەیەکی لەسەرە، باڵندەکە باڵای بەرزە لە خێزانی باڵندە گەورەکانی هاوشێوەی قەل و حاجی لەقلەقە، و لە بەردەمیدا لقێک گیای پەلپەل هەیە.

## مۆری ٣٥




وێنەی مۆی ٣٥

ژمارە: SS.00040، SM.056140

کڕین : 29-3-2009 ،

درێژی: 1.5 سم،

پانی: 1.1 سم

بەرزی: 1.2 سم،

تیرە: 1.5سم.

مادده: عەقیقی قاوەیی سورباو .

مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی، لە دیمەنی سەری باڵندەیەکی ڕووەولای چەپی لە سەرە، دەندوکێکی درێژی چەماوەی هەیە، بە شێوازی دەندوکیا لە ’هەڵۆ‘ یان ’شاهێن‘یان داڵ (؟)دەچێت.

## مۆری ٣٦




وێنەی مۆری. ٣٦

ژمارە: SS.00020، SM.056120

کڕین: 21-6-2005

درێژی: 1.7 سم،

پانی: 1 سم،

بەرزی: 1.4 سم،

تیرە: 1 سم.

سەدەی پێنجەمی زاینی

مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی، لە ’یاقوت‘ی قاوەی تێری مەیلەو ڕەش دروستکراوە. دیمەنی باڵندەیەکی لەسەرە ڕووەولای ڕاست، لەشی بە شێوەی هێڵی کورت کورت دروستکراوە. لە کاتی ڕۆیشتندایە، دەندوکی کراوەتەوە وەک ئەوەی شتێک لە دەمیدابێت.[358] ڕووکاری دەرەوەی مۆرەکەش بە چەند هێڵێکی شەپۆلدار نەخشێندراوە.

---

[358] بۆ هاوشێوەی ئەم جۆرە باڵندەیە بڕوانە:
Bivar, *op. cit.*, p. 101, HE, 9.

## ٦- دیمەنی ڕووەکی

### مۆری ٣٧




وێنەی مۆری ٣٧

ژمارە: SS.00451، SM.056551

کڕین :2005 ،

درێژی: 1.2سم،

پانی: 1 سم، بەرزی:

1.2 سم ، تیرە: 1.4 سم.

مادده: عەقیقی سوری مەیلەو قاوەیی

سەدەی چوارەم- پێنجەمی زاینی.

مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی، دیمەنی لقە گوڵێکی لەسەرە لە نێوان شێوە باڵێک یان دوو هاوشێوەی شێوە 'دیادەم'دایە کە ڕوووە و سەرەوەن، یاخود لە شێوەی تاجەگوڵینەیەکدایە، گوڵەکە دوو پەلکی لەملاولاکەیەوەیەتی، چەند پەڕێکی پێوەیە، بە شێوەیەکە بە تەوای گوڵەکەی نەکراوەتەوە.[359]

### لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە

ئەم گوڵە ڕەنگە لە ڕەگەزی ئەو جۆرە گوڵە بێت، کە پێی دەوترێت گوڵە 'زەنبەق' Tulip' لە ئایینی زەردەشتیدا وەکو یەکێک لە ڕووەکە پیرۆزەکان داندراوە لەڕازاندنەوە و کارە هونەرییەکانی ساسانییدا بە زۆری بەرچاودەکەوێت، بەتایبەت لەسەر مۆرەکان، هەروەها لەسەر دیمەنەکانی 'تاق-بوستان' و لەسەر دەفرە کانزاییەکان.[360] گوڵە'زەنبەق' Tulip' لە ڕەگەزی گوڵی 'لیلی' یە، گوڵێکە زیاتر لە سەد جۆری جیاوازی هەیە، گوایە بۆ یەکەم جارلە ناوچەی ئێران دەست بە چاندنی کراوە و پاشان بە ڕۆژهەڵاتی ناوەندا بڵاوبۆتەوە، دواتر بووەتە هێمای ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی.[361]

---

[359]بۆ هاوشێوەی ئەم دیمەنە بڕوانە:

Bivar, *op. cit.*, p. 107. LA,4,5,9,10

[360]Brunner, *op. cit.*, p.110.

[361]*Melissa, Petruzzello*., https://www.britannica.com/plant/tulip Accessed on 7-8-2022, 1:4 PM.

وێنەی مۆری ٣٨

ژمارە: SS.00450، SM.056550

کڕین: 2005،

درێژی: 2.3 سم،

پانی: 1.6 سم،

بەرزی: 2.2 سم،

تیرە: 2.7 سم.

مادده: دۆلۆمایت (؟)ی یێجی سەدەی چوارەم- پێنجەمی زاینی.






مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی، دیمەنی لقە گوڵێکی لەسەرە، لەسەر بنکەیەکی شێوە باڵ کە ڕووەو سەرەوەن، گوڵەکە دوو پەلکی لەملاولاکەیەوەیەتی، گوڵەکە؛ لە شێوەی تۆپە گوڵێکی تازەکراوەدایە.[362] و لە گوڵە نیلۆفەر(لۆتس) دەچێت، گوڵە لۆتس بەهەمان شێوەی گوڵە 'زەنبەق' لە ڕەگەزی گوڵە 'لیلی'یە، زۆر جار بە یەک جۆرگوڵیش دادەندرێن، 'هیرۆدۆت'پێی وایە هەمان گوڵە زەنبەقە 'مصری'یەکان پێیان وتووە لۆتس،[363] ئەم گوڵە کۆمەڵێک مانای جیاوازی خراوەتە پاڵ بەپێی ئایینەکان و نەتەوەکان بەتایبەت لە کلتورەکانی ڕۆژهەڵاتدا، بە گشتی هێمای تیشکی ڕۆژ و دووبارە لە دایک بوونەوە و پاکی ئەگەیەنێت، و بە یەکێک لە گوڵە پیرۆزەکانی کلتورەکانی ڕۆژهەلات دادەندرێت.[364] ئەم گوڵە لەسەر مۆرەکان زۆرجارلە شێوەی گوڵە هەناریشدا دەردەکەوێت، بەشێوەی پنجە گوڵ یاخود بە شێوەی تاک، یاخود لە هەندێک مۆردا بەدەستی کەسێکەوە دەردەکەوێت.[365] لەگەڵ ئەمانەشدا گوڵی لۆتس بە یەکێک لە هێماکانی خواوەند 'ئەپام نەپات Apām Napāt'یش دانراوە.[366]

---

[362]بۆ هاوشێوەی ئەم دیمەنە بڕوانە:

Bivar, *op. cit.*, p. 107. LB, 1.

[363]سیرنج، فیلیب، *المصدر السابق*، ص.307.

[364]Robinson, K., “The Secret Meaning of the Lotus Flower” https://www.townandcountrymag.com/leisure/arts-and-culture/a9550430/lotus-flower-meaning/ Accessed on 7-8-2022, 1:14 PM.

[365]Frye, *Sasanian Remains.......*, *op. cit.*, p. 81.

[366]بڕوانە بەشی چوارەم (جێ مۆری ١). هەروەها بڕوانە:

[366]Soudavar, A., *Discrediting Ahura Mazdā’s Rival.....*, p.15.

## مۆری ٣٩

وێنەی مۆری ٣٩

ژمارە: SS.00059، SM.056159

کڕین: 4-6-2008 ،

درێژی: 1.9 سم،

پانی: 1.2 سم،

بەرزی: 1.6 سم ،

تیرە: 1.2 سم.

مادده: عەقیقی قاوەیی سوورباو

سەدەی پێنجەمی زاینی.






مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی، نەخشی گوڵە هەنارێکی لەسەرە، لە ژێریا هێڵێک لەسەرشێوەی بنکەیەکی بازنەیی کێشراوە. گوڵەکە چەند پەلکێکی پێوەیە، بە دوو پەلک دەورە دراوە. تۆپی گوڵەکە لەسەر شێوەی زەنگۆڵەییە هاوشێوەی ئەوەی کاتێک گوڵە هەنار هەڵی پێچاوەتەوە و بووەتە هەنارێکی ساوا.[367]

### لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە

ئەم جۆرە گوڵە لە شێوەی 'لیلی، نیلۆفەر(لۆتس)' یان بەشێوەی گوڵی هەناری زەنگۆڵەی، هەنار و وەکو بەری هەناریش لە هونەری ساسانیدا زۆر بەکارهاتووە، ژمارەیەکی زۆر مۆری ساسانیی بە گوڵی هەنار و بە میوەی هەناریش نەخشێندراون.[368] هەروەها لە جۆرەکانی تری هونەری ساسانیشدا بەکارهاتووە.[369] وەک نەخش و ڕازاندنەوەی گەچی، بۆ نمونە لە پارچەیەک نەخشی سەر دیوار، هەنار وەک بەشێک لە نەخشەکەی سەری بەکارهاتووە، ئەو پارچەیە لە ئێستادا لە مۆزەخانەی بەرلینە.[370]





وێنەی گوڵە هەنار لەم وێبسایتەوەوەرگیراوە.

Le Pom, Peppy., *PomegranatePunica granatum* https://www.provenwinners.com/plants/punica/peppy-le-pom-pomegranate-punica-granatum Accessed on 14-8-2022, 12:18 AM.

---

[367] بۆ هاوشێوەی ئەم گوڵە بڕوانە:
Bivar, *op. cit.*, p. 108. LB, 5,8,9,12.

[368] بۆ وێنەی هەنار و زانیاری زیاتر بڕوانە بەشی چوارەمی ئەم توێژینەوەیە جێ مۆری 28).

[369] Frye, *Sasanian Remains.......*, *op. cit.*, p. 81.

[370] Ghirshman, *op. cit.*, p.188. pl, 231

## مۆری٤٠




وێنەی مۆری٤٠

ژمارە: SS.00329، SM.056429

کڕین: 15-4-2010،

درێژی: 1.3 سم،

پانی: 1.2 سم،

بەرزی: 1.3 سم ، تیرە: 1.6 سم.

ماددە: عەعیقی سپی شیریی ،

سەدەی پێنجی زاینی.

مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی، نەخشی گوڵە هەنارێکی لەسەرە، لە ژێریا هێڵێکی لاری کورت لە شێوەی بنکەدا کێشراوە. وە گوڵەکە بە دوو پەلک دەورە دراوە. تۆپی گوڵەکە بە شێوەی زەنگۆڵەییە. چەند هێڵێکی لار بەشێوەی ڕووشاندن بەسەرتۆپی گوڵەکەدا کێشراوە، ئەم گوڵە هاو شێوەی مۆری پێشووە، بەڵام ڕەنگی بەردەکانیان لەیەکتر جیاوازن، (بۆ لێکدانەوەی دیمەنەکەی بڕوانە مۆری پێشتر).

## مۆری ٤١






وێنەی مۆری. ٤١

ژمارە: SS.00152، SM.056252

کڕین: 12-3-2008

درێژی: 1.7 سم، پانی: 0.8 سم،

بەرزی: 1.4 سم ، تیرە:1.6 سم.

ماددە؛ عەقیق

سەدەی پێنجەمی زاینی.

مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی، لە عەقیقی سوری قرنجاو درووستکراوە. دیمەنی گوڵە هەنارێکی لەسەرە، لەسەر بنکەیەکی بازنەیی لارە. دووپەلک لەملاولایەوە دەرچووە. (بۆ لێکدانەوەی دیمەنەکە بڕوانە مۆری ٣٩).

## مۆری ٤٢






وێنەی مۆری ٤٢

ژمارە: SS.00207، SM.056307

کڕین: 2009-1-10

درێژی: 1.7 سم، پانی: 0.9 سم،

مادده:عەقیق

بەرزی: 1.6 سم ، تیرە:1.7 سم.

مۆرێکی ڕووتەختی شێوە گومەزیی لە عەقیقی سوری کاڵ درووستکراوە، دیمەنێکی لەسەرە لە شێوەیەکی لولەیی درێژکۆلە پێکهاتووە، لە بەشی سەرەوەی تیژبۆتەوە، چەند هێڵێکی نیمچە لاری پێدا هاتووە. لەسەر بنکەیەکی بازنەییە کە دوو لق یان دووخەت لەملاولایەوە دەرچووە. ئەم شێوەیە لە ڕووەک دەچێت، لەسەر شێوەی دەرەختی 'سنەوبەر/سەروو' بەڵام هەندێک توێژەر بە شێوەی گڕی سەر سەکۆی ئاگردانی ئایینی زەردەشتی ئەچوێنن بە شێوەیەک ڕەنگە تەنها گڕەکەیان دروستکردبێت، بە بێ سەکۆی ئاگرەکە(؟)[371] بەڵام بەڕای ئێمە زیاترلە ڕووەک دەچێت.

## مۆری ٤٣






وێنەی مۆری ٤٣

ژمارە: SS.00146، SM.056246

کڕین: 2008-3-12

درێژی: 1.5 سم، پانی: 0.8 سم،
بەرزی: 1.1 سم ، تیرە:1.4 سم.

مادده:عەقیقی سور

مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی لە عەقیقی سور درووستکراوە، بەهۆی پێکهاتەی بەردەکە و کاریگەری سروشتەوە، پەڵەی ڕەشی تێدا دروستبووە. مۆرەکە کەمێک قرنجاوی پێوەیە، و دیمەنێکی لەسەرە هاوشێوەی دیمەنی مۆری پێشووە، بەڵام هێڵەکانی سەر بەشە لولەییەکە بە ئاڕاستەی پێچەوانەی هێڵی مۆری پێشوون.

[371] Brunner, *op. cit.*, p.120.

## ٧-سەکۆی ئاگر

### مۆری ٤٤




وێنەی مۆری ٤٤.

ژمارە: SS.00145، SM.056245

کڕین: 12-3-2010،

درێژی: 1.8 سم، پانی: 0.9 سم

بەرزی: 1.6 سم، تیرە: 1.8 سم.

ماددە: عەقیقی سوری پرشنگداری

سەدەی چوارەم- پێنجەمی زاینی

مۆرێکی ڕووتەختی شێوە هێلکەیی، دیمەنی سەکۆیەکی ئاگر(ئاگردان) ێکی لەسەرە. لە سەکۆیەکی لاکێشەیی تا ڕادەیەک بەرز پێکهاتووە. دیمەنی مەشخەڵی ئاگرێکی لەسەرە.[372] ڕاگری ئاگردانەکە لە شێوەی بەشی پێشەوەی باڵەخانە(بینا)دایە.

**لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە**

ئەم جۆرە ئاگردانانە بە شێوەی جۆر بەجۆرلە هونەری ساسانییدا بەدیدەکرێن، بەهۆی ئەوەی ئاگر یەکێکە لە پیرۆزییەکان و ڕێ و ڕەسمەکانی ناو'یەسن' ی ئایینی زەردەشتی، زۆرجار ڕاگری سەکۆی ئاگرەکە لە شێوەی بینادا ئەبیندرێت وەک ئاماژەیەک بۆ ئاتەشگا زەردەشتییەکان.[373]هەروەها زۆر جار مەشخەڵی ئاگرەکەی لەسەر شێوەی سێ مەشخەڵ کراوە، کە وەک ئاماژەدان بۆ سێ ئاگرە هەمیشەییەکەی 'گوشنەسپ،Gušnasp' 'بورزێن-میهر،Burzēn-Mihr' 'ئادورفەروباگ'Adhur-Farubāg'ی ئایینی زەردەشتیی.[374] وە پیشاندانی بە زیندوو هێشتنەوەی ئەو ئاگرەیە، ئەم سێ ئاگرە بە پێی ئەفسانەکانی ئایینی زەردەشتیی سێ ئاگری هەمیشەین. هەروەها یەکێکە لەدیمەنە سەرەکییەکانی سەر پشتی سکە ساسانییەکانیش.[375]

---

[372] Gignoux,& Gyselen., *op. cit*, Pl. X 11, 60.2, 60.3.

[373] Potts, "Foundation Houses, Fire Altars...., pp. 282-283.

[374]*اڤستا، المصدر السابق*، هایتی، 13، ل. 145.

Brunner, *op. cit.*, p. 120.

[375]بۆسێ ئاگرە پیرۆزەکەی ئایینی زەردەشتی بڕوانە:

Grenet, *op. cit.*, p. 57; https://iranicaonline.org/articles/adur-gusnasp-an-atas-bahram-see-atas-that-is-a-zoroastrian-sacred-fire-of-the-highest-grade-Accessed on 14-8-2022, 11:18 AM; Boyce, M., "ĀDUR BURZĒN-MIHR" https://iranicaonline.org/articles/adur-burzen-mihr-an-atas-bahram-see-atas-i Accessed on 14-8-2022, 12:18 AM.

٨-خاچ

مۆری ٤٥

وێنەی مۆری ٤٥

ژمارە: SS.00148، SM.056248

کڕین : 12-4-2008،

درێژی :1.5 سم، پانی:1.2 سم، بەرزی: 1.2سم.

سەدەی چوارەم-پێنجەمی زاینی






مۆرێکی ڕووتەختی شێوە نارێک، لە عەقیقی قاوەیی دروستکراوە، دیمەنێکی لەسەرە لە دوو پەلکی هاوشێوەی پەلکی دارخورما یاخود پەلی قامیش(؟) پێکهاتووە. لەسەر بنکەیەک، کە شێوازێکی بازنەیی هەیە، بەهێلێک کراوە بە دوو بەشی بازنەییەوە، دوو خەت لەملاولاکەیەوە دەرچووە. لە بەشی سەرەوەیدا، نەخشێک کراوە لە شێوەی 'خاچ'دایە.

**لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە**

بەکارهێنانی خاچ دەکرێت وا لێکبدرێتەوە، کە هێمای تایبەتی مۆری مەسیحییەکان بووە، ئەم جۆرە دیمەنانە لەناو مۆرە ساسانییەکاندا زۆر دەبیندرێن، چونکە مەسیحییەکان بەشێکی دانیشتوانی ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەویی ساسانییەکانیان پێکهێناوە.[376]

[376]بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مۆری مەسیحییەکانی سەردەمی ساسانیی بڕوانە:
Shaked، "Jewish and Christian Seals……, pp. 18-22.

# بەشی چوارەم

# جێ مۆرە گڵێنە کەسییەکان و دیمەنەکانی سەریان

### جێ مۆرە کەسییەکان و دیمەنەکانی سەریان

جێ مۆرەکان لەسەر پەپکە گڵینەکان (Bullae)[377]بریتین لە پەپکە یان تۆپەڵە قوڕێکی مۆرکراو، لە کاتی مۆرکردنی بەڵگەنامە چەرمینەکاندا بەهۆی پەتێک یان قوماشێکەوە بەڵگەنامەکانیان پێ سەرمۆر کراوە، هیچ کات بەڵگەنامەکانیان تێوە نەپێچراوە، بەڵکو بەڵگەنامەکان لولدراون پاشان بە پەتێک توندکراون، دواتر ئەم تۆپەڵە قوڕەیان لەسەر شوێنی گرێکەی پێچاوە و مۆریان کردووە، لە کاتی کردنەوەی بەڵگەنامەکاندا جێ مۆرەکەیان لەپەتەکە دەرکێشاوە، بۆیە زۆرجار کونێک لەناوەڕاستیاندا یان لە قەراغەوە دروستبووە، یان پاشماوەی کەڵێنێک یان چاڵێک یان دوو کونی لەم سەر بۆ ئەو سەر بە شێوەی ڕاست و چەپ لە بەشی پشتەوەی شوێنە مۆرنەکراوەکە بەهۆی ئەو پەتەوە دروست بووە، کە ڕایانکێشاوە، هەندێک جار پاشماوەی پەتەکە یان قوماشەکە تێکەڵ بە قوڕەکە بووە، و زۆرجار لە بەشی ژێرەوەیاندا لووسییەک دروستبووە بە هۆی ئەوەی لەکاتی مۆرکردنیاندا فشار خراوەتە سەریان و بە بەڵگەنامەکەوە نوساون.[378]



وێنەی: آ

وەک وێنەی (آ)، کە شوێنەواری شوێنی بەڵگە نامەکە بە پشتی پەپکە گڵینەکەوە بەجێماوە، هەروەها سەبارەت بەو پەتەی کە جێ مۆرەکەی بە بەڵگەنامەکەوە پێ بەستراوە، شوێنەواری بەتەوای لەسەر زۆربەی جێ مۆرەکان بەجێماوە، بۆ نمونە وەک لە وێنەی (ب) بەدی دەکرێت، کە شوێنی پەتێکی ڕاست و چەپی پێوە دیارە، کە ئاسۆییەکەیان ڕاکێشراوە، شوێنی کونی پەتەکەی، سەری کراوەتەوە (کونێکی سەربەتاڵ)ە، بەڵام پەتی دووەم/ستونییەکەیان دەرکێشراوە وشوێنی پەتەکە بەشێوەی کونێکی داخراو ماوەتەوە، هەندێک جار لەکاتی لێکردنەوەیان لەشوێنی پەتەکەدا پەپکە گڵینەکە شکاوە. ئەم جێ مۆرانە بە شێوازی جۆربەجۆر بەکارهێنراون، بەڵام ئامانجەکەیان مۆرکردن بووە، بۆنمونە بۆ مۆرکردنی دەرگا بەتایبەت دەرگای گەنجینەکان، هەروەها سندوقە پڕلە شتەکان، کاڵاکان و بەڵگەنامەکان، ئەم مۆرکردنەش مەبەست لێی سەلامەتی و متمانەی شمەک و کاڵا مۆرکراوەکە بووە، لە دەوری بەڵگەنامەکان پێچراون، تاکو سەلامەتی ونهێنیان پارێزراو بێت.[379]



وێنەی ب

سەرەڕای ئەوەی وەک ئیمزا بۆ مۆرکردنی کاڵا و بەڵگەنامەکان بەکارهێنراون وەکو باسمانکرد، وەک بە بابەتێکی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە مێژووی کارگێڕی و ئابوریش دادەندرێن.[380] پەپکە قوڕە مۆرکراوە بچوکەکان

---

[377]لەجیاتی وشەی 'بوللا'، 'Bullae' وشەی کوردی 'پەپکە یان پەپکەی گڵین' مان بەکارهێناوە، بۆ پێناسەی ئەو تۆپەڵە قوڕەی کە مۆرەکە/مۆرەکانی لەسەر کراوە. بەدەر لە جێ مۆر، جێ مۆرەکە واتە شوێنی مۆرەکە بە تەنها، بەڵام پەپکە گڵەکە ئەو قەبارەیەیە کە مۆرەکەی لەسەر کراوە، زۆرجار لە مۆرێک زیاتری لەسەرە.

[378]بۆ چۆنییەتی مۆرکردنی ئەم جێ مۆرانە بڕوانە:

فیزهوفر، یزف، *فارس القدیمة 550 ق م-650 م. التاریخ، الحضارة، العبادات، الادارة، المجتمع، الاقتصاد، الجیش*، تر. محمد جدید، ط، 1، دمشق/ بیروت، 2009، ص. 197.

Frye, *Sasanian Remains*....... , p.42.

[379]Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings*......., p. 34.

[380]Akbarzadeh, D and Daryaee, T., “ Inscribed Sasanian Bullae at the National Museum of Iran ”www.sasanika.org; Accessed on 28-7-2021, 8:PM.

زۆر جار یەک جێ مۆریان لەسەرە، بەڵام زۆربەی گەورەکان زیاتر دانەیەکیان لەسەرە، تەنانەت هەندێکیان تا بیست یان زیاتریان لەسەرە، لە زۆربەی کاتەکاندا مۆرەکانی سەر یەک پارچە جیاوازن، بەڵام لە هەندێک دانەدا یەک مۆر لەسەر یەک پارچە چەند جارێک مۆری پێکراوەتەوە، واتە دووبارەکراوەتەوە.[381] ڕەنگە مەبەست لێی دڵنیاکردنەوە و جەختکردنەوە بێت لە مۆرکردنی بابەتەکە، یان وەک ئاماژەی ژماردن،[382] یاخود بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سەر جێ مۆرەکە.[383] بەگشتی ئەم جێ مۆرانە شێوەیان نارێکە و تیرەیان لە نێوان(٢-٧سم) دایە، زۆرجار ئەم جێ مۆرانە بە کۆمەڵ دۆزراونەتەوە، ڕەنگە ئەو شوێنەی ئەو جێ مۆرانەی تیا هەڵگیرابێت گەنجینە یان شوێنی کارگێڕی بووبێت، بۆ نمونە لە 'قەسری ئەبو نەسر' پێنج سەد و پێنج جێ مۆری تیا تۆزراوەتەوە، و ژمارەیەکی زۆریش لە 'تەختی سلێمان'.[384] و لە کنە و پشکنینی'تل أبو شعاف' هەشت سەد جێ مۆر دۆزراوەتەوە.[385] هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لە کنەو پشکنینەکانی کوردستان لەسەر کەلوپەلە گڵینیيە مۆرکراوەکان دۆزراونەتەوە، بۆ نمونە کنەو پشکنینەکانی 'سیتەک' لە شارباژێر، و کنەو پشکنینەکانی 'گردی قلرخ' لە ناوچەی شارەزوور.[386]

ژمارەیەکی زۆریش لە ناوچەکانی باکوری کوردستان، بەگشتی لە زۆربەی ئەو ناوچانەی کە دەوڵەتی ساسانی فەرمانڕەوایی تێداکردوون، لەم جێ مۆرانەیان تیا دۆزراوەتەوە، بەتایبەت لە ناوچەکانی ئێران و عێراق.[387] هەروەها ئەم پەپکە گڵینە مۆرکراوانە، زۆرجار پاشماوەی سوتان یان ڕەشییان پێوە یە ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بووە کە ڕەنگە ئەوشوێنەی ئەوجێ مۆرانەی تیاهەڵگیراوە سوتابێت و کاریگەری لەسەریان بەجێهێشتبێت (بڕوانە وێنەی جێ مۆری 37 ، جێ مۆری 46). سەبارەت بە جۆری ئەو گڵەی کە ئەم جێ مۆرانەی لەسەرکراوە، شارەزایان توێژینەوەیان لەسەر ئەو بابەتە کردووە، گڵی جێ مۆری چەند ناوچەیەکی جیاوازیان بردۆتە تاقیگە و لە پێکهاتە کانزاییەکانی گڵەکەیان کۆڵیوەتەوە، بەدوای ئەوەدا گەڕاون، کە ئایا گڵێکی دیاریکراو(ستانددەر) بووە و لە یەک شوێنی ئیمپڕاتۆرییەتی ساسانییەوە هێندراوە. لەو بارەیەوە گەیشتونەتە ئەو دەرئەنجامەی، کە لە یەک شوێنی دیاریکراوەوە گڵی تایبەت بۆ سەرجەم ناوچەکانی ئیمپڕاتۆرییەتی ساسانیی نەهێندراوە، بەڵکو کەسانی تایبەتمەند بە مۆرکردنی بەڵگە نامەکان لە هەر شوێنێک بوون شارەزایی تەوایان هەبووە لە هەڵبژاردنی جۆری ئەو گڵەی بەکاریانهێناوە، و لە ناوچەکەی خۆیان گڵی تایبەتیان هەڵبژاردووە، و باش ئامادەیان کردووە و شێلاویانە و مۆریان لەسەر کردووە.[388]

لەم بەشەدا ٣٢جێ مۆر تاوتوێ دەکەین، و لە ڕووی نەخش و هێماکانی سەریان، دیمەنەکانیان لە ڕووی کاریگەرییە کلتوری و ئایینیی و بابەتە هونەرییەکانەوە هەڵیاندەسنگێنین.

---

[381]Gubaev, A. Loginov, S. and Nikitin, A., " Sasanian Bullae from the Excavations of Ak-Depe" *Iran*, Vol. 34 (1996), p. 55.

[382]بڕوانە: (جێ مۆری٣١)

[383]محمدی فر و امینی، *مصدرقبلی*، ص.٣٢٠.

[384]Frye, *Sasanian Remains*......., p. 42.

[385]كسار، عواد "تنقبات تل ابو شعاف" سومر، مج، 35، ج، 1 و2 (1979)، ص. 468-469.

[386]الراوي، فاروق ناصر حمادي، و اخرون، *النتائج الاولية لتنقيبات تل سيتك*، 2010، مديرية اثار السليمانية، 2010غيرمنشور، ص. 49.

[387]Gubaev, A. Loginov, S. and . Nikitin, A, *op. cit*., p. *55*

[388]بۆ زانیاری زیاتر لەسەر جۆر و پێکهاتەی گڵی جێ مۆرەکان بڕوانە: اکبرزاده، داریوش و شریفیان، فریبا و حیدری پوری، آزاده، " کان یشناسی ترکیبات گِ لمُهرهای ساسانی" *مطالعات باستان شناسی پارسه*، شماره، 9، سال سوم پاییز،( 1398)، ص. 139- 146.

## ١ـدیمەنە مرۆییەکان: فریشتەی باڵدار: جێ مۆری ١-

وێنەی جێ مۆری ١

SI 00143،
SM.053535

کڕین:24 -11- 2008،

تیرە: 2.4 سم،

بەرزی: 3.1 سم.

سەدەی چوارەم- پێنجەمی زاینی(؟)






پەپکەیەکی گڵینی شێوە نارێک، جێ مۆرێکی گڵینی شێوە هێلکەیی لەسەرە، کە بە لێوارێکی بازنەیی دەوردەدراوە. دیمەنی فیگەر/فریشتەیەکی باڵداری لەسەرە، کە لە باری ڕۆیشتن یان فڕیندا دەردەکەوێت، فریشتەکە؛ لەسەر شێوەی کەسێکە تاجێکی تەختی لەسەردایە، کە دوو لچک(لا)ی لەپشتی تاجەکەیەوە بۆدواوە شۆڕبوونەتەوە. لەسەر کلاوەکەیەوە نەخشێکی شەپۆلداری لەسەرە. هەر دوو دەستی بۆ پێشییەوە درێژکردووە، بەدەستێکی توڵێکی درێژ و ئەڵقەیەکی پێیە کە دوو شریتی گرێدراوی لێوە شۆڕبۆتەوە، بەم جۆرە ئەڵقەیە دەوترێت 'ئەڵقەی دەسەڵات'. هەروەها جلێکی لەبەردایە تا خوار ئەژنۆکانی درێژبۆتەوە. قاچەکانی بەشێوەی ڕاست وچەپ لێکئاڵاون وەک جوڵەی هەنگاونان.[389]

### لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە

ئەم کەسایەتییە هەندێک لە توێژەران بە 'ئەپام نەپات *Apām Napāt*' ی دەزانن، کە خواوەندێکی گرنگی میدییەکانە، تا سەردەمی ئەخمینییەکان زۆر باڵا دەست بووە، لەسەر هونەری ساسانیش خۆی و هێماکانیشی دەبیندرێن، چەند هێمایەکی تایبەتی هەبووە، لەوانە شەپۆلی ئاو، گوڵی لۆتسی سور، مار، دووپشک، نیوە مانگ، شێر، و هێمایەکی لێکدراویشی هەیە هاوشێوەی ئەو ئەڵقە لێکدراوەیە، کە بەدەستییەوەیەتی، و تارادەیەک هەمان هێمای سەر(جێ مۆری 47)ە لە بەشی پێنجەمی ئەم توێژینەوەیەدا. ئەم خواوەندە بە خواوەندی ئاو یاخود "مناڵی ئاو"یش ناو ئەبرێت.[390] شانبەشانی خواوەند 'میترا' پەرستراوە، خواوەند میترا بە گەورەی ڕۆژ و خواوەند 'ئەپام نەپات بە گەورەی شەو ناسراوە، وە هەندێک جار وەک مناڵی خاتوونە خواوەند ئاناهیتاش ئەناسرێت، کە لە

---

[389] بۆ هاوشێوەی ئەم مۆرە بڕوانە:

Bivar, *op. cit.*, p. 60. fgs. BK 2, 3, 7.

388Boyce, M., "*APĄM NAPĀT*" https://www.iranicaonline.org/articles/apam-napat , Accessed on 28-8-2021, 8:PM.

هەندێک دیمەنەکاندا لە شێوەی منداڵێک وێناکراوە، کە دەستی بە دەستی ئاناهیتاوەیە.[391] هەروەها زۆر جار ئەم دیمەنە وا لێکدەدرێتەوە هێمای بەپیتییە بەتایبەت بۆ هاوسەرێتی، ئەم دیمەنە لە شوێنی ترو سەردەمی جیاوازیش دەرکەوتووە، بۆ نمونە لەسەر مۆر و سکەی ئەشکانی و سکەی ڕۆمانی[392]، هەروەها لەسەر نەخشە چیاییەکانیش وەک 'نەقشی بیشاپور،[393] کە لە پشتی سەری شاپوری یەکەم بە ئاسمانەوەیە، بازنی دەسەڵاتی پێیە بۆ شاپور.[394] و لە نەقشی 'تاق- بوستان' لەملاو لای تاقەکەوە دوو کەسی هاوشێوەی ئەم دیمەنە کە هەر یەکەیان ئەڵقەیەکی لەم جۆرەی پێیە لە سەرەوی تاقەکەدا وێنەکراون.[395] هەروەها لە 'گەلی زەردک' لە باکوری ڕۆژئاوای ئاکرێ دوو شێوە باڵداری تاڕادەیەک لێکچوو لەم شێوەیە لە قەدپاڵی 'چیای مەقلوب' هەڵکۆڵدراون هەرچەندە لە ئێستادا زۆر تێکچوون.[396]



وێنەی بەشێک لە نەقشی شاپوری یەکەم وەرگیراوە:

Soudavar, *Discrediting Ahura*....., p. 42.



دیمەنی فریشتەی باڵدار لەسەر تاق-بوستان ئەم وێنەیە وەرگیراوە لە:

Basiri Zadeh, et.al, *op. cit.*, p.1710

هەمان کەسایەتی لەگەڵ دیمەنی تریش لەسەر مۆرەکان دەرکەوتووە، بۆ نمونە لەسەر یەکێک لە مۆرە ساسانییەکانی لە 'مۆزەخانەی بەریتانی' لە گەڵ وێنەی پیاوێکی ڕیشدار و دوو باڵندە لە سەرەوەی دیمەنەکە دەبیندرێن.[397] ئەم جۆرە دیمەنانە چ وەک خواوەند و چ وەک فریشتەی باڵدار بە هێمای هێزە نەبیندراوەکانی نێوان سەرچاوەی ژیان و گەردوون یان مرۆڤ و خواوەند داندراون، مرۆڤ لە گشت ئایینەکاندا هەمیشە هەوڵی دۆزینەوەی هۆکاری پەیوەندی نێوان خۆی خواوەندی داوە، بۆ نمونە فریشتەی باڵدار بەمانای فڕین و نزیکبوونەوە لە ئاسمان و پەیامبەران، بەمانای گەیاندنی پەیام لە نێوان مرۆڤ و خواوەند داندراون، هەر بۆیە پاشاکانی ساسانی وەرگرتنی دەسەڵاتیان لە ئاهورامەزدا یان لە ڕێی ئەم کەسایەتییە باڵدارەوە پیشانداوە، ویستویانە خۆیان بە نوێنەری خواوەند دابنێن، وای پیشانبدەن دەسەڵاتیان لە لایەن هێزی باڵا دەست/خواوەندەوە وەرگرتووە.[398]



ئەم وێنەیە وەرگیراوە لە:

محمدی فر، یعقوب و امینی فرهاد، *مصدر قبلی*، ص. ٣٢٤

---

[391] Soudavar, A., *Discrediting Ahura Mazdā's Rival*....., pp. 6, 9,11, 35, 45

[392] Plant, R., *op. cit.*, fig. 102-116.

[393] Brunner, *op. cit.*, p. 66

[394] Soudavar, A., *Discrediting Ahura Mazdā's Rival*....., p. 27.

[395] بۆ ئەم دیمەنە بڕوانە:

Herzfeld, *op. cit.*, p. 298 ; Compareti, Matteo, "Observations on the Rock Reliefs at Taq-i Bustan: A Late Sasanian Monument along" *The Silk Road* , vol, 14, (2016), p. 71-83.

[396] Reade,J. E. and Anderson, J. R., "Gunduk, Khanes, Gaugamela, Gali Zardak –notes on Navkur and nearby rock-cut sculptures in Kurdistan" *Zeitschrift für Assyriologie 103(1)*:(2013), p.118.

[397] Bivar, *op. cit.*, p. 51.Fg, AE 7.

[398] Basiri Zadeh, et.al, " Thematic Review of the Royal Hunt on the Sassanid Silver Plates: Emphasizing the Roundabout of the King's Head", *Budapest International Research and Critics in Linguistics and Education (BirLE) Journal* Vol. 3, No 4, November (2020), p. 1706.

## دیمەنی سەماکەر    جێ مۆری ٢

وێنەی جێ مۆری ٢

ژمارە: SI 01040،
SM.054432،

کڕین: 14 -5- 2009

تیرە:3.1 سم،

بەرزی: 3.3 سم.

سەدەی سێ- چواری زاینی






پەپکە گڵینێکی شێوە نارێک، دوو جێ مۆری ڕووتەختی لەسەرە، یەکێکیان لەسەرەوە لە ئاستی (کاتژمێر ١٢)[399] ئەویتریان لە خوارەوە لەئاستی (کاتژمێر-٦)دایە. ئەوەی سەرەوەیان جێ مۆرێکی شێوە هێلکەییە، وێنەی شێرێکی لەسەرە، کە دوو پیتی پەهلەوی لە سەرووییەوە لە ئاستی پشتی شێرەکە نووسراون، بریتین لە هەر دوو پیتی (ی,y ، م ,m) ڕەنگە کورتکراوەی 'یوم' "ڕۆژ" بێت، بەشێوەی 'بەسەریەکەوە cursive' نوسراوە.[400] بۆ لێکدانەوەی دیمەنی شێر (بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە، مۆری. 12).

جێ مۆری دووەم کە لێرەدا مەبەستی سەرەکیمانە بریتی یە لە دیمەنی ئافرەتێکی ڕاوەستاو شریتێکی پێچ پێچی بەدەستەوەیە، کە بەسەر سەریا بەشێوەی کەوانەیی ڕۆشتووە، قەراغەکانی تائاستی ئەژنۆی بەملاولایدا شۆڕبوونەتەوە، لەسەر شێوەی 'دیادەم *diadem*'[401] بە چەند خەتێکی ئاسۆی نەخشێندراو کۆتایی هاتووە.[402] لەلای ڕاستیەوە وێنەی ئەستێرەیەک و لەلای چەپییەوە وێنەی مانگێک کێشراون. تولێکی درێژ لە سەر سنگییەوە بە شێوەیەکی لار تا لێواری شریتەکە ڕۆشتووە، ڕەنگە ئامێری مۆسیقابێت(؟)، هەروەها قاچەکانی بەشێوەی ڕاست و چەپ لەسەر یەکتر داناوە، و جلێکی تەنکی ڕوونی ئاو دامانی لەبەردایە. هەرچەندە جێ مۆرەکە تاڕادەیەک سواوە بەتەواوی ڕوون نییە.

[399] لەکاتی توێژینەوەی مۆرو جێ مۆرەکاندا بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی نووسینی سەر مۆرەکان، سوڕانەوەی میلی کاتژمێر بە پێوەر وەردەگیرێت، ئەم پێوەرە سودی بۆدیاریکردنی شوێنی ئەو جێ مۆرانەش هەیە، کە لەجێ مۆرێک زیاتریان لەسەرە.

[400] Frye, *Sasanian Remains......., op. cit.*, p. 59.

[401] Bivar, *op. cit.*, p. 62.CB 3.

[402] بۆ هاو شێوەی ئەو جۆرە شریتە بڕوانە:

Brunner, *op. cit.*, p. 62.

## لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە

ئەم دیمەنە ڕەنگە کچێکی سەماکەر بێت، لە کاتی سەماکردندا ئامێرێکی مۆسیقاش بژەنێت، هەرچەندە کەسایەتی خاتوونە خواوەند ئاناهیتاش پێشنیارکراوە بۆ ئەم جۆرە دیمەنە، بەڵام ڕەنگە دیمەنی سەماکەربێت و بۆ دیمەنی سەماکردن وخۆشی دەربڕین وێناکرابێت.[403] هاوشێوەی ئەم کەسایەتیانە لە سەر دەفرە کانزاییە ساسانییەکانیش بە زۆری ئەبینرێن، هەندێک جار ئامێری مۆسیقا دەژەنن هەندێک جاریش سەما دەکەن.[404] بۆ نمونە لەسەر دەفرێکی زیوی بەدیدەکرێت، دەفرەکە لە 'کەلاردەشت' دۆزراوەتەوە، هەروەها لەسەر کەمۆڵە کانزاییەکانی 'تنگ نقرە و تنگ سیمین'ی نزیک کەلاردەشت هاوشێوەی ئەم دیمەنانە بەدیدەکرێن.[405] زۆرێک لەم دەفرە کانزاییانەی کە ئەم دیمەنانەی لەسەر نەخشێندراوە، ڕەنگە دەفری مەی گێڕان و مەی نۆشی بووبن.[406] چونکە هونەری مۆسیقا و سەماکردن لەناو ساسانییەکاندا گرینگی زۆری پێدراوە بەتایبەت لەدانیشتن و بەزمی پاشاکاندا شوێنی تایبەتیان بۆ داندراوە.[407]



وێنەی دەفرێکی ساسانی- ناوچەی کەلاردەشت
وەرگیراوە لە:

ایازی، سوری، *مصدر قبلی*، ص. ۹۳.

---

[403] Brunner, *op. cit.*, p. 62.

[404] بۆ هاوشیوەی ئەم جۆرە دیمەنە بڕوانە:

Harper, P, O., "More and Less Sasanian; Luxury Vessels from the Eastern Borderlands of Iran"*Ērān ud Anērān.,* Studies Presented to Boris Il'ič Maršak on the Occasion of His 70th Birthday, ed. Matteo Compareti, Paola Raffetta , Gian Roberto Scarcia, Libreria Editrice Cafoscarina, Prima edizione aprile 2006, p.238. figs 6,7,8.

[405] ایازی، سوری، *نگرشی بر پیشینە موسیقی در ایران بە روایت آثار پیش از اسلام*، موزە ملی ایران، تهران، بهار ۱۳۸۳، ص.۹۲ ، ۹٤، ۹٦.

[406] Brunner, *op. cit.*, p. 62.

[407] - ایازی، سوری، *همان*، ص.۸٤-۸۵.

## دیمەنی ڕاو/ململانێ

## جێ مۆری ٣

وێنەی جێ مۆری ٣

ژمارە SI 00922،

SM.054314،

کڕین: 15 -4- 2009،

تیرە: 3.1 سم،

بەرزی: 3.2 سم.






پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەیی، جێ مۆرێکی شێوە بازنەیی لەسەرە، دیمەنێکی لەسەرە، کە بریتییە لە کەسێکی ڕاوەستاو کلاوێکی خڕی تاجداری لەسەر دایە و جلێکی کورتی لەبەردایە، بە شێوەیەکی کەوانەیی تا پشت ئەژنۆی هاتووە. کەسەکە، لە ململانێدایە لەگەڵ شێرێک، شێرەکە؛ لەسەر قاچەکانی دواوەی ڕاوەستاوە، دەستەکانی لەگەڵ دەستی کەسەکە تێکئاڵاون. دەستی چەپی کەسەکە بە ملی شێرەکەوەیە، بە دەستی ڕاستی خەنجەرێک/شمشێرێک(؟)ی بەسکی شێرەکەدا کردووە. هەروەها لە ژێر پێیاندا پێدەچێت لاشەی نێچیرێکی تر کەوتبێت، بەهۆی سواوی جێ مۆرەکەوە زۆر ڕوون نییە، بە دەوری دیمەنەکەدا نووسینی پەهلەویی لەسەر نووسراوە، بەڵام زۆر سواوە ناتواندرێت بخوێندرێتەوە.

### لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە

دیمەنی ڕاوکردن بە گشتی یەکێکە لە دیمەنە باوەکانی هونەری کۆن، چونکە مرۆڤ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانیدا، ڕاوکردنی ئاژەڵانی وەک سەرچاوەی سەرەکی بژێوی و بەرگریکردن لە خۆی بەکارهێناوە، بۆیە دیمەنی هونەری ڕاوشکار و ململانێی مرۆڤ و ئاژەڵ لە سەردەمی ژیانی ئەشکەوتەکانەوە بەدی کراوە.[408] ئەم دیمەنە لە سەردەمەکانی تردا لە سەرهونەرە جۆربەجۆرەکانی میسۆپۆتامیا و ناوچەکە بەگشتی ڕەنگی داوەتەوە، بە کاریگەریی بابەتە کلتوریی و داستانییەکان، بۆ نمونە دەرکەوتنی داستانی 'گلگامیش'،[409] لەسەر دیمەنی مۆرە لولەییەکان، ململانێی مرۆڤ و شێر یەکێکە لە دیمەنە زۆر باوەکان بەتایبەت لە سەردەمی بنەماڵەی دووەمی سۆمەری وسەردەمی ئەکەدییەکان،[410] لە زۆربەی قۆناغە مێژووییەکانی میسۆپۆتامیا بەگشتی

---

[408] Basiri Zadeh, et.al, *op. cit.*, p.1705.

[409] ساکز، هاری، *عظمة بابل، موجز حضارة وادی دجلة والفرات القدیمة*، تر. عامر سلیَمان. الموصل. ١٩٧٩، ص.٤٩٩.

[410] بۆدیمەنی ململانێی شێرو مرۆڤ بڕوانە ئەم سەرچاوانە:
ڕشید، صبحی أنور و الحوری، حیاة عبدعلی، *الاختام الاکدیة فی المتحف العراقی*، بغداد، 1983، ص. 168،163.

ئەم دیمەنە دووبارە بۆتەوە.[411] هەروەها لە هونەری ساسانییەکانیشدا دیمەنی ڕاوی شێر یەکێکە لە دیمەنە باوەکان، بەتایبەت لەنەخشە چیاییەکان و ڕازاندنەوەی دەفرە کانزاییەکاندا، پاشایانی ساسانی دیمەنی ڕاوکردنی شێریان وەک شانازیکردن و پیشاندانی هێزو دەسەڵاتی خۆیان لە دیمەنە ڕاوە شاهانەییەکاندا بەکارهێناوە.[412] (بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە مۆری. 12). هاوشێوەی ئەم دیمەنە لەسەر چەندین بابەتی هونەری ساسانیی دەبیندرێت، وەک ئەم نمونانەی خوارەوە:



هێڵکاری (٢) دیمەنی سەر شوێن مۆرێکی ساسانی کۆمەڵەی پارچەکانی 'لایدن'



هێڵکاری (١) دیمەنی سەر دەفرێکی کانزایی ساسانیی لە مۆزەخانەی

Seattle Museum of Arts collection.

هەر دوو هێلکاری (١،٢) لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراون:

Skupniewicz, P, N., “Shafted Weapons of Sasanian Hunting Iconography” *Fasciculi Archaeologiae Historicae , The Hunt and Hunting Weapons in Antiquity and the Middle Ages*, Fasciculus XXII, ed. Institute of Archaeology and Ethnology of Polish Academy of Sciences ,ŁÓDŹ BRANCH, 2009, p. 53.

Frankfort, H, and Jacobsen, T., *Stratified Cylinder Seals from the Diyala Region*, Chicago, 1955, fgs. 38, 40, 47.
Wiseman, D. J., *Catalogue of the Western Asiatic Seals in the British Museum*, Cylinder Seals Uruk-Early Dynastic Periods, by the Trustees of the British Museum London, 1962, Figs. 18, 20, 21.

[411] Tallis, N., “Assyria” *Splendors of Mesopotamia*, ed. TDIC and in collaboration with British Museum, London, 2011, p. 168.

[412] Basiri Zadeh, *op. cit.*, p. 1704.

## ٢- هێما و دەستەواژەکان: جێ مۆری ٤






وێنەی جێ مۆر ٤

ژمارە SI 00066،
SM.053458،

کڕین:24 -11- 2008،

تیرە: 2.7 سم،

بەرزی: 3 سم.

پەپکەیەکی گڵینی تاڕادەیەک شێوە هێلکەیی، دوو جێ مۆری لەسەرە. یەکێکیان قەبارەی گەورەیە و کەوتۆتە ناوەڕاستیەوە، لە هێمایەک [413] لە پیتە پەهلەوییەکان پێکهاتووە.[414]بریتین لەپیتەکانی d᾽ + plhw یاخود:d᾽hpw هەروەها وێنەی مانگێک لەلای ڕاستی هێماکەوە. وە وێنەی ئەستێرەیەکیش لەلای چەپییەوە کێشراوە. بە دەوری ئەم هێمایەدا دێڕێک نووسینی پەهلەوی نووسراوە، لە ئاستی کاتژمێر(٤بۆ٣) لەلای ڕاستەوە، و لە کاتژمێر(١١بۆ٨) لەلای چەپ. بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە.: لای ڕاست:

᾽pzwn'/᾽pzwt = *abzōn*, “increase, growth” "زیادبوون/ گەشە"

لای چەپ:

d᾽tplhw (?) = Dād-Farrox, (ناوی کەسێکە) داد فەروخ

جێ مۆرەکەی تریان ، قەبارە بچوکەو کەوتۆتە ئاستی (کاتژمێر٧-٨). وێنەی ئاژەڵێکە، ڕەنگە کەروێشک بێت. چەند پیتێکی پەهلەویشی لەسەر نووسراوە، بەڵام جێ مۆرەکە سواوە و ڕوون نییە.

[413]بۆ هاو شێوەی ئەم هێمایە بڕوانە: محمدی فر و امینی، *همان*، ص. ٣٢٧.
Frye, *Sasanian Remains*......., D. 178, 351, 373, 406; Gignoux,P. & Gyselen, R., Sceaux Sasanides de Diverses Collections Privées, Leuven Editions Peeters/Leuven, 1982, p. 170. fg. 70/ 108.
[414]De Menasce, J., *Ḗtudes Iraniens*, Studia Iranica Cahier 3 Association pour l'avancement des études iraniennes, Leuven, 1985, p. 160, 161

## جێ مۆری ٥




وێنەی جێ مۆری ٥

ژمارە: SM.053614 ،SI 00222

کڕین: 7 -12- 2008،

تیرە: 2.8 سم، بەرزی: 2.9 سم.

پەپکەیەکــی گڵینــی شــێوە بــازنەیی، جــێ مــۆرێکی لەســەرە، لە هێمـایەک لەهێمـا باوەکـانی سـەردەمی ساسـانی پێکهـاتووە. لە پیتەکـانی، d,ʾl,?w,k ڕەنـگە کـورتکراوەی وشەی:

dʾlwk = dārūg, “medicine; drug" "دەرمان"

بێت. هەروەها لای ڕاستی هێماکە نووسراوە:

ʾpzwn' = *abzōn*, “increase, growth "زۆربوون ،گەورە بوون"

و لەلای چەپییەوە:

Pērōz,?? i.e. a personal name "پێرۆز"ناوێکی کەسییە[415]

بە پێی لێکدانەوەی نوسینەکەی ڕەنگە مۆری کەسێکی پزیشکی بێت.(؟)

لە سەردەمی پاشا سەرەتاییەکانی ساسانیدا هاوشێوەی ئەم هێمایە لەسەر هونەرە جۆراوجۆرەکانی ساسانیی وەک نەخشەکانی قەدپالی چیاکان و کڵاوە سەربازیەکان، هەروەها لەسەر کڵاوی پیاوە ئاینییەکانیش دەرکەوتوون، و لەسەر ئەسپەکەی شاپوری یەکەم، کە لەگەڵ ئەردەشێری باوکیدایە لە نەخشەکەی فەیروزئاباد، لەم هێمایانە بەدی ئەکرێن، چەند نمونەیەک لە دەرکەوتنی هێماکان:



هێڵکاری (٣) پابگ موبێدی خەسرەو [شا] هورمز



هێڵکاری(٤) وێهـ-شاپور موبیدی ئەردەشیر خورە.

هەردوو هێڵکاری (٣،٤)وەرگیراون لە:

*Gyselen, La géographie*......., p. 447.



هێڵکاری (٥) وێنەی نەقشی ’فەیروزئاباد‘ئەسپەکەی شاپور وەرگیراوە لە

Bérczi, S. “On the earlier occurrences of the *cm-type* nets and wallpaper patterns in ornamental arts of central Eurasia [Special issue of *Symmetry” Culture and Science*], *Symmetry in Ethnomathematics, 12(*1-2), 5-24. Budapest, 2001, p.17.

[415] نووسینی ئەم مۆرە لەلایەن: Gianfiippo Terribili وەخویندراوەتەوە.

# جێ مۆری ٦






وێنەی جێ مۆر

ژمارە: SI 00287، SM.053679

کڕین: 7-12- 2008،

تیرە: 2.6 سم،

بەرزی: 2.8 سم.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە نارێک، لە یەکێک لە لاکانییەوە کەوتۆتە ئاستی (کاتژمێر ٢) شکاوە. جێ مۆرێکی لەسەرە، نەخشەکەی سەری لە یەکێک لە هێما *(Monogram)*ە کانی سەردەمی ساسانی پێکهاتووە،[416] وێنەی نیوە مانگێکە لەسەر ستونێک وەستاوە، لە بەشی خوارەوەی بەلای ڕاستدا نوشتاوەتەوە بە گۆشەیەکی وەستاو، لەشێوەی پیتی (نون)ی پەهلەوی بە دەوری هێماکەدا دێڕێک نووسینی پەهلەوی نووسراوە، بەڵام بەهۆی سواوی جێ مۆرەکە و خراپی شێوازی مۆرکردنەکە تەنها چەند پیتێکی دیارە، ئەویش لەئاستی (کاتژمێر ٦) ەوە دەست پێدەکات. بریتییە لە:

ʾpzwn' = *abzōn* *"زۆربوون"*

ئەم هێمایە ڕەنگە یەکێک بووبێت لە هێما بنەماڵەییەکان، هەروەکو هاوشێوەی ئەم هێمایە لەسەر یەکێک لە جێ مۆرەکانی ' داد-بروز-میهر' ئەسپ بێدی فەرماندەی-ئەسپ (سوارەکان) ی پەهلەو لە نێوان ئەسپەکاندا وێنە کراوە.[417]



هێڵکاری (٦) لێکدانەوەی هەندێک هێما/ مۆنۆگرامە ساسانییەکان بەپیتە پەهلەوییەکان، ئەم وێنەیە بە دەستکارییەوە وەرگیراوە لە: De Menasce, *op. cit.*, p. 160-161

[416] بۆ هاو شێوەی ئەم هێمایە بڕوانە: Bivar, *op. cit.*, p. 112, fgs. NC7,NC6

[417] بڕوانە بەشی پێنجەمی ئەم تویژینەوەیە وێنەی(جێ مۆری ٣٧).

## جێ مۆری ٧




وێنەی جێ مۆر ی ٧

ژمارە: SI 00379، SM.053771

کڕین 7 -12- 2008،

تیرە: 2.4 سم، بەرزی: 2.6 سم.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەیی، جێ مۆرێکی شێوە هێلکەیی لەسەرە. دیمەنەکەی سەری لە هەمان شێوەی هێمای جێ مۆری پێشوو پێکهاتووە.[418] بەڵام لێرەدا بە دەوری هێماکەدا ڕیزێک بازنەی بچوک بچوک کراون، کە ژمارەیان (١٢) دانەیە، هەروەها لەلای ڕاستی هێماکە وێنەی ئەستێرەیەک و لەلای چەپی دوو بازنەی بچوکی لەسەریەک وێنە کراون.

## جێ مۆری ٨




وێنەی جێ مۆری ٨

ژمارە: SI 01204، SM.054596

کڕین: 15 -4- 2009،

تیرە: 2.8 سم، بەرزی: 2.9 سم.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەیی یەک جێ مۆری لەسەرە، بریتی یە لەهێما/مۆنۆگرامێک.[419] کەوتوتە ناوەڕاستی پەپکە گڵینەکەوە کەمێک بە لای ڕاستدا. هێماکە لە شێوەی هێڵێکی شەپۆلداری چەماوە، یاخود شێوە ماردایە، لەسەر شێوە بازنەییەک وەستاوە، بازنە بچوکەکە ڕەنگە پیتی (پ، pē)ی پەهلەوی بێت. لای ڕاستی هێماکەوە وێنەی نیوە مانگێک و لەلای چەپییەوە وێنەی ئەستێرەیەک کێشراوە. هێماکە لەسەر ڕاگرێکە، کە ڕەنگە سەکۆی ئاگر بێت، هەروەها ئەم هێمایە ڕەنگە هێمای شەپۆلی ئاو بێت، یاخود ماربێت، کە

[418] بۆ هاوشێوەی ئەم هێمایە بڕوانە:

Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings*......., p. 122-123.

[419] بۆ هاوشێوەی ئەم هێمایە بڕوانە:

Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings*......., p. 376. Fg. V1/30

هەردووکیان یەکێکن لە هێماکانی خواوەند ‘ئەپام نەپات Apām Napāt’ وەکو باسمانکرد کە بە گەورەی شەو و هەندێک جاریش بە منالّی ئاو ناسراوە، هەروەها مانگ وماریش بەهەمان شێوە یەکێک لە هێماکانی ئەو خواوەندەن (بڕوانە جێ مۆری ١).

### جێ مۆری ٩




وێنەی جێ مۆر ٩

ژمارە: SI 00779، SM.054171

کرین: 15 -4- 2009،

تیرە: 2.8 سم،

بەرزی:3.2 سم.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەیی، شەش جێ مۆری لەسەرە، یەکێکیان لە ناوەڕاستدایە و بریتییە لە یەکێک لە هێما ساسانییەکان.[420] لە دوو پیتی پەهلەوی تێکئاڵاو کە ڕەنگە پیتەکانی (الف،A، ل،L) بن لەسەر پیتی (پ،p) ی پەهلەی. ئەم هێمایە بە ڕیزێک بازنەی بچوک دەورە دراوە. بە دەوری ئەم جێ مۆرەدا پێنج جێ مۆری تر هەن. یەکێکیان لە ئاستی (کاتژمێر ١١) هێما/مۆنۆگرامە پیتیەکان، بریتییە لە نیوە مانگێک لەسەر بازنەیەک زۆر جار بە مانگ و خۆریش پێناسکراوە[421] هەروەها هاوشێوەی مۆنۆگرامی پیتە پەهلەوییەکانی جێ مۆری5)ە، دانەیەکی تریان لە ئاستی (کاتژمێر٢) زۆر ڕوون نییە لە ئاژەڵێک دەچێت. دانەیەکی تریان لە ئاستی(کاتژمێر٤) کە پیتی (م،M) لەسەر دوو خەتە دوا دانەیان بریتییە لە هێمایەک لە پیتە پەهلەوییەکان بەڵام سواوە.

[420] Frye, *Sasanian Remains*......., p. 97. Fgs. D16, 19, p 99. D 178.
[421] Brunner, *op. cit.*, p. 128.

## جێ مۆری ١٠






وێنەی (ج. م ١٠) جێ مۆری:

SM.054148 ،SI 00756

کڕین: 15 -4- 2009،

تیرە: 2.6 سم، بەرزی: 2.7 سم.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەیی، لەلای سەرووییەوە کەمێکی لێ شکاوە. جێ مۆرێکی لەسەرە، کە نەخشەکەی سەری بریتی یە لە وێنەی نیوە مانگێک و ئەستێرەیەکی شەش لای لە ناودایە.[422] بەدەوریاندا ڕیزێک بازنەی بچوک کراوە، کە ژمارەیان ١٣ بازنەیە.

### لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە

وێنەی مانگ و ئەستێرە یەکێکە لەو دیمەنانەی لە زۆربەی شارستانییەتەکاندا بەکارهێنراون.[423] هەندێک جار وێنەی مانگ و ئەستێرە پەیوەست کراونەتەوە بە ئاسمان و هێنانی بەختێکی باش بۆ خاوەنەکەی.[424] سەرەڕای ئەوەش هێمای مانگ و ئەستێرە لەلای ڕۆژهەڵاتییە کۆنەکان بە هێمای خۆشگوزەرانی لێکدراونەتەوە.[425] هەروەها لە سەردەمی هەندێک لە پاشا ساسانییەکان وەکو بەشێک لە ڕازاندنەوەی تاجەکانیان بەکاریان هێناوە، بۆ نمونە یەزدەگردی یەکەم مانگی بەکارهێناوە، خەسرەوی دووەم و یەزدەگردی سێیەم مانگ و ئەستێرەیان بەکارهێناوە، مانگ بەگشتی لەهونەری ساسانیدا لەسەر سکەکانیان و تاجەکانیان زۆر بەدیدەکرێت، هەروەها لە نەخشی تاق-بوستاندا لەسەرتاقەکەی هێمای مانگ کێشراوە.[426] لەسەر مۆرەکانیشیان یەکێکە لە هێما زۆر بەکارهاتووەکان، هەروەکو لەنەخشی مۆر وجێ مۆرەکانی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتووە.

---

[422] بۆ هاوشێوەی ئەم جێ مۆرە بڕوانە:
Frye, *Sasanian Remains*......., p.99. fg. D,189

[423] بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە مۆری (مۆری. ١١)

[424] Frye, *Sasanian Remains*......., p. 57.

[425] القیسي، ناهض عبدالرزاق دفتر، *النقود في کوردستان*، سلیمانیة، 2005، ص. 54.

[426] Brunner, *op. cit.*, p. 129.

## جێ مۆری ١١






وێنەی جێ مۆری 11

ژمارە: SI 00289، SM.053681

کڕین: 7 -12- 2008،

تیرە: 3.1 سم،

بەرزی: 3.4 سم.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە نارێک، سێ جێ مۆری لەسەرە، یەکێکیان لە ناوەڕاستیدایە، دیمەنەکەی سەری بریتی یە لە وێنەی نیوە مانگێک کە ئەستێرەیەکی شەش لای لە ناودایە، بەدەوریاندا دێڕێک نووسینی پەهلەویی نوسراوە. لە ئاستی (کاتژمێر٧-٧) درێژ بۆتەوە، بەڵام لە نێوانی (کاتژمێر ٧-٥) دا نووسینەکەی سواوە. جێ مۆرێکی تری بچوک لە ئاستی (کاتژمێر١١) دایە،نەخشی باڵندەیەکی لەسەرە، لە ڕەگەزی باڵندە باڵا بەرزەکانە، ڕەنگە قاز(؟) بێت. جێ مۆری سێیەم لە ئاستی (کاتژمێر٣) بە تەواوی سواوە( ؟) نوسینەکەی سەر مۆری ناوەڕاست بریتی یە لە:

plhwʾʾtwrʾ ʾps[tʾn]= Farrox-Ādur abestān[427]"فەرۆخ-ئادور، ئەبیستان"

abestān"متمانە"

---

[427]نوسینەکە لەلایەن: Gianfiippo Terribili وەخویندراوەتەوە.

## ٣-دیمەنی ئاژەڵی: - شێر جێ مۆری ١٢

وێنەی جێ مۆر ١٢

ژمارە:SI 00361، SM.053753

کرین: 7 -12- 2008،

تیرە: 3.2 سم ،

بەرزی:3.3 سم.

سەدەی چواری – پێنجی زاینی؟






پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەیی، دوو جێ مۆری لەسەرە. دانەیەکی قەبارە گەورە، کە لە ناوەڕاستیدایە، دیمەنەکەی سەری بریتی یە لە شێرێکی سەرو سیما گەورە،[428] سەروملی فەروەیەکی زۆری پێوەیە، ڕووەولای ڕاست لە باری ڕۆیشتندایە و دەمی کردۆتەوە و کلکی بۆ خوارەوە بەرداوەتەوە. لەسەر پاشووی وێنەی نیوە مانگێک هەیە.[429] جێ مۆری دووەم شێوە هێلکەییەکی قەبارە بچوکە، لەئاستی (کاتژمێر-٧)دایە، دیمەنی باڵندەیەکی لەسەرە، لەسەر شێوەی قاز/مراوییە.

## جێ مۆری ١٣

وێنەی جێ مۆری ١٣

ژمارە: SI 00953، SM.054345

کرین: 15 -4- 2009،

تیرە: 4.3 سم، بەرزی: 4.8 سم.






پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەیی، جێ مۆرێکی بازنەیی لەسەرە، دیمەنەکەی سەری شێرێکە ڕووەو لای ڕاست لە باری ڕۆیشتندایە. فەرووییەکی زۆری پێوەیە، کلکی بە شێوەی کەوانەی کەمێک بەرزکردۆتەوە. لە ئاستی چاڵی پشتیدا نیوە مانگێک هەیە، لە بەردەمیا دێڕێک نووسینی پەهلەویی نووسراوە لە ئاستی (کاتژمێر٤)ەوە

---

[428] بۆ زانیاری دەربارەی دیمەنی شێر و جۆرەکانی لەسەر مۆرە ساسانییەکان (بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە مۆری. 12).

[429] بۆ ئەم جۆرە دیمەنە بڕوانە :

Bivar, *op. cit.*, p. 70, fig. DB, 4.

دەستپێدەكات، بەڵام دیارنییە تاكو كوێیە، بەهۆی ئەوەی نووسینەكەی زۆر سواوە تەنها چەند پیتێكی دیارە ئەوانیش هەموویان ڕوون نین(؟) نووسینەكە ئەم پیتانەی تیا بەدیدەكرێت بە شێوەی بەسەریەكەوە(cursive) نوسراون:

pdy..š..sp(?)

### جێ مۆری ١٤

وێنەی جێ مۆری١٤

ژمارە: SI 00434، SM.053826

كڕین: 7 -12- 2008،

تیرە:3 سم، بەرزی: 3.4 سم.




پەپكەیەكی گڵینی تا ڕادەیەك شێوە بازنەیی، لەناوەڕستیدا جێ مۆرێكی لەسەرە. دیمەنەكەی سەری لە شێرێكی پاڵكەوتوو پێكهاتووە، كە وێنەی نیوە مانگێك لەسەروو ئاستی چاڵایی پشتیدا كراوە. دێڕێک نووسینی پەهلەوی لەسەرە، بەڵام سواوە و سڕدراوەتەوە. تەنها چەند پیتێكی لێ ئەخوێندرێتەوە:

...ʾlw Y ...?

### جێ مۆری ١٥ جێ مۆری (وەهرام ئادورماهەن)

وێنەی جێ مۆری١٥

ژمارە: SI 00844، SM.054236

كڕین: 15 -4- 2009،

تیرە:3.7 سم، بەرزی: 3.9سم.




جێ مۆرێكی گڵین دیمەنەكەی سەری لە شێرێكی بە پێوە وەستاو پێكهاتووە، ڕووەولای ڕاست لە كاتی ڕۆیشتندایە. كلكی بە چەماوەی تا ڕێكی پشتی بەرزكردۆتەوە. بە دەوریا دێڕێک نووسینی پەهلەوی هەیە كە بەشی زۆری سواوە، بەشێكی لە ئاستی (كاتژمێر ١١-٩) تاڕادەیەک ڕوونە بەم شێوەیە:

*..t hwsl.. ʾtwlmʾhʾn………..?*

بەڵام ئەم جێ مۆرە پێشترنمونەی لەلایەن ’گیزلین‘ەوە بڵاوکراوەتەوە نوسینەکەی هەمووی ڕوونە، نوسینەکەی سەری بەم شێوەیە خوێندۆتەوە:

*[wlhl ʾn (ZY) n ʾmhw ʾ st hwslwdy] ʾtwlm ʾh ʾn,*

i.e. *warhrān ī nāmxwāst khusrō ādurmāhān.* [430]

"’وەهرام wahrām‘ ناوی دڵخوازی ’خەسرە khusrō‘ ’ئادورماهەن Ādurmāhan‘

خۆی ناوی ئادور ماهەنە، مەبەستی ئەوەیەکە ناوی بەهرام دڵخوازی خەسرە بووە بۆ ئادورماهەن.

ئەوەی جێی ئاماژەیە لە بەشی دووەمدا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کە ’وەهرام ئادورماهەن‘ دوو مۆری جیاوازی هەبووە، ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا تێبینیمان کرد، نمونەی جێ مۆری هەر دوو مۆرەکەیمان بەرچاوکەوت، یەکێکیان ئەم جێ مۆرەیە، کە هیچ پلەو پێگەیەکی تێدانەنووسراوە، تەنها ناوی خۆی و نازناوەکەی کە خەسرەو پێی بەخشیوە، ڕەنگە وەکو مۆری تایبەتی خۆی بەکاری هێنابێت. ئەوەی تریان کە مۆرێکی سەربازییە، لە هەر دوو سەردەمی خەسرەو و هورمزی کوڕیدا بەهەمان پێگەی سەربازی هەردوو نمونەکەیمان لە بەشی پێنجەمدا داناوە. واتە بەگشتی سێ مۆری وەهرام ئادورماهەنمان شیکردۆتەوە، دوانیان هی پێگەی فەرمییەکەی بووە، (بەیەک مۆری فەرمی دادەندرێن)، بەڵام لە سەردەمی دوو پاشای جیاوازدا. و مۆری دووەم ئەمەیانە کە ناوی پلەو پێگەی لەسەر نییە.

هەروەها لەسەر پەپکە کڵەکە لە ئاستی (کاتژمێر٢) جێ مۆرێکی تری شێوە هێلکەی لەسەرە، دیمەنی کەڵەکێوییەکی شاخ پەلپەلاویی پاڵکەوتووی لەسەرە.



هێلکاری (٧) وەرگیراوە لە:

Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings*......., p. 288. 111/48

[430]Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings*......., p. 288. 111/48

## بەراز

### جێ مۆری ١٦-






وێنەی جێ مۆری١٦

ژمارە: SI 00266، SM.053658

کڕین: 7 -12- 2008،

تیرە:2.5 سم، بەرزی: 2.7سم.

پەپکەکی گڵینی شێوە بازنەیی، جێ مۆرێکی شێوە بازنەیی لەسەرە، دیمەنەکەی سەری لە وێنەی بەرازێک پێکهاتووە، کە لەکاتی ڕۆیشتندایە. لە سەرووییەوە دێڕێک نووسینی پەهلەوی هەیە. لە ئاستی (کاتژمێر ٢-٩) درێژ بۆتەوە. بریتی یە لە:

*Pylwc? Pērōz* "پێرۆز" (ناوی کەسێکە)

### لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە

وێنەی بەراز لە هونەرە جۆر بەجۆرەکانی ساسانییدا بەرچاو دەکەوێت، هەروەها وەکو هێماش گوایە بەرازی کێوی تایبەت بووە بە خەسرەوی یەکەم (ئەنوشیروان).[431] و لە دیمەنی ڕاوە شاهانەییەکانیشدا زۆر بەدی دەکرێت، بۆنمونە وەک تاق-بوستان و دیمەنی سەر دەفرە کانزاییەکان.



وێنەی بەراز لە نەقشی تاق-بوستاندا.

Basiri Zadeh, et.al., *op. cit.*, p.1706

[431]حمید، انور، *المصدر السابق*، ص. 252.

## ئاسک/بزنەکێوی- جێ مۆری ١٧




وێنەی جێ مۆری١٧

ژمارە: SI 00410، SM.053802

کڕین: 7 -12- 2008،

تیرە: 3 سم، بەرزی: 3 سم.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەیی، جێ مۆرێکی بازنەیی لەسەرکراوە، دیمەنی بزنە کێویەک/ئاسکە کێوییەکی لەسەرە، کە لە کاتی ڕۆیشتندایە. پاشماوەی دێڕێک نووسینی پەهلەوی لەسەرە، بەڵام زۆر سواوە و سڕدراوەوتەوە. ئەم جۆرە دیمەنە ئاژەڵییانە لە سەر مۆرەکان و لە بابەتە هونەرییەکانی تری ساسانی زۆرن. (بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە).

## فیل جێ مۆری ١٨






وێنەی جێ مۆر ١٨

ژمارە: SI 00753، SM.054145

کڕین: 15-4-2009،

تیرە: 2.8 سم،

بەرزی: 2.9سم.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەیی، جێ مۆرێکی شێوە هێلکەیی لەسەرە، دیمەنەکەی سەری بریتی یە لە فیلێک ڕووەولای ڕاست لە کاتی ڕۆیشتندایە، دوو کەڵبەی درێژی هەیە.

### لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە

دیمەنی فیل یاخود فیلی هیندی لە هونەری ئێرانیدا بەناوبانگە، هەروەها لە سەردەمی سلوقیی وئەشکانییەکانیشدا وەکو ئاژەڵی جەنگی لە سوپادا بەکارهاتووە، لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا لەسەر سکەکانی (میتریدادی یەکەم) یش بەکارهێندراوە، و لەسەر مۆرە ئەشکانییەکانیش دەرکەوتووە، هەروەها لە هونەری پێش

ساسانیشدا وەکو ئاژەڵێکی شاهانەی ناسراوە، و لە سەردەمی ساسانی و لە ’کارنامەی ئەردەشێری بابەکان‘دا وەک کێوی شاهانەیی ئاماژەی پێکراوە، هەروەها وەک پاڵەوان لە داستانە ئەدەبییەکاندا هێمای بۆکراوە، لە گەڵ ئەمانەشدا لە یاری شەترەنجدا بە پاسەوانی شاهانە بەراوردکراوە، سەرەڕای ئەوانەش لە دیمەنەکانی ڕاوە شاهانەکانی تاق- بوستان، و لەسەر دەفرە کانزاییەکانیش بە دەردەکەوێت.[432] هەروەها دیمەنی فیل لەسەر مۆرە ساسانییەکانیش بەدیدەکرێت.[433]



فیل لە بەشێک لە دیمەنی تاق-بوستان. وەرگیراوە لە:

Basiri Zadeh, et.al., *op. cit.*, p.1706.

## بەران: جێ مۆری ١٩






وێنەی جێ مۆری ١٩

ژمارە: SI 00758، SM.054150

کڕین: 15 -4- 2009،

تیرە: 3 سم، بەرزی: 2.9 سم.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەیی، جێ مۆرێکی بازنەیی لەسەرە. دیمەنەکەی سەری لە بەرانێکی ڕووە ولای ڕاست پێکهاتووە، کە دوو شاخ(قۆچ)ی چەماوەی هەیە. هەروەها دوو شریتی شێوە دیادەم لە ملییەوە بۆ سەر پشتی درێژ بوونەتەوە. دوو پیتی پەهلەوی نووسراوە زۆر ڕوون نین ڕەنگە پیتی(الف و پ، p’) بن(؟).[434]

### لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە

بەران لە هونەری ساسانیدا وەکو یەکێک لە بەشە گرنگەکانی ’ماڵات‘ داندراوە، لە ’کارنامەی ئەردەشێری بابەکان‘دا وەکو سامانێکی شاهانە ناسێندراوە، هەروەها لە زۆربەی ئایینەکاندا وەکو ئاژەڵی بۆنە تایبەتەکان بۆ

---

[432] Brunner, *op. cit.*, p. 90-91.

[433] بۆ دیمەنی فیل بڕوانە:

Gignoux,& Gyselen., Sceaux Sasanides de Diverse........., p. 92, 30./22, 24 ,25.

[434] Bivar, *op. cit.*, p. 89. EQ. 4,5,6.

Frye, *Sasanian Remains*..........., p. 100. fg.  D. 246, 247, 248.

قوربانیکردن بەکارهاتووە.[435] هەندێکیش پێیان وایە ئەم بەرانەی ئەم شریتەی لە ملدایە، ڕەنگە دیمەنی سەر مۆرەکانی کەسانی جولەکەی ژێر قەڵەمڕەویی ساسانییەکان بووبن، بەرانەکەش وەک هێمای قوربانیکردنی حەزرەتی 'ئیسماعیل' لەلایەن 'ئیبراهیم'ی باوکییەوە لێکدراوەتەوە.[436] هەروەها شاخی بەران لە ڕازاندنەوەی تاجی هەندێک لە میر و پاشاکاندا بەکارهێندراوە، بۆ نمونە لە سەردەمی 'شاپوری دووەم'دا وەکو تاجی شەڕکردن بۆ سوارەی جەنگی بەکارهێندراوە، ڕازاندنەوەی کڵاوی جەنگی بە شاخی بەران لە ئێراندا لە دوای هەڵمەتی 'ئەسکەندەری گەورە' و بەکارهێندراوە، ئەسکەندەر خۆی بە نەوەی خواوەند 'زیۆس' داناوە، بۆیە ئەم شاخانەی وەکوهێمای خواوەندی بەکارهێناوە، و ئەم نەریتەشی لە 'میسرییەکان'ەوە وەرگرتووە، کە لای ئەوان هێمای خواوەند 'ئامون' بووە، لە سەردەمی ساسانییشدا بە تێکەڵکردنی بە نەریتە ئایینییەکان بەکارهێندراوەتەوە، وساسانییەکان بڕوایان وابووە، کە نەریتێکی کۆنیان زیندووکردۆتەوە، ئەم نەریتەیان بۆ ئەخمینییەکان گێڕاوەتەوە، سەرەڕای ئەمانەش، بەران لە هونەرەکانی تری ساسانییشدا بەکارهاتووە، وەکو ڕازاندنەوەی دەفرە کانزاییەکان، و لە دیمەنە ڕاوە شاهانەییەکاندا وەکو نێچیری شاهانە وێنا کراوە، لە 'شاهنامە'دا باسکراوە، وەک ڕازاندنەوەی تەختێکی شاهانەیی کە وەکو دیاری پێشکەش بە 'ڕۆستەم' کراوە بۆئەوەی لەڕیزی خانەدانانی 'دەربار'دا لەسەری دابنیشێت.[437]



دیمەنی ڕاوی بەران لە ڕاوە شاهانەکاندا شاپوری دووەم لەسەر دەفرێک، لە مۆزەخانەی 'هێرمیتاج' ئەم وێنەیە وەرگیراوە:

Basiri Zadeh, et.al., *op. cit.*, p.1713



هێلکاری (٨) نمونەی بەکارهێنانی شاخی بەران وەک تاجی پاشا و میرەکان،

وێنەی قاپێکی زیوی 'بەهرامی دووەم- کوشان شا' ئەم وێنەیە وەرگیراوە لە:

Dmitriev. V," Ram's Horns as a Religious Element of Sasanian Kings" ……., p. 114

[435]Brunner, *op. cit.*, p. 91.
[436]Shaked, "Jewish and Christian Seals……, p. 24.
[437]Dmitriev. V., "Ram's Horns as a Religious Element of Sasanian Kings' Military Equipment" (notes to Amm. Marc. XIX.1.3) *Crowns, Hats, Turbans and Helmets the Headgear in Iranian History*, volume I: Pre-Islamic Period, ed. Katarzyna Maksymiuk and Gholamreza Karamian, Siedlce/Tehran 2017, pp. 113-116.

## سەرە بەراز:

### جێ مۆری ٢٠




وێنەی جێ مۆری ٢٠

ژمارە: SM.054227 ،SI 00835

کڕین:15 -4- 2009،

تیرە: 3.5 سم، بەرزی: 3.2سم.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەیی، لە دوو لاوە لە شوێنی ئەوپەتەی تێهەڵکێشراوە شکاوە. جێ مۆرێکی شێوە بازنەیی لەسەرە، دیمەنەکەی سەری لە سەری بەرازێک پێکهاتووە، کە ڕووی لەلای ڕاستە و دەمی کردۆتەوە و زمانی دەرکێشاوە. لە نێوان دوو شێوە باڵدایە، کە هێمای خواوەند ئاهورامەزدایە، بە دەوریا دێرێک نووسینی پەهلەوی نوسراوە ، بەڵام ناتواندرێت بخویندرێتەوە.

### جێ مۆری ٢١






وێنەی جێ مۆری ٢١

ژمارە: SM.053560 ،SI 00168

کڕین: 7-12- 2008،

تیرە: 2.6 سم،

بەرزی: 3 سم.

پەپکەیەکی گڵینی بازنەیی، یەک جێ مۆری شێوە بازنەیی لەسەرە، دیمەنەکەی سەری لە وێنەی سەری بەرازێک[438] پێکهاتووە، کە دەمی کردۆتەوە و زمانی دەرکێشاوە. بە ڕیزێک بازنە/خاڵی ورد دەورەدراوە. لە دیمەنی جێ مۆری پێشوتردەچێت، بەڵام ئەویان لە ناو باڵێکدایە، ئەمەیان بە ڕیزێک بازنەی وورد دەورە دراوە. جێ مۆری دوو مۆری جیاوازن.

---

[438]Bivar, *op. cit.*, p. 96. GC,1,2
Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings*......., p. 346.

هەروەها دیمەنی سەرە بەراز لەسەر نەخش و نیگارەکانی تریش جگە لە مۆرەکان بەکارهاتووە، وەک لەم وێنانەدا دیارن کە نەخشی سەرگەچن .



وێنەی سەری بەرازێک لە تەیسەفون دۆزراوەتەوە.

هەردوو وێنەکە وەرگیراون لە:

Ghirshman, *op. cit.*, p. 200. fig. A. 239.



وێنەی سەرە بەرازێک لە 'دامغان' دۆزراوەتەوە و لە مۆزەخانەی تارانە

**ئەسپی باڵدار**

**جێ مۆری ٢٢**






وێنەی جێ مۆری ٢٢

ژمـــــــارە: SI.01054، SM.054446

کڕین: 15 -4- 2009،
تیرە: 3.6 سم،

بەرزی: 4.3 سم.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە نارێک، چوار جێ مۆری شێوە بازنەیی لە سەرە، دوانی بچوکیان لە بەشی سەرەوە و دوانی گەورەیان لە بەشی خوارەوەن، یەکێکیان لە ئاستی (کاتژمێر ١١) دایەو دیمەنی ئاژەڵێکی لەسەرە سواوە و ڕون نییە.(؟) یەکێکی تریان لەئاستی (کاتژمێر ١-٢) دایە وێنەی کەڵەکێوییەکی شاخ پەلپەلاوی لەسەرە، دوانە گەورەکەی لای خوارو یەکێکیان دیمەنی شێرێکی هەڵتروشکاوی لەسەرە. ئەوی تریان دیمەنی ئەسپێکی باڵداری لەسەرە، لەکاتی ڕۆیشتندایە. دێڕێک نووسین بە دەوریا نووسراوە، بەڵام سواوە دیارنییە لە کوێوە بۆ کوێ درێژ بۆتەوە و ناتواندرێت بخویندرێتەوە.[439]

[439]بۆ هاوشێوەی ئەم دیمەنە بڕوانە:

Bivar, *op. cit.*, p.78, ED, EE

[439]Frye, *Sasanian Remains*..........., p. 100. D, 239, 240, 241, 242.

### لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە

ئەسپی ئاسایی و ئەسپی باڵداریش لە هونەری ساسانییدا زۆر بەکارهێنراون.[440] ئەسپ زۆرجار لەسەر مۆرەکان وەک شێر وێنا کراوە (بڕوانە بەشی سێیەم وێنەی مۆری. ١٨). هەروەها لە ڕیزی ئاژەڵە گرنگەکانی وەک گا، بەران، کەڵەکێوی داندراوە، و لە ڕووی فەلەکی و بیروباوەڕی ئایینییشەوە، ئەسپ یەکێکە لەو سێ شێوەیەی کە بۆ خواوەند 'تیشتەر، *Tištar*'[441] داندراوە، کە بەخواوەندی باران و وشکەساڵی ناسراوە، هەروەها ئەسپ وەک هێمای سێیەمی خواوەند بەهرامیش ئاماژەی پێکراوە.[442]

### جێ مۆری ٢٣ جێ مۆری جیاواز




وێنەی جێ مۆری ٢٣

ژمارە: SI 00135، SM.053527

کڕین: 24 -11- 2008،

تیرە: 2.9 سم،

بەرزی: 3.2سم

پەپکەیەکی گڵینی شێوە نارێک. هەشت جێ مۆری لەسەرە، یەکێکیان کەوتۆتە ناوەڕاستەوە، دیمەنی شێرێکی لەسەرە، کە لەکاتی ڕۆیشتندایە و دەمی کردۆتەوە، بەدەوریا حەوت جێ مۆری ترهەن، دوانیان لە (ئاستی کاتژمێر ١١ و ١)دان سواون یەکێکی تریان شێوە بازنەییەکی بچوکە لە (ئاستی کاتژمێر٣)دایە سواوە بە تەواوی ڕوون نییە، دیمەنەکەی سەری لە ئاسکێکی پالکەوتوو دەچێت. یەکی تریان شێوە لەبزینەییە و لە(ئاستی کاتژمێر٥)دایە دیمەنی باڵندەیەکی لەسەرە. یەکی تریشیان شێوە لەبزینەییە لە(ئاستی کاتژمێر٧)دایە و دیمەنی گوڵێکی لەسەرە. دوانی تریان لەئاستی (کاتژمێر٨-١٠) دان و نووسینیان لە سەرە و سواون.(؟ )

[440] بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە (مۆری. ١٨)

[441] بۆ زانیاری دەربارەی خواوەند Tištar بڕوانە بەشی سێیەم (مۆری. ١٦)

[442] Brunner, *op. cit.*, p. 81.

## ٤ـدیمەنی باڵندە: جێ مۆری ٢٤




وێنەی جێ مۆری.٢٤

ژمارە:SI 00578، SM. 053970

کڕین: 15 -4- 2009،

تیرە: 2.7 سم،

بەرزی: 2.8سم.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەیی، جێ مۆرێکی شێوە بازنەیی لەسەرە. دیمەنی باڵندەیەکی لەسەرە، باڵندەکە، ڕووە و لای ڕاست لە کاتی ڕۆیشتندایە. کلکی شۆڕکردۆتەوە. ڕەنگە 'قەل'بێت.[443] هەروەها بە دەوریا دێڕێک نوسینی پەهلەوی هەیە لە ئاستی (کاتژمێر ١٢؟بۆ کاتژمێر ٨). بەڵام نووسینەکەی زۆر سواوە و ناخوێندرێتەوە.

## جێ مۆری ٢٥




وێنەی جێ مۆری 25

ژمارە: SI 00637، SM.054029

کڕین: 15 -4- 2009.

تیرە:2.4 سم،

بەرزی: 2.8 سم.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە ناڕێک، لە بەشی خوارووییەوە شکاوە و کەلێنی تێبووە. شکاوییەکەی لە شوێنی ئەو پەتەدایە کە تێی هەڵکێشراوە، ڕەنگە لەکاتی لێکردنەوەی جێ مۆرەکە لەو بەڵگەنامەیەی کە تیوەی پێچراوە ئەو کەلێنە درووستبووبێت. جێ مۆرێکی شێوەبازنەیی لە ناوەڕاستەکەیدایە، دیمەنی باڵندەیەکی لەسەرە، لە خێزانی باڵندە گەورەکانە، ڕەنگە قاز، یان یان 'ماسی گرە' بێت.[444]هەروەها جێ مۆرێکی تری بچوکی شێوە هێڵکەیی لەسەرە لە ئاستی(کاتژمێر٩)دایە، دیمەنی پیتێکی پەهلەویی لەسەرە ڕەنگە پیتی (h/d) بێت(؟) ئەم باڵندەیە تا ڕادەیەک لەم باڵندانە دەچێت، کە بە 'کرەین' (Crane Bird) ناسراون. لە زمانی کوردیشدا بە قاز و قولینگ

---

[443] Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings*......., p. 338.

[444]بۆ هاوشێوەی ئەم باڵندەیە بڕوانە

Frye, *Sasanian Remains*......., p. 103. D. 382.383.
Bivar, *op. cit.*, p. 100. HD.1-5.
Brunner, *op. cit.*, p. 110.

ناسراون كه باڵندەیەكی كۆچەرین كۆچی زستانە و هاوینەیان هەیە زیاتر لە پانزە جۆریان هەیە، لە خێزانی باڵندە باڵا بەرزەكانن. خاوەنی ملێكی درێژ و دوو قاچی درێژن، بەتایبەت لە كاتی فریندا ملیان درێژ دەكەن.[445]



وێنەی باڵندەی قولینگ (Crane) وەرگیراوە لە:

A῾lam,Hūšang., "Crane "
[https://www.iranicaonline.org/articles/crane-#prettyPhoto[sidebar]/0](https://www.iranicaonline.org/articles/crane-#prettyPhoto[sidebar]/0) Accessed on 10-9-2022, 3:42 PM.

## جێ مۆری ٢٦

وێنەی جێ مۆری ٢٦

ژمارە: SI 00828، SM.054220

كڕین: 15 -4- 2009،

تیرە: 3 سم، بەرزی: 3.2 سم.




پەپكەیەكی گڵینی شێوەناڕێک، جێ مۆرێكی شێوە لاكێشەیی لەسەرە. دیمەنەكەی سەری لە وێنەی دوو باڵندە پێكهاتووە، كە بەرامبەری یەكتری لە سەرلقێک دار وەستاون.[446] باڵندەكان بچوكن ڕەنگە كۆتر بن.

**لێكدانەوە و بەراوردكاریی دیمەنەكە** نەخشی باڵندەی ڕووبەڕوو لە هونەرە جۆربەجۆرەكانی ساسانییدا بۆ ڕازاندنەوە بەكارهاتوون، بۆ نمونە لەسەر نەخشی گەچین بۆ ڕازاندنەوەی بیناكانیان بەكاریانهێناوە. دیمەنی باڵندەكانیان تێكەڵ بە دیمەنی جۆربەجۆری وەک نەخشی ڕووەكی كردووە، چەندین نمونە لە تەیسەفون دۆزراونەتەوە.[447]



وێنەی نەخشێكی گەچین بە نەخشی باڵندە و ڕووەكی ڕازێندراوە. لە تەیسەفون دۆزراوەتەوە. وەرگیراوە لە:

[https://www.metmuseum.org/art/collection/search/322647](https://www.metmuseum.org/art/collection/search/322647)
Accessed on 11-8-2022, 10:25 PM.

---

[445]A῾lam,Hūšang., "Crane " [https://www.iranicaonline.org/articles/crane-#prettyPhoto[sidebar]/0](https://www.iranicaonline.org/articles/crane-#prettyPhoto[sidebar]/0) Accessed on 10-9-2022, 3:42 PM.
[https://www.britannica.com/animal/sandhill-crane](https://www.britannica.com/animal/sandhill-crane) Accessed on 11-8-2022, 10:19 PM.

[446]بۆ هاوشێوەی ئەم دیمەنە بڕوانە:
Frye, *Sasanian Remains*.........., p. 102. D.375,376.
[447][https://www.metmuseum.org/art/collection/search/322647](https://www.metmuseum.org/art/collection/search/322647) Accessed on 11-8-2022, 10:25 PM.

## جێ مۆری ٢٧






وێنەی جێ مۆری ٢٧

ژمارە SI 00925، SM.054317

کڕین: 15 -4- 2009،

تیرە:2.9 سم،

بەرزی: 2.8 سم.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەیی، جێ مۆرێکی شێوە هێلکەیی لەسەرە. دیمەنەکەی سەری بریتییە لە وێنەی باڵندەیەک ڕەنگە چۆلەکە یان کۆتر(؟) بێت، کە لە کاتی ڕۆیشتندایە، هەروەها شریتێک یان شێوە دیادەمێک لەئاستی ملییەوە تا سەر پشتی درێژ بۆتەوە، وەک ئەوەی بە دەندوک هەڵی گرتبێت.[448]

### ٥-دیمەنی ڕووەکی - هەنار

## جێ مۆری ٢٨






وێنەی جێ مۆری ٢٨

ژمارە: SI 00655، SM.054047

کڕین: 15 -4- 2009،

تیرە: 2.7 سم،

بەرزی: 2.6 سم.

پەپکەیەکی گڵینی تاڕادەیەک شێوە بازنەیی، جێ مۆرێکی شێوە هێلکەیی لە ناوەڕاستیدایە. دیمەنی لقە هەنارێکی لەسەرە، سێ هەناری پێوەیە، کە دوانیان بەملاولایدا شۆڕبوونەتەوە و سێیەمیان لە ناوەندیاندایە.[449] هەروەها مۆرێکی تری شێوە هێلکەیی لەسەرە، لە ئاستی (کاتژمێر٣)دایە، وێنەی ئاژەڵێکی بچوکی لەسەرە زۆر ڕوون نییە ڕەنگە کەروێشک بێت.(؟)

---

[448] بۆ هاوشێوەی ئەم باڵندەیە بڕوانە:

Bivar, *op. cit.*, p. 103. HG. 10.
Frye, *Sasanian Remains*..........., p. 103. D.388, 392.

[449] بۆ هاوشێوەی دیمەنی هەنار بڕوانە:

Frye, *Sasanian Remains*.........., p. 102. D328.

### لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە

گوڵی هەنار و میوەی هەناریش لە هونەری ساسانییدا بایەخی زۆری پێدراوە.[450] هەروەها هەنار لە ’چین‘ەوە تا دەریای ناوەڕاست هێمای زۆر بوون بووە، لە ئێرانیش وەکوهێمای خواوەند ’ئاناهیتا‘داندراوە، کە خواوەندی زۆربوون بە پیتی بووە، بۆ نمونە لە سەر هەندێک لە دیمەنەکان ئاناهیتا سەبەتەیەک یان لەگەنێکی پڕ لە هەناری بە دەستەوەیە، یاخود تاجەکەی بە هەنار ڕازێندراوەتەوە.[451] لە هونەری ساسانییدا لەگەڵ شاخی بەران لەسەر تاجی شاژنەکانیش وەکو هێمای زۆربوون هێماکراوە، هەتا ئێستاش لای ’زەردەشتییەکان‘ وەک میوەیەکی پیرۆز سەیردەکرێت، و لە هەندێک لە وڵاتەکانی دەریای ناوەڕاست ’بووک‘ هەناری خواردووە، بە هیوای ئەوەی خێزانی گەورە و منداڵی زۆر بخاتەوە، هەروەها سوێند خواردنی ’ژن‘ بە هەنار لەگەڵ مێردەکەی بەواتای مانەوە لەگەڵیدا هەتاکو مردن هاتووە.[452]

### گوڵ

### جێ مۆری ٢٩




وێنەی جێ مۆری ٢٩

ژمارەSI 00330، SM.053722

کڕین: 7 -12- 2008،

تیرە: 1.2 سم،

بەرزی: 2.8سم.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە ناڕێک، سێ جێ مۆری لەسەرە. یەکێکیان لە ناوەڕاستییدایە و دیمەنی لقە گوڵێکی لەسەرە، دوو پەلک لەم لاولایەوەیەتی، گوڵەکەش لە شێوەی تۆپە گوڵدایە، ئەم گوڵە تاڕادەیەک هاوشێوەی دیمەنی مۆری( مۆری. ٣٨)ە. بۆ لێکدانەوەی زیاتر لەسەر ئەم جۆرە گوڵانە (بڕوانە بەشی سێیەم دیمەنی ڕووەکی). هەروەها دوو جێ مۆرەکەی تر کەوتونەتە قەراغییەوە، یەکێکیان لە ئاستی (کاتژمێر ٣) دایە، وێنەی نیوە مانگێکی لەسەرە. سێیەم دانە لە ئاستی (کاتژمێر٦)دایە، وێنەی تاوسێکی لەسەرە.

---

[450]بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە: (م. ٣٩)

[451]بۆ دیمەنی ئەناهیتا کە سەبەتە هەناری پێیە بڕوانە:

Soudavar, A., *Discrediting Ahura Mazdā’s Rival*....., p. 6. Fg.1.

[452]سیرنج، فیلیب، *المصدر السابق*، ص.317-318.

## جێ مۆری ٣٠

وێنەی جێ مۆری ٣٠

ژمارە:SI 00585 ، SM.053977

کڕین: 15 -4- 2009،

تیرە: 2.7 سم،

بەرزی: 2.9سم.






پەپکەیەکی گڵین دوو جێ مۆری لە سەرە. یەکێکیان لە ناوەڕاستدایە، شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە، ئەم مۆرە نقێمی ئەنگوستیلە بووە. لەبەر ئەوەی شوێنی قەراغ و گیرەی موستیلەکە لەسەر لێوارەکەی دەرچووە. دیمەنی سەر مۆرەکە لە گوڵێک پێکهاتووە.

هەروەها ئەم دیمەنە هاوشێوەی (مۆری ٣٩)یە. لەبەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیەدا. هەروەها لە تەنیشتی ئەو جێ مۆرە، جێ مۆرێکی تری شێوە لەبزینەیی هەیە، دیمەنەکەی سەری هێمایەکە لە هێما ساسانییەکان، کە لە پیتە پەهلەوییە لێکدراوەکان پێکهاتووە.[453]

---

[453] بۆ هاوشێوەی ئەو هێمایە بڕوانە:

Frye, *Sasanian Remains*......., p. 102.D342,346.
Gignoux,& Gyselen., Sceaux Sasanides de Diverse........., p. 167. 70./96

## جێ مۆری ٣١

وێنەی جێ مۆری

ژمارە SI 00587، SM.053979

کڕین: 15-4-2009،

تیرە: 2.5سم،

بەرزی:2.5 سم.






پەپکەیەکی گڵینی شێوە نارێک، سێ جێ مۆری لەسەرە. یەکێکیان لە ئاستی (کاتژمێر١٢) دایە، بەهۆی ئەو شکاوییەوە بەشێکی لێ شکاوە. دیمەنەکەی سەری لە شێوەی لقە ڕووەکێک دەچێت. هاوشێوەی دوو جی مۆرەکەی تر، کە کەوتوونەتە بەشی خوارو، جێ مۆری هەمان مۆرن سێ جار مۆریان پێکراوەتەوە. هەر وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا کە ڕەنگە بۆ دڵنیاکردنەوە بێت لە مۆرکردنەکە.[454] یاخود بۆ پرکردنەوەی بۆشای سەر مۆرەکە بێت،[455] یاخود مەبەست ژماردن بێت، دیمەنی سەر ئەم سێ جێ مۆرە لە دیمەنی گوڵێک پێکهاتوون، کە ڕەنگە گوڵە هەنار یان گوڵی لۆتس بێت. (بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە). لە شوێنی دەرکێشانی ئەو پەتەی بە بەڵگەنامەکەوە بەستراوە شکاوە و کەلبووە، شوێنی پەتەکە لەسەر قوڕەکە بە شێوەی ڕاست و چەپ لەسەر پشتی پەپکە گڵەکە دەرچووە.

وێنەی بەشی پشتەوەی هەمان جێ مۆرە، (جێ مۆری ٣١) کەلێنی شوێنی پەتەکانی بە شێوەی ڕاست و چەپ لەسەر دیارە.



[454]بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم جۆرە مۆرکردنە بڕوانە:

Gubaev, A. Loginov, S. and Nikitin, A., *op. cit.*, p.55

[455]محمدی فر و امینی، *همان*، ص.٣٢٠.

# بەشی پێنجەم

# جێ مۆرە فەرمییە نووسراوەکان

لەم بەشەدا کۆمەڵێک جێ مۆری فەرمی تاوتوێ دەکەین، کە سەرجەمیان مۆری کەسانی کاربەدەستی دەوڵەتی ساسانیین و نووسینی پەهلەوییان لەسەرە. لە مۆری سپاهبێد، ئەسپ بێد، ئۆستاندەر، ئامارگەرەکان و مۆری پیاوانی ئاینی پێکهاتوون.

### ١-سپاهبێد، فەرماندەی سوپا جێ مۆری ٣٢

-وەهرام/ئادورماهەن *Wahrām/ Ādurmāhan*

وێنەی جێ مۆری ٣٢

ژمارە: SM.054807 ،SI 01415

کڕین: 19-7-2009،

تیرە: 7.5سم،

بەرزی: 8.4 سم.






جێ مۆرێکی گڵینی بازنەیی بە چوارچێوەیەکی بازنەیی تەخت دەورە دراوە. دیمەنی ئەسپسوارێکی لەسەرە، ڕووەو لای ڕاستە، زرێیەکی لەبەردایە، کڵاوێکی خڕی تەختی لەسەردایە، و ڕمێکی درێژی بەدەستەوەیە. ئەسپەکەی بە شێوەی ڕازاندنەوەی ئەسپی شاهانەی ساسانیی ڕازێندراوەتەوە،[456] سەر و بەروانکەکەی بە ڕووپۆشێکی گوڵینکەداری زرێ داپۆشراوە، کە بەشی پێشەوەی لە شێوەی خەتخەتی نیمچە ئاسۆییدا دەردەکەوێت. دوو گوڵینکەی درێژکۆلەی[457] گەورە بە پێش و پاشی لای ڕاستی ئەسپەکەدا شۆڕبوونەتەوە، لای قاچی ئەسپسوارەکەوە پارچەیەکی شێوە لاکێشەیی درێژکۆلە شۆڕبۆتەوە، ڕەنگە کێلانی شمشێرەکەی بێت، و ئەسپەکە لە باری ڕۆیشتنندایە. هەروەها لە ئاستی (کاتژمێر٣)دا چاڵێکی بازنەی بچوک هەیە، شوێنی ڕاگری سەری مۆرەکە (ئەنگوستیلەکە) یە لە کاتی مۆرکردندا لەسەر قوڕەکە شوێنەکەی دەرچووە. وەک لەبەشی دووەمدا ئاماژەمان پێدا، ئەم مۆرانە هەندێک جار بە شێوەی ئەنگوستیلە لە پەنجە کراون، مۆرەکە لە شوێنی نقێمی مستیلەکەدا جێگیر کراوە.

---

[456] سوارەی ساسانی بە گشتی چەند جۆرە زرێیەکیان بەکاردەهێنا، زرێیەک لە شێوەی پۆشاک بۆ بەشی سنگ و سەرەوەی لەشی سوارەکە، و قاچ و ڕانەکانیشیان زۆر جار بە زرێ شەتەکدەدا، هەروەها زرێشیان بۆ ئەسپەکانیان دەپۆشی، و چەکی جۆراو جۆری وەک ڕم و تیرو کەوان و قەڵغان و شمشێریان پێبووە، جۆری چەک و تفاق و پۆشاکی سەربازەکان بەپێی جۆری شوێن و پلەکەیان جیاواز بوو، چونکە سوپای ساسانی لەچەند پێکهاتەیەکی جیاوازی وەک سوارە و پیادە و تیرهاوێژ پێکهاتبوون.
فیزهوفر، *المصدر السابق*، ص. 234. هەروەها بۆ جۆری زرێکان بڕوانە:
Farrokh, K., *Sassanian Elite Cavalry AD 224-642*, Osprey, Oxford, 2005, p.16.

[457] گوڵینکەکان، دوو تۆپەوانەی گەورەن کە گوایە خورین و لە ئاوریشمەوە پێچراون، لە شێوەی هەرمێ شۆڕبوونەتەوە، لەم چەشنە گوڵینکانە لە ڕازاندنەوەی زۆربەی ڕەخت و زینی ئەسپەکانی میرو پاشایانی ساسانی دەبیندرێن. بڕوانە: کریستێنسێن، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. 571. هەرچەندە هەندێک جار ئەوەی پێشەوەیان وەک گۆزەڵە /مەتارەی ئاوی بچکۆلە دەبیندرێت، کە دەسکەکەی بە پەتیک بە بە زری یان کۆپانی ئەسپەکەوە هەڵواسراوە.

و ئەسپسوارەکە، بە سێ دێڕ نووسینی پەهلەوی دەورەدراوە، دێڕی یەکەمی نووسینەکە لە قەراغەوە، لە (کاتژمێر٥ بۆ٥) درێژ بووەتەوە، واتە بە تەواوی چواردەوری ئەسپسوارەکەی داوە. دێڕی دووەم لە (کاتژمێر٤ بۆ ٨)، دێڕی سێیەم لە (کاتژمێر١١ بۆ٩) درێژبۆتەوە.

**خوێندنەوەی نووسینەکە**

1) *wlhlʾn ZY nʾmhw[ʾ]st hwslwdy ʾtwlmʾhʾn (nywʾn)pt w šʾpstn w hwyt,*

i.e. *warhrān ī nāmxwāst khusrō ādurmāhā(n) (nēwān)bed ud šābestan ud hujad<ag>*

2) k hwslwdy LBA ʾylʾn ATkwstʾ ZY nymlwcʼ

i.e. *khusrō wuzurg ērān//AT// kust ī nēmrōz*

*3)* spʾhpt,

i.e. *spāhhbed* [458]

واتە:

(’وەهرام *‘Wahrām* ناوی دڵخوازی ’خەسرەو *‘Khusrō*‘ ’ئادورماهەن *‘Ādurmāhan* نێوان بێد (سەرۆکی دیوان) و بەندە و فاڵی باشی ’خەسرەو *‘Khusrō* گەورە سپاهبێدی ئێران، کوستی نیمرۆز. دوو پیتی مۆنۆگرام A,T.)

لەم نووسینەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ’وەهرام ئادورماهەن‘ سپاهبێدی لای باشوری ئیمپراتۆریەتی ساسانی و لە هەمان کاتدا سەرۆکی دیوانیش بووە.



هێڵکاری (٩) وەرگیراوە لە:

Gyselen, *La géographie* .........., p. 269

[458]Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings*......., p. 262. 111/16
Gyselen, *La géographie administrative de* .........., p. 451. fg. 2e

## جێ مۆری ٣٣

وەهرام/ئادورماهەن (سەردەمی هورمز) *Wahrām/* Ādurmāhan




وێنەی جێ مۆری ٣٣

ژمارە: SI 01414، SM.054806

کڕین: 19-7-2009،

تیرە: 7.4 سم،

بەرزی: 8.4 سم.

جێ مۆری، مۆری هەمان سپاهبێد 'وەهرام/ئادورماهەن'[459] ە کە لە جێ مۆری پێشتر ئەماژەمان پێکردووە، بەڵام ئەم جێ مۆرەی لە سەردەمی هورمزی چوارەم (٥٧٩-٥٩٠ ز.)ی کوڕی خەسرەوی یەکەمدا بەکارهێناوە. وەک سپاهبێدی هەمان ناوچە، بەڵام لە ڕووی نەخش و ڕازاندنەوەوە چەند جیاوازییەکی تیا بەدیدەکرێت. وەک زرێی ئەسپەکەی تاڕادەیەک لە هی جێ مۆری پێشوتری جیاوازە، خەتی بەشی پێشەوەی بەشێوەی ئاسۆیی تەریبن. هەروەها لێرەدا ئەسپەکەی سێ گوڵینکەی پێوەیە، کەدوانیان لە پێشەوەن دانەیەکێکیان لە دواوەیە. لێرەدا ئاوساری ئەسپەکە زۆر بە ڕوونی دیارە کە بەدەست ئەسپسوارەکەوەیە، هەروەها نووسینەکەی سەری تاڕادەیەک هەمان نووسینە، بەڵام لە دێڕی دووەمدا لە شوێنی ناوی 'خەسرەو' ناوی 'هورمزد' نوسراوە، نووسینەکەی لە سێ دێڕ پێکهاتووە. دێڕی یەکەم لە کاتژمێر (٥بۆ ٥)، دووەم لە (٥ بۆ ٧)، سێیەم لە (١ بۆ ٩) درێژبوونەوە.

### لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە

هەرچەندە ئەم جێ مۆرەی مۆزەخانەی سلێمانی تاڕادەیەک نووسینەکە تێکچووە و کلسێکی زۆری لەسەرە، دێڕی یەکەمی زۆر سوواوە شوێن مۆری ئەم مۆرە لەلایەن 'گیزلین' ەوە بڵاو کراوەتەوە، نووسینەکەی ڕوونترە لەم جێ مۆرەی مۆزەخانەی سلێمانی، بەڵام لە ڕووی هەندێک وردەکاری سەر جێ مۆرەکە، ئەمەی مۆزەخانە وردەکاریەکانی جوانتر و ڕوونترن، بۆ نمونە ئەو دوو گوڵنکەیەی پاش و پێشی ئەسپەکەی لەلای گیزلین تەنها چوار چێوەکەی کێشاوە، وەک لە هێڵکاری(١٠)دا دیارە، بەڵام لەم جێ مۆرەدا نەخشی سەر گوڵینکەکانیش کە چەند وردە خەتێکن بە تەواوی بەدی ئەکرێن. هەروەها نەخشی کێلانی شمشێرەکەی لەم جێ مۆرەی ئێمەدا دەبیندرێت، کە لە دوو ڕیز وردە خەتی شێوە پەلکی درەخت پێکهاتووە.

---

[459]بۆزانیاری دەربارەی وەهرام ئەدورماهەن بڕوانە:
Pourshariati, *op. cit.*, pp. 119-120.

**نووسینەکەی**

1) wlhlʾn ZY nʾmhw[ʾst hw](slwdy) [ʾtwl]mʾhʾn (nywʾn?)pty (w) [š]ʾpstny štlhcʾlwpt ,

i.e. warhrān ī nām[xwāst khusrō ādur]māhān (néwān?)bed ud šābestan šāhr hazāruft,

2) W hwytkʾwhlmzdy LBAy ʾylʾn AT kwsty ZY nymlwcy,

i.e. ud hujadag ohrmazd wuzurg ērān //AT// kust ī nēmrōz,

3) //AT// spʾhpty,

i.e. //AT// spāhhbed[460]

(’وەهرام *‘Wahrām* ناوی دڵخوازی ’خەسرەو *‘Khusrō*‘ ’ئادورماهەن *‘Ādurmāhan* نێوان بێد (سەرۆکی دیوان) و سوپاسالار، بەندە و فاڵی باشی هورمزد، گەورە سپاهبێدی ئێران، کوستی نیمرۆز (لای باشور). دوو پیتی مۆنۆگرام A,T.)

Hazāruft پلەیەکی باڵای سەربازییە، لە سپاهبێد باڵاترە، بە پێی ئەم نووسینە، ’وەهرام ئادورمەهان‘ هەر دوو پۆستەکەی هەبووە. ئەگەر سەیری جێ مۆری هەمان ئەم سپاهبێدە بکەین لە سەردەمی خەسرەودا(واتە جێ مۆری پێشوو) ئەم وشەیەی تیا نییە، ڕەنگە لە سەردەمی پاشا’هورمزی چوارەم‘دا ئەم پۆستەشی پێ درابێت.

ئەوەی جێی باسە لەناو سوپای ساسانییدا چەندین پلە و پۆپستی سەربازی هەبوون، هەندێکیان لە ئەشکانیی و ئەخمینییەکانەوە وەریانگرتوون، وەک ’هەزاربێد‘، و ’هەزارمەرد‘[461] هەندێکیشیان تایبەت بوون بە ساسانییەکان، هەروەها چەندین پێگەو پۆستی جۆراوجۆری تر لە ناو سوپای ساسنیدا هەبووە.[462]



هێڵکاری (١٠) وەرگیراوە لە:

Gyselen, *La géographie*..........., p. 269.

[460]Gyselen, *La géographie administrative de* .........., p. 269; Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings*......., p. 266. 111/20

[461]’هەزار مەرد‘ بەواتای فەرماندەی هەزار پیاو، ڕەنگە ناوی ئەشکەوتی هەزارمێردی ناوچەی سلێمانی لەم وشەیەوە سەرچاوەی گرتبێت.

[462]Farrokh, K., *Sassanian Elite Cavalry* ............., p.7.

## جێ مۆری ٣٤

## پیرەگ،سپاهبیدی ئێران کوستی نیمرۆز **Pīrag ērān kust-ī nēmrōz spāhbed**

وێنەی جێ مۆری٣٤

ژمارە: SI 01383، SM.054775

کڕین: 19-7-2009،

تیرە: 6.9 سم،

بەرزی: 7.3 سم






جێ مۆرێکی گڵینی شێوە هێلکەیی، بە چوارچێوەیەکی بازنەیی تەخت دەورە دراوە، دیمەنی ئەسپسوارێکی لەسەرە، ڕووەو لای ڕاستە. زرێ یەکی لەبەردایە، کڵاوێکی خڕی تەختی لە سەردایە. هەروەها شەڕواڵێکی تەسکی لە پێدایە. و ڕمێکی درێژی بە دەستەوەیە. ئەسپەکەی بە شێوەی ڕازاندنەوەی ئەسپی شاهانەی ساسانیی ڕازێندراوەتەوە، سەر و سینەی بە ڕووپۆشێکی گوڵینکەداری زرێ داپۆشراوە، هەروەها دوو گوڵینکەی درێژکۆلە بە لای ڕاستی ئەسپەکەدا شۆڕبوونەتەوە، و ئەسپەکە لە باری ڕۆیشتندایە و ئەسپسوارەکە، بە دوو دێڕ نووسینی پەهلەوی دەورە دراوە، نووسینەکە دێڕی یەکەمی لە ئاستی کاتژمێر (٤بۆ٧) ،وە دێڕی دووەمی لە (٣بۆ٩) درێژ ئەبێتەوە. نووسینەکە بریتییە لە:

1)[pyl]ky zy štlwl ʾ[c ] [W hytk] hwslwdy LBAy [ʾylʾn ] kwsty [zy],

2)nymlwcy spʾhpty,

Pīrag ī šahr-warāz ud hujadag – husraw wuzurg ērān kust-ī nēmrōz spāhbed.[463]

واتە "پیرەگ "بەرازی[464] ئیمپراتۆرییەت" بەندەی باشی خەسرەو"،-گەورە سپاهبیدی ئێران کوستی نێمرۆز.

.



هێڵکاری (١١) وەرگیراوە لە:

Gyselen, *La géographie*..........., p. 450

---

[463]*Gyselen, La géographie administrative de* .........., p. 450.

[464]وشەی بەراز وەکو نازناوێکی ئازایەتیی بەکارهێنراوە، تاکو ئێستاش لە زۆر ناوچەی کوردستان بۆ کەسی زۆر بەهێز بەکاردێت.

## جێ مۆری ٣٥

## چیهر- بورزێن- سپاهبێد ی کوستی خوراسان Cihr-burzēn spāhbed ī kust-ī- xwārasān



وێنەی جێ مۆر ٣٥

ژمارە: SI 01474، SM.054866

کرین: 19-7-2009،

تیرە: 7 سم،

بەرزی: 7.8 سم




جێ مۆرێکی گڵینی شێوە هێلکەیی، بە چوارچێوەیەکی تەخت دەورەدراوە، دیمەنی ئەسپسوارێکی لەسەرە، ڕووەو لای ڕاستە، زرێیەکی لەبەردایە، کڵاوێکی خڕی قوتکەداری لەسەردایە، هەروەها شەرواڵێکی تەسکی خەتخەتی لە پێدایە. کێلانی شمشیرەکەی لەپشتی قاچییەوە شۆڕبۆتەوە. کە بە دوو ڕیز چوارگۆشەی بەناویەکدا چوو نەخشێندراوە. و ڕمێکی درێژی بەدەستەوەیە. ئەسپەکەی بە شێوەی ڕازاندنەوەی ئەسپی شاهانەی ساسانی ڕازێندراوەتەوە، سەر و بەروانکەکەی بە ڕووپۆشێکی گوڵینکەداری زرێ داپۆشراوە.

هەروەها دوو گوڵینکەی درێژکۆلە بە پێش و پاشی لای ڕاستی ئەسپەکەدا شۆڕبوونەتەوە. لەسەروو گوڵینکەی بەشی پشتەوە دوو بازنەی ناوبۆش بەتەنیشتی یەکەوە دەبیندرێن، ڕەنگە بەشێکبن لە کۆپان یاخود زینی ئەسپەکە. هەروەها لە دواوەی ئەسپەکە لە ئاستی کلکیدا سێ بازنەی خڕی بچوک هەن، کە ڕەنگە سێ گوڵینکەی بچوکبن بە دواوەی ئەسپەکەوە قایمکرابن. و ئەسپەکە لەباری ڕۆیشتندایە. ئەسپسوارەکە، بە دوو دێڕ نووسینی پەهلەوی دەورە دراوە. نووسینەکەی:



هێڵکاری (١٢) وەرگیراوە لە:

Gyselen, *La géographie a............*, p. 450

1)[čtl bwlcyny] zy (…)pty w hwjtk hwslwdy [LBA] ,

i.e. Cihr-burzén ī … bed ud hujadag-husraw wuzurg

2)ʾylʾn kwsty ZY hwlʾsʾn spʾhpty,

i.e. érān kust-ī- xwrasān spāhbed.

واتە:"چیهر- بورزێن،ی...خاوەن/لێپرسراو....،وە "فاڵی باشی خەسرەو، گەورە سپاهبیدی ئێران کوستی خوراسان"

### ٢-ئەسپ-بێد

**جێ مۆری ٣٦-** وێهـ-شاپورئەسپ-بێدی پارسیگ Wēh-šāpbuhr ī aspbed ī pārsīg

وێنەی جێ مۆر ٣٦

ژمارە: SI 00869، SM.054261

کڕین: 15-4-2009 ،

تیرە: 4.7 سم،

بەرزی: 4.5 سم.




جێ مۆرێکی گڵینی شێوە بازنەی، بە لێوارێکی بازنەیی تەخت دەورە دراوە، دیمەنێکی لەسەرە، لە دوو ئەسپی باڵداربەشێوەی ڕووبەڕووی یەک پێکهاتووە. وا دەردەکەون لە کاتی چوارناڵەدا چنگاوێژی یەکبووبن، لە نێوانیاندا درەختێک هەیە، پێ دەچێت درەختی سنەوبەر بێت.(؟)[465]

حەوت لقی لێوە دەرچووە. بەدەوری ئەم دیمەنەدا دێرێک نووسینی پەهلەوی هەیە، کە لە نیوان (کاتژمێر ٣ بۆ ٥) درێژ بۆتەوە. بەدوایدا ڕیزێک بازنەی بچوک هاتووە. لە هەردوو شوێنی کاتژمێر ١٠ و ٢ دا لە هەر دوولاوە وێنەی سێگۆشەیەک و بازنەیەک و نیوە کەوانەیەک نەخشاون. لەسەر لێواری لای (کاتژمێر٣) دا جێ مۆرێکی تری بچوک هەیە، کە هێمایەک لە هێما ساسانییەکانە، هەروەها نووسینەکەی سەر جێ مۆرە سەرەکییەکە زۆر ڕوونییە، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین بەو جێ مۆرانەی هاوشێوەی کە پێشتر بڵاوکراونەتەوە ئەتوانین بەتەواوی بیخوێنینەوە:



هێڵکاری(١٣)وەرگیراوە لە:

Gyselen, *La géographie* ............, p. 273

-[wydšhpw]hly ZY ʾsppty ZY pʾlsky,

i.e. [wēh-šāpbu]hr ī aspbed ī pārsīg,[466]

واتە: وێهـ-شاپور-ئەسپ-بێد (فەرماندەی ئەسپسوار)ی پارسیگ.

---

[465] یاخود ڕەنگە 'دارمازوار'یان 'داربەڕوار (داربەڕو) ' بێت، کە درەختێکی ناوچە شاخاوییەکانە، لەکاتی تەمەنی نەمامی ئەو درەختەدا پێی ئەوترێت شێخەڵەدار، ئەم درەختەش تاڕادەیەک وادێتە بەرچاو.

[466] Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings*......., p. 284

**جێ مۆری ٣٧** 'داد-بورز-میهر' ئەسپ بێدی(فەرماندەی-ئەسپسوار)ی پەهلەو.

Dād-Burz-Mihr ī aspbed ī pahlaw

وێنەی جێ مۆری ٣٧

SM.054365 ،SI 00973

کڕین: 15-4-2009 ،

تیرە: 4 سم،

بەرزی: 4.3 سم.






پەپکەیەکی گڵینی شکاوی شێوە ناڕێک، جێ مۆرێکی گڵینی بازنەیی لەسەرە، بە لێوارێکی بازنەیی تەخت دەورە دراوە. لە دوو لای خوارووییەوە پەپکە قوڕەکەی جێ مۆرەکەی لەسەرە شکاوە. هەروەها بەگشتی جێ مۆرەکە، بەهۆی کاریگەری سوتانەوە ڕەنگێکی ڕەشی تێری وەرگرتووە، (ڕەنگە ئەو شوێنەی ئەم جێ مۆرەی تیا دۆزرابێتەوە توشی ڕووداوی سوتان هاتبێت). دیمەنێکی لەسەرە، دوو ئەسپی باڵداری یاڵی درێژ بە شێوەی ڕووبەڕووی یەک وەستاون، وا دەردەکەون لە کاتی چوارناڵەدا چنگاوێژی یەک بووبن. لە نێوانیاندا هێمایەک هەیە. لە دوو نیوە مانگی پێکەوە لکاو پێکهاتووە، یەکێکیان ڕووەو سەرەوەیە ئەوی تریان ڕووەو خوارەوەیە، کە هاوشێوەی پیتی(ئەلف)ی پەهلەوین بە شێوەی پێچوانەی یەکتر داندراون.[467] دیمەنەکە بە دێڕێک نووسینی پەهلەوی دەورە دراوە لە ئاستی (کاتژمێر ٤ بۆ ٤)درێژ بۆتەوە. لە نێوانی کاتژمێر ٧ بۆ هەشت بەهۆی شکاوی قوڕە مۆرکراوەکەوە کەمێک زیانی بەرکەوتووە.

dʾtbwlcmtly ZY ʾsppty ZY [ph]lwby [p]nʾh ʾL bwlcynmt[ly],

i.e. Dādburzmihr ī aspbed ī pahlaw panāh ō burzénmihr,[468]

"داد-بزور-میهر، ئەسپ بێدی(فەرماندەی-ئەسپ سوارەکان) ی پەهلەو، پەنا بۆ بورزێن میهر"

ناونیشانی' ئەسپ-بید *aspbed*' ناونیشانێکی سوپای فەرمییە، بەڵام جیاوازە لە پیشەی 'سپاهبێد' قەبارەی مۆرەکانیشیان لە مۆری سپاهبێدی چوار ئاڕاستەکە بچوکترە، و لە مۆری کەسی (تایبەت)یش گەورەترن.[469]

[467] بۆ هاوشێوەی ئەم هێمایە بڕوانە بەشی چوارەم (جێ مۆری 6).

[468] Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings*......., p. 286.

[469] Gyselen, *La géographie administrative de* .........., p. 273.

جێ مۆری ٣٧





، ( جێ مۆری، ٣٦،٣٧) ئەکرێت وەکو بەڵگەیەک دابندرێت کە پارسەگ و پەهلەو هەردووکیان دوو بەشی گرنگی ناو دەسەڵاتی ساسانییەکان بوون.[470] هەردوو مۆرەکەش هی دوو فەرماندەی ئەسپ (ئەسپسوار) ی هەردوو ناوچەی ’پارسەگ و پەهلەو بوون،

پیشەکەیان جیاوازە لە سپاهبێد چونکە لەسەر مۆرەکانیان نووسراوە ئەسپبێد واتە فەرماندەی ئەسپ، (ئەسپسوار) کە بەشێکی گرنی سوپا بووە، هەروەها هەردووفەرماندەکەش وێنەی ئەسپیان بەکارهێناوە، وەکو هێمایەک بۆ پیشەکەیان لێکدەدرێتەوە.[471] سێ لە بنەماڵە خانەدانەکان (کارێن، سوورێن، ئەسپاهبود) کە لە ڕەگەزی ئەشکانییەکان بوون، پاشگری’پەهلەو‘یان لەگەڵ ناوەکانیان بەکارئەهێنا.[472]

هێڵکاری(١٤) وەرگیراوە لە:

Gyselen, *La géographie* ......, p. 273.

## ٣- ئۆستاندار-*ōstāndār* جێ مۆری٣٨ ئۆستانداری سند

وێنەی جێ مۆری ٣٨

ژمارە: SI 01398، SM.054790

کڕین: 19-7-2009 ،

بەرزی: 4.6سم، تیرە: 4.5 سم.




پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەیی، لە ناوەڕاستیدا جێ مۆرێکی بازنەیی کارگێریی لەسەرە. لە ناوەڕاستەکەیدا ناوی شاری ’سند‘ی بە دوو ڕیز لەسەر نوسراوە، ڕیزی یەکەم وشەی ’سن‘ لە ڕیزی دووەمدا تەنها پیتی ’د‘ نوسراوە. لە چواردەورەکەی وشەی ئوستاندەری لەسەر نوسراوە، لەشوێنی نزیک (کاتژمێر٧بۆ١٢) و بەپێنج شێوە بازنەی بەدوای یەکداهاتوو کۆتای هاتووە. پارچەکە جێ مۆرێکی تری بچوکی شێوە هێلکەیی لەسەرە لە سەر لێواری مۆری یەکەم لە شوێنی (کاتژمێر٥)، دیمەنی باڵندە (مراوی)یەکی لەسەرە ڕووە ولای ڕاستە.

نووسینەکەی مۆری ناوەڕاست بریتییە لە:

---

[470] Pourshariati, *op. cit.*, pp. 98-99.

[471]*Gyselen, La géographie administrative de* .........., p. 273.

[472]کریستێنسێن، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٣٥.

1)sn ,

2)d,

ʾwtʾndʾl ooooo , *sind ōstāndār*

" 473ئۆستانداری سند"[473]



ج.م ٣٨




هێڵکاری(١٥) رەرگیراوە لە:
Gyselen, *La géographie*........, p. 197

## ٤-ئامارگەر Āmārgar

### جێ مۆری ٣٩   ئامارگەری ئەبزود خوسرەو و شار- وینارد-یەزدەگرد

وێنەی جێ مۆری ٣٩

ژمارە: SI 00879 ،SM.054271

کڕین: 15-4-2009 ،

بەرزی: 4.1 سم، تیرە: 4 سم.




جێ مۆرێکی گڵینی بازنەیی، دوو مۆری لەسەر کراوە، یەکێکیان مۆرێکی کارگێڕییە، لە ناوەراستیدا نووسینێکی لەسەرە، بەشێکی لێ شکاوە لە ئاستی (کاتژمێر ٢بۆ٣)دا. نووسینی سەر مۆرەکەی ناوەڕاست لە سێ دێڕ پێکهاتووە، لە ناوەڕاستی مۆرەکەدایە، بە دەوریاندا دێڕێکی تر هەیە لە شوێنی کاتژمێر (٨بۆ١٢)درێژ بۆتەوە بە چوار شێوە بازنەیی بچوکی بەدوایەکدا هاتوو کۆتای هاتووە. هەروەها لە سەر لێواری مۆری ناوەراست لە ئاستی (کاتژمێر٧)دا مۆرێکی بچوکی تری لەسەرە، کە لە هێمای نیوە مانگێک لەگەڵ دوو پیتی پەهلەوی(الف،ʾ، د/کاف,d/k) پێکهاتووە. هەروەها نووسینی سەر مۆری ناوەڕاست بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

1)ʾpzwt,” abzūd ئەبزوت”



هێڵکاری(١٦)وەرگیراوە:

Gyselen, *La géographie* .........., p. 438

---

[473]ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەم جێ مۆرانە لە سنورە دوورەکانەوە لە ڕێی بازرگانی و نامەفەرمی و سیاسییەکانەوە هاتوونەتە ناو سنوری دەسەڵاتی کارگێڕی ساسانییەکانەوە، زۆر جاریش ئەوشوێنانەش لەلایەن دەسەڵاتی ساسانییەوە دەستیان بەسەرداگیراوە. بۆ هاوشێوەی ئەو جێ مۆرە بڕوانە:
Gyselen, R., *Nouveaux Matēralaux Pour la Gēographie Historique de L’empire Sassanide :* Sceux Adminisratifs de la Collection Ahmad Seedi, Association Pour l’ Avancement des Ḗtudes Iraniennes, Paris.2002. p.71.
Gyselen, *La géographie administrative de* .........., p. 439.
Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings*......., p. 228.

2) hwslkdy, “husrew خەسرەو”

3)ʾmʾlkl, “āmārgarئامارگەر”

Štl wyn ʾlt yzdklty oooo,[474] “šahr-winnārd-yazdgerd,

شهر- وینارد -یەزدەگرد”

"ئامارگەری – شار وینارد-یەزدەگرد ئەبزود خوسرەو "

وشەی ’وینارد *winnārd*‘بە واتای ڕێکخەر یان دامەزرێنەر دێت.[475] وە ’شهر-وینارد-یەزدەگرد šahr-winnārd-yazdgerd‘ ئەو شارەی یەزدەگرد دایمەزراند یان ڕێکی خست. وشەکە بەسەر یەکەوە ناوی شارەکەیە، ئەم جی مۆرەش هی ئامارگەری ئەودوو شارە بووە. ئەبزود خوسرەو و وینارد یەزدەگرد. تا ئێستا بەتەواوی شوێنی ئەم شارانە دیاری نەکراوە، تەنها بەگریمانە داندراون، شوێنەوارناسان دوو شوێن پێشنیارئەکەن، یەکێکیان باکوری ڕۆژهەڵات، کە یەزدەگردی دووەم شارێکی لێ درووستکردووە، شەهرووینارد یەزدەگرد، ڕەنگە سنورێکی هاوبەش بێت لەنێوان گورگان و کۆمێش، وە باشوری ڕۆژ ئاوا بناغەی شاریک دۆزراوەتەوە گوایە شاری ئەبزود خەسرەو و وینارد یەزدەگردە(بڕوانە نەخشەی٣).ئەم شوێنە پێویستی بەبەڵگەی دۆزینەوەی زیاترە.

### جێ مۆری ٤٠- ئامارگەری کرمان

وێنەی جێ مۆری ٤٠

ژمارە: SI 00856، SM.054248

کڕین: 15-4-2009 ،

بەرزی: 4.8 سم، تیرە: 4.8 سم.




جێ مۆرێکی گڵینی شێوە بازنەی، لە ناوەڕاستیدا مۆرێکی بازنەی قەبارە گەورەی لەسەرە، کە لە دوو دێڕ نووسینی پەهلەویی پێکهاتووە. نوسراوە "ئامارگەری کرما(ن)". بەدەوری ئەم جێ مۆرەدا ژمارەیەک جێ مۆری تر لەسەر لێوارەکەی دەبیندرێن. زیاتر لە شێوەی مۆری کەسیدان. هەموویان قەبارەیان بچوکە. بەم شێوازە دابەشبوون: لە ئاستی (کاتژمێر١٢) جێ مۆرێکی شێوە بادەمی وێنەی هێمایەکی ساسانی لەسەرە. لە ئاستی (کاتژمێر ٢) جێ مۆرێکی بازنەی وێنەی شێرێکی لەسەرە. هەروەها دانییەک لە ئاستی (کاتژمێر٤) وێنەی باڵندەیەکی لەسەرە، دوانی ئاستی (کاتژمێر٥ و٧)، سواون و دیار نین چیان لەسەرە. لە ئاستی (کاتژمێر٩) جێ مۆرێکی لەسەرە. هێمایەکە، بریتییە لە نیوە مانگێک لەسەر بازنەیەک لەسەر نیوە مانگێکی پێچەوانەی ئەوەی سەرەوە بە دەوری ئەم

---

[474]بۆ هاوشێوەی ئەم جێ مۆرە بڕوانە:
Gyselen, *La géographie administrative de* .........., p. 438.

[475]Mackenzie, *op. cit.*, p. 91.

هێمایەدا دێڕێک نووسین هەیە زۆر ڕوون نییە ڕەنگە وشەی ’ئەبزون‘(؟) بێت. نووسینەکەی جێ مۆری ناوەڕاست بریتییە لە:

1) klmʾ klmā[?]”kerman, کرمان”

2) ʾmʾlkl, “āmālkl ئامارگەر”[476]

واتە: "ئامارگەری کرمان"[477]

هێڵکاری(١٧)وەرگیراوە:

Gyselen, *La géographie* ....., p. 254



## جێ مۆری ٤١- ئامارگەری- ساکستان

وێنەی جێ مۆری ٤١

ژمارە: SI 00873، SM.054265

کڕین: 15-4-2009 ،

بەرزی: 4.4 سم، تیرە: 4.1 سم.




پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەیی، مۆرێکی ڕووتەختی بازنەیی قەبارە گەورەی لە ناوەڕاستیدا لەسەرە، جێ مۆرێکی کارگێڕییە، دوو دێڕ نووسینی لە سەرە. بریتی یە لە "ساکستان-ئامارگەر"، لەسەر لێواری مۆرەکەی ناوەڕاست دوو مۆری تری لەسەر کراوە. یەکێکیان لە ئاستی (کاتژمێر ٤)دایە، بەڵام سواوە هیچ دیارنییە. دانەیەکی ترلە ئاستی (کاتژمێر٥-٦)دا، مۆرێکی بازنەییە، کە بریتییە لە هێمایەک لە هێما ساسانییەکان.

### نووسینی سەرمۆرەکەی ناوەڕاست بریتی یە

1)skstn, “Sakstan, ساکستان”

2)ʾmʾlkly[478], āmārgar “amargar,ئامارگەر”

واتە: "ئامارگەری- ساکستان"

هێڵکاری(١٨)وەرگیراوە:

Gyselen, *La géographie administrative de* ..........., p. 438



---

476Gyselen, *Nouveaux Matēralaux Pour la Gēographie*……., p.42.

Gyselen, *La géographie administrative de* .........., p. 254

477بۆ شوێنی جوگرافی شارەکان بڕوانە نەخشەی(١و٢) .

478Gyselen, *Nouveaux Matēralaux Pour la Gēographie*……., p .42.

Gyselen, *La géographie administrative de* .........., pp.189, 438.

## جێ مۆری ٤٢

ئامارگەری ئێران- ئەبزود- خوسرەو-و نیسانە و ئەروایستان و ئەرزۆن

وێنەی جێ مۆری ٤٢

ژمارە: SM.054267 ،SI 00875

کڕین: 15-4-2009 ،

بەرزی: 5.1 سم، تیرە: 4.5 سم.




پەپکەیەکی گڵینی شێوە نارێک، دوو جێ مۆری بە تەنیشت یەکەوە لەسەرە. یەکێکیان لە لای ڕاستەوەیە، وێنەی بەرانێکی شاخ گەورەی لەسەرە، کە بەلای ڕاستیدا ئاوڕی داوەتەوە. وە بەدێڕێک نووسین دەورە دراوە، بەڵام نووسینەکە ساوەو و ڕوون نییە. لای چەپی مۆرێکی بازنەی قەبارە گەورەتری لەسەرە. لە ئاستی (کاتژمێر٥) شوێنی ڕاگر یان دەسکی مۆرەکەیە لەسەر قوڕەکە دەرچووە یاخود مۆرەکە لە شێوی ئەنگوستیلەدا بووە ئەوە شوێنی گیرەکەیەتی. لە ناوەڕاستیدا پینج دێڕ نووسینی پەهلەویی لەسەرە، بە دێڕێک نووسینی تر دەورە دراوە لە ئاستی (کاتژمێر٤بۆ٢) درێژبۆتەوە. و بەپێنج بازنەی بچووکی یەک لە دوای یەک کۆتای هاتووە، بازنەکان لەئاستی (کاتژمێر١بۆ١١)دان. نووسینەکەش پێکهاتووە لە:



هێڵکاری(١٩)وەرگیراوە:

Gyselen, *La géographie administrative de* ............, p. 435

1)ʾylʾnʾpznt, “*ērān* abzūd, “Eran abzūd, ئێران ئەبزود”

2)hwslwdy, *ḥusraw* , "husraw, خوسرەو

3) nwsynʾ , *nisīnā*, “nisina, نیسینا”

4)wʾlwʾ[ystn], *ud arwāystān*, “and arwastan, وە ئەروەستان “

5)w ʾlcwn, *ud arzōn*, “and alson and arzon ,وە ئەلسۆن وە ئەرزۆن”

[ʾm]lkl,ooooo , *āmārgar* , “amargar, ئامارگەر“

“ērān-abzūd-husraw ud nisīnā ud arwāyestān ud arzōn āmārgar”[479]

واتە: ”ئامارگەری ئێران- ئەبزود- خوسرەو-وە نیسانە و ئەروایستان و ئەرزۆن".

[479]*Gyselen, La géographie administrative de* .........., p. 435. ATb361a

## جێ مۆری ٤٣




وێنەی جێ مۆری ٤٣

ژمارە: SM.054263 ،SI 00871

کڕین: 15-4-2009 ،

بەرزی: 5.8 سم،

تیرە: 5.3 سم.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە نارێک، سێ جێ مۆری لەسەرە. یەکێکیان لە لای خوارەوەیە لە ئاستی (کاتژمێر ٦)، لە مۆرێکی بازنەیی قەبارە بچوک پێکهاتووە، وێنەی بزنێکی شاخ درێژی لەسەرە، ڕووی لە پێشەوەیە ڕووەو لای ڕاستە. لە تەنیشتی ئەم مۆرە لە ئاستی کاتژمێر٧ مۆرێکی بازنەیی زۆر بچوکی تری لەسەرە، نەخشەکەی سەری بەتەواوی دیارنییە. هەروەها لە ناوەڕاستیدا مۆرێکی بازنەی قەبارە گەورە تری لەسەرە، لە لێواری (کاتژمێر ٥)ی ئەم مۆرەدا چاڵاییەکی بچوک هەیە، شوێنی ڕاگرە. یان دەسکی مۆرەکەیە لەسەر قوڕەکە دەرچووە یاخود مۆرەکە لە شێوی مستیلەدا بووە ئەوە شوێنی ڕاگری ئەنگوستیلەکەیە. ئەمەش ئەتوانین بە سەیرکردنی جێ مۆری پێشووتر ئەوە پشتڕاست بکەینەوە، چونکە هەمان چاڵایی لەهەمان ئاستی مۆرەکەدا دەرچووەتەوە. لە ناوەڕاستی ئەم مۆرەیاندا پێنج دێڕ نووسینی پەهلەویی لەسەرە، بە دێڕێک نووسینی تر دەورەدراوە لە ئاستی (کاتژمێر٤بۆ٢)وە بەپێنج بازنەی بچوکی یەک لەدوای یەک کۆتای هاتووە. بازنەکان لەئاستی (کاتژمێر١بۆ١١)دان. ئەم جێ مۆرە هەمان جێ مۆری پێشووترە (جێ مۆری ٤٢) بەڵام مۆرەکەی تری کە لەسەر لێوارەکەیەتی، لە مۆری جێ مۆری پێشوو جیاوازە، کە ئەو بەرانێکی لەسەرە. هەروەها جێ مۆری پێشوو دوو مۆری لەسەر بوو. واتە ئەو بەڵگەنامە مۆرکراوەی ئەو جی مۆرەی پێوە بووە لە نێوان ’ئامارگەر‘و یەک لایەندا بووە، بەڵام ئەمەیان هەمان لایەنی فەرمی مۆری سەروترە، بەڵام لایەنی دووەم کەسێکی جیاوازە، و ڕەنگە لەلایەن ئامارگەر و دوو کەسی تردا مۆرکرابێت، یاخود ئامارگەر و یەک لایەن و مۆری سێیەم مۆری گەواهیدەرێک بێت لە بەینیاندا.[480] بۆ خویندنەوەی مۆرە نوسراوەکە (بڕوانە خوێندنەوەی جێ مۆری پێشوو جێ مۆری ٤٢).

---

[480] بۆ زانیاری زیاترلەسەر چۆنییەتی مۆرکردنەکان بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

Frye, *Sasanian Remains*......., p. 42.
Gubaev, and Nikitin, *op. cit.*, p. 55.
Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings*......., p. 34.

## جێ مۆر ٤٤، جێ مۆری ٤٥ ئامارگەری زەولستان و وەرزیگان




وێنەی جێ مۆری ٤٥

جێ مۆری: SM.054508 ،SI 01116

کڕین: 15-4-2010 ،

بەرزی: 4.3 سم،

تیرە: 3سم




وێنەی جێ مۆری ٤٤، ژمارە: SM.054303 ،SI 00911

کڕین: 15-4-2009 ،

بەرزی: 3.4 سم، تیرە:3.9 سم

پەپکەیەکی گڵینی شکاوی شێوە نارێک، دوو جێ مۆری لەسەرە، لە ئاستی (کاتژمێر١٢) جێ مۆرێکی بچوکی لەسەرە، لە هێمایەک هاوشێوەی (مۆری. 8) ی بەشی سێیەم پێکهاتووە. لە ناوەڕاستی پەپکە قوڕەکەدا جێ مۆرێکی قەبارە گەورەی لەسەرە، کە مۆرێکی کارگێرییە، لە ناوەندیدا دوو دێڕ نووسینی لەسەرە، بە دەوریاندا دیرێک نووسینی تر نوسراوە. لە ئاستی (کاتژمێر٥بۆ١)دا هەروەها پێنج بازنەی بچوکی لەسەرە، دوانیان لە ئاستی (کاتژمێر١٢بۆ١١)ەن سیانەکەی تریان لەئاستی (کاتژمێر٨بۆ٦)دان. جێ مۆرەکە لای خواروی لە ئاستی کاتژمێر ٧بۆ٤ شکاوە، بەڵام شکاوییەکە زیانی بە مۆرەکە نەگەیاندووە. هەروەها کەمێک شوێنەواری ڕەشی و سوتانی پێوە دیارە. هەروەها (جێ مۆری ٤٥) هەمان جێ مۆری لەسەرە، هەرچەندە نیوەی شکاوە، بەڵام ئەو بەشەی کە ماوەتەوە پیتەکانی جوانترە وەک لە مۆری (جێ مۆری ٤٤)، هەروەها شوێنی مۆرە بچوکەکەی سەر لێوارەکەشی لە ئاستی (کاتژمێر ٣)دایە. بۆیە هەردووکیانمان داناوە بۆ ئەوەی نووسینەکەی سەری بە تەواوی بخوینینەوە. نووسینەکە:

1)zʾwlstn,/ *zāwulestān,*” Zāwulestān, زەولستان”

2)W wlʾckʾn, *ud warāzigān,* “and Warāzigān, وە وەرزیگان”

ʾmʾlkly oo /ooo , /*āmārgār*,[481] “Āmārgār,ئامارگەر”

واتە: ئامارگەری زەولستان و وەرزیگان.




هێڵکاری(٢٠) وەرگیراوە لە:

Gyselen, *La géographie*........, p. 226 & 438.

-

[481] بۆ هاوشێوەی ئەوجێ مۆرە بڕوانە:

Gyselen, *La géographie administrative de* .........., p. 226 & 438.

## ٥-جێ مۆری ’گەنجینەوان،Gānjwar‘

### جێ مۆری ٤٦



وێنەی جێ مۆری ٤٦

ژمارە: SI 01291، SM.054683

کڕین: 15-4-2009 ،

بەرزی: 2.7 سم، تیرە: 2.6 سم

پەپکەیەکی گڵینی مۆرکراو، دوو جێ مۆری لەسەرە، بە تەنیشتی یەکەوەن. یەکێکیان لەلای ڕاستەوەیە، بریتییە لە هێمایەک لە هێما دیارەکانی ناو هونەری ساسانیی، لە دوو هێڵی یەکتر بڕی ڕاست و چەپی شێوە لار پێکهاتووە، لەسەر شێوەی باڵندەیەک لەکاتی فڕیندا، کە باڵەکانی کردۆتەوە دەرئەکەوێت.

جێ مۆری دووەم پێکهاتووە لە هێمایەک لەو هێمایانەی لە سەرەتای ساسانییەکانەوە بەتەیابیەت لەسەر ئەسپەکەی ئەردەشێر لە نەقشی فەیروزئابادا ئەبیندرێت.[482] هێماکە لە شێوەیەک پێکهاتووە، لە قردێلەیەکی بەستراو دەچێت، سەرەوەی شێوەیەکی بازنەیی هەیە، لە ناوەندەوە دوو شێوە سێگۆشەی پێکەوە بەستراوی هەیە، لەخواریشەوە دووشێوە سێگۆشە بە تەنیشت یەکەوە لەشێوەی دوو قاچدا دەردەکەوێت. ئەم هێمایە دێڕێک نووسینی پەهلەوی دەوریداوە. لە ئاستی (کاتژمێر٤بۆ٨) درێژئەبێتەوە، هەرچەندە نووسینی سەر ئەم شوێن مۆرە دیارنییە و ناتواندرێت بەتەواوی بخوێندرێتەوە، بەهۆی شێوازی مۆرکردنەکەوە بەشی سەرەوەی بە تایبەت، بەتەواوی دەرنەچووە، بەڵام لەهەمان ئەم جێ مۆرە پێشتر لەلایەن ’گیزلین‘ەوە بڵاوکراوەتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە خوێندراوەتەوە:

Mwdly ZY gncy ZY PWN ʾpzwny ŠPYL,[483]

i.e Mwdly ī gncy ī Pwn āpzwn ŠPYL

"مۆری ئەو گەنجینەیەی کە زۆربوونی باشە"

بەپێی نووسینی سەر ئەم جێ مۆرە، وشەی (مۆر) لە زمانی پەهلەویدا پێی وتراوە’Mwdl‘، کە بە ’مودر‘ دەخوێندرێتەوە. نزیکە یاخود دەکرێت بڵێین هەمان وشەی مۆرە، کە لە زمانی کوردیشدا هەمان وشە بەکاردەهێندرێت.

[482]Bérczi, *op. cit.*, p. 17.
[483]Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings.......*, p. 246



هەروەها ئەم هێمایە بە هێمای خواوەند 'ئەپام نەپات Apam Napāt'یش لێکدراوەتەوە.[484] بۆ نمونە لەسەر قوتویەکی بابەتی جوانکاری سەردەمی ساسانیی نەخشێندراوە. وەک لەم وێنەیەدا دیارە.

بەشێک لە قوتویەکی زیوی بابەتی جوانکاری سەردەمی ساسانی وێنەکە وەرگیراوە لە :

Soudavar, *Discrediting Ahura Mazdā's Rival.....*, p. 4, 35,



ج. م ٤٦



هێڵکاری (٢٢) وەرگیراوە:

Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings.......*, p. 246

[484] بڕوانە بەشی چوارەم (جێ مۆری 1).

### ٦-مۆری پیاوانی ئایینی

جێ مۆری ٤٧ موغی-گوهگند



وێنەی جێ مۆری ٤٧

ژمارە: SI 01438، SM.054830

کڕین: 2009-7-19 ،

بەرزی: 6 سم، تیرە: 5.5 سم

پەپکەیەکی گڵین، پێنج جێ مۆری لەسەرە، دوانیان لە ئاستی (کاتژمێر٩)دان یەکێکیان دیمەنی ئافرەتێکی قژدرێژی لەسەرە دەستەکانی بۆ پێشەوە درێژکردۆتەوە. دووەمیان هێمایەکی لەسەرە، بەڵام سواوە. هەر دوو ئەو جێ مۆرە بەهۆی شوێنی کونی پەتەکەیەوە شکاون. دانەیەکی تریان لە ئاستی (کاتژمیر٧)دایە، سواوەو دیمەنێکی لەسەرە لە وێنەی ئاژەڵێک دەچێت(؟) دوانی قەبارە گەورەیان لە ناوەڕاستدان، بەڵام بە پێچەوانەی یەکترەوەن، ئەگەر نووسینەکە بە مۆری سەرەکی دابنێین مۆرەکەی تەنیشتی پێچەوانە دەبێتەوە، بەشێوەی (کاتژمێر ١٢ و ٦) دابەش بوون. هی ئاستی (کاتژمێر ١٢) لە وێنەی شێرێکی پاڵکەوتوو پێکدێت، بە دەوریا دێڕێک نووسینی پەهلەوی هەیە، بەڵام سواوە.

جێ مۆری دووەم چوار دێڕنووسینی پەهلەویی لەناوەڕاستیدایە و دێڕێکیش بە دەوریا کە لە ئاستی (کاتژمێر ٤بۆ ١) درێژ ئەبێتەوە، و بەحەوت بازنەیی بچوکی بەدوای یەکداهاتوو کۆتای هاتووە. نووسینەکە پێکهاتووە لە:



هێلکاری(٢١) وەرگیراوە:

Gysellen, *géographie*..........., *La* p. 441. ATb760a

1)gwhgndy- “gwhgnd ofگوهگند "

2)kwsty- “kust of, کوستی "

3)[Yʾdlyn]?- “ādrēn, ئادرێن"

4)mgwh- “Mwh, موغ”

gwlgʾn ooooooo-“ Gurgan”, گورگان”

*guhgand kust ī ādrēn mowūh gurgān*’[485]

" موغی-گوهگند—ی - کوستی- ئادرێن <پارێزگای> گورگان[486]

[485]Gyselen, *La géographie administrative de* .........., p. 441. ATb760a

[486]بۆ شوێنی پارێزگای گورگان (بڕوانە نەخشەی ژمارە٢ لە پاشکۆ).

**جێ مۆری ٤٨** وار-ئادور- گوشنەسەپ، [دەستی] زۆربوون(بەرەکەت)، Wār-Ādur-Gušnasp,abzōn[Hand]




وێنەی جێ مۆری ٤٨

ژمارە: SM.054218 ،SI 00826

کڕین: 15-4-2009 ،

بەرزی: 2.9 سم،

تیرە: 2.9 سم

پەپکەیەکی گڵینی شێوە نارێک، چوار جێ مۆری لەسەرە. یەکێکیان ناوەڕاستیایەتی، و سیانیان لەسەر لێوارەکەیەتی، یەکێکیان لە ئاستی (کاتژمێر ١)ە بریتی یە لە هێمایەک، ئەوەی ئاستی (کاتژمێری ١٠) جێ مۆرێکی شکاوە هێمایەکی سواوی لەسەرە. و ئەوەی ئاستی (کاتژمێر ١٢) جێ مۆرێکی سواوە، گوڵێکی لەسەرە(؟) مۆری ناوەڕاست بریتی یە، لە وێنەی لەپە دەستێکی کراوە. بە شێوەیەکی زۆر جوان دروستکراوە، کە هێڵی لەپی دەستەکە دەرکەوتووە. پەنجە گەورە و ئەوەی تەنیشتی پێکەوە نوساندووە. دەستەوانەیەکی لە مەچەکدایە، بە دەوری دەستەکەدا دێرێک نووسینی پەهلەوی نووسراوە. لە ئاسی (کاتژمێر ٤بۆ ٧ ) درێژ ئەبێتەوە. نووسینەکە بریتیە لە:



w˒l ˒twr gwšnsp ˒pzwn [487]

i.e. wār-Ādur-Gušnap āpzwn

"وار-ئادور-گوشنەسەپ، زیاد بوون"

**لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە**

چیرۆکی بەکارهێنانی پەیکەری دەستی مرۆڤ بەپێی لێکدانەوەکان پاشخانێکی ئایینی هەیە، گوایە یەکەم جار لە یەمەن کەسێک دەستێکی پێشکەش بە خواوەندەکەی خۆی کردووە، کە خواوەندێکی ناوخۆیی بووە، بەو واتایەی بەشێک لە جەستە و خوێنی خۆی پێشکەش بە خواوەند دەکات، و دەستی داوەتە دەستی خواوەند و خواوەندیش بەختی باش و هێز و ئەوشتەی دەیخوازێت پێی دەبەخشێت، هەر ئەم بەخشینە بۆتە نەریت و دەستی لە برۆنز دروستکراو لەگەڵ پەیکەر و کەلوپەلی تر پێشکەش بە خواوەندەکان کراون، بە ئامانجی ئەوەی دەستیان بدەنە دەستی خواوەند، زۆرجار لە ناو دەستەکەدا گوڵێکیش هەیە لەجیاتی بخور لەپەرستگاکاندا بەکارهاتووە.[488] ئەم کلتوورە تێکەڵ بە ئایینی نەتەوەکانی تر بووە، بۆ نمونە دەچێتە ناو ئایینی بوودی، هەروەها پاشماوەی لەم شێوە

[487]Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings.......*, p. 318.
[488]Macgregor, Neil, *A history of The World in 100 Objects*, British Museum press, London, 2012, pp. 243-247.

دەستە لە زۆرێک لە پەرستگا ڕۆمانییەکان دۆزراونەتەوە، لە سەدەی سێی زاینیدا لە ڕێی هیندی و ڕۆمانییەکانیشەوە تیکەڵ بە ئایینی زەردەشتی بووە.[489]

هەروەها سەبارەت بە پەیوەندی ئەم دەستە و ناوی 'ئادورگوشنەسەپ' بە پێی ئەفسانەکانی ئایینی زەردەشتی 'ئادور گوشنەسەپ'یەکێکە لە ناوی ئاگرە هەمیشەییەکانی پەرستگای خواوەند 'بەهرام' لە ئێرانی کۆندا، هەر بە پێیێ ئەو ئەفسانانە ئادورگوشنەسەپ بە داگیرسێنەری نادیاری ئەو ئاگرە هەمیشەییە دادەندرێت. گوایە لە کاتێکی نادیاردا لەشوێنێک لە ناوچەی 'میدیا' ئەو ئاگرە جێگیرکراوە، کەوا پێدەچێت لە سەردەمی ئەخمینییەکان یاخود ئەشکانییەکاندا بووبێت، هەروەها لە سەردەمی پاشا ساسانییەکانیش ئاتەشگایەکی گەورە بەو ناوەوە دروستکراوە، و موغەکانی هەمیشە پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتی پاشادا باش بووە و شوێنی بەرزیان هەبووە، ئەو ئاتەشگایە گوایە گوازراوەتەوە بۆشوێنێکی جوان لە 'ئادوربادەگان(ئازەربایجان)'، لە سەردەمی ئیسلامدا بە 'تەختی سلێمان' ناوبراوە، هەروەها لەلای زۆرێک لە پاشا ساسانییەکان وەک نەریتێک دوای تاج لەسەرنانیان سەردانی ئەو ئاتەشگایەیان کردووە و دیاریی شاهانەیان تیا بەجێ هێشتووە، یاخود پێش یان دوای جەنگەکانیان نوێژیان تیاداکردووە، لە پاشماوەی ژوورێک لە دەروازەی سەرەکی کۆگایەکیدا ژمارەیەکی زۆر جێ مۆری گڵین دۆزراونەتەوە، کە لە نێوانیاندا هەژدە دانەیان هی هەژدە کەس بوون کە وشەی 'موغی ئاتەشگای ئادور- گوشنەسپ 'mowbed ī xānag ī Ādur ī Gušnasp'یان لەسەر بووە.[490] هەر بۆیە ڕەنگە ئەم جۆرە مۆرانە تایبەت بووبن بە موغەکانی پەرستگای ئادور گوشنەسەپ.

---

[489]Macgregor, Neil, *Ibid*, pp. 243-247.
[490][https://iranicaonline.org/articles/adur-gusnasp-an-atas-bahram-see-atas-that-is-a-zoroastrian-sacred-fire-of-the-highest-grade-held--](https://iranicaonline.org/articles/adur-gusnasp-an-atas-bahram-see-atas-that-is-a-zoroastrian-sacred-fire-of-the-highest-grade-held--) Accessed on 14-8-2022, 11:18 AM.

## جێ مۆری ٤٩






وێنەی جێ مۆری ٤٩

ژمارە: SI 00878، SM.054270

کڕین: 15-4-2009 ،

بەرزی: 4.3 سم،

تیرە:4.1 سم.

بەهەمان شێوەی جێ مۆری پێشووە، بەڵام لەسەر ئەم جێ مۆرە تەنها یەک مۆری تری کەسی هەیە لە ئاستی (کاتژمێر٢) کە لە هێمایەک لە هێما باوە ساسانییەکان پێکهاتووە. بریتییە لە نیو مانگێک لەسەردوو پیتی پەهلەوی مۆری دووەم کە وێنەی دەستێکی کراوەیە بەهەمان نووسین دەورە دراوە. کە لە پێشتر ئاماژەمان بۆکرد. بەڵام لێرەدا نوسینەکەی زۆر ڕوون نییە، (بڕوانە جێ مۆری پێشوو).

## جێ مۆری ٥٠- (کەڵەشێری) میهران- ئادور- گوشنەسپ [cock] Mihrān-Ādur-Gušnasp






وێنەی جێ مۆری ٥٠

ژمارە: SI 00259، SM.053651

کڕین: 7-12-2008 ،

بەرزی: 3.1 سم، تیرە: 3.4 سم.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەی، جێ مۆرێکی گڵینی بازنەیی لەسەرە. ئەم جێ مۆرە ڕەنگە نقێمی سەری ئەنگوستیلە بووبێت، بەهۆکاری ئەوەی لە قەراغەوە لەئاستی (کاتژمێر٧و ١) دوو کەلێنی بازنەیی هەن، کە شوێنی گیرەی ئەنگوستیلە یاخود مۆرەکەن. جێ مۆرەکە دیمەنێکی لەسەرە، لە وێنەی کەڵەشێرێک پێکهاتووە، ڕووە و

لای ڕاست لەکاتی ڕۆیشتندایە. پۆپنەیەکی درێژی زکزاکی و کلکێکی درێژی کەوانەی هەیە.[491] دێڕێک نووسینی پەهلەوی لەسەر لێوارەکەی نوسراوە لە (کاتژمێر ١١-٥)درێژ بۆتەوە، بریتییە لە:

Mtr[ʾ]twr gwšnsp.” Mihr-Ādur-Gušnasp”[492] "میهر-ئادور-گوشنەسپ"

**لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە**

ئەوەی جێی ئاماژەیە دیمەنی کەڵەشێر لەسەر مۆرە ساسانییەکان بەکارهاتووە، نووسین و ناوی جیاوازیان لەسەر نوسراوە هەربۆیە لەخوێندنەوەی نووسینە پەهلەوییەکانی سەریانەوە.[493] ئەتوانین بڵێین ڕەنگە ئەم دیمەنە زیاترلەلایەن پیاوانی ئایینییەوە لەسەر مۆرەکانیان بەکارهاتبێت، کەڵەشێر لەبابەتی هونەریدا مانای جیاوازی دراوەتە پاڵ، بە باڵندەیەکی ڕۆژی دادەندرێت، و بە هێمای هەسارەی ڕووناکی و لەدایکبوون داندراوە، لەکۆتایی شەو تا پێش خۆرهەڵاتن ئەقوقێنێت، لەبەرئەوە بە هێمای زیندوویەتی دادەندرێت، هەروەها بە دەرکەری ڕۆحە خراپەکان داندراوە، ئەم بیرو باوەڕە لای ئایینی میترای و لای فارسەکان گەشەی کردووە، بۆیە یۆنانییەکان ناویان ناوە ’باڵندەی فارسی‘، هەروەها لەبەر ئەوەی زوو ئەخەوێ و زووش هەڵدەستێت، بۆیە بەهێمای لاشەیەکی تەندروست و هێمای بانگکردنی خەڵک بۆ کارکردن داندراوە.[494]

---

[491] بۆ هاوشێوەی ئەم دیمەنە بڕوانە:

Frye, *Sasanian Remains*....... , p.97. D57.

[492] Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings*......., p. 332.

[493] بۆ نووسینەکانی سەر هەندێک لەم جۆرە دیمەنە بڕوانە:

Gignoux,& Gyselen., Sceaux Sasanides de Diverse........, p, 103. 30/71,72,73

[494] سیرنج، فیلیب، *المصدر السابق*، ص.184.

## جێ مۆری ٥١ میدۆماهـ مەگوس کوڕی وێهـ-بورز ئادور

وێنەی جێ مۆر ی ٥١

ژمارە: SI 01475، SM.054867

کڕین: 19-7-2009 ،

بەرزی: 5 سم،

تیرە: 4.9 سم.






پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەیی، شەش جێ مۆری لەسەرە، یەکێکی قەبارە گەورە لە ناوەڕاسیدایە، دیمەنەکەی سەری لە هێمایەک لە هیما ساسانییە پیتە پەهلەوییە لێکدراوەکان پێکهاتووە، کە لە سەرەوەی نیو مانگێکە، لەسەر هێمای پیتی (و،w) لەلای ڕاستییەوە پیتی (ی/ک، k/y) لەلای چەپییەوەیەوە هەردووکیان بە هێمایەکی شێوە بازنەیی یەکتر بڕ لە شێوەی پیتی (م،m) بەیەک گەیەندراون، هێماکە لە ناوشێوە باڵێک دایە،کەهێمای خواوەند ئاهورامەزدایە. بەدەوری هەموو هێماکەدا دێڕێک نووسینی پەهلەوی نووسراوە، لە ئاستی (کاتژمیر ٣بۆ ٩) درێژ بۆتەوە، بریتی یە لە:

mytwmʾ[h y mgw wyd] bwlcʾtwlʾn .[495]

Mytwm ā[hy mgw wēh] bwlz ātwlān.

"میدۆماهـ مەگوس کوڕی وێهـ-بورز ئادور/ئادوران"

هەروەها بە دەوری ئەم جی مۆرەدا پێنج جێ مۆری تری لەسەرە، یەکێکیان لە ئاستی (کاتژمێر ١) بریتییە لە هێما پیتە پەهلەوییەکان. دانەیەکی تریان لە ئاستی(کاتژمیر٣) دایە زۆر سواوە، وێنەی باڵندەیەکی لەسەرە(؟) دانەیکی تریان لە ئاستی (کاتژمێر٧) دایە دیمەنێکی ناڕوونی لەسەرە، دانەیەکی تریشیان لە ئاستی(کاتژمێر ٩)دایە زۆر سواوە، وێنەیەکی لەسەرە لە ئاژەڵێکی پاڵکەوتوو دەچێت(؟) دوا دانەیان لە ئاستی (کاتژمێر١١) دایە وێنەی باڵندەیەک(مریشک) ێکی لەسەرە.

[495]Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings.......*, p. 204.

## جێ مۆری ٥٢




وێنەی جێ مۆری ٥٢

ژمارە: SI 01527،

دیاری بەڕێز: فاخر فایەق ڕەشید، لە ناوچەی زەرایەن، سەر بە پارێزگای سلێمانی، لە 13-9-2000 پێشکەشی مۆزەخانەی سلێمانی کردووە.

تیرە: 3.6 سم

پەپکەیەکی گڵینی بازنەیی، دوو جێ مۆری لەسەرە، دانەیەکی قەبارە گەورە لە ناوەڕاستیدایە، دیمەنی مرۆڤێکی شێوە ئەفسانەیی(لاماسو) باڵداری ڕووەو لای ڕاستی لەسەرە و سەری بە تەواوی هاوشێوەی فیگەری پیاوە ساسانییەکانە، کە لەسەر مۆرەکان دەرکەوتوون.[496] کڵاوێکی خڕی لەسەردایە، خەتێکی لێوە دەرچووە لەسەر ناوچەوانی بۆ ئاستی پشتە سەری، لە شێوەی ڕیزێک دەنکۆڵەی خڕخڕی شێوە مرواریدایە، لە پشتی کڵاوەکەیەوە دوو شریتی زکزاکی دیادەم *(diadem)*ی ڕاست و چەپی لێوە دەرچووە. هەروەها لێواری کڵاوەکەی بەڕیزێک دەنکۆڵەی شێوە مرواری ورد ڕازیندراوەتەوە.[497] قژی لە شێوەی چەند تاڵێکی شێوە لولپێچی لە ژێرکڵاوەکەیەوە تا ئاستی شانی درێژبوەتەوە. گوارەی لە گوێدایە لەسەر شێوەی دوو گۆی خڕی لەسەر یەکن. لەشی لەسەر شێوەی گایەکی بەخۆوەی باڵداردایە، لە باڵەکانییەوە دوو شریتی هاوشێوەی شریتەکانی کڵاوەکەی لێوە دەرچووە. لە کاتی ڕۆیشتندایە.

### لێکدانەوە و بەراوردکاریی دیمەنەکە

بەم شێوە گای باڵدارە ئەوترێت 'لاماسو' ئەم فیگەرە لە میسۆپۆتامیاو لە ئەخمینییەکانەوە هاتووەتە ناو هونەری ساسانییەوە، وەکو هێمایەک بۆ پاشا 'گۆپەشا Gōbedšāh/Gōpašāh' پاشای 'گۆپەت، Gōpat' کە باوەڕ

---

[496] بۆبینینی هاوشێوەی ئەم جۆرە ڕووخسار و شێوازی کڵاوە بڕوانە:

Frye, *Sasanian Remains*......., D115, D103.

[497] هەروەها بۆ بینینی ئەو شێوازە کڵاو و قژە بڕوانە:

Bivar, *op. cit.*, p. 52. AF 4.

وابووە لە ناوچەیەکی ئێرانی کۆن لە ناوەڕاستی ئاسیا، یاخود لە دەرەوەی ئێران فەرمان ڕەوایی کردووە، بە پاشاو ڕێبەری ڕۆحی ئاهورا مەزدا و جێبەجێکەری مەراسیمی ئایینی زەردەشتی داندراوە.[498]

بە دەوری ئەم کەسە ئەفسانەییە دوودێڕ نووسینی پەهلەوی لەسەرە، بەشێوەی بەسەریەکەوە نوسراوە. دێڕی یەکەم لەکاتژمێر(٥ بۆ ٨) درێژ ئەبیتەوە دێڕی دووەم دێڕێکی کورتە لە (کاتژمێر نزیک ٤بۆ ٢).

wyh-ʾtwrp[t] ZY/[499] z/ymʾsp[ʾn]

ie. wēh-ādurbed ī Jāmasp? (or) Zāmasp[500]

"وێهـ-ئادوربێد ی جامەسپ/زامەسپ"

هەروەها هەمان پارچە جێ مۆرێکی تری لەسەرە، لە لای لێواری (کاتژمێر٣)ی مۆری پێشوو. شێوەیەکی لێوارلاکێشەی هەیە، دیمەنەکەی سەری شێوەی ئاژەڵێکە، ڕەنگە گورگ(؟) بێت.

## جێ مۆری ٥٣







وێنەی جێ مۆری ٥٣

ژمارە: SI 01497، SM.054889
کڕین: 19-7-2009 ،

بەرزی: 5.5 سم،

تیرە: 5.3 سم.

جێ مۆرێکی گڵینی شێوە بازنەیی، پێنج مۆری لەسەر کراوە. یەکێکی قەبارە گەورە لە ناوەڕاستیدایە، هەروەها لەسەر لێوارەکەی چوار جێ مۆری تری قەبارە بچووکی لەسەرکراوە. یەکێکیان لە ئاستی (کاتژمێر ٣) دایە، دیمەنی باڵندەیەکی لەسەرە، چڵە گیایەکی لەبەردەمدایە. یەکێکی تریان لە ئاستی (کاتژمێر٥) دایە، زۆر سواوە، دیمەنی ئاسکێکی لەسەرە. یەکێکی تر لە ئاستی (کاتژمێر٧)دایە، دیمەنی سەرە بەرازێکی لەسەرە، بە چوارچێوەیەکی بازنەیی خاڵخاڵ دەورەدراوە. کۆتا دانە لە ئاستی نزیک (کاتژمێر٩)دایە، دیمەنی ئاژەڵێکی پاڵ کەوتووی لەسەرە ڕەنگە شێر بێت(؟ )، بە دێڕێک نووسینی پەهلەوی دەورە دراوە، بەڵام جێ مۆرەکە زۆرسواوە،

[498]Brunner, *op. cit.*, p. 67.

[499]زۆر ڕوون نیە ڕەنگە ناوی یەکەم بەم جۆرەش بێت:
ʾtwrplnbg, ādur-farrbay

[500]نوسینەکە لەلایەن: Gianfiippo Terribili یەوەخویندراوەتەوە.

جێ مۆرەکەی ناوەڕاست دیمەنی بەرانێکی ڕاوەستاوی لەسەرە، کە دووشاخی ئەستوری چەماوەی هەیە، هەروەها شریتێکی دوولای هاوشێوە *(diadem)*ی لە ملدایە بەسەر پشتیا ئەشەکێتەوە. لەبەردەمیا دوو گوڵ ئەبیندرێت یەکێکیان لە شێوەی تۆپە گوڵێکی کراوەدایە، کە لە گوڵی شەست پەڕ دەچێت. لەسەرو ئەو گوڵەوە لقێک گوڵی تەواو نەکراوە(تۆپەگوڵ) زیاتر لەسەرشێوەی' گوڵی لۆتسی شین'دایە. هەروەها لە پشتی بەرانەکەوە لە ئاستی (کاتژمێر ٩) وێنەی نیوە مانگێک هەیە. وە بەدەوری بەرانەکەدا دێڕێک نووسینی پەهلەویی (بەسەر یەکەوە) هەیە، لە ئاستی (کاتژمیر ٤بۆ ١١) درێژبۆتەوە، بەدوای نووسینەکەدا ١١ بازنەی بچوکی ناوبۆش بەدوای یەکدا لە ئاستی (کاتژمێر١١ بۆ٧) درێژبوونەتەوە بەدەوری بەرانەکەدا. لەم جۆرە ئاژەڵە لەسەر مۆرە ساسانییەکان بەکارهێنراوە بە نووسینی جیاواز. زۆربەیان مۆری پیاوانی ئاینین، زۆربەیان بۆ سەدەی پێنج بۆ شەشی زاینی دەگەڕێنەوە.[501] هەروەها هەروەک لە بەشی چوارەمیشدا ئاماژەمان پێدا، هەندێک بۆ چوون پێیان وایە ئەم مۆرانەی ئەم بەرانەیان لەسەرە و ئەو شریتەیان کراوەتە مل، ڕەنگە هی پەیڕەوانی سەر بە ئاینی جولەکە بن، وەک ئاماژە بە قوربانیکردنی پێغەمبەر ئیسماعیل لەلایەن باوکی (پیغەمبەر ئیبراهیم)ەوە، بەرانەکەش ئاماژە بێت بە هەمان بەرانی چیرۆکی قوربانییەکە.[502] نووسینەکە:

Gwlgwn (ZY?) whlʾmʾn (ZY?) l'st "Gōrgōn, son of Wahrām, true"[503]

"گۆرگۆن، کوڕی وەهرام ، ڕاست"

---

[501] بۆ ئەم جۆرە بەرانە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

Frye, *Sasanian Remains.......* , p. 60. D. 62, 63, 64, 65, 66.
Akbarzadeh, D, and Daryaee,T., "Inscribed Sasanian Bullae.......p. 12.
Bivar, *op. cit.*, p. 88. EP, 1,2,3,4,5
Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings.......*, p. 200. Fgs. 1-115, 1,116
Gyselen, *La géographie administrative de ..........*, p. 450.

[502] Shaked, S., "Jewish and Christian Seals of the Sasanian Period……, p.24.

[503] Gyselen, *Sasanian Seals and Sealings.......*, pp. 298-299. Fgs. IVA/9.1, 3.

## جێ مۆری ٥٤






وێنەی   جێ مۆری٥٤

ژمارە: SI 01526،

تیرە: 4.8 سم، بەرزی: 4.8 سم

دیاری بەڕێز: فاخر فایەق ڕەشید، لە ناوچەی زەڕایەن، سەر بە پارێزگای سلێمانی، لە 13-9-2000 پێشکەشی مۆزەخانەی سلێمانی کردووە.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەیی، دوو جێ مۆری بەتەنیشتی یەکەوەی لەسەرە. یەکێکیان تەنها نووسینی لەسەرە، بە شێوەیەک لەسەر ناوەڕاستەکەی دوو نیوە دێر، و بە دەوریا و لەسەر لێواری مۆرەکە دێڕێک نووسینی پەهلەوی تر نوسراوە. بەم شێوەیە:



1)mwlwt,

2) mgwh

ʾylʾn ʾsʾn kl kwʾty;

“mwlwt (mūrōd/mawrūd ??) mowūh, ērān-āsān-kar-kawād”[504]

"مولوت (مورود/ مەورود؟؟) موغ، ئێران-ئاسانکار کەواد"

شاری ’ئاسانکار کەواد‘ شوێنەکەی لە سنوری جوگرافیای نزیک باشوری کوردستانی ئێستادا بووە، کە بەشێکی گرنگی ئیمپراتۆرییەتی ساسانی پێکهێناوە. (بڕوانە نەخشەی ٢).

[504]نوسینەکە لەلایەن: Gianfiippo Terribili یەوەخویندراوەتەوە.

شێوەی ڕووبەڕوو لەسەرە، ئەم شێوازی  هەروەها لە تەنیشتی جێ مۆرێکی تر هەیە وێنەی کەسێکی بە ڕووبەڕووە یەکێکە لە نمونە دەگمەنەکانی شێوەی کەسەکانی سەرمۆرەکان، چونکە زۆربەی زۆریان لەسەرلا کراون. کەسەکە؛ کەسێکی دەموچاو پانی چوارشانەیە، کڵاوێکی تەختی لەسەردایە، لەملاولایەوە قژە لولەکەی لەژێر کڵاوەکەیەوە هاتوتەدەرەوە. تا نزیک سەرشانی، لە ئاستی هەردوو لای قژەکەی دوو لا(لچک) ی لێوە دەرچووە. جلێکی سنگ قەپاتی لەبەردایە، کە پێشەکەی لە شێوەی چەند چینێکی نەخشێندراوە. هەرچەندە بەهۆی بازنەیی هاوشێوەی ملوانکە سواوی جێ مۆرەکەوە بەتەواوی نەخشەکەی ڕوون نییە. بە دەوریا دێڕێک نووسینی پەهلەوی نوسراوە، بەڵام سواوە و ناتواندرێت بخوێندریتەوە. بەدەوری ئەم جێ مۆرەیاندا دوو جێ مۆری بچوکی سواو هەن. دیمەنەکانی سەریان دیارنین.



**جێ مۆری ٥٥ - یەزد-شاپوری موغی خوسرۆیان(خەسرەوان).**






وێنەی جێ مۆری ٥٥

ژمارە: SI 01524، SM.054916،

تیرە: 4.4سم، بەرزی: 4.5سم

دیاری بەڕێز: فاخر فایەق ڕەشید، لە ناوچەی زەڕایەن، سەر بە پارێزگای سلێمانی، لە 13-9-2000 پێشکەشی مۆزەخانەی سلێمانی کردووە.

پەپکەیەکی گڵینی شێوەبازنەیی، پاشماوەی سوتان و ڕەشی لەسەرە، و تاڕادەیەک سواوە درزی تێ بووە. لە ناوەڕاستیدا جێ مۆرێکی شێوە بازنەیی لەسەرە، دیمەنەکەی سەری بریتی یە لە وێنەی نیوە جەستەیەک (لە سنگی بەرەو سەرەوە)ی کەسێک، کە لە نێوان دوو شێوە باڵدایە، شێوەی لەشی ڕووبەڕووە، بەڵام بەلای ڕاستدا (لای

چەپی خۆی)دا ئاوڕی داوەتەوە، و کڵاوێکی لەسەردایە، کە لێوارێکی لە شێوەی دوو بازنەی لەسەر یەکی هەیە، قژی لەژێر کڵاوەکەیەوە بە شێوەی پرچی لول تاسەر شانی هاتۆتە خوار. جلێکی سنگ قەپاتی لەبەردایە، وێنەی گوڵێک لەسەرسنگی لە شوێنی بەیەک گەیشتنی هەردووشێوە باڵەکە بەدیدەکرێت. هەروەها وێنەی نیوە مانگێک لەسەر شانی ڕاستییەتی، و بە دێڕێک نووسینی پەهلەوی دەورە دراوە، لەئاستی (کاتژمێر٤بۆ٨) درێژبووەتەوە. هەروەها بەدەوری ئەم جێ مۆرەدا دوو جێ مۆری تر لەسەر لێوارەکەی هەن. یەکێکیان لە ئاستی (کاتژمێر٥)دایە، وێنەی ئاژەڵێکی لەسەرە لەکاتی ڕۆیشتندایە ڕەنگە شێر/ گورگ بێت، دێڕێک نووسینی پەهلەوی دەورەی داوە، بەڵام بەگشتی جێ مۆرێکی سواوە. هەروەها لە ئاستی (کاتژمێر٩) دا، جێ مۆرێکی تری بچوکی لەسەرە وێنەی باڵندەیەکی کلک درێژی لەسەرە، ڕەنگە 'تاوس' بێت.

نووسینەکەی سەرمۆری ناوەڕاست بریتییە:

yzd-šhpwhry? Y mgw Y hwslwd/yʾn; "yazd-šābuhr ī mow ī husrōyān"[505]

"یەزد-شاپوری موغی خوسرۆیان(خەسرەوان).

بەپێی نووسینەکەی، ئەم جێ مۆرە، جی مۆری موغی (خەسرەوان/خەسرۆیان)ە. ڕەنگە ئەم خەسرەوانە هەمان ئەو شوێنە بێت، کە سەرچاوەیەکی سریانی ئاماژەی بۆ کردووە. سەرچاوەکە بریتییە لە نووسراوێکی سەر پێستە، کە لە دەوروبەری ئامەد دۆزراوەتەوە، تیایدا ئاماژە بۆ کەسێک دەکات کە بە بنەچە خەڵکی کەرکوک بووە و باوکی ناوی خەسرەوان بووە، کەسەکە لە دوای مردنی باوکی بەشە میراتێکی زۆری بۆماوەتەوە، لەناویا بەشە پێنج یەکی گوندێک بووە بەناوی 'نەوەد' گوندەکە 'خەسرەوان'یشی پێ وتراوە.[506]ڕەنگە ئەم خەسرەوانەی لەسەرئەم جێ مۆرە نوسراوە هەمان ئەو گوندە بێت، چونکە ئەم جێ مۆرە لە ناوچەی زەڕایەنەوە هێندراوە بۆ مۆزەخانە. ڕەنگە لە شوێنێکی نزیک شارەزوور یاخود گەرمیان دۆزرابێتەوە. هەر دوو ناوچەی شارەزوور کە لە سەردەمی ساسانییدا بە 'سیارەزوور *Syārazūr* ' و ناوچەی گەرمیان کە بە 'گەرمیگان *Garmēgān*' ناسرابوون، دوو یەکەی کارگێڕیی گرنگی ناو قەڵەمڕەویی ساسانییەکان بوون.

---

[505]نوسینەکە لەلایەن: Gianfiippo Terribili هوەخویندراوەتەوە.

[506]احمد، کۆزاد محمد، *کەرکوک و گەرمیان لە سەردەمانی ئەشکانی (پارتی) (دەوروبەری ١٣٥پ.ز.-٢٢٤ز.) و ساسانی (٢٢٤-٦٣٧ز.)دا*، ل.١٠-١١. دەست نووس.

# دەرئەنجام

لە دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، کە دەربارەی مۆر و جێ مۆرە بڵاو نەکراوەکانی سەردەمی ساسانییە لە مۆزەخانەی سلێمانی، کۆمەڵێک بابەتمان تاوتوێ کردووە و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر نەخش و نووسینەکانی سەریان، کۆمەڵێک زانیاری زۆرمان لەسەر شێواز و تەرزی هونەریی و هێمای ئایینیی و کارگێڕیی ساسانییەکان هەڵهێنجاوە لەم چەند خاڵەدا بە کورتی دەیانخەینە ڕوو.

١-سەرەتای دەرئەنجامەکانمان بەخاڵێکی گرنگ دەست پێدەکەین، ئەویش ئەوەیە سیان لەم جێ مۆرانەی ناو توێژینەوەکەمان، لەلایەن هاوڵاتییەکەوە بەناوی 'فاخر فایەق ڕەشید' ، لەساڵی ٢٠٠٠دا پێشکەشی مۆزەخانەی سلێمانی کراون. کە گوایە لە کەسێکی خەڵکی لای زەڕایەنی ناوچەی شارەزوورەوە دەستی کەوتوون. هەرسێکیان نووسینی پەهلەوییان لەسەرە. یەکێکیان ناوی شوێن (شار)ی ' ئێران-ئاسانکار –کەواد'ی لەسەرە، ئەم شوێنە یەکێک بووە لە یەکە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی ساسانی کەوتۆتە سنوری باشوری کوردستانی ئێستا یان دەکرێت بڵێین نزیکی کەرکوک. یەکێکی تریشیان جی مۆری موغی 'خەسرەوان/خەسرۆیان'ە. کە ڕەنگە هەمان خەسرەویانی نزیک کەرکوک بووبێت، و نزیکە لە سنوری جوگرافیای گەرمیان کە ئەوسا پێی وتراوە 'گەرمیگان'. گەرمیان و شارەزووریش کە ئەوسا 'سیارەزوور'ی پێ وتراوە، بەشێکی زۆر گرنگی دەوڵەتی ساسانیان پێکهێناوە. هەروەها زۆر ڕووداوی سیاسی ئەو سەردەمە لەو ناوچانەدا ڕوویانداوە. هەروەک لە بەڵگە شوێنەوارییە تۆمارکراوەکاندا ئاماژەیان بۆکراوە، وەک شوێنەواری گرنگی پەیکوڵی. ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە و کنەو پشکنینی شوێنەواریی زیاترە لەو ناوچەیەدا. هەروەها دەرخستن و توێژینەوەی ئەم مۆر و جێ مۆرانە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی زیاتری شوێنەوارناسانی ناوخۆی و بیانی بۆ ناوچەی شارەزوور و گەرمیان، تا لە داهاتوودا بەڵگەی شوێنەواری زیاتر لەم ناوچەیە بدۆزرێنەوە، کە بەهۆیانەوە زۆر لایەنی مێژووی و شوێنەواری ڕوون دەبێتەوە.

٢- هەمان مۆر کە ناوی موغی خەسرەویانی لەسەرە، ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە، ئەم جێ مۆرە مۆری پیاوێکی ئایینی ناوچەکەبووە. هەروەها لەسەر جێ مۆرێکی تریشیان کە دیمەنێکی ناوازەی هاوشێوەی لاماسوی لەسەرە. ناوی کەسێکی لەسەر نوسراوە، بە ناوی (وێهـ-ئادوربێدی جامەسپ/زامەسپ) بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەمەش پێ دەچێت جێ مۆری موغی ئاتەشگایەکی ناوچەکە بێت.

٣- هەر هەمان ئەو جێ مۆری ناوی خەسرەویانی لەسەر نووسراوە، جێ مۆرێکی تری لەسەر، کە لە وێنەی ڕووخساری کەسیکی ڕوو بەڕوو پێکهاتووە. ئەم شێوە وێناکردنە یەکێکە لەجۆرە دەگمەنەکانی هونەری ساسانی، چونکە زۆربەی دیمەنی کەسەکان لەسەر لا کراون.

٤-مۆر یەکێکە لە پارچە دەگمەنەکانی شوێنەوار، کە ڕۆڵیکی گرینگی لە دیاریکردنی سەردەمە مێژووییەکان و شارەزابوون لە شێوازی ژیانی کۆمەڵگا دێرینەکان هەیە. مۆر و جێ مۆرە ساسانییەکانیش، کە بۆ مۆرکردنی بەڵگەنامە فەرمی و کەسییەکان بەکارهێنراون، یەکێکن لە بەڵگە گرنگەکان بۆ ساخکردنەوە و ڕوونکردنەوەی مێژوو و شێوازی بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕییەکان و ژیانی کۆمەلایەتی سەردەمی ساسانی.

٥-ئیمپراتۆریەتی ساسانی کە ئەردەشێری پابەکان دامەزرێنەری بووە، زیاتر لە چوار سەدە خاوەنی دەسەلاتێکی بەهێز و تۆکمە بوون. کاریگەری بەرچاوییان لەسەر ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی خۆیان بەجێ هێشتووە. تەیسەفونی پایتەختەکەشیان لە میسۆپۆتامیا بووە، بۆیە ناوچەی میسۆپۆتامیا و کوردستانیش زۆربەی

کات کەوتوونەتە چەقی ململانێکانیان بەتایبەت لەگەڵ ڕۆمەکان/ بیزەنتییەکان، بۆیە ساخکردنەوەی مێژوو و شوێنەواری ساسانییەکان ڕۆڵێکی کاریگەری لە ئاڕاستەکردنی مێژوو و شوێنەواری ناوچەکە هەیە.

٦- بە سەردەمی دوای فەرمانڕەوایی قوبادی یەکەم دوترێت سەردەمی دوایی چاکسازییەکان، چونکە سیستەمی کارگێری گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، کۆمەڵێک چاکسازی لە بواری ئابوریی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و بواری زەوی وزار و داهات و لایەنی سەربازیدا کران. وە چەندین پێگە و پۆستی نوێی کارگێری داندراون وەک لە بەشی پێنجەمدا هەندێکیان لەسەرجێ مۆرەکان دەبیندرێن.

٧- لەم توێژینەوەیەدا ٤٥ مۆر و٥٥ جێ مۆری سەردەمی ساسانییمان تاوتوێ کردووە، و لە ڕێگەیانەوە چەندین بابەتی گرنگمان هەڵهێنجاوە. بۆ نمونە دەرخستنی کاریگەرییان لە ساخکردنەوەی شێوازی بەڕێوەبردنی کارگێری ساسانییەکان، بەتایبەت مۆرە فەرمییەکانیان، کە ناوی پێگەو پۆپستەکانییان لەسەر نووسراوە. چەندین پێگە و پۆستی تایەبەتیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دامودەزگاکانی ژێر قەڵەمڕەوییان هەبووە، وەک سپاهـبێد، ئۆستاندەر، ئامارگەر و پێگە جیاوازەکانی پیاوانی ئایینی وچەندینی تر.

٨- لە ڕێگەی توێژینەوەی سەر مۆرە ساسانییەکان، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی ئەم مۆرانە خاوەنی چەندین تایبەبەتمەندین، کە لە ڕێگەیانەوە دەکرێت مۆرە ساسانییەکانیان پێ بناسینەوە، وەک پێکهاتەکەیان زیاتر ٨٠%ی لە عەقیق دروستکراون، و بەشەکەی تریشیان لە کانزا و بەردە جۆراوجۆرەکانی تر دروستکراون. ڕەنگەکانیشیان زیاتر ڕەنگە کراوەکانی سور و قاوەیی وپرتەقاڵی زاڵە بەسەر ڕەنگەکانی تردا. هەروەها بەگشتی چەند شێوەیەکی تایبەتیان هەیە، وەک بەردە لیوار بازنەییەکان و شێوە هێلکەییەکان، گومەزییەکان و بەردە ئەڵقەییەکان، چەند شێوەیەکی تر، کە یارمەتی دەرن بۆ ناسینەوەیان.

٩-بە گشتی مۆرەکانی توێژینەوەکە دابەش دەبن بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا، جۆرێکیان مۆرە تایبەتی و کەسییەکانن، نەخشەکانی سەر ئەم جۆرە زیاتر دیمەنە جۆراوجۆرەکان لە خۆ دەگرن، هەندێک جار تەنها ناوێک یان دەستەواژەیەکی سادەی باوی ناو کۆمەڵگای ساسانییان لەپاڵ دیمەنەکاندا لەسەر نووسراوە. جۆری دووەمیان مۆرە فەرمییەکانن، ئەم جۆرەیان زیاتر مۆری سەردەمی دوای چاکسازییەکانن، بابەتەکانی سەریان زۆرترینیان نووسینە، دەکرێت بڵێین زۆربەیان خاڵین لە وێنە، ناو و پێگە و پۆستی خاوەن مۆرەکانیان لەسەر نوسراوە.

١٠-بەگشتی دیمەنەکانی سەر مۆرەکانیان هەمەڕەنگ و جۆراوجۆرن، وەک دیمەنی مرۆیی و بابەتی ئەفسانەیی و ئایینی و نەخش و هێما تایبەتەکانی ساسانیی و دیمەنە ئاژەڵی و باڵندەیی و ڕووەکییەکان، کە زۆربەیان هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگای ساسانیی و هونەری تایبەت بەخۆیانن. لەگەڵ ئەوانەشدا هونەری گەلانی چواردەوریان کاریگەرییان لەسەریان هەبووە. بەهۆی ئەوکاریگەریانە و دەسەلاتی فراوانی ساسانییەکانەوە هونەری ساسانی وەک پەلکە زێڕینەیەک وابووە کاریکەری هونەری چواردەوری بەسەرەوە بووە.

١١-لەڕێگەی توێژینەوەی سەر دیمەنەکان چەندین بابەتی کلتوری و چەندین هێمای خواوەندەکانی کۆمەڵگای ساسانیی و هێما سەربازیی و بنەماڵییەکانیانمان شیکردۆتەوە وەک هێمای ئەدەشێر و شاپور وخواوەند ئەپام نەپات هی تر.

١٢-بە خوێندنەوەی نووسینەکانی سەر جێ مۆرەکان چەندین جی مۆری فەرمیمان ساغکردۆتەوە، وە چەندین ناو و پێگەو پۆستی سەریان وەک ناوی هەندێک لە سپاهبێدەکان، ئەسپ-بێدەکان، مۆغەکان و یەکە

گارگێرییەکانی وەک ئۆستاندەر و ئامارگەری چەند ناوچەیەک وەک کرمان، ساکستان، ئامارگەری زەولستان و وەرزیکان و هی ترمان خوێندۆتەوە. هەروەها چەندین جی مۆری پیاوانی ئاینیمان خویندۆتەوە، کە ناوی خۆیانیان لەسەر نوسراوە. وەک وار ئادور گوشنەسپ، میهرئادور گوشنەسپ و هی تر.

١٣- لە نەخش و جل و بەرگ و دیمەنی سەر ئەم جێ مۆرانەوە زۆر لایەنی هونەری سەردەمی ساسانیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، وەک شێوەی پۆشاکی کاربەدەستان. هەروەها شێوەی ڕازاندنەوەی ئەسپی شاهانەیی و زۆر بابەتی هونەری تر، کە تایبەتمەندن بە هونەری ساسانییەوە.

١٤-هەوەها چەند هێماو نەخشێکمان ساغکردۆتەوە، بۆ نمونە دیمەنێک و چەند هێمایەک کە تایبەتن بە خواوەند 'ئەپام نەپات'، کە یەکێک بووە لە خواوەندەکانی میدییەکان بە خواوەندی بەپیتی و خواوەندی ئاو یاخود منالّی ئاویش ناسراوە، هێما و وێنایی ئەم خواوندە هاتۆتە ناو هونەری ساسانییەکانیشەوە.

١٥- دەستنیشانکردنی چەند هێمایەکی گرنگ یەکێک لەوانە هێمای پەهلەو، کەهێمایەکی تایبەتە لەسەر مۆری ئەسپبێدی پەهلەو وێنەکراوە، بەهەمان شێوە لەسەر دوو جێ مۆری تریش دەستنیشانمان کردووە، وەک هێمای بنەماڵەیی.

١٦- کاربەدەستانی ساسانی هەندێک جار خاوەنی مۆرێک زیاتر بوون، پێش ئەم توێژینەوەیە تەنها بە وتن توێژەران لەزاری مێژوونووسانی وەک'المسعودي'یەوە ئەمەیان دووبارە ئەکردەوە، بەڵام ئێمە لێرەدا دوو مۆری جیاوازی سپاهبێد وەهرام ئەدورماهەنمان ساخکردۆتەوە، کە لە یەک کاتداخاوەنی دوو مۆر بووە.

## **لیستی سەرچاوەکان**

القران الكريم، **سورة غافر**/ آية 82 .

*افستا*،

*الكتاب المقدس للديانة الزرادشتية*، اعداد، خليل عبدالرحمن، تعليق، ابراهم محمود، تر، عبدالرحمن نعمان واخرون، ط، 2، ديمش، 2008.

ابراهيم، هالة كريم،

*المواضيع الدينية في الأَختام الأُسطوانية من عصر الوركاء إلى نهاية العصر السومري الحديث*، رسالة ماجستيرغير منشور، مقدمة الي جامعة بغداد، كلية الاداب، قسم الاثار القديمة، 2014.

ابن خرداذبه، أبي القاسم عبيدالله بن عبد الله،

*المسالك والممالك*، نبذ من كتاب الخراج وصنعة الكتابة الابي الفرج قدامة بن جعفر الكاتب البغدادي، ليدن، 1889م.

احمد، بريار،

*بررسی و تحلیل باستان شناختی معماری ساسانی منطقه بین رودخانەهای زاب کوچک و سیروان*، پایان نامه برای دریافت درجه کارشناسی ارشدگروه باستانشناسی، دانشگاه تهران، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، ١٣٩٤.

احمد، کۆزاد محمد،

"پەیکوڵی، شوێنەوارێکی گرنگ.....دەقێکی لەبیرکراو"، *ژین*، ژ.٣، (٢٠١١).

احمد، کۆزاد محمد،

*کەرکوک و گەرمیان لە سەردەمانی ئەشکانی (پارتی) (دەوروبەری ١٣٥پ.ز.-٢٢٤.) و ساسانی (٢٢٤-٦٣٧ز.)* دەست نووس.

احمەد، جمال ڕەشید، ڕەشید، فەوزی،

*مێژووی کۆنی کورد*، و. ملکۆ کەلاری، سلێمانی، ٢٠١٩.

اکبرزاده، داریوش،

*کتیبەهای پهلوی*، سنگ نگاره، سکه، مهر، اثر مهر، ظرف نبشته، چاپ دوم، تهران، پازینه، ١٣٨٥.

اکبرزاده، داریوش و شریفیان، فریبا و حیدری پوری، آزاده،

" كان يشناسى تركيبات گِ لمُهرهاى ساسانى" *مطالعات باستان شناسى پارسه*، شماره، 9، سال سوم، ( 1398).

أمينى، أمين،

*سكه‌هاى ساسانى*، ، تهران- پازينه، ١٣٨٩.

ايازى، سورى،

*نگرشى بر پيشينه موسيقى در ايران به روايت آثار پيش از اسلام*، موزه ملى ايران ، تهران، بهار، ١٣٨٣.

بصمه جي، فرج،

*الاختام الاسطوانية في متحف العراقي*، اوروك وجمدة نصر، منشورات نابو(بدون مكان الطبع)، 1994.

پيرنيا، حسن،

*تاريخ ايران القديم* من البداية حتى نهاية العهد الساساني، تر. محمد نورالدين المنعم، الصباعي محمد الصباعي، القاهرة، 2013.

الجاحظ، عمربن بحر،

*التاج في اخلاق الملوك*، تحقيق، احمد زكي، القاهيرة، 1914.

الجنابي، قيس حاتم هاني،

"الأوضاع السياسية في الإمبراطورية الساسانية (226-459 م.) "، *مجلة العلوم الانسانية*. مج، 1، ع. 8 (2011).

الحاج يونس، ريا محسن،

*الكتابة على اختام اسطوانية غير منشورة في المتحف العراقي*، رسالة ماجستيرغير منشورغير منشور، مقدمة الي جامعة بغداد، قسم الاثار ،1987.

الحاج يونس، ريا محسن،

*فجر الحضارة السومرية في ضوء اختام عصري الوركاء و جمدة نصر*، نينوى، 2018.

حسنى، ميرزا محمد،

"معرفى مهر امارگر ومهر مدافع دريشان ايالت كومش در دورة ساسانى"، *فصلنامه فرهنگ قومس*، شماره، ٥٧ (١٣٩٤).

حميد، انور،

*الفكرالعسكري الساساني (226-651)* دراسة تاريخية، اطروحة دكتوراه مقدمه الي مجلس كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة البصرة (2013).

ده پهلوان، مصطفى و هنديجانى، محمد قنواتى،

"تأملی در برخی نقش مایه های نمادین حیوانی بر مُهرها و گِلمهرهای ساسانی، نمونه‌های مورد پژوهش، مُهرها و گِلمهرهای ساسانی موزۀ مقدم" *مطالعات باستان شناسی*، دورۀ 7 ، شمارۀ2 ، دانشگاه تهران، (1394 ).

الدينوري، ابى حنيفة احمد بن داود،

*الاخبار الطوال*، تصحيح، فلاديمر جرجاس، ط، 1، مطبعة، بريل، ليدن، 1888.

الراوي، فاروق ناصر حمادي، و اخرون،

*النتائج الاولية لتنقيبات تل سيتك*، مديرية اثار السليمانية، 2010.

رستوفتزف، م،

*تاريخ الامبراطورية الرومانية، الاجتماعي و الاقتصادي*، تر. زكي على و محمد سليم سالم، ج. 1، بدون مكان وتأريخ الطبع.

رشيد، صبحى أنور و الحورى، حياة عبدعلى،

*الاختام الاكدية فى المتحف العراقى*، بغداد، 1983.

رضا، هاژه عبد الجبار،

*الازياء والملابس في اثار كوردستان خلال الالفين الثالث والثاني ق. م.* رسالة ماجستيرغير منشورغير منشورمقدمة الى مجلس كلية العلوم الانسانية، في جامعة السليمانية، قسم اثار القديمة، 2016.

زەکی، محمەد ئەمین،

*خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، لە مەبدەئی تاریخەوە تا ئەمڕۆ*، وەرگێڕان و پێداچوونەوە و پەراوێز نووسین، د. حووسامەدین نەقشبەندی و ئەوانی تر، (لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین)، تاران، ۲۰۲۱.

ساكز، هارى،

*عظمة بابل، موجزحضارة وادى دجلة والفرات القديمة*، تر. عامر سليَمان. الموصل. ۱۹۷۹.

سيرنج، فيليب،

*الرموز في الفن- الاديان- الحياة*. تر. عبدالهادي عباس، دمشق، ط، 2، 2009.

شريفيان، فريبا با فكرى پور، كتايون با حيدر پور، آزاده،

"بررسی نقش مایه ها و کتیبه های تعدادی از مهرهای ساسانی موزه بوعلی سینا همدان" *مطالعات باستان شناسی*، دورۀ ۱۲ ، شمارۀ، ۱، (1399).

صاحب، زهير،

*تأريخ الفن في بلاد الرافدين*، دراسة في فنون عصور قبل الكتابة والفنون السومرية، ج، 1، بيروت، 2019.

صالح، مهدية فيصل،

*العلاقات السياسية الساسانية – البيزنطية (226-628)*. بغداد، 2017.

الطبري، أبوجعفر محمد بن جرير،

*تأريخ الامم والملوك*، ( تأريخ الطبري). المحقيق، ابو صهيب الكرمي، ط، بيت الافكار الدولية، بدون مكان و سنة طبع.

عكاشة، ثروت،

*تاريخ الفن*، الفن العراقي سومر وبابل وآشور، القاهرة، 1976.

الفيردوسى، ابو القاسم،

*الشاهنامه*، تر. الفتح بن البندارى، قارنها بالاصل الفارسى و اكمل ترجمتها في مواضع وعلق عليها، عبدالوهاب عزام، تهران، 1970.

الفردوسي، ابي القاسم،

*الشاهنامة ملحمة فرس الكبرى*، تر. سميرمالطي، ط، 2، بيروت، 1979.

فيزهوفر، يزف،

*فارس القديمة 550 ق م-650 م. التاريخ، الحضارة، العبادات، الادارة، المجتمع، الاقتصاد، الجيش*، تر. محمد جديد، ط، 1، دمشق/ بيروت، 2009.

القيسي، ناهض عبدالرزاق دفتر،

*النقود في كوردستان*، سليمانية، 2005.

كريستنسن، ارثر،

*ايران في عهد الساسانين*، تر. يحيي الخشاب، مراجعة، عبدالوهاب عزام، القاهرة، 1957.

كسار، عواد،

"تنقبات تل ابو شعاف" سومر، مج، 35، ج، 1 و2 (1979).

الكعبي، نصير عبدالحسين،

*الدولة الساسانية*، دمشق-جرمانا، 2008.

الكعبي، نصير،

*جدلية الدولة والدين في الفكرالشرقي القديم، ايران العصرالساسني أنموذجاً*، منشورات الجمل، بغداد/ بيروت، 2010.

كالێج، ماڵكۆم،

*ئەشكانییەكان (پارتەكان)*، و. سەڵاحەددین ئاشتی، بنكەی ژین، سلێمانی، ٢٠١٠.

كریستینسێن، ئارتوور،

*ئێرانی سەردەمی ساسانییەكان*، و. سەڵاحەددین ئاشتی، بنكەی ژین، سلێمانی، ٢٠١١.

گیرشمن، ر. یانگ، ک. و [دیگران]،

*ایران باستان، پیشا تاریخ، عیلامیان، هخامنشینیان، سلوکیان، پارتیان، ساسانیان*، ترجمه و تدوین، یعقوب اژند، تهران، ١٣٨٥.

گیرشمەن، رۆمەن،

*مێژووی ئیران لە سەرەتاوە هەتا هاتنی ئیسلام*، و. سەلاحەدین ئاشتی، تاران،٢٠١٣.

مارف، دلشاد عزيز،

*أختام اسطوانية غير منشورة في المتحف السليمانية*، دراسة تحليلية، رسالة ماجستيرغير منشورغير منشور، مقدمة الي جامعة صلاح الدين، اربيل، كلية الاداب، قسم الاثار القديمة، 2006.

محمدی فر، یعقوب و امینی، فرهاد،

*باستانشناسی و هنر ساسانی*، تهران١٣٩٤.

مشكور، محمد جواد،

*کارنامه اردشيربابكان*، متن پهلوی، لغت نامه، ترجمه فارسی مقایه باشاهنامه و حواشی و تعلیقات، محمد جواد مشكور، تهران، ١٣٢٩.

المسعودي، ابى الحسن علي بن حسين بن علي،

*مروج الذهب و معادن الجوهر*،المحقيق، محمد محي الدين عبد الحميد، ج، 1، ط، 5، بيروت، 1973.

مكاريس، شاهين،

*تأريخ ايران*، القاهرة، 2003.

مينوى، مجتبى،

*نامۀ تنسر به گشنسپ*، گردآورنده تعليقات، مجتبى مينوى ـ محمد اسماعيل رضوانى، انتشارات خوارزمى، تهران، ١٣٥٤ هـ.ش/١٩٧٦م.

وهبى، توفيق،

*ابعاد معني اليحمور عن اسم بهرام گور*، بغداد، 1957.

وهبي، توفيق،

*الاثار الكاملة*، اعداد، رفيق صالح، ط، 2، السليمانية، مؤسسة ژين، 2011.

## سەرچاوە بیانییەکان:

Basiri Zadeh, et.al,

"Thematic Review of the Royal Hunt on the Sassanid Silver Plates: Emphasizing the Roundabout of the King's Head", *Budapest International Research and Critics in Linguistics and Education (BirLE) Journal* Vol. 3, No 4, November (2020).

Bérczi, S.,

